رۆمان....

هەولێر – سێتاقان

بەرگی دووەم

# هەولێر - سێتاقان

هەولێر

٢٠١٣

## یەک ... دوو ...

لەبەر گەورەیی و چڕی گەڕەکەکانی ئەو شارە، ئاسان نییە، بابەتێک بدۆزیتەوە، ڕووداوێک بگێڕیتەوە! زۆرن ناوەکان، کەسەکان، خشت و کەرپووچەکان...! وردە ماسی ناو جۆگەی ئەو ئاوانەی باخچە و ڕەزیان ئاودەدا، دواییش کە ئاوەکە بۆ جوانی، دەبێتە (ئاوی کەسکوسۆر)، چاوی ئەوانە پەنجەیان وررووژاندم، منیان بەرەو خوێندنەوەی زۆر و سەیری بەڵگەنامە و ئەرشیف و وێنەکان برد، لێرەوەش لە سێتاقانەوە، چاوم لەوەیە، دووبارە ئاوەکە بێتەوە ناو شارەکەمان، وردە ماسی ڕەنگین، بۆ چاوە گەشەکان و ژیانی ئارامی هەولێرییەکان سەما بکەن.

شێرزاد هەینی

هەولێر

٢٠ ی فبرایری ٢٠١٣

# حەسارەکە

حەسار، ئەو حەسارە، هەموو حەسارەکانیش، (ئاپارتمان)ی نیشتەجێی کۆنی ناوشاری هەولێری دێرین بوون. هەڵکەوتەیان، ئاسۆیی بەرەو ئاسمان و بەرزاییەکان نەبوون. حەسارەکان بەئاراستەی ئاسۆیی و بەپانی دامەزرابوون، دەرگایەکی داری گەورەی توندوتۆڵی بەقەمتەرەی بەرزی رازاوە و نەخشینیان هەبوو. دەرگاکە، بەقەد دەستی گەورە و پانی پەلەهەورێکی تاریکی ئاسمان بوو. دەرگاکە، بەقەد مشارەیەکی کەسکی تەڕی باخچەیەکی بناری قەڵاتەکە بوو.

دەرگاکەی ئەو حەسارە، شەوانە، هەموو شەوەکان، شەوانی سارد و گەرم، هەتا بەرەبەیانی رۆژەکان دادەخرا. بەئاشکرا، ئەوەی دەبینرا و دیاربوو، تەنیا یەک کەس، یەک پاسەوانی ئەسمەری کەپوو گەورەی چاوڕەش، یەک تفەنگ و چەند فیشەکێکی دەمزەردی باریک، ناسک وەک (پەنجەی بووکێکی چاوەڕوان)، پاسەوانیان دەکرد. بەڵام! بەڕاستییەکەی، هەموو قەڵاتییەکان، ئەوانەی لەخوارەوەش دەژیان، خەڵکی گوندەکان، پیاوی عەشیرەتەکان و رەوەندەکانیش، توند و دڵسۆزانە، وەک دڵی خۆیان، وەک منداڵێک، لەناو دەستی دایکی، کە بەخۆشی و بەترسەوە یەکەم رۆژ بچێتە قوتابخانە، دەستیان پێوە گرتبوو.

لەو حەسارانەدا، هەموو رەنگ و شێوە و مۆرال و رەوشت و بۆچوونی زۆر زۆر جوانی تێدا دەبینرا. تێدا (جادووگەر)، کەسانی زۆر کارکەر، تەمبەڵ و خەوتووی بەر سێبەرەکان، وەرمداری نەخۆش، گەنجی شان باگوردان، کیژی زوڵفشۆر، حیکایەتی درێژی ئەفسوناوی، ژنی دەست بەخەنەی تێدا دەژیا. ئەوانە، لەوێ، لەدایکبوون و لەوێش مردن، لەخوارەوەش، لە گۆڕستانەکانی چواردەورەی قەڵات دەنێژران.

لەناو حەوشەکەی ئەو حەسارانەدا، خومچی و داوی تەون و بەرگدوور، عارەبانچی و پۆلیسی قشڵە و ئەندامانی حزبەکان، سەوزەفرۆشەکان، باخچەچییەکان، دوو ماڵە ئازەری کە مێینەیان زۆرتر بوو، دوو سێ ماڵە ئاوارەی شەمزینان، دوو سێ کۆچەری سەرسنوور، (ماڵێکی شکاک)، پیرەژنێکی چاوشینی سورچی، دایکوکیژێکی ئەرمەنی لە بنەماڵەی سەربڕاوەکان. پیاوێک، ژنێکیش لەو جیهانە، کوڕێک لەناو ئەو خەڵکە، خێزانێک لە گۆشەیەکی سەروو، کوپەیەکی بن

بەقەوزە لەپەنا سێبەرەکە، دارتووێکی سەرکەش لەناوەڕاستی حەوشەکە، لیسی کۆترکان، هێلانەی زۆری پەڕەسێلکەکان لەناو حەسارەکە دەبینران. لە بەشێکی ئەو حەسارەش دڵۆپەکان، کە لەگەڵ بارانی زۆر، نەرم نەرم دەکەوتە ناو ڕۆح. سەرما، کە لە خۆری گەرم زیز دەبوو، فێنکی و سرووەیەکی سازگار کە لە گەلاوێژ هەڵدەهات، لەو حەسارە، ناو و شوێن و سێبەر و هەناسەیان هەبوو.

لەو حەسارەدا تووڕەیی (کە نان کەم دەبوو) شیرین و تاڵیش بوو. زەوق و هەوس کە شەو، هەموو شەوەکان مەند و تاریک دەبوون هەڵدەستا و گەمەی نەرمی دەکرد. ئاوسبوون، کە عیشقی دوو جەستە و دوو چاو لەهیان دەکرد، شەرم و شانازیش بوو. منداڵ کە چاوی دەکرایەوە، لەو حەسارەدا هەموو یەکتریان دەویست.

بەوانە، شارەکە، گەورە دەبێت. ئیتر حەسارەکان، ژمارە و رووبەر و سەربانیان کەم دەبێت، گەڕەکەکان بڵاوبوونەوە، شارەوانی بەئیفرازکردن، پەرتەی پێ کردن و داڕمان، لەناو (دەفتەرە رەشە گەورە بەرگ چەرم)ەکەش، بڕیاریان بۆ دەردەچێت، ئەندامانی ئەنجومەنیش، بڕیارەکانیان دەردەکرد و ئیمزایان دەکرد.

لەناو حەسارێکدا، باوکەکە، زۆر دڵی بە کوڕەکەییەوە بوو، دەترسا و دەیزانی ئەو، زۆر سەرکەش و سەرچڵە، ڕۆژانە دوو سێ جار، لە گەڕانەوە و هاتنەوەی بۆماڵەوە، بۆ سەر باخچەکەیان، لەناو ئەو (ڕەنجبەرانەی خشت)یان دەبڕی، لەناو ئەوانەی تازە دیوار و دارەڕێیان دەکرد، ئەو بەپەرۆشییەوە لە کوڕەکەی دەپرسی، بۆ ئەو پرسینەش بیانووی زۆر و گونجاوی دەدۆزیەوە، هەتا کوڕەکە ژنی نەبوو، بەردەوام پیاوەکە بە ژنەکەی دەوت:

ئەو لە کوێیە!؟

ئەو کەی دەگەڕێتەوە؟

ئەویش دەیوت:

پیاوەکە، کوڕەکە کەم مەکەوە، پیاوە، ئەو بوویتە پیاو، گوێ لە قسەکانی بگرە!

ئەو، کەوا و سەڵتەی لەبەر دەکرد، پشتی بەشڕی و نارێک بە (دۆخین)ەکە دەبەستا، بەردەوام کەواکەی بەری، باڵی گرتبوو، لچکێکی بەرز دەبووە و دەرپێیە سپییەکەی، دۆخینە درێژەکەی بەدەرەوە دیار بوو.

ئەو بەیانییان زوو، کە دەهاتە سەر باخچەکە، سەیری ئاوی (جۆگەلە)کەی دەکرد، سەری بۆ نەعوورەکە نەوی دەکرد، گوێی بۆ ترەترِی مەکینەی ئاوەکە رادەگرت، لەدوورەوە گەرِانەوەی ئەو کورِانەی دەبینی کە یەکەم باریان بردبوو ناو قەیسەری، یان، کە لە کەمتەرخەمییەک، لە وشکبوون و پوتبوونی نەمامێک توورِە دەبوو، رەنگی دەگۆرِا.

ئەو، کورِی پیاوەکە، کورِی خاوەن حەسارەکە دڵی باش بوو، نەرم و شل و رووخۆش بوو، چاوی لە هەژارەکان بوو، خەڵکی ناو حەسارەکەی خۆشدەویست، شەرِکەر و نیازخراپ نەبوو، موڵکەکانی خۆی دەپاراست و ئازایانە پاسەوانی دەکرد.

ئەویش، خاوەن حەسارەکە، بە تفەنگ و بێ چەک، سوار و پیادە و لەسەردەمی ژەندرمەی عوسمانییەکانیش، دوای دزی هەندێ، لە پاشا و پیاوە دیارەکانی نزیک لە سوڵتانەکان دەکەوت، راوی دەنان، (تەقەی پێوە دەنان)، بۆیەش موڵکەکانی نەفەوتان، موڵکەکانی کە زۆر بەرین و درێژ و پان بوون، بەترس و بەهەرِەشە و بەفرۆشتن یەک بستی نەدۆرِاند، کەیفی بە زەوییە چەقێنەکە، لەو پارچەیەی ساڵانە، گەنم و جۆی باشیان دەهێنا زۆرتر دەهات.

ئەو دەیگوت، کەندەکەش موڵکی منە، ئاوەکەی پاش باران و لێزمەی بەتاو هەمووی موڵکی ئامۆزاکانمە. کە لەسەرپشتی کەرە شینەکەی دووردەکەوتەوە، وایدەزانی لەناو باخچە و رەزەکاندا هەناسەی بۆندار هەڵدەمژێت. ئەو دەترسا کورِەکە، لەو سیاسەت و کۆبوونەوە و (هەڵگرتنی دەمانچە) و میوانی زۆر و دەرچوونی شەوانە، هەموو ئەو ناز و موڵک و حەسار و شەوچەرانەی لەدەست بدات! پیاوەکە دەترسا و دەیزانی زەمانەکە، کاتی دەست و پەنجە راوەشاندن، پێکوتان و سوێندخواردن نییە.

لەدوورەوە، ئەوی دەیبینی، دەستی بێڵێک، قامکە پیشەقانێکی شل بووە، هاواری دەکرد و دەیوت:

بێنە، بێنە کورِم من بۆت توند دەکەمەوە. چونکە بە دەستی شل و دەمی کوڵ و (باسکی شکاو)، لەسەر ئەو زەوییە رەقدا هیچ ناکرێت!

ئەوانەی لەو باخچە و بەرئاو و سەرنەعوورەکەدا، تەرِەفرۆش بوون. ئەوەی بە برمیلە قۆپاوەکان نەفتی رەشی بۆ دەهێنان. ئەوەی لێزانانە تەماتەی بۆ دەشکاندنەوە. ئەوەی ماڵنجی پایزانی حەسار و ژوور و سەربانەکانی دەکرد. ئەوەی باڵای هەر بەقەد برِکە تەماتەیەک بوو، بە دەستە وردەکانی، کە بەقەد خونچەی (گوڵباخ)ێک بوو، مێشەکانی بۆ دەبرِینەوە. ئەوەی هەردوو پێیەکانی لە هەمووان درێژتر بوو، هاتووچۆی گومرگی بۆ دەکردن، وایدەزانی ئەگەر بەپەلە و بەتاو برِوات و بگەرِێتەوە، چاوی رەشی ژنێک، باسک و بسکی کیژێک لەو رێگاوبانانە هەر

دەبینێت. ئەوانە هەموویان و زاواکانیان، کوڕەزاکانیان، هەموویان بەئازایەتی ئەو، بەقسە خۆشەکانی کوڕەکە، لەبەر دڵگەورەیی دایەگەورە و گەرمی حەسارەکەیان، بە نان و ئاو و نازی زۆرەوە، هەموو ئەوانە، لەوێ مابوونەوە و دەژیان و کاریان دەکرد و دەمانەوە.

ژنەکە بە یەکێکی دەوت:

ئازا بە، دەی سەد خشتێک بۆ خۆت ببڕە، منیش دوو سێ کاریتەت دەدەمێ، بڕۆ خانوویێک بۆ منداڵە وردەکانت دروست بکە. ئازا بە دەی، وەرە خشتبڕەکەش ببە، وەرە دەی...! خشتبڕەکە وا ... دەی!

پیاوەکە، وەک مراوییەکی تەڕ، لەبەدەرمی ژنە کەوا نەخشینەکە وەستابوو، بەپەرۆشییەوە دەیپرسی:

خشتبڕەکە لەکوێیە؟

ژنەکەش، لەدوورەوە بەردێکی شکاو لەبن نەمامێکی ناسکی چەکەرە تەڕی لوولدراوی بەتووک دەبینێت، بە پیشەقانە ڕێژەکەی دەستی، بەردە دەمشکاوەکە، لەبەردەم ئاوە لێلە سەر بەکەفەکە لادەبات، بەردەکە نیشانی پیاوەکە دەدات و دەڵێت:

ئەو بەردە دوور فڕێ بدە، نەمام بەو بەردانە وەک شووشە و پەنجەرە دەشکێن، دەرز دەبەن، خشتبڕەکەش بەدیواری پشت قەمتەرەکەوەیە، بڕۆ بیهێنە، دەی بڕۆ، بەردەکەش دوور فڕێ بدە، دەی...

ئەوەی لەو باخچە و سەرجۆگە و ناوکارێز و بیر و جۆخین و بازاڕەکانی ئەوان، ئیشی کردبووایە، هەر لەوێش دەبووە خاوەن خانووی سەربەخۆ، لەوێش کیژەکانیان شوویان دەکرد، کوڕەکانیان دەبوونە عەسکەر و دوور دەڕۆیشتن، چاویان دەکرایەوە و زمانی عەرەبی فێردەبوون، خەمگین و وریا و تاساویش دەگەڕانەوە، ژنە بەتەمەنەکان، دەبوونە مامانی (ژنە عاشقە گەرمەکان). کێ دەست و پێیەکی لەسەرکار و دەستگەمە و گەوزاندن وەردەگەڕا، بەیتار لەخۆیان بوو. ئەوەی دزی لێ دەکرا، شونهەڵگریشیان هەبوو. خواردنی خۆشی و پرسەکانیان بۆ یەکتری دەکرد. زۆریان، خەڵکی حەسارەکە و دەرەوەی حەسارەکەش، داری سۆپا و فتیلەی چرا و جەژنانە و بەسەرکردنەوەیان هەر لەو حەسارەوە بوو. حەسارە گەورەکە، مەڵبەندێکی جوان و ئاوەدان و بەهیبەت بوو. حەسارەکە چەند ژوور و دەرگا و سێبەر و سواندەی بەرینی هەبوو. کەواتە، حەسارەکە، مەکۆیەکی کۆمەڵایەتی و پڕ خۆشەویستی و ئارامی بوو، بۆ هەموو سەرنشینەکانی.

کە ئەو دەزانێت کوڕەکەی، وا خەریکە حەسارەکەیان دەکاتە گەڕەک، دەکاتە کۆڵان و سەرەکۆڵان و گۆڕەپان، ئەو زەوییەکەیان دەکاتە شار و شێلمانی کارەبای لێ قیت دەکرێتەوە، تا خەمێک لەو گەردەلوولە و لەو میوانە ناوەختە بداتەوە، سەرێک لە موحسین ئاغای سەرۆک شارەوانی دەدات.

کوڕەکەیان، پیاوێکی چوارشانەی چالاک بوو، ئەو لەناو باخچە و لەسەربان و لەبەر جۆگەلەکە ئیشی دەکرد، بەرهەمی دیار بوو، ماندوو نەدەبوو، پەکوپەکووی نەبوو، بەگەرمی و سۆزی ئەوەوە، هەموویان باخچە و کار و ئاوەدان و شینایییەکەیان خۆشدەویست. ئەو لەبەر هیچی نەبوو، کە لە خەڵکەکە نزیک دەکەوتەوە، کە لە منداڵە پلکەکانی، لە گوندە دوورەکە، منداڵە پوورەکانی تری بناری سەفین نزیک دەکەوتەوە، لەبەر ئەوەی نەبوو، ئەو قسانەی لە چایەخانە قامیشەکەی سەرکەندەکە، یان ئەو قسانەی، لە ماڵی کاک عەونی فێریان ببوو، بەوان بڵێتەوە. ئەو لەبەر ئەوەی نەبوو، ئەو نەیدەزانی رۆژێک دێت، دەچێتە ئەو چایەخانەیە، لەوێ مەلایەکە دەناسێت، ئەوەی ماڵەکەیان لەپشتی رێستهاوسەکە بوو، لەوێ باش و جوان (فۆرمان)ەکەی مەحەتەی شەمەندەفەرەکە دەناسێت.

## که دەبێتە ئەندام

بە دەنگی ئەو قەتارەی کە رۆژانە، دوو سافیرە تیژەکەی، هەورێکی جوانی لەئاسمانی شارەکە دەنواند، لە ئاسمانی شارەکە، کە دەنگی شەمەندەفەرەکە دەهات، بەوەش لە گەڕەکەکان دەیانزانی میوانەکان هاتنەوە، یان بەرێنماییەکانی یەکێک، لە فۆرمانە بێگانەکانی ناو وێستگەکە، یان لەتووڕەیی بیر و هزری شیوعییەکان، ئەو کرێکارە، دەبێتە پێشەنگی حزبایەتی و بەرپرسی یەکەمی شارەکە.

پاسکیلەکەی ئەو دوایی ماتۆڕەکەی. ماڵەکەی ئەو، دوایی چایەخانەکەی. دەستی ئەو، دوایی هزری. چاوی ئەو، دوایی باڵا و شانی. شەوەکانی ئەو، دوایی رۆژەکانی. قسەکانی ئەو لەسەر مێزی شڕی چایەخانەکەی، دوایی ئاخاوتنەکانی بەر مایکرفۆن و لێدوانە رۆژنامەگەرییەکانی. کرێکارییەکەی ئەو، دوایی مەلایەتییەکەی و خوێندەوارییەکەی. ئەو پیاوە، دەکاتە رێبەری کاروانی کوردایەتی لەو شارەدا، سەدان گەنجی وەک کوڕە باخچەچییە خوێندەوارەکە، عەریف و هەموو پۆلیسەکان، ئاغاکان و (ئەفەندییەکان) بەرێنمایی ئەو ئابوونە دەدەن، کۆدەبنەوە، دیوارەکان دەنووسن، ژنانیش لەبەردەم موتەسرفەت هاوار دەکەن و دەڵێن:

چیتان دەوێ، سەربەستی

عەبا و پێچە هەڵبستی!

ئەو، ئەوانە لە هەولێر و لەناو ماڵە قەڵاتییەکان، کۆدەکاتەوە، کە زووتر و ئازایانە ئەندام و ناسراوی (کۆمەڵەی هیوا)بوون. ئەوانەی گۆڤاری رووناکی (مام حوزنی)یان دەکڕی. ئەوانەی لەبەر دووکانەکانیان لەناو قەیسەری و تەکیەکەی شێخ مەستەفا و چایەخانە و خانەکان مەتەلەکانی گۆڤاری هەتاویان هەڵدەهێنا، لە دوالاپەڕەی گۆڤارەکە ناویان دەنووسرا، ئەو، ئەوانە تیژ وەک گەردەلوول، کۆکراوە وەک جۆخین، زۆرجار و لە زۆر شوێن و بۆنەدا کۆدەکاتەوە.

ئەوانەی لەبەر زەبری ئاغاکان، لە گوندەکانی دەشتی هەولێر روویان لە شار دەکرد. لە حەسارەکانی ساڵحە سوور و عەلی پاشا و دواد ئاغا و (حەساری دۆمان) و حەسارەکانی تر،

چاوە و هەیوانێکیان بەکرێ گرتبوو، مانگانە بەهەزار شانشکاویی و پاڵدان و دەسترزین و شەوچەرەیی، کرێی مانگانەکەیان دابین دەکرد.

ئەو، ئەوانەی هەموو دەناسی، دەچووە ناو حەسارەکان، دەچووە ناو خانەکان. ئەوانەی لە بەغدا قانوونیان دەخوێند، ئەوانەی بەسەردەکردەوە و لەسەردانەکانیان بەپەرۆشییەوە چاوەڕوانی دەکردن. ئەوانەی لەناو ململانێی هیوا و شۆڕش و چەپدا، لەسیاسەت و کوردایەتی پەرتەوازە ببوون، ئەوانەی دەیانزانی (بزاڤە ئیسلامی)یەکان، بەدەستی چەند عەرەبێکی موسڵاویی و تورکمانێکی داخ لەدڵ لە شارەکە، گەشەی دەکرد، دەیزانی ئەو بزاڤە، رێبازەکەیان شلۆق و شپرزە دەکات! قسەی لەگەڵ ئەو بازنە و دەستە و خونچانە دەکرد.

ئەگەر بابی دەیزانی ئەو کوڕە، لەبەر ئەوەیە بەیانییان زوو، جۆگەلە و (جۆگەلە) دەڕوات، تا پێیەکانی بکرێتەوە، دەیویست فێربێت لە هەورازا ماندوو نەبێت، دەڕۆیشت تا لە رۆیشتنی شەوانە چاوەکانی باش لە دۆزینەوە و دیتن و ناسینەوە رابێت.

باوکی ئەگەر دەیزانی، کەوا رەنگ نارەنجییەکەی، کە پەراوێزێکی رەنگ زێڕینی ئەستووریان بۆ چنیبوو، زۆرتر دەفڕی و تووڕە و هارتر دەبوو. ئەو دەیویست کوڕەکەی تەنیا حەسار و باخچە و نەعوور و (جۆخین) و سەوزەفرۆشەکان و مەلاکەیان و دوو کوڕە پلک و راوچییەکانی تەنیشت حەسارەکەیان بناسێت و بەس، جەژنانە و چاکوچۆنی گەرمیش بەس لەگەڵ ئەوانەدا بکات.

## له ڤیینا بووم!

ئەو کە دەچێتە شارەوانی، لەبەر دەرگا چاوی بە ئۆتومبێلەکەی موحسین ئاغا دەکەوێت، زۆر دڵنیا دەبێت، کە ئاغا لەوێیە، ئاغا هەر لەوێیە، ئەو کێوە دەچێت، بەڵام! ئەو نەیدەزانی ئاغا لەگەڵ دەستپێکردن دەوام و هەتا کۆتایی دەوامەکە، لەسەر کورسییەکەی دوورناکەوێتەوە، ناڕوات و هەموو شتەکان و کەسەکان و راپۆرت و مەسرەفەکان دێنە بەردەستی ئەو، بڕیارەکانی باڵای شارەکە بەئاگاداری ئەو و خزم و ناسیارەکانی دەردەچن، کەسی بێگانە لەو شارە دەسەڵاتدار نەبوو، هەر بەخۆیان و ناسیارەکانی، هەر لەو (دوو سێ بنەماڵە بترازێت) کەسی تر بڕیاری بەدەست نەبوو.

هەندێک لەوانە، لەو کوڕانەی، لە بەغدا و لە ئەستنبۆل چاویان دەکرێتەوە، کتێبە تورکییەکان دەخوێنەوە، دەزانن کە تورکیا چەند لە رووناکی و پیشەسازی و سیاسەتەکانی ئەوروپا بەتایبەتی ئەڵمانیا سوود وەردەگرن، دەیانزانی هەموو گەمەی سیاسییەکانی بەغدا، لەناو بازنەی بریتانی و دوایی لەناو بازنەی گەورەکە دەسوڕێنەوە، هەندێکیان دەیانزانی کەوا (جەمال عەبدولناسر)یش، کە ئەستێرە دیارەکەی ئاسمانی وڵاتپارێزی و عروبەیە، بەدەست و شان و ئاماژەی ئەمریکییەکان، بۆ لاوازکردنی بریتانییەکان هاتووتە سەر دەسەڵات و کودەتایە سەربازییەکە دەکات.

ئەوەی سەیر بکات، کەمێک رامان بکات، هێل و پلانی سیاسەت و هاتووچۆکان دەدۆزێتەوە، دەزانێت لەدوورونزیکەوە چ هەیە، کێ و لەناو کام (مەنجەڵ) چ و کێ دەکوڵێنێت.

پیاوە زۆر خاوێن و نەرم و کەمدووەکە، بریار بوو، لەورۆژانە بۆ چارەسەری و پشکنینی هەناو بچێتە ڤیینا، لە بەغدا دکتۆرەکەی ئامۆژگاری کردبوو، ئەو بۆ چارەسەری بچێتە نەمسا (مێژووی جیوپۆلیتکی ئەو ساڵانەی ئەو دەچێتە ڤیینا، ئەوەندە ئاڵۆز بوو، بۆیە نازانێت ئەو وڵاتەی ناوی نەمسا بوو، ئەو ساڵەی ئەو، لەبەیروتەوە بەدەریاوە بەرەو ئیتاڵیا و لەوێشەوە بۆ نەمسا دەڕوات، وڵاتەکە ناوی نەمسا بوو، بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا و بروسیا، یان لەسەر نەخشە نوێیەکە، بەشێوەیەکی تر هەڵکەوتبوو. نەخشەکە ئاڵۆز بوو، چاو و دەست و

بەرژەوەندییەکان زۆر بوون، بۆیە دۆزینەوەی ئەوەش، خوێندنەوە و پرسیاری دەویێت)، ئەو بڕیارێکی لەبەردەم دەبێت، سیدارەکەی، هەرگیز بازنەیەکی ئارەقەی پێوە نەبوو، لەتەنیشت تەلەفۆنەکە دانابوو، گوڵە سپییەکەی سەر یەخە سێگۆشە تەنکەکەی، زۆر بەشەرمەوە، چاویان دەبڕییە میوانەکان، بۆیە هەموو میوانەکان، هەستیان بەهەواخۆشی مەجلیسەکەی دەکرد، ئەو قەڵەمە درێژەکەی ئیمزاکردنی لەناو قامکییدا بوو، بەڵام دوودڵ بوو لە ئیمزاکردنی بڕیارەکە، دوودڵ بوو، بیری لەو سەفەرە ترسناکە دەکردەوە.

گۆڕین و دەرهێنانی گورچیلە، بڕوا نەدەکرا، ئاسان نەبوو، پیاوێکی لاوازی نەخۆش، بە پاپۆڕی ناو دەریاکان و بە سواری قەتارەکان بگاتە ڤیینا، نەخۆشێکی ماندوو لە وڵات و شارێکی زۆر دوور هاتبێت، بگاتە بەر چەقۆی دکتۆرەکان و ئەندامێکی لەشی ناوەوەی دەربهێنن و بەسەلامەتیش، بەو رێگا دوورەوە، بەکۆمەڵێک دیاری و بۆن و کتێب و (ناوێ نوێ بۆ کیژە کۆرپە)کەی، بەپەلە و بەموژدەوە بگەڕێتەوە.

سەرۆک شارەوانی قەڵەمەکەی، لەپەنا دوو فایلی بۆری بەستراو بە پەتێکی کەسک دادەنێت و دەڵێت:

حاجی تەشریفت بەخێرهاتی، خێر و بەرەکەت خستە ئەو ژوورە. دڵم دەیوت ئیمڕۆ میوانێکی گەورە روو لە شارەوانی دەکات.

ئەویش سەیری وێنەی (مەلیکی گچکە) دەکات، کە لەپشتی سەری سەرۆک شارەوانی بەبەرزییەوە هەڵواسرابوو، دڵی بەو وێنەیە دەکرێتەوە، وێنەکە لەناو چوارچیوەیەکی جامی پەروازە باریکدا بوو، وێنەکە بەجلی سەربازی بوو، کە شانە باریک و لاوازەکەیان، بەنیشان و مەدالیا و شاباش گران و قوورس و نەخشین کردبوو.

هەردووکیان لەدڵی خۆیاندا، بەسۆزەوە دڵیان بەبارە گرانەکەی سەرشانی منداڵە پاشاکە دەسووتا، کە چەند گران و قوورسیان کردووە، ئەگەر ئەوە بە (نوری پاشا) نەبێت، بەکەسی تر، ئەو بارە گرانە لەو وڵاتە سووک و ئاسان نەدەکرا!

ئەو، لە هەموو ئیش و کارەکانی بەپەلە بوو، تاقەتی دەمەتەقێ و سەلام و کەلامەی زۆری نەبوو، زوو دەیویست دڵی خۆی بۆ کەسی بەرانبەری بکاتەوە و قسەکەی بۆ هەڵبرێژێت، دەیویست ئەو پیاوەی چەند ساڵە، هەر لەگەنجییەوە سەرۆک شارەوانییە، چارەنووسی باخچە و بەیار و موڵکەکانی ناوشاری بۆ سپی بکات. دووبارە موحسێن ئاغا دەڵێت:

کاکە برایم بەخێرهاتی!

ئەویش هێشتا سەری بەسەر بەرزایی ژوورەکەوە بوو، دیقەتی وێنەکەی مەلیکە گچکەی دەدا، بەنەرمییەوە دەڵێت:

بچینە بەهەشتێ، زانیم نەخۆش بوویت و لە ئەورووپا بوویت!

موحسێن ئاغا پێی خۆش بوو، کە ئەو ناوی ئەورووپا دەهێنێت، کاکە برایمیش زانیویەتی ئەو سەفەرێکی دووری کردووە، دەستێک بۆ سیدارە خەوتووەکەی نێوان (فایل)ەکان دەبات، بەڵام بەنیاز نەبوو، سیدارەکە لەسەر بکات و دەڵێت:

بەڵێ، لەوێ دەردەکەیان دۆزیەوە و دەرمانیان کردم!

وەک ئەوەی بڕوا نەکات، چاوەکانی زۆرتر دەکاتەوە و دەڵێت:

بە چ دەرمانیان کردیت!

ئەویش، هێشتا دەستی لەسەر سیدارەکەی بوو، (لچی بنەوە)ی کەمێک بۆ پێشەوە پاڵ دەدات، گۆشتە نەرمە سوورەکەی لێوی پانتر دەکاتەوە و دەڵێت:

بەدەرهێنانی گورچیلەیەکم، ئیسراحەتم کرد!

ئەو نەیوت، چۆن (گورچیلە)یان دەرهێنای، وەک ئەوەی زۆریش بڕوای بەو نەخۆشییە، چارەسەرکردنە نەبووبێت، وەڵامێکی ئاسایی دەداتەوە و دەڵێت:

هەزار حەمەد و ستایش بۆ خودا و دەستی بەبەرەکەتییان.

کە موحسین ئاغا دەزانێت، میوانەکەی زۆر پەرۆش نییە، بزانێت، ئەوان چۆن گورچیلەیان دەرهێناوە، بەسادەییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

بەڵێ، ئەوان دکتۆرن، دەرمان لەوێیە.

## دەفتەرە ئەسمەرە گەورە بەرگ چەرمەکە

ئەو لەسەر تەنیشتی کورسییەکە دانیشتبوو، نەیدەویست زۆر لەناو ژوورەکەی ئەو بمینێتەوە، زۆرتریش سەیری جلوبەرگە پۆشتەکەی بکات، ئەو قاتەی باشترین بەرگدوورەکەی بەغدا بۆی دووریوە، نەیدەزانی قاتی بەری موحسین ئاغا بەدەست و دەرزی ئەسعەد ئاسی تورک دووراوە، یان لەتورکیاوە بۆی هاتووە. هەتا سەید قاسمی بەرگدوور، بە فێسە رەشەکەی سەری و بەچاوە کەسکەکانییەوە لەناو بازاڕ مابوو، بەشانوشەوکەتەوە، ئەو دەهاتە دیوەخانەکەی و پراوەی چاکێت و یەلەگەکەی بۆ دەکرد، دواییش (جەلیل خەیات) پراوەی بۆ کردووە. ئەوانە پەنجەیان مقەس و دەرزی بوون، بەچاو و رامانێکی سەرپێی دەیانزانی، پیوانەکەیان چۆنە، بەڵام دەم نادەمێک بە فیتە باریکە بەژمارە گەورەکانی سەرشانیان، وردورد پیوانەکەیان وەردەگرت، زەوقی ئەویان دەزانی، دەیانزانی ئاغا، بەیەک پراوەش دڵی ئاوی ناخواتەوە!

قاتێک بەدەستی بەرگدوورێکی تورک، یان سەید قاسم دوورابێت، لەکن کاک برایم گرینگ نەبوو، دڵی ئەو هەر لەسەر چارەنووسی بیر و نەعوورەکەی بوو، دڵنیابوو کەوا دەسەڵاتی گەورەبوونی شار و جوانی قیرتاوەکانیش نییە، دەیزانی ئیمڕۆش رەزاق رازی بکات، ئەوە بەیانی منالەکانی ئەو، نەخشەی شارەکە، بڕیارێکی شارەوانی جۆگەلەکانی دەشکێنەوە، بیرەکەی دادەخەن، سەپانەکانی نامینێت، موڵکەکانی لەجیاتی بڕکە تەماتە و جۆگەلە و حەوزی ئاو و (سێبەرۆکە)و کەپرۆکە و سەکۆی بەر هەیوانەکان، دەبێتە شار و خانوو و کەرپووچ و شێلمان و قادرمە و ستارەی بەنەخشی کەرپووچی سوور، لەدوورەوە کولە سپییەکانی سەربانەکان بەبای بەیانی، پاش ئەوەی شەوان، سۆز و ئاوێزان دەیانجولێنێت، شنەبا سەمای و نازیان پێ دەکات.

بەڵام نەیدەزانی حکومەت لە هەموو زەوییەکانی چارەگ و شەقام و باخچە و کۆڵانی دەوێت، نەیدەزانی، ئەگەر ئەرزەکان ئیفراز بکات، تاقەکانی سێتاقان نامینێت، نەیدەزانی، ئەرزەکانی ئیفراز دەبن، پاش چەند ساڵی تاڵ و چاوەڕوان و دامان، کوڕەکەشی لەناو کۆڵانێکی ئەو گەڕەکە دەکوژرێت، لە پارچەیەکی زەوی بەژمارەی تاپۆوە دەنێژرێت!

ئەو قەڵەمەکە دانانێتەوە، ئیمزاکە تەواو دەکات و قەڵەمەکە دەگێڕێتەوە ناو حوبردانە سێگۆشەکەی بندەستی و سەرەکەی باش دادەخات، پەنجەکانی بەپارچە پەڕۆیەکی پەمۆی سپی دەسڕێتەوە، بەڵام دەفتەرە ئەسمەرە گەورە بەرگە چەرمەکە داناخات، وەک بیەوێ حوبری ئیمزاکانی وشک ببیتەوە، لاپەڕەکان وەک چارۆگەیەکی گەورە، نانێکی گەورەی سەر سێڕێکی رەشی سووتاو، بەکراوەیی لەبەردەمی دەهێڵێتەوە، سیدارە رەشە خاوێنەکەی لەسەر سەرە قژ کورتەکەی دادەنێتەوە، پشتی قیت دەکاتەوە، بەجوانی روو لە خاوەنی ئەرزەکانی نزیک لە سێ تاقەکە و خاتووناوە و سەربەستی گەورە هەتا سەر ئاقاری گوندەکانی حەسارۆک و دارەتوو و کونەگورگ و گەڕەسوور دەکات و پێی دەڵێت:

بەگوێی من بکە، بەخۆت و بەمەرجەکانی خۆتەوە، لەبەر چاوەکانی خۆت ئیفرازیان بکەیت باشترە، نەک دوایی... (قسەکان تەواو ناکات، نەوەک ئەو قسانە بە هەڕەشە بزانێت، تووڕە بێت)

ئەو دەیزانی برایمی حاجی سەعید بەخۆڕایی و بێ ئیش نەهاتووتە شارەوانی، باش دەزانێت، ئەو زۆر کەم دێتە شارەوانی و دەزگا میرییەکان، زۆر کەیفی بە (چەهرەی مەئمور) و بەرپرسەکان نایێت، پیاوێک بوو، وایدەزانی ئەگەر ئەو لەناو باخچەکان دووربکەوێتەوە، بامیا و شێلمەکە ئاو نادرێت، ئەو وایدەزانی بەخۆی لەوێ نەبێت، عەمباری گەنمەکەی بەتاڵان دەبەن، گەرمایی ناو حەسارەکەی ساردوسڕ دەبێت.

دووبارە موحسین ئاغا بەخێرهاتنی دەکاتەوە، تووڕەیی رۆژەکەی لەبیردەچێتەوە، ناکرێ ئەو بەدیتنی ئەو پیاوە، دڵی خۆش نەبێت، هاتنی (وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس) لە بەغدا ئەوەندە سەخڵەتی بکات، میواندارییەکەی ئەو بەهەند و گران نەزانێت، دەموچاوە تووڕەکەی بەو نیشان بدات، ئەویش وابزانێت، لەبەر هاتنی ئەو دڵگرانە.

ئەو سەرۆک شارەوانییە، ئەو سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانییە، لە هەموو دائیرەکانی تری ئەو شارە کاربەدەست و پارە و کرێکار و کارمەندی زۆرتر هەیە، پارەی ئەوان بەشی شارەکە دەکات، شارەکە بە کارمەندەکانی ئەو پاکوخاوێنە، باخچەی هەموو ماڵەکان، ئاوی کابانەکان، بەلوعەی مزگەوتەکان، چرای سەرکۆڵان و شەقامەکان لەلایەن شارەوانییەوە دابین دەکرێت. هەر شارەوانییە یارمەتی کەسانی ئاوارە و رێبواری سەرگەردان دەدات. ئەوان سەنگی تەرازووەکانی بازاڕیان راگرتووە. ئەوان مردووە بێکەسەکان لە گۆڕستانەکان دەشارنەوە، کفن و تەقلینی دروستی داماوە مردووەکان دەدەن. شارەوانی ئاو لە کوپە گەورەکانی خێراتی سەرشەقام و بەردەرگای دائیرە گەورەکان دەکەن، ئەو سەرۆکی شارەوانییە با هەر (موتەسرف) فەرمانی

مووچە بەرزکردنەوەکەی ئیمزا نەکات، با هەر لەبن دەستی، لەناو فایلە شینەکە دایبنێت، موحسین ئاغا هەرگیز داوای لێ ناکاتەوە، ئەو فێر نەبوو، بۆ پلەبەرزکردنەوەیەک تۆزی شانی موتەسرفێک بتەکێنێت، ئەوە ناکات و نەیکردووە. بۆیەش سی ساڵی رەبەق لەو پۆستە و لەسەر ئەو کورسی و مێزە دەمینێتەوە، دووریش ناکەوێتەوە، تەنیا ئەو چەند مانگەی سەفەری دەرەوەی کردبوو.

## ئیفرازیان بکە

موحسێن ئاغا کە سەیری دەموچاوی کاکە برایمی سێتاقان دەکات دەڵێت:

کاکە بەسە، لە کەڵی شەیتان وەرەنە خوارەوە، بەسە ئەو لاملییە!

ئەویش لچکێکی کەوا نارەنجییەکەی دەهاوێتەوە سەر دەرپێیە سپییە فشەکەی و دەڵێت:

من لەو نەخشە و بەزم و رەزمە دەترسێم!

سەرۆک شارەوانی هێشتا لەسەر کورسییەکەی نەجولابوو، لەوەتی میوانەکەی دانیشتبوو، لە حەزووری ئەو، وەک بەردێکی قیت دانیشتبوو، بەنەرمییەوە بەدەستی دەفتەرە ئەسمەرە گەورەکە، کەمێک بۆ پێشەوە پاڵدەدات، واتە دەکرێ دەفتەرەکە بۆ ئیمزاکردنی ئەندامەکان ببەن، ئینجا دەڵێت:

کاکە برایم، تۆ و هەموو ئامۆزاکانت، زەوییەکانتان دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی و دەکەوێتە بەر بەکارهێنانی نەخشەکە، بۆیە...

کاک برایم، سەری لەو دەباتە پێشەوە دەڵێت:

دیارە تۆش لەگەڵ ئەو، ئەو جۆرە قسەیەت کردووە!

سەرۆکەکە، ئەوەی چەند ساڵە لەو پۆستە ماوەتەوە و هەرگیزیش قسەیەک، گازاندیەکی لە ئاغاکان، لە فەرمانبەرەکانی، لە کەناسەکان، لە دووکاندارەکان، لەو موتەسرفانەی یەک لەدوای یەک دەگۆڕان، گلەییان لەو نەبووە، ئەو دەڵێت:

لەگەڵ کێ ... قسەم لەگەڵ کێ کردووە، کێ (بەو قسەیە رەنگی سوور هەڵدەگەڕێت، بەڵام توورە نابێت، دەیەوێ بزانێت، ئەو مەبەستی کێیە)

برایم، وادەزانیت، کەپووی کەمێک گەورەتر دەبێت، بۆیە دەستی راستی بۆ کەپووی دەبات و کەپووە بەمووە سوورە نەرمەکەی هەڵدەپشێوێت و دەڵێت:

ڕەزاقی کوڕم، ئەویش وەک تۆ ئەو قسانە دەکات.

بەو ناوە، بەو وەڵامە موحسێن ئاغا، بەدەستی ڕاستی، تۆزێکی تەنکی بۆر لەسەر چاکێتەکەی لادەبات، بەڕوویێکی خۆش و بەزەوقێکی گەرمەوە دەڵێت:

ئێ، ئێ دیارە کوڕەکەت... ئافەرین، دڵم بەو گەنجانە خۆشە، شارەکە بەو گەنجانە ...

کاکە برایم، کە شەش حەوت ساڵ دەبێت، پێی نەهاویشتە ناو دائیرەی شارەوانی، نەچوویتە ژوورەکەی موحسین ئاغا، ئاساییە ئەو یەکسەر بڵێت:

دەباشە ئاغا، ئەوە من دابەزیم و تۆش ئیشمان بۆ بکە!

بەڵام ئەو هێشتا قسەی نەکردبوو، نەیزانی ئاغا مەبەستی لەو گلەییە چییە، ئەوەندە سەیری (قات و بۆینباخ و چاکێتە خاوێن)ەکەی ئاغا دەکات، زۆری نامینێت کار و بەرنامەکەی خۆی لەبیربچێتەوە، هەروەها موحسین ئاغاش زیرەک بوو، دەیزانی کاک برایمی حاجی سەعیدی باخچەچی بەخۆڕایی نەهاتووتە کن ئەو، بەخۆڕایی ئەو ڕێگا دوورەی نەبڕیوە، ئیشێکی گرینگی هەر هەیە، ئەگەرنا نەدەهات.! بۆیە زیرەکانە دەیویست سەرەتا قسە و گفتی شیرینی بۆ بکات، دەیویست بەدڵشکاوی بەڕێی نەکاتەوە.

موحسین ئاغا دەست بە زەنگوڵە مسە گچکەکەی سەر مێزەکەی وەدەنێت، دەنگێکی کزی لێوە دەهێنێت، هێشتا زەنگەکە دەنگی نەوەستابوو، دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە، پیاوێکی سەر بەجەمەدانی و بەجلی کوردی دێتە ژوورەوە، برایم سەیرێکی هونینەوەی جەمەدانییەکەی دەکات، باش لە گوڵینگەکانی ورد دەبێتەوە، ئەگەرچی کورتەکە مرادخانییەکەی دوو پینەی لە قوماشێکی تر، لە ڕەنگێکی تری بەهەردوو ئەنیشکی قۆڵییەوە بوو، بەڵام ئەو پیاوێکی کوردانەی خاوێنی زەریف بوو، بێ ئەوەی شەرم یان ترسێکی بەڕوویەوە بێت، دەڵێت:

ئاغا لە خزمەتت دام، فەرموو!

ئاغا بەڕوویێکی خۆش، بەڵام ڕووی هەر لە میوانەکە بوو و دەڵێت:

شەمسۆک، بە خۆت بڕۆ، دوو چایەمان لەکن وەستا خەلیل بۆ بێنە، بڵێ ئاغا میوانێکی زۆر عەزیزی هەیە، دوو چایەی یەک ڕەنگی شیرین! باشە زوو وەرەوە.

ئەویش سەیرێکی میوانەکە و کەوا و سەڵتە خاوێنەکەی دەکات و دەڵێت:

بەڵێ ئاغا، لەسەر یەک پێ دەچم، میوانەکە و کەوا و سەڵتەکەی بەسەر چاوان بێت.

شەمسۆک هێشتا لە ژوورەکەی نەچووبوە دەرەوە، بۆ جاری دووەم و هەر ئەو رۆژە، کاتبی تەحریراتی موتەسرفیەت لە ئاغا بەژووریٚ دەکەوێت. ئەو دوودڵ بوو، لەسەر یەکێک لە کورسییە بەتاڵەکان، کە ژمارەیان لە دوو کورسی زۆرتر بوو دابنیشێت، یان هەر بەپێوە قسەکەی خۆی بکات، دووبارە قسە و داواکەی جەنابی موتەسرفی پیٚ بڵێتەوە، ئەگەرچی زۆر باشیش وەڵامەکەی موحسین ئاغای دەزانی، نەک ئەو بەڵکو موتەسرفیش دەیزانی، کە سەرۆک شارەوانییەکەیان خۆی و پۆستەکەی، لەپۆستی موتەسرفیەت گەورەتر و شەریفتر دەزانی، چەندجار ئەو وتبووی:

(من لە ئەشرافی هەولێرییەکانم، پۆستەکەم بەسیاسەت و دەستماچکردن وەرنەگرتووە، من سەرۆکی شارەوانییم، ئەوە چەند ساڵە، ئەو هەموو وەزارەت و وەزیرانە لە بەغدا هاتن و رۆیشتن، چەند مەتەسرف لەوساڵانە هاتن، کوڕە شێخ و بەگزادەیان هێنا، تاڵەبانی و قەرەداغی و عەرەبی جبوورییان هێنا، سەعید قەزازیش هات و هەموویان رۆیشتن، من هەر ماوم. من لەو کورسییەی نەمینێم، یەکسەر دەچمەوە ماڵی خۆم و تەواو، خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبم، ئەوەندەم کتێب لە ئاستنبۆل و بەغدا و بەیروت هێناوە، زۆرن، هەموویان لەناو دیوەخانەکەم، گۆشەکانی ژوورەکەیان رووناک کردیتەوە، (هەر خەریکی خوێندنەوە دەبم). ئێواران دەچمە گوندەکەم، دەچمە کن رەنجبەر و سەپانەکانم، لەگەڵ ئەوان دەچمە راو، دەچمە سەردان و ناو خیوەتەکان، سەردانی شێخی زینویٚ دەکەم، دەچمە کن ئاغاکانی سوورچییان، ئەوانم خۆشدەوێت، زۆر گلەیی دەکەن و بەسە، زۆر قەرزاری ئەو ئاغا و شێخ و بەگزادە و شاعیرەکانم، (نەمرم سەفەرێکی تری ڤیینا بکەمەوە)، ڤیینا شارێکە:

کە من چووم رۆژەکە خۆش بوو، پلەی گەرما سەرووی بیست پلە گەرم بوو، شنەبایەکی زۆر سازگار لە رووباری دانوبەوە دەگەیشتە ناو کونی کەپوومەوە و هەستم دەکرد، یەکسەر نەخۆشییەکەم نامینێت و چاک بوومەتەوە، هێشتا دکتۆر و دەست و چەقۆی ئەوانم نەدیبوو، هێشتا لەبەردەم کۆشک و باخچە رەنگینەکانی (شونبرۆن)، کە تەمەنی نزیکەی سیٚ سەد ساڵ دەبوو، پیاسەیەکم نەکردبوو، هێشتا نەمزانیبوو لەو شارە بیست و حەوت قەڵاتی سەرکەش و نازدار، لەو شارە پیرۆز راگیراوە، من ژانم نەما، من ترسی گورچیلەم نەما، من لە دکتۆرەکانیان ترسم نەما، هەر بیست ساڵێک بوو، ناوچەکە و شارەکە لە جەنگی یەکەم دەربازی ببوو، ئیمپراتۆریەتەکە رووخابوو، ئەوە شەڕە بابی ئیمپراتۆر و ئەژدادی سوپای پاشایەتی و چەکسازییەکان دەروخێنێت، هەر وشەی ڤییناش مانای سروەی بەیان و فێنکییە، بۆیەش شارەکەش بەردەوام خەمڵیوە.

ڤیینا شارێکە، من بۆ چارەسەری سەردانم کردبوو، هەر چەند هەوراز دەبوومەوە، لە حەلەب و بەیروت دووردەکەتمەوە، کە دووکەڵ و بۆن و خوێنی جەنگی یەکەم نەمابوو، قسەی دکتۆرەکەی بەغدام بەبیردەهاتەوە، ئەو دکتۆرە جوولەکانە زیرەکن، نهێنی شارەکانی جیهانیش دەزانن، ئەو وتی:

بە هەواکەی ڤیینا بە شنەبا و کزەبا و شەماڵ و هەوایە سازگارەکەی تەڕ بە ئاوەکەی دانوب، تۆ زوو چاک دەبیتەوە، بڕۆ و مەترسێ، دوعامان بۆ بکە، لەو بەغدایە خودا بمانپارێزیت، ئاغا ئێمە دەترسین، دەترسێن و حەقمانە ترس و نائومێدی لە هەناو و لە کار و ناو و منداڵەکانمان هەبێت، دەترسێن (گەڕەکی تەورات)مان بەسەردا تەخت بکەن، چاویان، ئەوان چاویان لە موڵک و سامان و پارە و تابلۆ و کتێب و پۆست و ژن و گۆرانیبێژ و کیژە جوانەکانمانە، لەوێش و بەردەوام وێرد و نزای تۆشمان پێویستە، تۆ لە ڤیینا بەڵات نامینێت، بڕۆ دوودڵ مەبە، دۆستەکانمان کەمیان لەوێ ماون، زۆریان لەو وڵاتە دەرپەڕین، بەڵام هەندێکیان ماون، ئەوانیش ترسیان لەدڵە، دەترسێن، لە هەموو جیهان ئێمە دەترسێن، راومان دەنێن، تا سامانەکانمان بدزن، تا شوێنی پۆستەکانمان بگرنەوە. ئەویش بە میوانەکەی دەڵێت:

لەوێ گورچیلەیەکیان دەرهێنام، بەڵام، ئەوان منیان ژیاندەوە.

دەچمەوە ڤیینا و ترسم لە هەڵگیرسانی شەڕی تر لەئەوروپا نەماوە، دیارە کەوا هەموو ناوچەکانیان لەنێوان خۆیاندا بەشکرد، ترسی عوسمانییەکان و هاوپەیمانەکانیان بنبڕکرد، ئیتر ئەوروپا یەک پارچەیە، وا خەریکی ناوچەکە دەبوژێتەوە، دەچمەوە ڤیینا، من لەوێ زیندوو بومەوە!

## باخچەچییەکان

بنەماڵەی باخچەچی، موڵکەکانیان لەسەرووی شاری هەولێر بوو، هەموو موڵکەکانیان لەناو سنوری ئیدارە و نەخشەی (کادسترۆ)یی شارەکە بوو، لەسەرووی باخچەکانی پشتەوەی مزگەوت و مەرقەدی شێخەڵا و گۆڕستانی جوولەکان، هەتا ئاقاری باداوە و حەسارۆکان و بنەسڵاوە و کونەگورگ و دارەتوو درێژەیان هەبوو، لەولاشەوە نزیک گوندی سێبەردان و شەرەبۆت و کەسنەزان و هەردوو باخچەی گەورە و گچکە پەلی دەهاویشت، چەند کارێز و جۆگەلەی ئاوی شیرینی بەناودا دەڕۆیشت، بەردەڵان و رەشەخاک و نەرمەخۆڵ و بەست و کەند و زوورگ و چەقێن و سێگۆشە و بەبەرد و بەقووم و بەلم و بەتەزرەبەرد و زیخیش بوو.

سەپانەکان بەدەستی گەورە و شانی پانیان.

بە خۆیان، بە ژن و بە پیاوەکانیان.

بە خزمەکانیان لەدەشتی هەولێر.

لە دەربەندی کۆڕێ.

لە گوندەکانی بناری گردمەندیلی باڵەکایەتیی بەرانبەر کوێستانەکانی هەڵگورد و بارزین.

ئەوان، زۆریان لەو زەوییانە جووتیان دەکرد، دووبارە خەرتەیان دەکرد، تۆیان دەکرد، دانەوێڵەی زۆریان لێ دەدورییەوە، کەروێشک و قەتێ و ژووانی خۆیان لەناو دەکرد. موڵکەکانی ئەوان گوند و شاریش بوو، دوور و نزیکیش بوو، بە ئاو و وشکیش بوو، کارێز و نەعوور و جۆگەلەی لەناودا هەبوو.

زەوییەکانی ئەوان:

بەیارێکی سینگ سەدەفی نازەنین بوون.

چەقێنێکی مەمک گەورەی خەوتووی بن کەپرێکی شڕی بەر کۆڵکەزێرینە و بن سوخمەیەکی گوڵدار و بۆندار و بەختیار بوو.

زەوییەکانیان سوورەخاک بوون، هەموو بست و گەوە و بۆرە رێگا و کوێرە رێیەکان، هەموو پەنا و ملەکان و پشتەکان و پەنجەکان و سینگە تەختەکان و نەرمەکەکان و (غەر) و بەرجۆگەلە و پشت ئاوەکە و ناوزوورگەکان و دوور و زۆر نزیکەکان، ناو و نازناو و یادگاریان، لەکن برایمی حاجی سەعید و هەموو ئامۆزاکانی و هەردوو کوڕەکەی و هەر پێنج کیژەکەی هەبوو.

هەندێکیان بەتەنیشت رەنگ سوورەکان، رەنگیان زەرد بوو.

لەپشت پارچە سوورەکە، ئەرزیان هەبوو، رەنگی پەمبە و (کەسکی تەڵخ)، یان کەسکی روون و چاوگەورە بوو.

زەوییان هەبوو وەک ئەهوارەکان تەڕ بوو.

وەک بیابانەکانیش وشک و گەرم بوو.

ئەرزەکانی باخچەچییەکان، سارد و گەرم و تەزیوویش بوون!

زەوییەکانیان زۆر بوون، ئەوەی ئاوی هەبووە، دەکرایە شینایی و تووتن و گوڵەبەرۆژە و کونجی و پەمۆ.

ئەوەی دوورە ئاو بوو، پەریشان و پەرۆشانە لەئاسمان دەپاڕایەوە، دەپاڕانەوە بۆ دڵۆپەی سینگی ئاسمان و چاوی ئەستێرەکان.

کاک برایم خەونی بەوە دەدیت، لەناو موڵکەکەی، بەشەکەی ئەو، ئاوی وای تێدابووایە، ئاشی زۆری لەبەر بگەڕابوایە. سەرچاوەی ئاوەکان لەناو موڵکەکانی ئەو بوایە، چیتر پارەی ساڵانەی ئاوەکەی نەژماردبوایە و ئاغاکانی ناوشار و سەر قەڵاتەکە، ساڵانە پارەی ئاوی لێ وەرنەگرن.

ئەو حەزی دەکرد، سەپانەکان، لەگەڵ کیژە گیشەکەرەکان، ئەوانەی (بێری و کابان)ن، زۆر شەیدای یەکتر بن، بەیەکەوە رەشەریحانەکان بۆن بکەن و بڵێن:

بۆنی تۆ لەو پەڵکەش خۆشترە، چاوی تۆ لەوەش رەشترە.

ئەویش بڵێت:

بەژنی تۆ، داو داو سمێڵت لە لێژیی و لەنجەی نشێوەکان، لە لووتکەی سەرکەشی بەرزایی و لە تەراییەکانی ئەندامە تەڕ و وشکەکانی جەستەی خۆمادا دەڕوێنم، تا باخچەکانمان سێبەریان پان و سێگۆشە و مەتر مەتر و (گەز بەگەز) گەورە بێت.

ئەو دەیزانی بەوە ئاوێزانییە، بەڵێ ئەو وایدەزانی، ئەوەش سرووشتییە، ئەو وایدەزانی بەو ئەڤینە خاک و کار و رۆژانەیان خۆشدەویست، بەوەش دەستە عاشقەکان، چاوە گەرمەکان، هەنگاوە خێراکان بەرهەم زیاد دەکات، تەنیا بە عیشق هەڤاڵبەندی دڵسۆزیی تێ دەکەوێت.

ئێوارەکەی کە پیاوە شێرە ئازاکەی سێتاقان دەکوژرێت، ئەو لەودەمانە لەبەر سەماوەرەکە دانیشتبوو، ئاگرەکەی خۆش دەکرد، (رەژوو)ی دادەنا، دەیویست ئاگرەکە هەر گەرم بێت، تا ئەو لە کۆبوونەوەکە دێتەوە، تا ئەویش چایەکی ئەو شەوە بخواتەوە، ئەو لەبەر سەماوەرەکە بوو، کە ئەویان کوشت، ئەویش، پاشان، وەک مێروو بێدەنگ مرد، وەک ئاوە ساردەکە بووە شەختە و مرد، ئەویش لەبەر سەماوەرەکە مرد.

ئەو بەیانییەکە، لەپەنا سێبەری دارتووەکە بەر دەرگەکەیان، کە دیوارە سەر بە (بلۆکە کونکون)ەکەش نەیتوانیبوو، دیمەنەکە و سێبەرەکەی جیابکاتەوە، دارتووەکە باڵی گەیشتبووە هەردوولای دیوارەکە، لەوێ و لەبەر سێبەرەکەی ناو حەوشەکەیان، ئەو وەک بووک دانیشتبوو، (هەموو رەنگەکان) لە کراسەکەی، لە کەواکەی، لە دەستماڵەکەی دەستی دەناسرایەوە و دەبینرا، ئەو بەیانییەی کە ئەو دەمرێت.

هەموو رەنگەکان لەکن ئەو ژنە هەبوو، ئەو دەستماڵەی قوورییەکەی لەسەر سەماوەرەکە پێ دادەگرت، ئەویش وەک قوورییەکە رەنگین بوو. ئەو ژنە لە گوندێکەوە بەبووک هاتبووە ئەو هەولێرە، دەشت و زوورگەکانی، بەردەکانی، بەهار و زستانەکەش هەموو رەنگێکی تێدا بوو، گوڵەکان بۆ جوانییەکان رەنگیان دەگۆڕی، رەنگەکانیان لەناو خۆیاندا دابەشکردبوو، لەوێ بەر لە کازیوە، زێیەکە، زێیە گەورەکەی بەیانییان، زوو خوناوی دەچاند، چاوی گوڵەکانی بەبێدەنگی دەپۆشی، یەک یەک روومەتی گوڵەکانی تەڕ دەکات، دەشتەکە جوان بوو، بۆیەش ئەو بووکەی کە دایکی ئەو بوو، نە لە کوڕەکەی و نە لە باوکی خۆشی زۆری نەدیت، ئەو رەنگەکانی لەگەڵ ناز و جوانی گوندەکەیان هێنابووە ناو حەسارە گەورەکە، ژنەکانی تری ناو حەسارەکە، ماٶژنەکان، پلکەکان، ئەو ژنانەی ئیشیان لە باخچە و ئاگردان و بەرهەیوان و (سەرجۆخین)ان دەکرد، هەموویان بەو دایکە داماوەیان دەوت:

تۆ بەڕاستی نازەنینی، ئەو قسەیەی لەدەمی هاوسەرەکەی لەبەردەم خەڵکەکە نەبیستبوو، ڕەنگە شەوانە پیاوەکە گوتویەتی، زۆریش نازەنینی، لە هەموو گوڵەکانی ئەو دەشتە، لە چاوەکانی خوناو، لە (کەز)ی گەلاوێژیش نازدارتری.

## کوڕە شەهیدەکە

(ئەو کوڕە شەهیدیک بوو. لەساڵی ١٩٥٩ لە حەسارە گەورەکەی باپیری، لەناو ژوووریکی پەڕگەی سەر بەکاریتەی سپی دارئەسپیندار لەدایکبووە، دەرگای ژوورەکەی دایک و باوکی، نزیک یەکەم پایەی قادرمە قووڕەکەی حەسارە گەورەکە هەڵکەوتبوو)

ئەگەر زستان و سەرما بووایە، ئەو کە دەهاتە ناو ژوورەکەی، ئاگری گەرمایی سۆپا عەلادئەدین نوێیەکەی کەم دەکرد، دەمانچەکەی لەبەر پشدێنی دەردەهێنا، بەنەرمی لەبن سەری دادەنا، بەڵام ژنەکەی لە شیرینە خەویش دابوایە، هەر بائاگا دەهات، لەبن لێف و (جاجمە سوور و کەسکە) دووبەرە تەختەکە، سەر و کەزی بێنێتە دەرەوە و بڵێت:

هەردوو شەو، بەئیسراحەت، بەیەکەوە نووستین و نەتکردە سێ شەو، پیاوەکە، نەبووە سێ شەو!

کوڕەکە، ئەو قسەیەی لەبیر نییە، بەڵام زۆرجار لە خەفەتی لاساری و سەرکێشییەکانی ئەو، دایکی ئەو قسەیەی لە خەفەتا دووبارە کردوتەوە!

ڕەزاقیش بەمنگەیەکی زۆر پیاوانە، وەڵامی ژنەکەی داوەتەوە، کە تژی بوون لە ئەڤین و ناز:

کچێ ژنەکە، لەبەر تۆ نەبێت، من لەکوێ خەوم بێت، لەوێ بالیفێک پەیدا دەکەم و پاڵی لێ دەدەمەوە! دڵنیابە، شەوانە هەر دێمەوە، شەوانە دووریش بم، هەر دێمەوە، ترسیش ساتمەم پێ بکات، کە دەزانم نییە، هەر دێمەوە.

بەڵێ، ژنەکە، بەر لەوەی ژنە ئازەرییەکەی ناو حەسارەکەیان، ژنە قەڵەوەکە، ئەوەی کەس نەیدەزانی کراس و کەوا و فستان و ئاوڵکراس و ژێرکراسەکەی، لە جلوبەرگی کام وڵات و هۆز و ئاین دەچێت، کە قسەی دەکرد، هەموو زمانەکانی خودای تێکەڵ دەکرد، بۆیەش هەموو میللەتانی خودا، (نەک پێغمبەرەکان)، چونکە میللەتانی خودا بە ژمارە و بە تیرە و ڕەنگ و کەپوو و نیوچەوان، لە نەوەی پێغمبەرەکان زۆرترن.

ئەو بۆ هەموویان قاوەی دەگرتەوە، بە دوو قسە، چارەنووسی نیگبەتی کە زۆرتر بوون، بۆ باس دەکردن. شەوێکیان، شەوێکی تەنیایی و شەوێکی چاوەڕوانی ژنە ئازەرییەکە، وەک ئەوەی لاپەڕەکانی ناو دەفتەرێکی گەورە و کۆن بۆ ژنەکە بخوێنێتەوە، دەڵێت:

من چارەنووسی تۆ دەبینم، لە کاروانە درێژەکەی دایکم دەچێت، لە ڕەنگی ئاوی زێیەکەی شەوەکە، شەوە ساردەکە، شەوە تەماوییەکە، کە من، نیوەی پشت و شانوپیلم لەباوەشی دایکم بوو، یان پیاوێک دیارە کەوا ماندوو نەدەبوو، منی لە هەڵاتنەکەدا هەڵگرتبوو، کەسمان نەماندەناسی، چارەنووسی تۆش لەو ئاوە و لەو شەوەی ئێمە دەچێت!

ژنە داماوە چاوەڕوانەکە، بەو قسەیە دڵی ختوورەیەکی کردبوو، هەست و نەستی هوشیاریان پێدابوو، کەوا ڕەزاق سێتاقانی، پیاوەکەی ئەو، باوکی کوڕەکەی و باوکی ئەو (کۆرپە)یەی لەناو سکیەتی، بە شەو، شەوێکیان، زۆریش درەنگ نا، هەر لەو ساڵانەدا، ڕێی لێ دەگیرێت، چۆن شەوێک، چۆن ڕێگیرانێک، لەو شەوەدا هیچ کەس، نە ئەو، نە براکەی، نە شەش برازاکەی بە هانای ناگەن، شەوێکی ترسناک، کە شارەکە بەردەوام بیگێڕێتەوە.

ژنە ئازەرییەکە، وەک ئەوەی ئەویش دەستی لە پلانەکەدا هەبووبێت، وردەکارییەکانی ئەو شەوەی زانیبێت، بەڵام ئەو شەوە، ژنەکە ئەویش بۆنی خوێنەکەی کردبوو، دەنگی تەقە دوورەکانی بیستبوو، ئەو دڵنیابوو، کەوا لە (شەوێکی تەڕ یان وشک)دا، لەبەر چاوی ئەستێرە بێدارەکان، لەناو کۆڵانێکی نزیک لە گوڵەکانی کراسی ژنەکەی، نزیک جۆگەلەی باخچەکەیان، جۆگەلەیەک خوێن لەبرینەکانی دەڕژێت. ئەو کە برینەکە بە ئاوێکی سارد دەشواتەوە، لەوێ دەمرێت.

لەشەوێکی کشومات و (ساماڵ)دا، ئەو پیاوە مەردە دەکەوێتە ناو بۆسەیەکی نامەردا، دەستی بە هیچ ڕاناگات، لەو شەوە ساماڵەدا بەرچاوی تاریک دەبێت، تەقەی لێدەکەن. تەقەی لێدەکەن! یان گردێکی تەڕی پاش بارانێکی زۆر، بەسەری دادەڕمێت و دەکوژرێت.

لەو شەوەدا، هەموو گوڵە وردە ڕەنگینەکانی کەوای ژنەکە، ڕەش دەبن و ڕەنگەکانی تر، کەسکەکان، پەمبەکان، نارەنجییەکان، ئەو ڕەنگەی وەک ڕوومەتی ئەو بوو، ئەو ڕەنگەی وەک (چاوی فانووس)ەکە بوو، هەموو خۆیان لە ئاکار و پۆشاکی ژنەکە دەدزنەوە، تەنیا ڕەنگی ڕەش نەبێت، کەواکەی، کراسە درێژەکەی، سوخمەکەی کە وەک گوڵ پێدەکەنی، چەفییە ناسکەکەی ملی ڕەش دەبن. (ڕەنگەکان بەو شەوە خۆیان لەو دەدزنەوە) و تەنیا ڕەنگە ڕەشەکە نەبێت، ڕەنگە ڕەشەکە وەک بزمارێکی ژەنگاویی، وەک خەمێکی گەورەی تەمەن. ڕەنگە ڕەشەکە، وەک

کرمێکی ناو بەفر، وەک گوللەیەکی کۆنی ناو برینێکی بێ هەتوان دەمینێتەوە و توند و ڕەق بە بەژن و شان و کەمەرییەوە دەلکێت.

ژنە ئازەرییەکە، ئەوەی هەموو زمانی تیرەکانی خودای دەزانی، خەونی هەموو خەڵکی بە هەموو زمانەکان راڤە دەکرد، هەمووی دەترساند، هەمووی زەلیل و داماو دەکرد، زووتر و پێش ڕووداوەکان بە خەڵکەکەی دەوت، بە ژنەکانی دەوت و دەیزانی:

کەی مێردەکانتان، کەی برایەکانتان، کەی سەپانەکان، کەی ئاغاکان... منداڵەکانتان... ژنە ئازەرییەکە دەیوت:

من بەدڵنیاییەوە هەموو نهێنییەکان دەزانم، هەموو چاوەکان، رازەکان شەرم لە شکۆی من دەکەن، هەموو ڕووداوەکان، بەئاسانی بۆم دێنە سەرچۆک، زەلیل و داماو گرێی بوخچەکانیان دەکەنەوە، بەوردی کلیلەکان لەبەر پێیەکانم دادەنێن، پەردەکان هەڵدەماڵن، پەنجەرەی شەوەکان دەکەنەوە، باوڵە داخراوەکان دەکەنەوە. کەس نەبووە، بتوانێت دەرگا و دڵ و چاو و سوخمە و دۆخینی لە من بکاتە گرێ کوێرە. من شاراوەکان دەدۆزمەوە، کێ لەبەر بارانا کلیلی ونکردووە، کێ بەدیار ئەستێرەکانەوە خەوی زڕاوە، من لەناو (فنجانێکی قاوەیەکی تاڵ)دا. منم ژنە ئازەرییەکەی ئەودیوی تەمەن و تخووب و نەریت و ئاکاریش، گشت رازەکان دەبینم و ناتوانم باسیان نەکەم، ناکرێ نهێنییەکان وەک خۆی نەدرکێنم. ئەگەر من، وەک ئێوە پێم دەڵێن ژنە جادووگەرەکە، نهێنییەکان وەک خۆی باس نەکەم، یەک تاڵ و موو و داوی وردەکارییەکان بگۆڕم، هەموو ژان و تاڵەکان، ناخۆشییەکان، سەفەرەکانیش بەر من دەکەون. من چارەنووسی خۆم کەمی بۆم هەڵنەگرتووە، بۆیە نەسیبی کەسم ناوێت، من نەسیب و بەخت و نیوچەوانی خۆم دەوێت! ئەو ئیلهامەی بۆم دەردەکەوێت، بۆم روون دەبێتەوە، دەبێ وەک خۆی و یەکسەر و بێدواکەوتن بیاندرکێنم، ئیلهامی فاڵ و زانیارییەکانم دووسەرەیە، ئەگەر باسیان نەکەم، ئەگەر هەموویان وەک خۆی وردودرشت هەڵنەرێژم، لەناو هەناوی خۆم، لەبەر پشدێن و کەمەری منداڵ و کەسوکارم دەبنە میخ و کەسەر و تەوق، ئەگەر من باسیان نەکەم، نەیانگێڕمەوە، راستییەکان نەدرکێنم، ڕووداوە شیرینەکانیش، جوانیەکانیش، گفتە خۆشەکانیش، هەموو دەبنە مارێکی رەش و گەز بەگەز لە گەردەنم دەئاڵێن، من دەبێ هەموویانت پێ بڵێم...

بالیفی ئەو بریتی بوو، لە پەڕ و تووک و ریشی، (مریشک و کەڵەباب و پۆڕ و قاز و قورینگ و مراوی و سووسکە و قەتێ و کۆتر و کێشکە و تاووس و ریشۆڵە و هەوێردە و چین و ماچین)، دایکی کوڕەکە، پەڕی ئەوانەی وردورد هەڵبژاردبوو، پەڕەکان دەشواتەوە، وشکیان دەکاتەوە، لەسەربانەکان هەڵیاندەخات، پەڕە رەقەکانی هاوێر دەکات، نەرمەکانی پان دەکاتەوە، لەگەڵ

ئەو پەڕ و تووکانە، چەند خونچەی گوڵەمێخەک و گوڵباخ و رەشەریحان و مسکی، لەگەڵ نووشتەیەکی سێگۆشەی دوراوی ناو بەرگێکی کەسکی تەنک، بە هاواری بابی کاکە، هاواری ناوی هەموو شێخەکان، ئەوانەی هەموو لەناو شەعادەیەکی سپی دووری بوو، ئەو بەرگەشی لەبەرگێکی حەریری لووسی بریقەداری کردبوو، ئینجا بەدەستی خۆی، بە هەر دە پەنجەکانی، بە دەستی هەموو پلکەکانی، بەرگە بالیفەکەی بۆ دەنەخشێنن. تا شەوەکانی کوڕەکە، پاش نەمانی باوکی، ئارام و خەوەکانی خۆش بێت.

ئەوەی پێناسەی دەکرێت بالیفێک بوو! یان ئاوێکی شینی سەر ئەتلەسێکی بەرەونەق بوو، بالیف بوو یان پارچە بەهەشتێکی خەیاڵی باڵی تاووسێک بوو، کە شەوێکیان لەدەستی فریشتەیەکی عەرشی فەلەکەوە بەربوویتەوە، ئەوە بالیفە یان مەرجانی دەریایە، بەرگی فریشتە و چاوی جن و (مەمکی پەری)و نازی ژووانە! ئەوە بالیف بوو، یان پارچە هەورێکی نزیک گۆمەکێکی شین بوو، لەئێرەیی لە ناسکی خوناو دێتە خوارەوە، لەئێرەیی مانگا لەئاسمانەوە بەردەبێتەوە، لەترسی رەوە ریشۆڵەیەک، لەناو هێلانەیەکی ئەستێرەکان دەکەوێتە خوارەوە.

## دیواربڕ

ڕەزاق بەردەوام بە ژنەکەی دەوت:

ژنەکە من تۆم هەڵگرتووە؟

ئەویش بەتووڕەییەوە دەیوت:

نا...

(شەدەکەی سەری توندتر دەکرد و بەرەو کووپەکە دەچوو، تا فافۆنێک ئاوی بۆ بهێنێت، کە ئەو ئاوەکە دەخواتەوە، پێش ئەوەی جامە فافۆنەکە لەناو کووپەکە دابنێتەوە، ئەویش دوو قووم لە فافۆنەکە دەدات).

باشە ژنەکە، ئەو موڵکەی هەمانە، ئەو هەموو باخچە و بیر و نەعوور و جۆخین و ئەسپ و تراکتۆرەی هەمانە، هەمووی موڵکی خۆمان نییە.

با... هەمووی هی خۆتانە!

لە کەسمان زەفت نەکردووە. کەسمان لەسەر نەکووشتوە، بیرەکان بەخۆمان بەژن بەبەژن لێمان داوە، بابە گەورە وەستا کەمالی ناردوتە موسڵ، لەوێ مەکینەکەی کڕیوە، وایە یان نا... جۆگەلەکەی سەروو باپیریشمان لەگەڵ بابە گەورە جۆباریان نەکردووە؟! هەموو ئەو قسانە لە دایکم و مامەکانم بیستووە!

با... با دایە گەورە، هەموو ئەوانەی سەدجار بۆم گێڕاوەتەوە. دەیوت خاتوونی داپیرتان، (بەشێکی ئەو موڵکەی بە یەک ئەسپ)، بەڵام چۆن ئەسپێک! لە ئاغاکان کڕیوە، ئەو موڵکانە هەمووی بۆنی ئارەقە و نەسرەوتنیان پێوەیە، ژنەکە هەڵدەستا و دادەنیشت بە مێردەکەی دەیوت:

وایە، راستە، هەموو موڵکی خۆتانە و هەمووتان پێوەیان ماندوو و شەکەت بوون، بەڵام! من دەزانم تۆ شەوێکیان لێت دەقەومێت، من و ئەوان و سێتاقان و شارەکە، بێکەس دەکەیت!؟ من دەزانم، شەوێکیان تۆ دەهێنەوە، بەڵام سارد و شەکەت و دەموچاو خەوتووی ساردوسڕ، بەو شێوەیە تۆم بۆ دەهێنەوە ماندوو زۆر ماندوو، هەرگیز پشوودان و هەڵسانەوەشی لەدوا نەبێت، دەترسم، لەو رۆژە دەترسم! دەترسم.

هەردووکیان لەخوانەکە نزیک دەبنەوە، کە نانەکە دەخۆن، چایە گەرمەکە دەخۆنەوە، بەیەکەوە چەند بەڕوویێک دەبرژێنن، هەندی قسەی ناز و خۆشەویستی بۆ یەکتری دەکەن. ئەو هەندێ سەربردەی ئامۆزا و خزمەکانی ناو قەڵات بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ئەوان لەبەر شڕە دووکانەکانیان، لەبەر هاتووچۆی موسڵ و کاروانچییەکانی خانی سپی، ئاگایان لە موڵکەکانیان نەمابوو، ئەو هەموو زەویوزارانەیان دەدەنە، دەست سەرکار و شەقرەچی و سەپان و پاڵەکان، ئەوانیش هەر بەشی نان و باراش و ساوەری خۆیان ئیشی تێدا دەکەن، بەڵام ئێمە لەگەڵ خەڵکەکە، لەگەڵ سەپانەکان، لەگەڵ کرێچییەکانمان، لەگەڵ ئەو بارانەی بەپیرۆزی بەسەرماندا دەبارێت، لەگەڵ ئەو (خوناوە سپییە روونەی کە بەشەرمەوە) بەیانییان بۆ ژووان دەمینێنەوە، ئێمە لەگەڵ دەست و پاچ و بێڵ و گاسن و ئاودا کارمانکردووە و نەخەوتین، ماندووبووین و نەوەستاین، سەرەتا موڵکەکەمان کردە باخچە و رەز و جۆگەلە، دوایی کردمانە حەسار و کاروانسەرا و دیوەخان، لەورۆژانەش حەسارەکە، خانووی رەنجبەرەکان، رەشماڵی دۆمەکان، ماڵی خزمەکان، هەمووی دەبێتە شارێکی گەورە، شارێک کارەبای بۆ رادەکێشن، بەلوعەی بۆ دادەنێن، عەتارەکان دەڕاب و کلیل و سەکۆی بەرز بۆ دووکانەکانیان دەکەن، چیتر بۆ کرینی پێداویستییەکان، گچکەکانمان، خۆمان ناچینە لای (قز فەتاح) و بەدیار گوێیە بەگوارەکانییەوە ناوەستین، ناچین تا تەنکەی سەرمۆری تەحین و دۆشاومان بۆ بشکێنێت و بۆمان تێکەڵ بکات، تا قەندی سپی و ئەسمەرمان بۆ جیادەکاتەوە، ئەویش دەزانێت، ئێمە سەیری گوارەی زێڕی گوێیەکانی ئەو دەکەین، بۆیە ئەو نیگای زۆرمان تێ دەکات، چاوێکی لەسەر بەتاڵکردنی تەنکەکەیە، تی چاوێکیشی لەسەر ئێمە دەبێت، تا بزانێت پێی پێدەکەنین، دەڵێین:

گوارەکەی ئەو عەتارە، وەک گوارەی گوێی ژنەکانی ناو حەسارەکەمانە.

ئەویش، بە زۆرکەس و میوان و منالی تر و پیاوی گەورەشی وتوە:

جاران لەو قەڵاتە، تەنیا گوێ و گوارەی من بەدەرەوە بوو، تەنیا من بووم، گوێم بەگوارەی زێڕەوە دەلەریەوە. ژنەکان، لەماڵەوە، لە شەوەکان و لەسەر بالیفە نەخشینەکان، گوارەکانیان لەدیار

تریسکەی کزی چراکان دەبریسکایەوە، بەڵام گوارەی من، کە خەڵاتی دایکمە، بەدەستی دایکم لەگوێم کراوە، کەسیش ناتوانێت، ئەو گوارەم لەگوێ بکاتەوە، هەر بەو دوو جووتە گوارەش بوو، بە لەرینەوەی ئەو گوارە گەورەیەی گوێم بوو، (مودیرەکەی تەجنید)، منی لە سەربازی دەرباز کردبوو، من نانی ئەو گوارەیە دەخۆم، دووکان و مەعمیلەکانم هەموو کڕیاری ئەو گوارەن. دایکم گوارەی لەگوێ کردوم، تا خزمەتی سەربازی نەکەم، تا نەخۆشی و لەرزوتا، ترس و زیڕەی شەوان، سەرمابوون، من نەدۆزنەوە، من نەناسنەوە، ئەغیار و نەخۆشی و دوورکەوتنەوە لێم نزیک نەکەونەوە. تا رەش و سپی، جوبرائیل و عیزرائیلیش، تا تەجنید و جادووگەرەکان من نەناسنەوە، هەڵە بکەن! دەستم لێ نەوەشێنن، منی تاقانە لەو رۆژگارەدا سەربکەوم و ملم نەشکێنن!

لەکن هاوڕێیە نزیکەکانی، قز فەتاح وتبوی:

ئەو گوارە زێڕانەی گوێم، هەر چەند ورد و ناسکن، قسە و سەرئێشەی زۆری بۆ پەیدا کردووم، بەڵام بێجگە لەوەی لەو شارە من کوڕێکی تاقانەی گوارە لەگوێ بووم، هەتا گەورەش بووم، لەگەڵ دایکم چوومەتە حەمامی ژنان، هەموو شتم دەزانی، ئەو دوو گوارە زێڕە، منیان بردوتە ناو (حەمامی ژنان)، لەوێ زۆر ژنی رووتم دەبینی، ئێستاش کە ژنانە دێنە لام، کە شەکرم لێ دەکڕن، کە تۆچا و هەنگوینم داوا لێ دەکەن، لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

من دەزانم کێندەرێت هەنگوێنە، وەرە با هەنگوینەکەمان بگۆڕینەوە، من هەنگوینی ناو شووشەی کوێستانت دەدەمێ، تۆش هەنگوینی گەرمێنی ناورانەکانتم بدەرەێ. من دەزانم شەکری شیرین لە کوێیە؟ دەزانم قەندتان چەند سپی و شیرینە؟ بەڵام ناوێرم، دەزانم گوارەکانم بەگوێمەوە دەپچڕێنن، رەنگە بچنەوە کن مودیر تەجنیدەکەش، دووبارە سەرم سفر بکەنەوە و بمکەنەوە عەسکەر، ناوێرم ئەگەرنا دەزانم ژنەکان، کە رووت دەبونەوە، کە دەرمانیان دەکرد، کە شانەیان تەڕ دەکرد، کە ئاوی گەرمیان بە لەشولاریان دادەکرد، چۆن دەتاوانەوە، چۆن هەڵم و بوخارەکە ناسکتری دەکردن، هەموویان دەناسمەوە، من گەورەبووم کە چوومەتە حەمامی حاجی قادر، هەفتانە لەگەڵ دایک و پلکەکانم دەچووین.

حەمامەکە بەیانییان بۆ ژنان بوو، هەفتەی چەند رۆژێکیان بۆ ژنان بوو. چەند جارێک زانیومە کە سەربازە سەرکەشە بەدرەوشتەکان بێشەرمانە، ئەوانەی خەڵکی ئەو شارە نەبوون، هەر بەراکردن و هەر بۆ ئاژاوە و ترساندنی ژنان، پەردەی سەر دەرگاکەی حەمامەکەیان هەڵدەدایەوە، ئیتر لەناو حەمامەکە و لەسەر سەکۆکانی دەبووە قیژە قیژی ژنان. قز فەتاح دەیوت:

منیش لەگەڵ ژنەکان دەمقیژاند، منیش دەبوومە کێژێکی عازەب و نەمدەویست پیاوان، سەربازەکانی پشت پەردەی دەرگای حەمامەکە سمت و رانم ببینن، لەودەمانە ژنێکی بەحەیاوحورمەتیش بووم، زۆرجاریش هەر لەو حەمامەدا دەبوومە پیاوێکی نەوسنی هەوەسباز! کە پیاوێک دەیویست دەرزێکی رانمان ببینێت، کە کوڕێکی هەرزەکار مەبەستی بوو، چاوی بکاتە قوڵابێک و (گۆشتی سووری جەستە)مان بگرێت، من ژنێکی پۆشتە بووم و خۆم دەشاردەوە. بەڵام لەبیرمە من نێرێکی برسی و چاوێکی شەیداش بووم، بۆ زۆرتر دۆزینەوەی بەشە داپۆشراوەکانی ژنەکان، بۆ هەڵدانەوەی پەشتەماڵەکان، بۆ بۆنکردن و هەستکردن کیژەکان.

جەمەدانییەکەی لەسەری دەکاتەوە و رەزاق سەرە بەئارەقەکەی رووت دەکات، بەتووڕەییەوە بە ژنەکەی دەڵێت:

قسەکان مەگۆڕە، چیتر نامەوێ شەوانە لەو خەوە خۆشانە رامپەڕێنێت، هەموو ئۆردی بێنە سەربانمان، هەموو پۆلیس و دزەکانی ئەو گوندانە، بەیەکەوە کۆببنەوە، (دیوارەکانم ببڕن) بەئاگام ناهێنیت، ئەوەی دێتە سەربانی من، هێشتا لەدایک نەبووە، تۆش من نەناسیت، ئەوانە باش رەزاقی برایمی سێتاقانی نەوەی ئاغاکانی ئاگری و کۆڕێ دەناسن، پیاو نییە، بێتە سەربانی من، تفەنگ نییە، تەقە لە من بکات، فیشەک نییە بەرووی مندا بتەقێت، ژنەکە بنوو، وەک ئاوی زێیەکەی بن ماڵی بابت نەرم بە، بنوو مەترسە، تۆ وا هەست بکە، وابزانە هەموو نەیارەکان لە من دەترسێن، نەک من لە نەیارەکانم بترسم، حزبێک پشتی بە من ئەستوورە، کۆبوونەوەکان بەپشتیوانی من دەکرێت، مەترسە!

ژنەکە حەقی بوو بترسێت، مێردێکی هەبوو، لە چاو پیاوان دەستێکی زۆری لە هەموو جوولە و کۆبوونەوەکانی ئەو شارەدا هەبوو، چاوی ئەو گەورەتر بوو. هیچ گومانی نەبوو کەوا پێیەکانی وەک هەنگاوەکانی خەڵکی ئەو ناوە نەبوو، چونکە کە جۆگەلەکەی خاوێن دەکردەوە، کە ئاوەکەی دەکردەوە، ئەو ئاوەی لە لێژییەوە و لەو سەرەوە دەهات، سەرئاوی جۆگەلەکە، هەرگیز نەدەگەیشتە هەنگاوە خێراکانی ئەو.

ژنەکە حەقی بوو، زۆر بترسێت چەند رۆژێک بوو خەزووری کوڕەکەی رازی کردبوو، خانوویکی شارستان، لەسەر پارچە زەوییەکی بەرانبەریان کە رووبەرەکەی دوو سەد مەتر بوو، بکاتە خانووێکی سەربەخۆ، خانووەکە هەموو بە کەرپووچ و چاتی سپی توندوتۆڵ. خانووێک ببێتە خەونی ماڵێکی گەرم، ئاوەدان.

ئەو پێی وتبوو، با بە کەیفی خۆی، چەندی دەوێت با لەکن ماڵی حاجی رەشادی نەجار، شێلمان و کێچ و قسڵ بەڕادان بدات، با بە کەیفی خۆی، دەرگا و پەنجەرە و تێل و شووشە و چوارچێوەی

دار و ئاسنیش لە موسڵ بۆ دروستکردنی خانووەکەیان بهێنێت. قەسرێک دروست بکەن و ببێتە یەکەم قەسری سێتاقان و سەیداوەی نزیک خۆمان.

ژنەکە بەوەیان دڵی زۆر خۆش، دڵی زۆر توندیش بوو. ئەوان یەکەم خێزانن لە بنەماڵەی باخچەچییەکەیان، دوور لەناو قەسران، بە کەرپووچ و شێلمان خانووی سەربەخۆ و روو لە قیبلە دروست دەکەن. ئەوان، یەکەم کەسن، لەو گەڕەکە، چیتر شەوانە سەربانەکانیان دڵۆپە ناکات، دیوارەکانیان وردە خۆڵی لێ نابێتەوە، چیتر تەڵە و فاقیش بۆ گرتنی مشک بە وردەنان چەور ناکەن و دانانێنەوە.

ژنەکە حەقی بوو و دڵی توند و ترساویش بوو، چونکە دەترسا شەوێکیان دەرگایان لێ بگرن و دیواریان کون بکەن، پیاوەکە لەناو جێگەدا ساردبکەنەوە. چونکە دەیزانی ئەو کەسێکە دەستی لە کون و قوژبنی زۆر وەردەدات، باوکی و براکەشی، ترسیان لە هەڵسوکەوت و سەردان و دەست و دەمانچە و هاوڕێیەکانی ئەو هەبووە، زۆریش لە پاشملە ئەو قسەیان دەکرد.

## لەناو میترۆکەدا

بوارەکانی رۆیشتنی فارگۆنە شینەکانی میترۆکە، لەناو ستۆکهۆلم، زۆری لەبن زەوی دایە، بواری رێگاکانی زۆر قووڵن، هێلەکانی ئەو دەزگایە زۆرن، ئەوانەی لەناو تاریکییدا رێگاکە دەبڕن. فارگۆنەکان لە دوو سێ وێستگەدا، وەک (قازێکی ملدرێژ)، وەک ئەوەی بۆ هەناسە و ماچی روومەتی هەورێکی سپی، وەک بەفر، ناسک هەر وەک بەفر، تەڕیش هەر وەک بەفر، بەڵام بەفرێکی نوێ، شانە نەرمەکەی هێنابێتە خوارەوە، هەمووش لەبەر حورمەت و نازداری، سێ پیتی کورت و درێژ و خوار و لوولی ماچە، فارگۆنەکە زۆر بەئارەزووەوە لەسەر پردەکە سەر دەردەهێنێت.

دووبارە میترۆیە رەنگە شینە باریکەکە، وەک مارماسییەکی درێژتر لە (ملی قاز)ەکە، لە تاریکی و نهێنییەکاندا ون دەبێتەوە.  بوارە تاریکەکە راپێچی دەکەن، دەنگ و خشەخشەکەشیان نامینێت، بەڵام دەنگ و رەنگی رێبوارەکان زیندوو و چالاکن.

لەو هێلە سوورەدا، کە هێلەکانی هاتووچۆی میترۆی ناو شارەکەیە، سێ رەنگی سەرەکییان هەیە، لەو کاروانەدا و بەشاهیدی من و کاتی من، قەتارەکە بەسەر (دوو پردی ئاسنی بەرز)یش تێدەپەڕێت، کە لەبن ئەو دوو پردە، لەبن هەموو پردەکانی تری ئەو شارە، دەریاچەی جوانی شین، رووی ئاوی شووشەیی، رووی شووشەی ئاوی وشک و تەڕ و لووس و دڕ، بەپەلە دەردەکەوێت، قەتارەکە بێ ترس و بێ دواکەوتن و بێ هەڵوەستەکردن، لەسەر ئاو و شووشە و تابلۆیەکی گەورەی بەرینی خاوێندا دەڕوات.

لەودەمانەی قەتارەکە، ملدرێژ و بەسامەوە بەتاریکییدا رێی دەکرد، من، مردنی رەزاق سێتاقانیم بەبیردەهاتەوە. لەو (تونێل)ە تاریکەدا، کە لەناو وێستگەیەکەوە، دەتباتە سەر ناوی وێستگەیەکی تر، لە شارێکەوە، بۆ گەڕەکێکی تر. ژیان وایە، چەندین وێستگەی بەرز و نەوی و تاریکی تێدایە، کە تێدا دووردەکەویتەوە، بەڵام لە خاڵێکی تر نزیک دەبیتەوە.

من بەڕاستی، بەپەلەبووم، بەپەلەبووم زوو بگەمەوە ماڵەوە، بگەمەوە سەر تەواوکردنی نووسینەکە، پەرۆشی کەشێکی هێمنتر بووم، (سەرەداوەکان) و قسەکانی کوڕەکەی، ڕووداوەکانی ساڵی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردووی شاری هەولێر، ئەودەمانەی، ئەو بنەماڵەیەی هەولێر، بەیەکەوە بە نووسین و گێڕانەوە گرێ بدەمەوە.

نووسین وایە، ئەگەر لەکاتی خۆی نەکرا، بیرۆکەکەت، لەبیردەچێتەوە، ناوێک دەگۆڕێت، نووسین ئەگەر لەکاتی خۆییدا نەنووسرێتەوە، ناوێک دەپەڕێت، تەمەنێک گەورەتر دەبێت، یان کورت دەبێت، هەناسەیەک دەبڕێت، نووسین بە هەموو ئاراستەکانییەووە خەمیشی تێدایە، خەم و خەیاڵی تێدا زاڵە، خەم لە زۆر ڕووداو، خەیاڵیش لە زۆر ڕووداو، ئیتر بەو (دوو کایە سەرەکییە)، نووسینەکان تەواو دەبن، دێرەکان دەبنە نووسین.

بەشێکی ئەو ڕامانە دروستە، بەڵام! لەسەرێکی ترەوە، دروست وا نییە، ڕاستە بیرۆکەکە دەفڕێت و ناگەڕێتەوە، بەڵام لەناو قەفەسیش بێت، بەسۆزەوە بە بارانی تر دەگەڕێنەوە، ئەو بارانەش نەیگرێت، ئەوا (هەورێکی تر)، ئاسمانێکی تر هەر دەیگرێت.

لەگەڵ دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی دوو کوڕە سەرگەورە تورکەکە. یەکێکیان، لەتەنیشتم دانیشتبوو، بەو سەرمایە قەمسەلەیەکی بەهاری کورتی لەبەردابوو، کە تەنیا یەک (دوو بست) پشتی داپۆشیبوو. ئەوی تریان، بەرانبەری من دانیشتبوو، بەڵام ئەو کڵاوەکەی لەناو قەتارەکەش لەسەر نەکردبووە، ئەوەیە خەسڵەتی مرۆڤ، هەیە زستان بە بەهار دەزانێت، کەسی واش هەیە لە هەمان شوێن و کەش و ئاووهەوادا کەشەکە وەک خۆی دەبینێت. لەبەر دەنگە گەورەکەیان، قیژە و قاقا و قیرە و قرەقرەکەیان ناڕەحەت بووم، نەمتوانی بەرگەی مانەوەم لەوێ و لەنزیک ئەوان بگرم، بەڵام، یەکسەر ئەوانم جێنەهێشت، ماوەیەک چاوەڕوان بووم، بەڵام دیارە کەوا ئەوان، قسەیان تەواو نەدەبوو، دەنگیان نزم نەدەبوو، من بەناچاری، لەناو چوارگۆشەی کورسییەکانی ئەوان، هەڵسام و دوورکەوتمەوە، بەشەلە شەل و بەشان و بەلارەلار چەند ڕیزە کورسییەک، لەوان دوورکەوتمەوە، لەبەرانبەر دەرگاکە، کە (چەکووچ)ێکی سووری بچووک بۆ ڕەوشی تەنگانەی پێوە بوو، پشتم دایە تەنیشتی دەرگاکە، بیرم لەوە دەکردەوە، دەستم لەیەکێک، لە شیشەکانی خۆراگرتن و خۆگرتنەوەی ناو میترۆکە، نەخشەی هێلەکان، ناوی وێستگەکان نزیک بێت، چونکە زۆر شارەزای ئەو هێلەی ناو شارەکە نەبووم.

هەر بەپێوە بووم کە قەتارەکە، یان بڵێم میترۆکە، فارگۆنەکان، ملەدرێژەکەی، لەسەر سکە باریکەکە دەبڕی، لە زۆر بەرزییەوە ئاوە بەستراوەکە، بەئاسانی و بێ منەت جوانییەکەی دەگەیشتە من، جوانییەکەی (نەک ساردی)یەکەی، لەو دوورەوە، هەستم بە جوانییەکەی

دەریاچەی بن پردە درێژەکە دەکرد، چەند پردەکە درێژ بوو، ئەوەندەش دەریاچەکە چاوی گەورە و پان و شینتر دەبوو.

قەتارەکە، دوو وێستگەی تریش دەڕوات، لە یەکێکی تریش، رادەوەستێت، دوو کوڕ و کیژێکی لاوازی گەنج، لەنزیک دەرگای فارگۆنەکە دەرکەوتن، دوو کوڕەکە سوار بوون، یەکێکیان، کە دەگاتە ناو فارگۆنەکەش دەستی کیژەکە هەر بەرنادات، نایەوێت و ناتوانێت، دەستێک بەربدات، پەنجەکان تێکەڵ ببوون، کیژەکەش نەیدەویست لەو دووربکەوێتەوە، دەستی لە دەستی لاوازی کوڕەکە، ئەوەندە گەرم و توند بوو، بۆیە دەستی کە دوو بازنەی باریکی (مووروو)ی شینی لە مەچەکەدا بوو، بەئاسانی بەرنەدەبوو. دەستی کوڕەکە لەناو فارگۆنەکە بواری نەدەدا دەرگاکە دابخرێت، قەتارەکە جوولەی نەدەکرد، دەستە بەموورووە شینەکە، کیژە سووتاوەکە، کوڕە پەریشانەکە یەکتریان بەرنەدەدا، بۆیەش من و هەموو رێبوارەکان لە شوێنی خۆماندا چەقی بووین، شوفێرەکەش لە فارگۆنی یەکەمەوە هاتبووە دەرەوە، چاوەڕوانی بەردانی دەرگە شووشە لاکێشە باریکەکە بوو، چونکە نەیدەتوانی بڕوات، هەردوو زمانی دەرگاکە، هەردوولای دەرگاکە بە هەوایەکی توندەوە دەگەیشتنە دەستەکە، دانەدەخرا، بە هەوایە توند و (فشار)ە زۆرەکەوە دەگەڕایەوە، مووروووە شینەکەی دەستی، نازانم کوڕەکە بوو، یان کیژەکە بوو، هێڵی جیاکەرەوەی گەڕانەوەی دەرگاکە بوو. کەس نەیوت:

وەرە ژوورەوە با...

ئەویش نەیوت:

من دەستت بەرنادەم وەرە بگەڕێوە!

کیژەکەش نەیوت:

وەرە مەڕۆ، قسە و (ماچ و شتی تری زۆرمان ماوە)، وەرە.

قەتارەکەش نەیدەتوانی بەڕێ بکەوێت و لەو وێستگەیە بڕوات. هەردوولای دەرگاکە دەگەیشتنەوە یەک، هەردوو دەستەکەش بواری داخستنی دەرگاکەیان نەدەدا، من کە بەپێوە بووم، شانم بە شیشە کانزاییە لووسەکە دابوو، هەمووومان بەپەلە بووین، بەڵام دوو گەنجەکە، کوڕەکە و کیژە دەست بەمووروووە شینەکە، پەلەیان نەبوو، نەیاندەویست قەتارەکە بڕوات.

من تەنگاو بووم، شەمەندەفەرەکە لەکاتی دیارکراوی خۆییدا بڕوات، خەڵکەکەش پەرۆش بوون، زوو بگەنەوە، زوو بگەنە وێستگەیەکی تر، تا بتوانن بەرەو پاسێکی تر، یان قەتارێکی تری سەر

هێلەکان، دەست بەبار و (سمت بەجانتا)وە رابکەن، هەموومان بەپەلە بووین، تەنیا کوڕ و کیژەکە، ئەوان پەریشان بوون زۆرتر ...

## کیژە دەست بەمووروووەکە

منیش، بەپەلەبووم، زوو بگەمەوە سەر مێزی نووسینەکەم، لەوێ وەستابووم کە تێدا رەزاق سێتاقانی، جۆگەلە و (جۆگەلە) لە زوورگەکانەوە، روو لە شار دەگەڕێتەوە. دەگەڕێتەوە و سەیر دەکات و دەیەوێت بەردێکی لووسی روو بە قەوزەی کەسک. پنچکە گیایەکی لاری باریکی سەر بەپووش. ئاومالْکی تەنیشت جۆگەلەکە. چەنگە دڕکێکی نەرم و تەڕی پەخشان. کێشکەیەکی باڵشکاوی سینگ رووتی یەک باڵ، لەو جۆگەلەیە هەڵبگرێتەوە، ماوەماوەش هەردوو قاچی لێ رووت دەکات، تا بەو قاچانە و بەپێیە پانەکانی رۆیشتنی ئاوەکە خۆشتر و خێراتر بکات...

من نووسینەکەم لەوێ جێهێشتبوو، کە ئاوەکە هاژەی دەهات، کە ئاوەکە (بەشەرمەوە جریوەی دەکرد). ئاوەکە نەرم نەرم، لە خۆشی شار و مەلەوانی و بسمیلکردنی بەسۆزی بووکێک، جریوەی دەبیسترا. ئاوەکە شادومان بوو دەیزانی دەبێتە رۆحی چایەکی زۆر شیرین، دەچێتە بەردەستی ژنێکی بسکشۆر، کە کووپەیەک تەڕەساز دەگرێتەوە. ئاوەکە لە خۆشیان هەڵدەپەڕی، کاروان و جیابوونەوە و گەیشتن وایە. ئەویش بەیانییان بەخێرایی ئاوەکە دەڕۆیشت، زۆریش بەپەلە بوو، ئاوەکە بێنێتەوە ناوشار و سەر باخچەکان و پشت و شان و چاوی ئاوەکە بشێڵێت، ئاوەکە خاوبکاتەوە و ئاوەکە ئاشنابکاتەوە.

من بەر لەوەی بچمە دەرەوە و بچمە سەیرانی شارە گەورەکە، بگەمە دیار و سەیری پەیکەرە دەست بەشیرەکانی سەر ئەسپەکان، کە هەندی قەڵاتێک بەرزن، بۆ خۆغافڵاندن و بۆ سەیرکردنی دار و بەرد و ژن و پەیکەر و ئاو و (گۆچانی دەستی پیرێک) و پەنجەی ناسکی ژنێک و... بەڕاستی! من لەدەرەوە و لەناو شارە ساردەکە، بەپەرۆشەوە سەیری ئەوانە دەکەم، سەیری هەموو ئەوانە دەکەم، بەدەست خۆم نییە، هەموویان شیاوی نیگا و رامانن، تا شارە گەورەکە، گچکە بکەمەوە و بێمە دەرەوە. من ئەوم لەکن ئاوەکە، لەدیار بەژنی ئاوەکە، لەنزیک خوناوە زۆرەکە، دوور و تەنیا و داماو جێهێشتبوو. پەلەبووم بگەڕێمەوە نزیک ئاوەکە، بزانم ئەو بەو بەیانییە، لەدیار ئاوەکە ماندوو و بێزار بووە!؟

جۆگەلەکە، زۆر بەپەلەبوو ئاوە تینووەکە، بەسۆزەوە بباتە ناو شارەکە. ئاوەکە بباتە سەر باخچەکەی برایم، مام جەمیل، کاوێسی جامباز و بن دارەکانی ناو کۆشکی عەبدوڵا پاشا، جەمیلە فەندی. ئاوەکە بەپەلە بوو، زوو بگاتە ناو شارەکە. ئاوەکە لەخۆشی شارەکە بەسۆزەوە سەمای دەکرد، بەپەلە بوو، منیش بەپەلە بووم، بگەمەوە سەر نووسینەکەم، بەڵام لەو فارگۆنانە خێراتر و بەبەرنامەترم دەست نەدەکەوت، هەر ئەوە هەبوو، ئینجا کوڕ و کیژە دەست بەمووروووەکە، (تا جیانەبنەوە)، دەرگاکەیان گرتبوو، بواریان نەدەدا قەتارەکە بڕوات و خەڵکەکە بۆ مەیدانەکان دوورەکانی ناو شارەکە ببات.

ئاوە روونە چاو گەورەکە، بەلەز بوو، زوو بچێتە ناو کووپەی ماڵە قەڵاتییەک. ئاوەکە بەپەلە بوو، دار هەنارەکانی رەزەکەی عەبدوڵا پاشا ئاو بدات. ئاوەکە بەپەلە بوو، ئیماندارێکی دڵساف دەستنوێژی پێ بشوات. زۆر باشیش دەزانم کەوا ئاوەکە بەپەلەیە بسکی (ژنێکی شەرمن) تەڕ بکات.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە ئاوەکە بەپەلە بوو، زوو بگاتە شارەکە، بچێتە ناو کووپەی مزگەوتەکەی شێخەڵا، تا بە فافۆنی دەمشکاو و کونەکانەوە، هەناوی کرێکارەکانی مەیدانی کرێکاران تەڕ بکەن، کە پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، لەگەڵ کازیوەوە بەشەرواڵی بەپینە و (سوخمەی بەلۆکەی درێژی گەرم) لە مەیدانی بەر چایەخانەکە، بێکار گەڕاونەتەوە و لەگەڵ هیچ وەستایەک نەچوونەتە سەرکار.

ئاوەکە بەپەلە بوو. رەزاق بەپەلە بوو، زوو کارەکەی تەواو بکات، وەک خوناوی بەیانیان ون بێت. ئاوەکە و ئەو لەناو چایەخانەکانی بن قەڵات، ببێتە هەڵمێکی سپی و پەرۆش، چەند کەسێک ببینێت، ئەفەندییەکی باڵابەرزی بۆینباخ سوور، پارێزەرێکی جەنجاڵ، کە تازە لە گرتووخانەکانی بەعقوبە گیرابێتەوە، کە هێشتا تۆز و تاریکی ژوورەکانی پێوە بوو، لەوێ چەند کەسێکی فێری خوێندەواری کردبوو، برینپێچێکی دەست سووک، کە پشتەمل و (سەردەستی) قەمیسە سپیەکەی سپی سپی دەبریسکایەوە، کیژە شێخێکی ناو تەکیەیەکی گەورە و پیرۆز، چاوەڕوانیان دەکرد.

ئەو بەپەلە بوو، کارەکان تەواو بکات و لەکن فازیل پیرداودی عەتاریش، پشوویێک بدات، لەبەر دەرگای دووکانەکەی لەسەر فەردەیەک دابنیشێت و هەموو قسەکانی بۆ هەڵبرێژێت، ئەویش رامانەکانی خۆی بۆ شرۆڤە بکات، پاش ئەوەی قسەکانیان تەواو دەکەن، بە قسە خۆشەکانی (ساڵح شێرە) کەمێک سەرسام و دڵشادبن، زۆریش چاوەڕوانی دەکەن، بەڵام بەئاسانی

شەمسەدین موفتی دەستی لێ بەرنابێت، ناهێڵێت بڕوات و بگاتە کۆڵانە باریکەکەی تووتنفرۆشەکان، لەدوورەوە هەموو بۆ خۆی و رامان و قسە خۆشەکانی هەڵبستنەوە.

## جۆگەلە ئاوەکە

جۆگەلەکە، لەناو زوورگەکانەوە، بەتەنیشت دوو گوندی نزیک و هاوسێ، کە خانووەکانیان، حەوشەیان گەورە و دیوارەکانیان نەوی، لەبن شارەکەوە، لە شاربزرەوە، بەرەو ئاوەدانی زۆرتر و گەڕەکەکان دەڕۆیشت... کاروانی ئاوەکە دوورودرێژە، هەموو ئاوەکان کاروانیان درێژە و سەربردەیان زۆرە و زۆر دەڕۆن. ئەو ئاوە و جۆگەلەکەیە بەپەلەن، شەو و ڕۆژیان نییە، بەهاری و هاوینیان نییە، لەگەڵ (کازیوە و نەوشەفەق)ەوە، هەر دەڕوات.

ئاوەکە، لەتەنیشت چوار کرێکاری سەر (بەست)ەکە لادەدات، لەپەنا دار غەربیلە شان شکاوەکە، ئاو بۆ دەستنوێژ و شووشتنەوەی بەرد و چەگڵەکە، ئاوی سارد هەتا بن کارگەکەیان، ئاو بۆ دەستی ماندووی ئەوان، بۆ چاوی گۆمیک، زەمزمەیەکی داپۆشراو لادەدات.

ئەو جۆگەلەیە بەرۆژ، بۆ ئەو چوار کرێکارەی چاوەڕوانی قەڵابە قووتە سوورەکە دەکەن، ئارەقە شان و پیلی ئەوان زۆرتر دەناسێت، ئارەقەکردن بەیانی زوو، جەستەیان وشک و سیس دەکاتەوە، گەرما ڕەنگی جلوبەرگە کۆنە دڕاوەکانی وەک پیاز، زەرد و تەنک کردبوو. ئەوان فێرنەببوون، ئارەقەی نیوچەوان و پشتەملیان بسڕنەوە، نەیاندەزانی ئارەقە وشک بکەنەوە، ئەوان پێشبڕکێیان دەکرد، لە پڕکردنی بۆدی قەڵابەکە، بەیەک هەنگاو، بەیەک یالله و دەی درەنگە، کەسیان لە ریتمی تێهەڵدان و تێکردنی بارەکە، یەک ساتیش پشوویان نەدەدا، شوفێرەکە دوو سی قوومی لە جگەرە (غازی)یەکەی نێوان دوو پەنجە باریکە ئەسمەرەکەی دەدا، ئەوان بۆدییەکەیان پڕ دەکرد، لە خۆڵێکی سووری بەجەرگ، خۆڵەکە واتدەزانی قاڵب قاڵب دانراون، پارچەپارچە کرابوون، خۆڵێکی ئەوەندە خاوێنی بێرەگ، بێ پیسایی بوون، واتدەزانی مەعجوونە و لەناو خشت و کەرپووچەکان پان دەبێتەوە، وەک (عەریج) و مەرهەم دەتوێتەوە، خۆڵێک بوو دڵت نەدەهات بیفرۆشیت، باری بکەیت، قازمەی لێ بدەیت، خاکەناسی لێ پڕ بکەیت، بیکەیتە قووڕ و لیتە بۆ دیوار و سەربانەکان.

بۆدی قەڵابە ژەنگاوییەکەیان، ئەوەی تەختەیەکی دە سانتیمەتریان بۆ بەرزکردنەوە و گەورەبوون بۆ زیادکردبوو، بۆدییەکەیان پڕ دەکرد لە چەگڵی ڕەنگ شین و زەرد و سپی و و ڕەش

و پەمبە و قاوەیی، بۆ بەردیش ئەوەندە ڕەنگەی هەیە؟ بۆ بەردیش لە قاڵب دەدرێت؟ چەگڵەکەیان دەنارده شار و دەبووه کۆنکریتی سەربانی خانووه نوێیەکانی (ناوقەسران). ئەوان بۆ دیوار و دروستکردن زیخ و قوومیان بار دەکرد، ئەوان پشتیوانیان بە دیوار و کەرپووچەکان دەبەخشی.

بۆدییەکەیان، بە بەزمی خۆش و باسی پیاویەتی و بەزمی گەرمی شەوانی تاریک و ڕامووسی تەڕ و نازی بەر فانووسە چاوە شکاوەکە، پڕ دەکرد. بۆدییەکەیان، پڕ دەکرد لە قوومێکی ورد، وەک شەکر و کل و زەعفران، تا لم و چەگڵەکە، ببێتە خەفتەی وەستایەکی دەست و ماڵنج جوان و بەرچاوی هەیوانێک، (سوانده)ی ماڵێک، قەد و شانی ستارەیەکی شەدەلاری بەر شەماڵ و خەوی شیرینی پاش شەوانی تاوانەوە، سەرەدەرگایەکی توند و بەهەناسە، تەنیشتە پەنجەرەیەک لووس و خاوێن بکات.

کرێکارەکانی ناو بەستەکەی نزیک ئاوەکە، دەبوایە زوو و بەیەک شان و تێهەڵدان بارەکە پڕ بکەن، ئەگەرنا بەزمی خۆشیان بەیەک دەکرد، پاش بەڕێکردنی بارەکە، یەکێکیان بەماندووبوون و پیربوون تووڕە دەکرد. کە قەڵابەکە بەڕێدەکەن، یەکێکیان ئەوەی چەند ساڵە، لەو بەستانە چەگڵ هەڵدەقەنێت، خاکەناسەکەی دەهاوێتە سەرشان و چەند هەنگاوێک لەوان دوور دەکەوێتەوە:

ئائا حەمەدۆک، ئەوێ کن دارکفرەکە، ئەوێ باشە! (دەستێک بۆ جەمەدانییە تەنکە ڕزیوەکەی دەبات)

سولێمان، نیفۆی شەڕواڵەکەی هێلێکی پانی ئارەقەی لەناو قەد بەجوانی دیارکردبوو، بۆیەش دەیوت، من پشدێن نابەستم، ئەوە پشدێنی منە، ئەو دەنگ هەڵدەبڕێت:

منیش بێم، سەرە تەفرەکەی ئەستوورە؟ چەگڵەکەی نەرمە، خاوێنە... ها ...

(بەدەنگە نوساوەکەی) نانا تەنکە، هەر بە چەند دەمەخاکەناسێک چەگلێکی جوان دیارە؟ ئەوێ بار دەکەین و دەگوازینەوە ئێرە!

لەگەڵ دەنگی خشەخش و قرەقرِی بەردەکان، چاوێک لە دووریش دەکات. ئەویش دوور دوور دەڕوانێت، دەمی خاکەناسەکە دەگاتە پەنجەی پێی چەپی، بۆیە چاوەکانی دادەگرێتەوە و سەیری دەمی (خاکەناس) ە دەم کەلۆسەکە دەکاتەوە، بەردەکان کۆدەکاتەوە، پێی دەڵێت:

خودا قوەتت بدات!

بەقەد رووی دوو سێ (چارۆگە)یەک، زەوییەکە پاک دەکاتەوە، بەردە خاڵ خاڵ گەورەکان دووردەکاتەوە، پووش و دڕک و پنچکە زەردە سیسەکانیش پەرت دەکات، ئەوان گوێیان لێ دەبێت، کە دەڵێت:

نوێژەکەتان بکەن و منیش لێرە خەریک دەبم!

ئەو جۆگانە ئاوەزیان هەبوو، چاویان گەش بوو، دەزانن چۆن ڕێ دەکەن، ئەوان دەڕۆن و ئاوەکەش تەنگاوە! پەرۆشە تا زوو بسکی کیژێک بشووات و لووسی بکات، تا نازناوی (بسکشۆر)ی مەکرباز بەدەست بهێنێت.

ئاوەکە، بەر لەوەی سڵق و توور و چەوەندەر و گێزەرەکان بشواتەوە، جۆگەلەکە لەدیار دوو سێ خێزانی، پەنا بەرد و بن دارکفر و ژاڵەکانەوە، (هەڵوەستە)یەک دەکات، ئاوەکە خۆی گەرم دەکات، لەوێ نەرم نەرم، بەو ئاومالْک و پنچکی وشک و ئەستوورانە دەکوڵێت، لەبن خۆڵەمێشەکەش، گەرماییە نووستوەکە، چەند هێلکەیەکیان بۆ دەکوڵێنێت.

ئاوەکە نەرم دەبێتەوە، پان دەبێتەوە، ئاوەکە لەوێ تەنک دەبێتەوە، دەبێتە گۆمێکی گچکە، هەتا منالەکان، سەری تاشراویان، سەردەستی کراسەکانیان پێ خاوێن بکەنەوە. هەر ئەو ئاوەش جام و مەنجەڵ و (لەگەنە مس) و فافۆنەکان پاک دەکاتەوە، ئاوەکە لەگەڵ کاروانەکەی کە وەستان و پشوو و وچانی نییە، دەڕوات و پیرۆزیی دەنوێنێت.

ئاوەکە، بەر لەوەی بگاتە یەکەم حەوزی ناو باخچەکانی برایمی سەعیدی باخچەچی، پێش ئەوەی خاس و سەوزەکان تێرئاو بکات، شوانەکانی دەشتە پانەکە، گاوانەکان سڵاوێکی گەرمی لێ دەکەن، قاچاخچییەکان، دێمکەکانیان (لە ئاوەکە هەڵدێنن)، سەگەکان، لە سەرەوەش مامز و کەروێشکەکان، لەپەنا گاشەبەرد و کەستەکە سوورەکان، دەردەپەڕن، بەلەز، بەر لەوەی ئاوەکە بخۆنەوە بۆنی دەکەن، سمێڵیان بەترس و بەهەستەوە تەڕ دەکەن.

## نازی ئاوەکە

شەوانە، ئەو جۆگەلەیە، بەناو شاردا، مەند و لەسەرخۆ، وەک کەزییەکی شانەکراوی بۆندار، بەناو بەستەکان، پەنجەیان لە مەمکۆڵەی وردەبەرد و کوڵمی زەردی زیخی بن بەردەکان و سینگی رووتی کەندەکان و سمتی بەردەلانێک دەخشێنن. شار کپە و خەوێکی خۆشی لێکەوتووە، ئەو جۆگەلەکەیەش بەردەوام و بێ پسانەوە لەمێژە بۆ ناوشارەکە بەزەوقەوە دەڕوات.

ئاوەکە، بەبێدەنگی لەماڵە سەر بەکاریتەکان، لە ژوورە رووناکەکانی بەر فانووس و لۆکسە بەتۆڕە گەشەکان، لە دیوەخانەکەی ماڵی برایمیش تێدەپەڕێت، دەگەیشتە بن تووتنەکان، بن کونجی و (دارتووە گەورە)کە، کە سێبەرێکی بازنەیی پەیدا دەکرد، بەر لە هەموو حەسار و خانووەکان، ئەو سێبەری دروستکردبوو، پەنایەکی بۆ خەو و پشوودانی رێبواران، ئینجا جووتیارەکانی ناو حەسارەکان پێکهێنابوو، نوایەکی بۆ هەڵگرتنی پرێسکە و دێمەکانیان سازکردبوو!

ئاوەکە لەناو جۆگەلەکەدا، دەسووڕا و دەگەیشتە بن تەماتە شکێندراوەکان، بن بەژنی دڕی بامیایە ملدرێژەکان، لەگەڵ چاوی گوڵەبەرۆژەکان، پەلکی پانی (کالەک) و توولەی درێژی شفتییەکان، ئاوەکە، ئەوانەی دەبوژاندەوە و رووی و چاوەکانی کەسک و تەڕ دەکردن.

بەژن و قەدی ئاوەکە لاواز دەبوو، چاوی کەمبین دەبوو، هەنگاوی شل دەبوو، پشتی سل دەبوو، قامەتی کورت دەبوو، یان ماندوو دەبوو، لەو ژنانەی زۆر ئازاری بسکی کیژەکانیان دەدا، ماندوو دەبوو، کە دەشکایەوە، کە سەرەبەردێکی دڕی تاشراو، بە با و بە سەرما و بە گەرماش، ملەدارێکی ئەستووری گرنی گرنی، کە چەند چەکەرەیەکی کۆن و برینێکی سارێژ ئەستووریی پێ بەخشیبوو، شانە پووشێکی سیسی باریک، وەک سمێڵی پیاوێکی خەمباری دوودڵ، دەمەگیایەک وەک سمێڵی پشیلەیەکی ژووری نووستنی (گەورە کیژ)ێک، ساڵانە تەنیا چەند جاریک و بەس تیشکی خۆری بەرکەوتبێت، ددانە کەستەکێکی شەقاربردووی هەڵساوی شان تیژ، پانی پێی وەرزێرێکی بەیانییان، کە رقی لە چێشتەخەوە و هەر نایناسێت، پیسی دەستێکی ئەسمەر، درێژی دندووکی پانی قازێکی باڵ گەورەی ملدرێژی خاڵدار، شکانی باڵێکی پەڕ سپی، قەوزەی

بەرد و سووڕانەوەی وەستانێکی ناڕەحەت، گەنیووی تەمبەڵییەکی ناشیرینی روو بە زیپکە و خاڵ، ئەوانە ئاوەکەیان ماندوو دەکرد، ئەوانە ئاوەکەیان هەراسان دەکرد، بۆیە جۆگەلە شارەزاکە دەشکا، ئاوەکە تووڕە و زیز و لالووت دەبوو، ئاوەکە هەراسان و سەخڵەت دەبوو، بەڵام جۆگەلەکە هەر دەهات و رەزاقیش، ماندوو نەدەبوو، تا بەژنی ئاوەکە، چاوی جۆگەلەکە زیندوو و جوان بکاتەوە، ئەو ماندوو نەدەبوو، لە خۆشەویستی ئاوەکە، جۆگەلەکە و خاتووناوە و هەوارەکەی سێتاقان و سێبەرەکەی قەڵات.

بەر لەوەی باوکی بانگی بکات و بڵێت:

رەزاق...

ئەو دەردەپەڕی و بەچووستییەوە دەچووە دەرەوە:

بەڵێ، وا دەڕۆم

ئاوەکەمان دوێنێ کەم ببوو!

دەزانم، وادەچم!

هەتا سەرووی بنەسڵاوە بڕۆ!

دەزانم، خەمت نەبێت، بابە وا رۆیشتم!

رەزاق، بەیانییان زوو، زۆر زوو، درۆ نییە، ئەگەر بڵێم شەوان، هەر نەدەخەوت، لە خەو هەڵدەستا، پیاوەکە گورج خۆی دەگۆڕی، پشدێنە رەنگاورەنگەکەی لەپشتی توند دەکرد، جوان و گەرم ژنەکەی دادەپۆشیەوە، مستێک مێووژی لە گیرفانی دەکرد، لە ژوورەوە، بەئاگاییەوە، پێیەکانی لە سەکوی بەردەرگاکە ئاودیو دەکرد. ئەو هاوینان، هەموو وەرزەکان، لەگەڵ نمەی بارانیش، یەکەم کەس بوو، دەرگای گەورەی حەسارەکەی دەکردەوە، دەرگاکە مۆری دەستی ئەوی پێوە بوو، دەرگاکە بۆ ئەو لەسەرپشت بوو.

ئەو بەدوای ئاوی جۆگەلەکەدا دەڕۆیشت، ئاوەکە بەرەو شار نەرم نەرم دەهات، بەڵام ئاوەکە، بەژن و هەیبەتی لە کورتی دابوو، ئاوەکە ئەو بەیانییەی، مل بەرزکردنەوە و (شانهەڵتەکاندن) و چاوزیتکردنەوەکانی کەم بوایە، لاواز و شەل بووایە، ئەو زوو بەر لە هەڵسانی شار و حەسار و نەمامەکان، ئەو نەرم نەرم، بەرەو هەوراز هەڵدەکشا، هەر چەند هەتاوەکە گەرم دەبوو، ئەو سەری کۆت نەدەکرد! هەر چەند ئارەقەی دەکرد، ئەو پشدێنەکەی پشتی شل نەدەکردەوە، شانی

بە خاکەناسەکە شل نەدەبوو، چاو بە لێلی دیمەنەکان ماندوو نەدەبوو، بەرەو سەرچاوەی ئاوەکە دەڕۆیشت، بەو کاروانەش دڵخۆش بوو.

ئەو دەڕۆیشت، چونکە دەیزانی بەو ئاوە، ئەو جۆگەڵەیە، ئەو بەژنە تەڕە، ئەو (مارە زیوین)یە، ژیان، بە هەموو بنەماڵەکەیان دەکات، دەبوایە وەک تفەنگەکەیان، وەک خەنجەرەکە، وەک کوان و کولانکە و لیسەکان، جۆگەڵەکەش پاک بکرێتەوە.

ئەو، باشی دەزانی کە ئاوەکە، جۆگەڵە درێژەکەیان، تەمەنی هەموویانە، هەموو بنەماڵەکەیان، ئەوانەی لەسەر قەڵاتیش دەژین، ئامۆزاکانی، ئەوانەی لە یەکێک لە دووکانەکانی ئەحمەدە فەندنییش، موغازەیەکی نوێی کردووتەوە. ئەوەی ژنە موسڵاوەکەی هێنا و خەریکی (عەلاف)ییە. هەموویان، بەو جۆگەڵەوە ماون و دەمینێن. ئەوانەی، کە قەدری ئەو جۆگەڵەیە ناگرن نەفامن، بەو ئاوەیە، کە زەوییەکانمان بەقەدر بووە. خاک بێ ئاو هەتیمێکی رووت و کەچەڵە!

رەزاق، بەیانییان زوو، دەڕۆیشت، جۆگەڵە و جۆگەڵە بەچوستییەوە دەڕۆیشت، ئەو بڕوای وابوو، شکانی جۆگەڵەکە، بەربەستکردن لە هاتنی ئەو ئاوە و لادانی بەژنی جۆگەڵەکەیە، واتە ئابڕووچوونی ئەو بنەماڵەیە، ئەو چەند مام و برازایەی کە چەند پشتە، لەبناری ئەو سەفینەوە هاتوون، لەو دەشتەی بەرانبەر قەڵات، لەو چەقێنە سەر کەندەکە ئاقارێکیان بەردبژار کردووە، ئاقارێکیان بەرئاو کردووە، دەشتێکیان بەناوکردووە. ئەو موڵکەیان بەناوی خۆیانکردووە، هەرگیز کەسیش نەیتوانی یەک بست، یەک (کەندەڵان)، چەقێنێکیشیان لێ داگیربکات، کەس نەیتوانی، دزی هەموو ئاغاکان، دەسەڵاتی پیاوماقووڵانی عوسمانییەکانیش، نەیانتوانی، ئاویان بشکێنەوە، بەیارە پان و بەرینەکەیان تۆ بکەن، جۆخینەکانیان پێ بگوازنەوە، هەموویان، نەک تەنیا رەزاق، پێش ئەویش باوکی، مامەکانی، ئامۆزاکانی، ئەوانەی لەو دەشتە موڵکەیان هەبوو، ئەوانەی (گوڵەگەنم) و ئاو و نەعووریان خۆشویستووە، هەموویان بەناوی خۆیان کردووە. ئەگەر برایەکیشیان بەدزی، بەتووڕەبوونیش، بەقسە و بەپارەی یەکێکی تر، پارچەیەکی ئەو موڵکە زێڕینەی دەفرۆشێت، ئەوا بەپەلە، هەر لەودەمەی هەواڵەکەیان زانیوە، پارەکەیان گێڕاوەتەوە، هەڕەشەکەیان رەواندوتەوە، ئازایانە دزەکەیان راوناوە.

رەزاق، بەیانییان زوو، لە حەسارەکە دەردەچوو، کە دەچوو چاوی ئاوەکە بکاتەوە، سەیری بەژنی ئاوەکە بکات، ئاویش وەک چۆن چاوی گەش و روونی هەیە، بەژنیشی هەیە، ئەو لەگەڵ (بەژنی ئاو) دەڕۆیشت و بەبەژنی ئاوەوە دەگەڕایەوە. ئەو ئاوی کردبووە پەیژەیەک بۆ بەرزبوونەوە و گەیشتن و گەڕانەوەش.

## ترس

ئەو لەماڵەوە دەردەچوو، تا بەپێیەکانی خۆی بزانێت، کەس قەدی ئاوەکەی ئەوانی نەشکاندووە. کەس چاوی ئاوەکەی ئەوانی کوێر نەکردووە، نە مرۆڤێک، نە باڵندەیەک، نە (ریوییەکی کلک درێژ)، نە کەروێشکێکی ترساو، ئاوەکەیان ماندوو نەکردووە، جۆگەلەکەیان نەهەژاندووە، بۆیە خۆی بەدەستەکانی، بەپێیەکانی، بەچاوە تیژەکانی سەیری ئاوەکەی دەکرد، ئینجا بە جووتیار و باخچەچییەکانی دەوت:

هەتا ئەو جۆگەلەیە لەسەرەوە بێت، (مشارە) و خەتەکانی چاندن تێرئاو بکەن، بزانن ئێمە و بنەماڵەکەمان، چەند ئاومان بەپیرۆز سەیرکردووە و سێ تاقمان بەبەرد و قسڵ بۆ بەرزکردنەوە و راگرتنی ئاو دروستکردووە.

ئەو دەردەچوو تا بزانێت:

ئاوەکەیان نەخوراوەتەوە. ئاوەکە نەبووە بە هەڵم. ئاوەکەیان نەشکاوە. باخچەکەیان چاوەڕوانی ئاوەکەیە، (ئاو لەسەر کێڵگەکانیان نەتۆراوە). ئاوەکە شەرمی لەو شارە نەکردووە و نەیوتوە، من ناچمە ئەو ناوشارە، من گوندیمە، من زوورگ و تەلان و بێریڤانەکانم دەوێ!

هەر ئەویش بوو، کە دەیتوانی تۆڵەی شکانەوەی ئاوەکەیان بکاتەوە، ئەگەر ئاوەکە شکابوایە. هەر ئەویش بوو کە چەند جارێک لەسەر شکانی ئەو ئاوە، دەستی بەتوندی بەرزکردیتەوە. لەسەر کێشە و مەترسی (شکانەوەی ئەو جۆگەلەیە)، ئەو ئاوە بووە، کە ئامۆزاکانی باوکی، زۆریان، ژنەکانیان ئەوانیان بردوتەوە ناوشار، بەسەر قەڵاتەکە کەوتونەتەوە و وازیان لە خاتووناوە هێناوە.

لەوانە و لەناو هەموو ئامۆزا و بنەماڵەکەیان، هەر ئەوان لەو دەشتە دوورەشارە، بەتەنیا ماونەتەوە. لەوەتی ئەو لەناو ماڵەکەی برایمی حاجی سەعید گەورە بووە، ئاوەکەیان بەخوڕترە، رووبەری باخچەکانیان گەورەتر بووە و (جووتیاری زۆری تێدا نیشتەجێ دەبن)، ئەوانیش بۆ ژیان و مانەوەیان خانوو دروست دەکەن. هەر ئەویش بوو کە بە باوکی دەوت:

بابە، باش بزانە، تا ئەو سەپانانە، ئەوانەی بژارمان بۆ دەکەن، ئەوانەی گەنمان بۆ دەبنە ئاشەکەی (گۆمەپیس) و خانەقا، ئەوانەی ساڵانە کاریتەی راست و ئەستوورمان، لەو خۆشناوەیەتییە بۆ دەهێنن، هەتا ئەوانە لەو خۆڵەسوورە قووڕ نەگرنەوە و خشت نەبڕن و دیوار دروست نەکەن، ئێمە نابینە گەڕەک و ئاوەدانی، نابینە بەشێک لەو شارە. ئێمە لە گوند و باخچە و حەسارەکە، دەبێ ببینە شار و گەڕەک و کۆڵان و ژمارەی سەر نەخشەکان!

شەوانە کە ئەو دەهاتەوە ماڵەوە، ئەگەر باوکی بەئاگابوایە، ئەو لەسەر دووگردە نەخشینەکەی دانیشتبوو، تازە ئەو مەسینەکەی دەستی دانابوو، تازە دەستنوێژی هەڵگرتبوو، کە دادەنیشت، چاوەڕوانی هاتنەوەی کوڕەکەی دەکرد، دوعای دەکرد، بەپەرۆشییەوە چاوەڕوان بوو، بەحەسرەت بوو ئێوارەیەکیان ئەو زوو بێتەوە. ئەو لەسەر دووگردەکە (سێوی سپی دەکرد)، گوێزی دەشکاند، کە رەزاق دەچووە بن پاڵی و بەو قسانە هەراسانی دەکرد و دەیوت:

بابە بە قسەی من بکە، بۆ ئەوانە، بۆ هەموویان، پارچە زەوییان بۆ دابڕە، بەقەرز پێیان بفرۆشە، من پێیان دەڵێم، با زەوییەکەمان بەشێکی ئاوەدان بکەینەوە، ئەو بەشەی چەقێنە، ئەوەی کەندەلانە، ئەوەی لارە و ئاو نایگرێتەوە، ئەوانەی (هەرگیز رەگێکی بۆ نەکردوین بە پەلک)، قەدێکی بۆ نەکردوین بە سەرک و بە گوڵ، ئەوانەی بەریان نەبووە بە نان، ئەوانەی بەرهەمیان نەبووە بە عانەیەکی سووتاو. بابە با ئەو پارچە زەوییانە، سەرووی چۆمەکە، پشت تەوێلەکە، خاکە زەردەکە، قانە رەشەکە، نیوچەوانە نشێوەکە، (سێبەری کارمامزەکە)، شوێنی رەشماڵی سەپانەکە، قەدی بەردەلانەکە، شوێنی یاری مناڵە پێخواسەکان، ئەوانە هەموویان، با بکەنە خانوو و کەپر و سابات و چاوەخانوو و لەودە و بەربارانۆکە! بە گوێم بکە، بابە! با ببینە شار، با ببینە ئاوەدانییەکی کەسک و چاوجوان!

بابە، من لەورۆژانە، کوڕ و کیژە پلکەکانم دیوە. شەوێکیان، لەگەڵ مامە خەلیفە، ئەسکەندەری سەر بیرەکە، چووینە گوندەکەیان. ئای کە پلکم منی ماچکرد، کوڕەکانی، کیژەکانی، سەگەکانی بەردەرگا و بەرقەمتەرەکانیان، ئەوانیش منیان بۆن دەکرد، (بە من نەحەپین). ئەوان دەزانن کە خوێنمان یەکە، بە کوڕەکانم وت، ئەوانەی ژنیان هێناوە، ئەو کیژانەی مێردیان کردووە و کۆشێک مناڵیان هەیە، پێم وتن:

پوورزاکانم وەرنە شار، وەرن لەسەر باخچەکەمان، لەبەر سێبەری دارتووەکەمان، بزگوڕ و باول و پرێسکەکانت دابنێن، هەتا چاوەیەک خانوو، بۆ خۆتان سەردەگرن، وەرەن و کامتان حەزتان بە ژیانی شارە، وەرن، من بابەم رازی کردووە و دوایی پارەی زەوییەکە بدەن، لەسەرتان تاپۆ دەکات، تاپۆی رەشتان لەناو دەستی دەنێت، شەو قسەی زۆرم لەگەڵیان کرد، (باسی شارم بۆ

کردون)، پێم وتوون: ئێمە موڵکی زۆرمان هەیە، وەرن بەیەکەوە ئەو موڵکانەماڵی بکەین، هەموومان دەست لەناودەست ناهێڵین کەس تخونیان بکەوێت!

ئەو نەدەیزانی رۆژێک دێت حزبایەتی دەکات، رۆژێک دێت پشتیوانی دەوێت. ئەو بیری لەوە نەدەکردەوە، لەگەڵ ئەفەندییەکانی قەڵات و پۆلیسەکانی ناو قشڵەکەی هەولێر. لەگەڵ ئەندامە سەربازەکانی حیزبی لە ئۆردی، دەست تێکەڵ دەکات، شەوانە دەچێتە (چایەخانە قامیشەکە)، لەوێ لەگەڵ کەسانی دوور و نەناس، لە بنەماڵە گەورەکان، ئەوانەی کوڕەکانیان لە بەغدا خوێندنیان تەواو کردبوو تێکەڵ دەبێت. ئەو مانگ بە مانگ، حاجی یونسی مامی نابینێت. ئەو کە دەچێتە سەر قەڵاتیش، ناچێتە ماڵی حاجی سەمەدی ئامۆزا، نەک ناچێتە ماڵی ئەوانە، خۆی لەوان دوور دەگرێت، ئەو خۆیان لێ لادەدات، وەک ئەوەی قەرزاری ئەوان بێت.

کە ئەو ناچێتە ماڵەکانیان، لەترسی سەگەکانیان نەبوو، لەگەڵ ئەوان، لەسەر ئاو و زەوی و بیر و داهات، کێشەی نەبوو کە نەدەچووە ماڵەکانیان. ئەو دەیویست زەوییەکەی خۆیان، حەسارەکەیان، بیر و ئاوەکەیان، حەوشە و مێشەکەیان، (سەگ و تاژی) یەکەیان، لە هەموو موڵک و سامان و دووکان و خانووەکانیان پیرۆزتر نیشان بدات!

ئەو هیچی نەدەزانی، مەبەستی نەبوو، کە خەڵکی زۆر دەناسی، نەیدەزانی کەوا هەتا نەچێتە ناو تەمەنی خەڵکێکی زۆر، نەچێتە ناو ساڵەکانی ئەوانی ترەوە، تا نەچێتە ناو چاوە جوانەکانی ئەوانی تر، چاوە رەشەکانی ئەو خەڵکە، باش و تێر دیمەنە کەسک و کۆڵکەزێڕینەکان، (دیمەنە سەرابییەکان) و دیمەنە رەشوسپییەکان، نابینێت. لەناو چاوی ئەوانەوە رووبەری زۆر فراوان دەپیوێت، لەگەڵ نیگای ئەوانەوە، سارد و گەرمی رووداوەکان دەبینێت.

ئەو هیچ شار و ئاوەدانی تری، بێجگە لە هەولێر و قەڵات نەدیبوو، وەک مامەکانی، زۆرجار نەچووبووە موسڵ، لەوێشەوە سەردانی حەلەبی نەکردبوو، لە ئەنادۆڵ لەگەڵ (ئەرمەنەکان)، لە تەبریز، شتی نوێ فێرنەببوو، نەیدەزانی بوونی گوندێک بە شار، کار و بەرنامە و کۆششی دەوێت، ئەوەی نەخوێندبوو، نەیدەزانی چۆن بەردەلانێک و تیرێژی سەربەستەکان و حەوشە و پانایی کۆنە حەسارێک، دەبێتە شارێکی گەورە، ئەوانەی نەدەزانی، بەلام!

ئەو بەردەوام بەو ئاراستەیە، لەماڵەوە و لەدەرەوە دەجولایەوە، بەو هەناسەیەوە، قسەی لەگەڵ سەپان و باخچەچی و خێزانە نزیکەکانی خۆیان دەکرد.

ئەو دەیویست برازا گەورەکانی، منداڵی خوشکەکانی وا گەورە بن، لە شار  بژین، ئەو پەرۆش بوو، (خاتووناوە بکاتە بەشێکی نوێ شاری هەولێر).

## دەفتەرە ڕەشە ئەستوورەکەی شارەوانی هەولێر

نازمی سلێمان ئاغا، لەناو شارەوانی ڕۆژانە دوو سێ ئیشی دەکرد. ئەو هەفتانە دەقی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی، بەتایبەت ئەو دەقانەی تایبەتبوون، بەئیفرازکردنی زەوی و کردنەوەی کۆڵانێک، یان لێکردنەوەی پارچە زەوییەک، یان بڕینی پارچە زەوییەکی تر، یان دیارکردنی (ئەشرفییە) ی موڵکێک، ئەوانە و کاروبارە هەندسییەکانی تایبەت، بە موڵک و زەویوزاری شارەوانی و هاوڵاتیانی دەنووسی.

ئەو لە نەخشەکانی شارەکە زۆر شارەزا بوو، لەگەڵ مساحەی گشتی بەغدا، تاپۆی گشتی، هاتووچۆی گەرم و شارەزایانەی هەبوو، بەدەستی خۆی و لەسەر (ترێسە شینە نەرمە پەرۆک)ەکان، نەخشەکانی کۆپی دەکردەوە. پێشنیارەکانی بۆ دەزگاکانی بەغدا ڕەوانە دەکرد، زۆریش هەڵەکانی ئەوانی لەسەر پیوان و ڕووبەر و ڕاستە شەقامەکان دەدۆزییەوە، ئەو بست بەبست موڵکەکانی ناوشار، خاوەن موڵکەکانی دەناسی، کە قەڵەمەکەی ناودەستی بە ئارەقەش تەڕ دەبوو، ئەو لە نووسین نەدەکەوت، زۆرابیش لەتەنیشتییەوە و بەیەکەوە کارەکانیان ڕادەپەڕاند، ئەو وەک ئەو نەبوو، هەرگیز سیدارەی ڕەشی لەسەر نەکردبوو، چونکە ئەو بەدەستکورتی و بەکرێکاری خوێندنی شەوانەی تەواو کردبوو، هەر لە کەناسییەوە هەتا بوویتە کەشاف و دواییش بوویتە نووسەر، پێ بەپێ و بەپێ خوێندنەکەی لە وەزیفەکەی سەردەکەوێت، مام حوزنی و دواییش گیبوی موکریانی برای هانیان دابوو، بخوێنێت، کە مامۆستاکانیش سەردانی چاپخانەکەیان دەکرد، بەبیریان دەهێنانەوە، چاویان لەو بێت، بۆیەش ئەو لەکن ئەوانیش، لە چاپخانەکە و لە ژوورە تاریکەکە و لەبەردەم وێنەگرتن و هەڵکۆڵیندا، پیتچینی کردبوو، ئەو دەیوت:

نازم، تۆ داری تەڕی، بە ئاگری جەهەنەمیش ناسووتێت، بە هیچ تەورداس و دارفرۆشێک ناشکێت! بێنە من تەواویان بکەم! نووسینەکان تەواو دەکەم، منیش وەک بەچکە مراوییەکم هەر دەبێ فێری مەڵەوانی بم، ئەو ئاوەم هەر لەپێشە! بەسە وا کەشافییم لە کۆڵ بووە و خوێندنی شەوانەکە، بەفریام کەوت!

نازم ئاغا، قەڵەمەکەی دەستی دادەنا، بەدەستی راستی، پەنجەکانی دەستی چەپی لەیەکتری دووردەخستەوە، بەدەستی چەپیشی بواری پەنجەکانی دەستی راستی دەکردەوە، تا فێنک ببنەوە، کە دەیزانی دەستی راستی وشک بوویتەوە، بە سمێڵە زەردە گەورەکەی دادەهێنا، ئەو دڵخۆش بوو، دەیزانی لەمێژە زەبر و دەسەڵاتی سولتانە عوسمانییەکان نەماوە، زۆریش لەوان ترساو و تووڕە بوو، بۆیە دەیوت:

بەفر هەتا چارۆگەیەک و تۆزێکیش بمینێت، کەشەکە هەر ساردە. توخوا سمێڵم بە سمێڵی (جەمال پاشا) ی لوبنان ناچێت، ئەوەی لە داخی شکان و بەزین سوپاکەیان لە بەیروت و سوریا بەڕووی ئینگلیزەکان، هەزارەها مارونی کوشتبوو، مارۆنی بۆینباخ لەمل، مارۆنی خوێندەوار و فەرەنسیزان و تورکیزان و عەرەبینووس، ئەوەندەی مارۆنی کریستیانی بێوەی بێچەکی، شەرواڵ گەورەی سمێڵ باریکی نوک تیژی چەوری کوشتبوو، بۆیەش ناویان نابوو جەمالی خوێنرێژ، کە بە عەرەبی و بەزمانی خەڵکی ناوچەکە جەمالی ئەلسفاح بوو، بەڵام تەنیا من سمێڵم بەو دەچێت، نەک دەست و دڵ و هەڵسوکەوتی، تەنیا سمێڵەکەم!

ئەو بڕیارەکانی شارەوانی، لە سجلە ئەسمەرە گەورە ئەستوورەکە، ئەو دەفتەرەی لەپاش دامەزراندنی موحسین ئاغا لاپەڕەی یەکەمی بەکوردی دەنووسرێت، هەتا شۆرشی چواردە تەموزی ١٩٥٨ و هەتا بەناوی پێشکەوتنخوازییەوە، ئەو لە پۆستەکە دووردەخەوە، لەورۆژەوە نووسینی کوردی لەناو ئەو دەفتەرە ئەسمەرە بەرگ چەرمە ئەستوورەکە نامینێت.

سەرۆکە نوێیەکەی شارەوانیش، پاش حەڤدە رۆژ لە ئیشکردن، دەست لەکاردەکێشێتەوە و قبووڵیش ناکات، مووچەی ئەو رۆژانەشی لە لیستی مووچەی فەرمانبەران بۆ ببەستن، واتە پارەکەش وەرناگرێت، دەڵێ من هیچم نەکرد، من لە خۆم رازی نەبووم، من لە ئیمزاکانم پەشیمانم، من چاوم بەرایی نادات، دڵم و ویژدانم هەڵناگرێت، پارەیەک وەربگرم، کە حەرامە، هیچ بەرهەمم نەبوو، کارێکم نەکردووە، دەستحەقی هەبێت. (هادی چاوشلی) مووچەکە وەرناگرێت و دەچێتەوە ماڵەوە، بەڵام حکومەت بەئاسانی دەستبەرداری نابن و  پۆستی باڵاتر وەردەگرێت، بەدڵسۆزییەوە کاردەکات، تا رەوشەکە ئەوەندە تاریک دەبێت، هیچ تروسکاییەک لە ئاسۆکەدا بەدی ناکات، بۆیە ئەوجارە بەیەکجاری روو لە پارێزەری و نووسین و خوێندنەوە و کشتوکاڵی دەکات. پێش ئەویش موحسین ئاغا دەچێتەوە ماڵێ و خەریکی خوێندنەوە و کتێب و کشتوکاڵ دەبێت.

ئەو و زۆرابی (کەشاف) بڕیارەکانیان بەکوردی دەنووسی، بەڵێ بەکوردی، بەڵام! دەقەکان و رستەکان وشەی عەرەبییان لە کوردییەکە زۆرتر تێ دەکەوت. مام زۆرابی کەشاف، ئەگەرچی

هەر دوو ساڵ لە مەکتەب دەخوێنێت، ئەو مەکتەبەی بۆ گەورەکان و بەشەو، لەسەر دەستی عیزەدین فەیزی دەکرێتەوە و سەرپەرشتی دەکات، زووتریش لە حوجرەی خانەقاکەش، ماوەیەک کە بواری هەبووە لەگەڵ فەقێیەکان دەمینێتەوە، ماوەیەکیش لەسەر مەکینەکانی چاپخانەکەی حوزنی موکریانی و گیبوی برای ئیش دەکات، لەوێ و لەگەڵ خوێندنەوەی شیعر و مەولوودنامە و کتێبە چاپکراوەکانی چاپخانەکە، نووسینی کوردییەکەی باش دەبێت. بەو نووسینە و بەقەڵەمی ئەو و بەپشتیوانی نازم ئاغاش، لەگەڵ دامەزراندنی موحسین ئاغا بڕیارەکانی شارەوانی بە زمانی کوردی نووسراوە، دەفتەرەکەش دەفتەرە کۆنەکە، هەموو لاپەڕەکانی بەبەرگە رەقە ئەستوورە چەرمەکەییەوە، بەناز و بەشانازییەوە، دەست بەدەست هەڵدەگیرێت و پارێزگاری لێ دەکرێت.

## دوو ئەندامە جوولەکەکەی شارەوانی هەولێر

ئەگەر بڕیارەکان، لەکاتی کۆبونەوەکە نەنووسرابوایە، لەوێ، لەژوورەکەی سەرۆکدا ئەندامەکان ئیمزایان نەکردبووایە، دەبوایە زۆراب، ماڵ بەماڵ، دووکان بەدووکان، دیوەخان بەدیوەخان، دەفتەرەکەی دەبردە دووکانی بەقاڵێکی ناو کۆڵانی دارەڕێی سەر داپۆشراو، سەوزەفرۆشێکی سێگۆشەی ناو قەیسەری و مەلایەکی شیرین رەفتاری شاعیر، حەمامچییەکی قەڵەو، زۆریش گوێی لێ دەبوو، کەوا بەزی ورگی ئەو، بەو کوورخان و هەڵم و ئارەقەش نەتواوەتەوە. بەڵام دوو ئەندامە جوولەکەکەی شارەوانی، خۆیان دەهاتن، دەیانزانی کەی بڕیارەکە دەنووسرێت، کەی یەکەم ئیمزای لەسەر دەکرێت، ئەوان هەردوو ئەندامە جوولەکەکە، بەخۆیان و یەکەم کەس دەگەیشتنە سەر مێزەکەی نازم ئاغا، یەکەم قەڵەمیان بە ژێرەوەی بڕیارەکە دادەهێنا و ئیمزا ورد و جوانەکەیان لەسەر دەکرد، بەڵام بەر لە ئیمزاکردنیان، بە زاراوە کوردییە تایبەتییەکەیان بڕیارەکەیان دەخوێندەوە، دڵنیادەبوون بڕیارەکە، نووسینەکە، وەک قسەکەی ناو کۆبونەوەیە، دڵنیادەبوون ژمارەکان، پارەکە، دەقە نووسراوەکە دروستە، ئینجا ئیمزاکەیان دەکرد و چاویلکە شووشەییە وردەکەیان لەسەر گیرفانە گچکەکەی سەر چاکێتەکەیان دادەنایەوە، بەپەلە خۆیان دەکردنەوە ناو قەیسەری، پێشوازی گەرمیان لە لادێییەکان دەکرد، قەرزەکانیان بەبیردەهێنانەوە، دەفتەرەکانیان دەپشکنی، بەڵام بۆ وەرگرتنەوەی و هێنانەوە و ژماردنی قەرزەکان هەرگیز کەسیان تەنگاو نەدەکرد، دووکاندارە جوولەکەکان (خۆیان لەکەس توورە نەدەکرد)، بەڵکو ئەوان خۆیان توورە دەکرد. ئەگەرچی هیچ کەماسییەک، لە کڕین و فرۆشتنەکەش نەبوو، بەڵام کڕیارەکان لێیان لالووت دەبوون، سەرگران دەبوون، چونکە دووکاندارەکە، سەنعەتکارەکە جوولەکەیە. هەندێکیش تا بەسووکی سەیریان بکەن، ناویان نەدەهێنان، کە باش ناوەکانیان دەزانی، بە سەگە سەگە بانگیان دەکردن!

موحسین ئاغا لەبەر کاک برایم هەڵدەستێتەوە و پێی دەڵێت:

برایم بڕۆ بۆ لای نازم ئاغا، ئەو هەموو شتێکت بۆ ڕووندەکاتەوە، ئێمە زۆر پەرۆشین هەمووتان، ماڵی ئێوە و سەلێمان و حاجی یونس ئەوانی تریش، موڵکەکانیان ئیفراز بکەن، با هەولێر گەورە

بێت، بەسە ژیانی ناو حەسارەکان، زەوییەکانی ئێوە چەقێنن، بەرزن، زۆر بەکەلک چاندن و باخچە و جۆگەلە و جۆبار ناهێن، ئیفرازی بکەن، با شارەکە گەورە بێت، ئێوە هەمووش ناکەنە باخچە و نایکێڵن، بۆ چاوەڕوانی دەست و چەقۆی قەسابێک، بزنێک مردار مەکەن، بە پارە یان بە قوربانی، با گوشتەکەی موسڵمانان بیخۆن، موڵکی ئێوە یەک بزنیش نییە، یەک مێگەڵە مەڕ و بزن و گاوگۆلک، رەشەوڵاخ و بەرزەئەسپ و جوانەگایە، بەسە مرداری مەکەن، بە تەماتە و توور و سڵق و چەوەندەر و کونجی، (زەوییەکەی ئێوە یەک پارچە ئەلماسە) و لەناو جەرگەی شارە، ئێوە بەو حاڵە نابنە ماڵە گەورە و خاوەن دەسەڵات، پێی بڵێی نازم ئاغا ئێمە هیچ لە نەخشە و کادسترۆ نازانین، بۆ کوێر و نەزان شەو و رۆژ وەک یەکە، هیچ نابینین، بەڵام کاکە لەبیرت نەچێت دەبێ بەشی حکومەت بدەن!

کاکە برایم هەوا و سێبەری کەواکەی لە دەرگاکەی ژووری موحسین ئاغا هاتبووە دەرەوە، روو و شەقاوەکانیشی بەرەو دەرەوە بوو، بەڵام! کە وشەی بەشی حکومەتی گوێ لێ دەبێت، دەگەڕێتەوە و دەگەڕێتەوە بەردەم سەرۆک شارەوانی، زاواکەی ئەحمەدە فەندی و کوڕە خوشکەکەی مەلا فەندی، کە زۆریشی خۆشدەویست، ئەویش زۆر خاڵی خۆش دەویست، کە عەسرانی رۆژانی هەینی، پاش نوێژ و خوتبەی نیوەڕۆ دیوەخانەکەی چۆڵ دەبوو، کە دەیزانی هەر یەک دوو کەسی تێدا ماوە، ئەوانیشی سوار دەکرد و لەشار دەردەچوو، ماوەیەکی باش ئۆتومبێلەکەی لێ دەخوڕی، فۆردە مۆدیل چل و نۆییەکەی، کە ژمارەی٣٥ ئەربیلی لەسەر بوو، دواییش ئەو ژمارەیان لەسەر فۆردە مۆدیلە پەنجا و حەفتەکەش دانابوو، کە لەباخچەکانی کاک برایم و مام سلێمان دەردەچوو، هەتا دەگەیشتە باداوە، تۆز و گەردەلوولێکی چڕ و زۆری بە تایە باریکەکانی لەدوای خۆی پەیدا دەکرد، وەک ئەوەی بیەوێت منارە و قەڵاتەکە نقوومی تۆز و غوبار بکات، ئەو دەیوت:

من لەناو باخەکەی خاڵم دڵم دەکرێتەوە، هەوای ئەو باداوە فێنکە، هەنارەکانی مێخۆشی بەئاون، ترێ و هەنجیرەکە تامیان وەک ترێ و هەنجیری ناوشار نییە، کە دێمە باداوە، لەناو باخچەکەی ماوەیەک لەگەڵ خاڵم، یان لەگەڵ میوانەکانی دەمینێمەوە رووم خۆشتر دەبێت، بابەت و بەسەرهاتی نوێ دەبیستم، هەست دەکەم رەنگم دەگۆڕێت، لەو باخچەیەدا دەست بە تفەنگەکان پشتم ئەستوور دەکەن، لێرە من دەزانم دەسەڵاتی بنەماڵەکەمان زۆر بەهێزە.

بەڵام! خاڵم حەز ناکات، من زۆر لە باداوە بمینێنەوە، بەر لەوەی تاریک دابێت، پێم دەڵێت:

موحسین تا تاریک دانەهاتووە، تا ئێوەم لێ دیارە و دەزانم لە باخچەکانی کاک برایم و سلێمانی دڵتەڕ، نزیک بونەتەوە، ئارام دەبم، لەبەر هەیوانەکەی سەرەوەی کۆشکەکەم دێمە

خوارەوە، من هەموو شتەکانی سلێمانی دڵتەڕم پێ خۆش و مەردانەیە، بەڵام بەداخەوە کە نوێژ ناکات و رەمەزانان بەرووژوو نابێت، من تووڕە دەکات، دڵیشم نایت رووی بشکێنم، خۆ زۆریشم پێ وتووە، بە قسەمان ناکات...

بەڵێ ئەفەندی، هەر فەلاح و خزمەکانمان، ئەوانەی سەر بە ئێمەن، ئەوان زۆرن. خەڵکی بەوەج و ئازان، هەر شەو و رۆژێک دوو چاوە و هەیوانێک قیت دەکەنەوە، ئەو باران و سەرما و شەختەیە تەواو بێت، دەست بەخشتبڕین دەکەن، ژنەکانیان لە پیاوەکانیان ئازاترن.

ئەوانە بە قلە قەسپێک ئەسپێک پەیدا دەکەن، دانە خورمایەکی شیرین هەناو گەرم دەکات، تاقەتییان دەبێت، دەتوانن هەندی ئەسپێک وزە و تاقەت وەربگرن! ئەوانە بۆ خواردنێ جەنجەرن، بۆیەش بۆ کردنێ نێرەکەرن!

## شەو و دەرگای قەڵات

نازم ئاغا پیاوێکی قەڵەو و ورگنیش نەبوو، بەڵام حەزی دەکرد، پانتۆڵەکەی بە دوو لاستیکە پانەکەییەوە توند بکات، کە لەپشتەوە لەناوەڕاستەوە لێکدرابوون، لەپێشەوە لەسەر سینگ و لەسەر سکییەوە بەتەریبی هاتبوونە خوارەوە، ئەو بەردەوامیش دەستی لەسەر هەردوو لاستیکەکەی پێشەوەیان بوو، هەتا سەرشانی دەبرد و تەقەیەکی لێوەیان دەهێنا و بەرزی دەکردنەوە، وەک ئەوەی لە شوێنی خۆیانەوە جوولابن، ئینجا دەستێکی دەگەیاندە قەڵەمەکەی سەر گیرفانی قەمیسە خەتخەتە پانەکەی بەری.

ئەو سوێندی خواردبوو، هیچ شەوێک، هەتا هەموو خەڵکی قەڵات دەخەون، نەچێتەوە ماڵەوە، شەوانە پاسەوانەکە نەدەوێرا و جورئەتی نەدەکرد، هەتا نازم ئاغا سەرنەکەوێت، (دەرگاکەی قەڵات) دابخات، ئەو باشی دەزانی، ئەو دواکەس، لە خوارەوە دێتەوە، کە دەگەیشتە لای ئەویش، بەزمێکی لەگەڵ دەکرد، زوو دەستی دەدا تفەنگەکەی سەرشانی، فیشەکدانەکەی کە لەدەمی پیاوێکی پیری ددان هەڵوەریوو دەچوو، فیشەکدانەکەی تەنیا چەند پاکێتە فیشەکێکی تێدا بوو، بەڵام!

نازم پێدەکەنی، حەزی دەکرد بەزمێکی پێ بکات، بە سمایلی دەوت:

بۆ خەریتەکەت پڕ نییە، بەو چەند فیشەکە چیت پێ دەکرێت!؟

هەموو خەڵکی قەڵات، نازم ئاغاش، دەیانزانی کەوا بەو فیشەکانەی ناو خەریتەکەی دەتوانێت ئەو قەڵاتە بپارێزێت. بەو بەزمە کاک سمایلی پاسەوان سەخڵەت دەبوو، بەو تاریکە شەوەش دیار بوو، کەوا ڕەنگی دەگۆڕا، سمێڵی داو داو بەرزدەبوونەوە، خۆی قیت دەکردەوە، هەڵدەستایەوە، لوولەی تفەنگەکەی دەگرت، قایشەکەی لەناو دەستی توند دەگرت، (قۆنداخ)ی تفەنگەکەی بەخشەخش لەو دووردەکردەوە، بەڵام غیرەت ناکات، ناتوانێت، تووڕەبوون و ناڕەزاییەکەی بکاتە جنێوێکی شیرین، یان لێی بخوڕێتەوە، ئەو دەیزانی ئەوە نازم ئاغایە، پیاوێکی مەرد و ئازا و چاوتێرە!

نازم ئاغا لە ژوورەکەی لەناو نەخشە و دۆڵاب و فایلەکان، بەرێزەوە دەڵێت:

بەڵێ کاک برایم فەرموو لە خزمەتدام، دەزانم هەموو موڵکەکانی ئێوە، ئەوانەی لە (وارشی چل و پێنج)ن، زۆربەی زەوییەکانی ناو تخووبی وارشی چل و پێنج، بەناوی خۆت و هەموو ئامۆزاکانتە.

کاک برایم، وا خۆی نیشانددا، ژمارەی موڵکەکانی نازانێت، دەیوت:

ژمارەمان چەندە؟

ئەویش وەک ئەوەی نهێنییەکی گەورەی لەلا بدرکێنێت دەڵێت:

موڵکەکانت لە وارشی چل و پێنجە.

پارچە نەخشەیەکی شینی نایلۆنی نەرم و شل، لەبەردەم ئەو پان دەکاتەوە، نەخشەکە کۆن بوو، ئەوەندەی بای بەر کەوتووە، ئەوەندە دەستی پێکرابوو شپرزەببوو، ئەوەی لەسەر تەختە شرەکەی نازم ئاغا پانکراوەتەوە، ئەوەی (هێڵەکانی نوێ کراونەتەوە) و پشتی بەشەریت توندکراوەتەوە، بەڵام نازم ئاغا باش ژمارەکانی دەدۆزییەوە، خۆ ژمارەکانیش ئەوەندە زۆر نەبوون، لەسەر نەخشەش بەڵام بۆ ئەو زەمانە زۆر بوون، بەساڵ و بەرۆژگارەکان، ژمارەکان گەورە و زۆر دەبن.

نازم ئاغاش، بەلێوە ئەستوورەکانییەوە فیتەیەک لێ دەدات، بە زۆرابیش دەڵێت:

سجلەکە رەوانە بکە، با شەمسۆک بچێت بڕیارەکان بە ئەندامەکان ئیمزا بکات، بڕیارەکەی چاکردنەوەی ئۆتومبێلەکە لە (گەراجی ئوستن) لە کەرکووک پێویستە، دەبێ زوو ئەو ئۆتومبێلە چاک بکەنەوە، دیارە فیتەرەکانی هەولێر پێیان چاک نەکرایەوە، لەوێ ئەرمەنەکان زیرەکن، دەزانن.

ئەو روو لە کاک برایم دەکاتەوە دەڵێت:

(هەموو موڵکەکانی ئەو گوندانەی سەرووی شاربزر، ئاغاکان، خاوەنەکانیانماڵیان لەسەر قەڵاتە، سەرکار و سەپانەکان زەوییەکانیان بۆ جووت دەکەن، تۆیان بۆ دەدەن، گەنمەکەیان لەناو چاڵەکان بۆ هەڵدەگرن، زیوانەکان بژار دەکەن، کێشکە و سۆفەی لێ پاس دەکەن، ئاغاکان لە شار و لە دائیرەکان ئەفەندیین، لە گوندەکانیش موڵکیان هەیە، شوان و سەپان و سەرکار و حەساریان هەیە، هەندێکیان لەگەڵ ئەوانە، بە ژنیش تێکەڵ بووینە، چاوە جوانەکانیان بۆ

شەوە تاریکەکان هەڵبژاردووە، کەوا و سوخمەکان شەوەکانیان گەرم دەکاتەوە، برا و ئامۆزاکانیان، موڵک و تەبارەکانیان بۆ دەپارێزن)

## چوارشەمووان

دیارە کە لەسەرووی گوندیش جۆگەلە ئاوێک هەیە، ژن و منداڵانی دارەتوو و کونەگورگ و گەڕەسوو کۆڵی لەبەر دەکەن، رۆژانی چوارشەمووان، بەیانییان زوو، ئاوەکەی گەرم دەکەن، لەناو کفر و قامیش و بەردەڵانەکە، ژنەکان، قژیان بە شانە و گرەسەر، جلەکانیان بە سابوونی رەقی و حەلەبی دەشۆن. ئاوەکە لەو زوورگانەوە جۆباری خۆی دۆزیوەتەوە و دەگاتە ناو باخچەکان. قەڵاتیش شاژنە بەنازەکە، دەشتەکەش کەوا رەنگینەکەی ئەوە بەئامێزەوە کراوەتەوە، دەشتەکە نیگای ئومێدە و لەبناری ئەودا بوویتە مێرگ و رووبەرێکی تەختی سەوز، جۆگەکان و دەشتەکە، بونەتە باخچە و باخچەکانیش، حەساری گەورە و زیندوویان لەناو دروستکراوە، تێدا دەستە ماندووەکان، دڵە عاشقەکان، حەیرانە شەیداکانی دەخەوێت، تەنیا بۆ خەوتن، تەنیا بۆ بوونی حەسار و ئاوەدانییەکە رووی تێدەکەنەوە، دەشتودەرەکە پیرۆزە و ئەویش سەری بۆ بادەدات و دەڵێت:

نازم، پشتمان دەشتە، لەمێژە ئێمە لە قەڵات هاتووینەتە خوارێ، چاوێکت لە موڵکەکانمان بێت.

نازم پشتی بەرزدەکاتەوە، دیسان تەقەیەک لە قایشەکەی پشتی دەهێنێت، بەرووێکی گەش، کە زۆر جوان لە ئاکارە ئەسمەرەکەی دیار بوو دەڵێت:

کاک برایم، رەزاقی کوڕتم زۆر خۆشدەوێت، لەبەر خاتری ئەو، خەمت نەبێت.

کاک برایم ملی لێ دێنێتە پێش و پێی دەڵێت:

ئەتوو رەزاقی کوڕم لەکوێ دەبینیت؟

ئەو دەستێکی لەسەر مێزەکە داگرتبوو، بەشانازییەوە، دەڵێت:

لە زۆر شوێن! ئەو دەبینم، ئەویش وەک منە، لە زۆر شوێن دیارە.

سەری وەک لانکێک دەهەژێنێت و دەڵێت:

**وەک... کێندەرێ!**

نازم نایەوێت، هەموو شتەکان هەر بەپێوە بەو بڵێت، لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت و نەخشە تەنکە مۆرە کۆنەکەش نەرم نەرم دەپێچێتەوە و لەسەر نەخشەکانی تری ناو دۆڵابە بەجامەکە دادەنێتەوە، جامخانەکەش بە کلیلە باریکە مسە ددانە وردەکانەوە دادەخاتەوە و دەڵێت:

**لەکن کاک عەونی، لەکن مەلا عەولا و زۆر شوێنی تر!**

کاک برایم، بەبێ ئەوەی بەگەرمییەوە ماڵئاوایی بکات، شەقاوێک دەکشێتەوە و لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

## چیتر لەسەر قەڵات ناژیم!

من بەوە ڕانەدەگەیشتم، ڕاز و پاکێتی ڕووداوەکان، لەو وەربگرم، ئەو هەموویانی، وەک بروسکە، بەیەکەوە بۆم دەنارد، زۆریش دوور لە من دانەنیشتبوو، لەبەرانبەرم و لەپشت پەنجەرەکە، کە لاپەردەیەکی کرابووە و لەدەرەوە حەوشەیەکی گەورە و بەرینم لێوە دیاربوو، ئەو شانێکی بە کەرەوێتێکی ڕەنگ قاوەیی، شان بەرزی بەنەخشی ڕەونەقدار دابوو.

من کە گوێم لە قسەکانی ئەو دەگرت، سەیری دەرەوەشم دەکرد، وامدەزانی لە گۆڕەپانە گەورەکەی شاری (مەراکش)م، هەموو دیمەنەکانی ژیان و سرووشت و کۆبوونەوە و چالاکییەکانم لە حەوشەکە و سەرحەوزەکە و گۆشەکان و بندیوارەکان دەبینی، لەپشتی پەنجەرەکەوە، هەموو ڕەنگ و بۆن و سیماکانم لێوە دیار بوو.

ئەویش دەم نادەم، دەستی ڕاستی بەسەر لێوە تەنکەکەی دادەهێنا، سمێڵە زۆر تەنک و بێ ڕەنگەکەی ئەوەندە نەرم و پەخشان بوو، نەمزانی چۆن سپیبوونی سمێڵەکەی ونکردبوو. ئەو بابەت و خەیاڵی دوو ڕۆمانی بەو چەند سەعاتە، بۆ هەڵڕشتم!

ئەو پیاوەی دوایی ناوی دەبێتە بابە حاجی، ئەوەی پاش چەندساڵێک، ساڵی تاڵی بەژان و ماندووبوون، لەناو ژوورێکی ماڵەوەیان، کوڕێکی زۆر نازداری، بەدەستی خۆی لەترسان، لەترسی گرتن و زەبری دوژمنانی کورد و شۆڕشەکەیان، لەناو ژوورێکی ماڵە گەورەکەیان دەشارێتەوە، بەیانیش ڕیشی پاک و لووس دەتاشێت، بەیانی زووش ئاودانی باخچە و شینایییەکانیش وەک پێویست و ئاسایی دەکات. بەیانی زوو، تا کەس گومانی لێ نەکەن، لەبەر چاوی ئاسمانەکە و جۆگەکە و باڵندەکانی سەرەوەش بەتاڵی پێدەکەنێت. بەیانی دەچێتە ناو قازیبازاڕ و قاوەخانەیەک، لەوێ بەمەبەستەوە سەیری ئاکار و هاموشۆی خەڵکەکە دەکات، ئەوانەی کە کوڕیان بەشەو و لەناوشارەکە نەکوژراوە. ئەو دەچێتە مزگەوت و نوێژە جەماعەتەکەی دەکات، گوێ لە دەنگ و سەڵاوات و دوعاکانی مەلاکە ڕادەگرێت، کە (باس لە کەسەر و غەدری هەموو مرۆڤایەتی دەکات، باسی تاوانی نوێژنەکردن و درۆکردن و پیسییەکان دەکات)، بەڵام خوتبەکە، مەلاکە، قورئانەکە باسی ئەو غەدرە ناکات، کە دوێنێ شەو لەو کرابوو. هەفتەیەک پاش

غەدرەکە دەچێتە سەربانەکە، لەوێ تۆزی تالان و هەلاتن نابینێت، لەدوورەوە گوێی لەدەنگی تۆڵە و هاوارێک و گەڕانەوە نابێت.

بەیانی کیژەکانی، بووکەکەی، جلەکانیان بەیەکەوە رەش و تازەیەدار نەکرد، پارچە بەپارچە رەشیان دەکرد، ژنەکان لەترسی ئاشکرابوونی کووشتنەکە، پۆشاکی بەریان رەش و مۆر نەکرد، یەکسەر کەوا و کراس و سوخمە و دەستماڵەکان رەنگ و خەمی رەشیان نەپۆشی. سەرەتا دەستماڵە نەرمە درێژەکەی سەرشان و ملیان رەش و خەمگین نەکرد، کە کوڕەکەیان کووشتنەکەی بووە راستی، کە ئێواران بەبەزم و غەڵبەغەڵب نەهاتەوە. کە دەمانچەکەی پشتی لەناو دیوارەکەیان شاردرایەوە. کە خەمەکە، کەسەرەکە چەند هەفتە و مانگێکی بەسەردا دەڕوات، کەوایەک، سوخمەیەک، کراسێک، فستانێک، دوو کەوای تر، گوڵەکانی هەڵوەرین. دوو سوخمە بۆ خەمە کۆنەکە چاویان رەشکرد. سێ کورتکی (ئەستووری بەلۆکەی پیرەژنەکان) بۆ خوێن رژاوەکەی ناو سێتاقان پەروازەکانیان مۆر و رەشتر بوون. ماڵە گەورەکە دووبارە مەنجەڵی گەورە گەورە لەناو حەوشە گەورەکە لەسەر ئاگردانەکە دادەنێنەوە. ئەو مەنجەلانەی شەوێکیان، ئاوی تێدا گەرم دەکەن، ئاوی تێدا بۆ شووشتنی تەرمی کوڕەکەی تێدا دەکوڵێن!

ئاگرەکە، کە خواردن و گۆشتی دەکولاند، نەیپرسی:

من دوێنێ شەو. شەوێکیان. ئاوم بۆ مەرگ و ناشتنی سەردارێکی ئەو ماڵە گەرم دەکرد!

ئەو پیاوە، بەگەنجی، تەمەنی چواردە پازدە ساڵ دەبوو، رۆژێکیان، کوڕە گەنجەکە، کوڕەکە بە رازێکی سەیروسەمەرەوە بیردەکاتەوە. شەوێکیان ئەو قاچێکی، دەهاوێتە سەر دیواری حەوزی ئاوەکەی ناو حەوشە (تەبەقرێژ بەکەرپووچە چوارگۆشەییە) روو ناسکەکەیان، بەهەردوو دەستی قومێک ئاوی حەوزەکە دەخواتەوە، دەستێکیش بەلێویەوە ناهێنێت، ئەوەندە تینوو دەبێت، ئاوەکە هەموو لەناو قووڕگی دەکات، وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت، ئەوەش دواجارە من ئاو لەو ماڵە دەخۆمەوە.

برازنەکەی پێی دەڵێت:

برایم، ئەوە کووپەکە پڕ ئاوە، لەوێ ئاو بخۆرەوە، ئاوی کوپەکە ساردترە، ئەوەی حەوزەکە کۆنە، دوێنێ نەمهێشێت، سەقاکە ئاوی تێ بکاتەوە.

برایم وەلامی دەداتەوە و دەڵێت:

سەقاکە هات و تۆ ئاوەکە پێ بەتاڵ نەکرد!

ژنەکە، دەنگی بازنەی دەستی دەهات، ژنەکە پشتی بە کۆتەرەکە دابوو، وتی:

بەڵی سەقاکە هات و ئاوەکەم نەگێڕایەوە! ئاومان مابوو.

ئەویش ئاوەکە دەخواتەوە، چیتر وەڵامی براژنەکەی ناداتەوە، نایەوێت قسەکەی ناودڵی بەمرداری بێتە دەرەوە، هەر لەودەمانە قسەی دڵی دەکات و بڕیارەکەی دەدات:

من لەورۆژەوە نامەوێ لەناو قەڵاتدا بژیم، من حەز دەکەم لەو موڵکانەی خۆمان ئاوەدانییەک دروست بکەم، لە گوڵەگەنم و خوڕەی ئاوەکەی کەسنەزان و (بنەسڵاوە) نزیک بم، شەوانە سەرم، بە بالیفی جۆگەلەکان بکەم، دەستم لەگەڵ بالای جۆگەلەکە بڕوات و ببێتە باڵ و بۆ ئاسمان و ناو هەور بەرز ببێتەوە، من وادەزانم دەتوانم پاسەوانی موڵکەکان بکەم، بە دەست و بە چاوەکانم پاسەوانی موڵکەکانم دەکەم.

(ئەو بەدڵنیاییەوە) دەڵێت:

من گوندێک بە وەرزێک دروست دەکەم، گوندێک و ساڵێک، بەڵام گوندێک و هەزار ساڵ. دەزانم کە ئاوەدانی نامرێت، دیوارەکان، سێبەرەکان پیر دەبن و نەخۆش دەبن، بەڵام نامرن، گوند ژەهراوی دەبێت، میکرۆبی دەکەوێتە ناو، هەناسەسوار دەبێت، ئاگر دەگرێت، بەڵام ناسووتێت! خەرمانەی دەسووتێت، بەڵام گوڵەگەنم، (کەروێشکەی گەنم)، ماچی گەنم بەباران و ئارەقەکردن پنچ دەکاتەوە و دەبێتەوە گوڵ!

( ئەو هەر بەزەوقەوە) دەڵێت:

من لەنزیک دوو ئاوم، دوو بەژنی ئاوم لێ نزیکە، واتە نانێکم هەیە، دوو ئاو یەک نانە، نانیش لەگەڵ ئەو دوو ئاوە، من و خاکەکەم زیندوو و شین دەکات.

## کلکی گایەکە

سەری گایەکە، شان و پیلی و پەراسووەکانی، چاو و قاچەکانی گایە سوورە قەڵەوەکە بۆ ئێوە، من بە هەموو تێگەیشتن و بڕواوە دەڵێم:

من تەنیا کلکی گایەکەم دەوێت! تەنیا کلکی!

ئەو قسەیە رووبەڕوو، ئازایانە، بە برا و ئامۆزاکانی دەڵێت. ئەو شەرم ناکات و ئازایانە دەڵێت من کلکی گایەکەم دەوێت، ئیمڕۆ (کلک) وکە بەدەستی من بێت، ئەگەر دەستم بەهێز و شان و شەوکەتم بەتوانا بێت، ئەوە گایەکە بۆ خۆم رادەکێشم، بەڵام ئەگەر دەستم شکاو و شانم خوار و ماسولکەم سیس و پووت بێت، کلکەکەشم لەدەست دەردەچێت، بۆیە دەبێ دەستم بکەمە پۆلا و کاریتەیەکی بەهێز و توند و بەبڕواوە کلکەکە بگرم.

براکان بە براژنەکانیانەوە، هەموو خێزانەکانی ناو کۆڵانە باریکە دوو نهۆمەکە، دووکاندارەکانی ناو قەیسەری، ئەو برایەی لە بەغدا دەژیا، ئەوی تریان، کە زۆر دیار نییە، ماڵ و کاسبییەکەی لە موسڵە، یان هەر لەناو شەمەندەفەرەکەی (نێوان موسڵ و حەلەب) و خەریکی بازرگانییە، ئەو پیاوەی داری سووتانی بۆ دەشکاندن، ئەوەی بە زەمبیلێک سەوزە و گۆشتی لە خوارەوە بۆ دەهێنانەوە، هەواڵ و داواکەی خۆی بۆ رۆیشتن لەناو ماڵەکەیان بە هەموویان دەڵێت.

ئەو لەورۆژەوە بڕیاری خۆی دەدات، هەموویان بێ دانیشتن و بیرکردنەوە و پرسکردن بە ژن و منداڵەکانیان، یان دوودڵی لە داواکەی برایم بکەن، کە دوایی دەبێتە حاجی برایم، ماڵەکەی وەک مزگەوتەکەی قەڵات، زۆر کۆبونەوەی حزبی لەناو دەکرێت. لەناو دیواری حەسارەکەی، تفەنگ و خەریتە بەپاکیتە فیشەکەوە تێدا دەشاردێتەوە، هەموو وتیان:

ئیبراهیم، کوڕە برایمۆک، سەد جار کلکی گایەکت پیرۆز بێت، هەموو موڵکی سەر کەندەکان و چۆڵەوانییەکە، بۆ خۆت بێت! دەبزانە، چۆن چۆن، لەبن دەستت دەردەهێنن، با شەوان دەنگی چەقەڵ و گورگت گوێ لێ بێت، بزانە چۆن هانامان بۆ دێنیت و تەنگاوت دەکەن، ئەو دەشتە پڕ

دز و پیاوکوژە. ئاغاکانی ناوچەکە چەند دز و (دیواربڕ) و ڕێگریان ڕاگرتووە، تۆ بەو کەرەشەلە، دەرەقەتی ئەو هەموو جەرگ و هەناورەشانە دێیت، بەتەنیا منالّە قەلاّتییەک، منالّێکی پاشەبەری ناسک، لەو دەشتە، بەیەک دوو هەفتە گەردەلوول و کلۆ کوێرت دەکەن!

ئەوان مولّکە دوورەکانیان، ئەوانەی چەند سالّ بوو، تۆیان نەکردبوو، زۆریش، نەدەوێران بلّێن مولّکی ئێمەیە، کەسیشیان نەبوو بەسەریان بکاتەوە، ئەو زەوییانە دەدەنە ئەو، وەک دەلّێن (ڕوونی ڕژاو)، دەکەنە خێری باوکیان، ئەو ڕوونە بەفیڕۆچووە، ڕوونە زەردەکەی ناو دڕکەزەرد و کفر و حوشترالّوکان بەپەلە و بێ بیرکردنەوە پێشکەشی دەکەن و گەردەنی ئازاد دەکەن.

که هەموویان لەناو خانووەکەیان لە قەلاّت، بڕیارەکە دەدەن، ئەو قسە و گفت لە هەموویان وەردەگرێت، یەکێکیان لەگەلّ جەمەدانی توندکردنەوە، ئەوی تریان کە (دۆخینی لە شەروالّێکی نوێی تێدەخست)، ئەوی تریان سلاّو لە نوێژەکەی وەردەگرێتەوە، ژنێکیان کفتەی پان دەکردوە، منالّێک بالّی پەپوولەیەکی ڕەنگین سەرسامی کردبوو، ژنێکی تر دەستڕازەیەکی سووری کەژی پان لەسەر سینگی مەلۆتکەکەی توند دەکات، پیاوێک جریوە و بالّەفڕەی کێشکەیەک دەیبزوێنێت، ژنێکی تر لەبەر پەنجەرە ڕەنگ شینەکە، هەموویان کۆک دەبن لەسەر ئەوەی، مولّکە دوورەکان، مولّکە مردووەکان، بدەنە برا و برازا گەنجە بێ ئەزموونەکەیان. ئەویش لەوێیەوە لەناخی پڕی خۆییەوە دەلّێت:

زەوییەکانم، من دەزانم ئێوە مولّکی منن، بەلاّم ئێوە نازانن، ئێوە لەدوور و لەنزیکەوە من ناناسن، من (منالّێکی قەلاّتی) بێ ئەزموونم، هاتووم لەو بەیارە، لەو کەند و سەرجۆگەلەیە، لەو شاربزرەدا، ئاوەدانییەک دروست بکەم، لێرە دەست لە ملی جۆگەلەکان بکەم، ئاو و ئاوەدانی بەیەکەوە ئاشنا بکەمەوە، من ئاقارێکی بەرینم دەوێ، چ لەو کۆلاّنە تەنگەبەرانەی ناو قەلاّت بکەم، لەدیار گەورەبوون و هەلّچوونی نەمام و گولّەگەنم ڕاوەستم و سینگم لێ ڕووت دەکەم.

بەیانییەکی زوو، ئەو سواری پیرەکەرێک دەبێت، دیارە کەوا گوێدرێژەکەش لە یەکێک لە باخچەچییەکانی ناو قەیسەری وەردەگرێت، (قاچە درێژەکانی شۆڕدەکاتەوە)، بێ ئەوەی جوولەیەک بکات، دلّشاد و ترساو، خەمگین و برسی، ئازا و بەبڕیار، دەڕوات و لە هەموو هەنگاوەکاندا، بەشەقەشەق بیر لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو دەشتە چۆلّە بەرینە زەردە دەکاتەوە. دەڕوات و نازانێت، یان باش دەزانێت لە کێ یەکەم خشت دابنێت، یەکەم سێبەر چۆن هەلّبدات، سێبەریش پەلە هەورێکە و خۆی رادەگرێت، یان بڕیار و چوار ستوون و دوو دەست و پاسەوانیشی دەوێت.

هەر بە خەیاڵ ئاوەکەی بنەسڵاوە، کە وەک زیو بریسکەی دەدا، لە ئاغایەک بەکرێ دەگرێت، ئاوەکەی تری (کەسنەزان) یش، لەیەکێکی تر بە پارە دەکڕێت، بەشێک لە زەوییەکان دەکاتە گەنم و جۆ، لایەکی تری دادەبڕێت بۆ نیسک و نۆک.

ئەو لەسەر پشتی کەرە گوێ گەورەکە، هەر بەخەیاڵ، ئاوەکە بەناو زەوییە سوورە راستەکە، دادەبات، عەردەکە دەکاتە توور و سڵق و کونجی و پەمۆ و (گوڵەبەرۆژە).

هەر لەوێ و لەسەر ئەو عەرەدا، (موسڵاوییەکان) بە کۆنە لۆری شڕەوە، دەگەنە سەر پەمۆکە، هەمووی لێ دەکڕن، هەر بە خۆیان لۆکەکە لێ دەکەنەوە، کرێکاری خۆیان دەهێنن، هەمووی بار دەکەن، لە شوێنی تر کڕیاری کونجی رووی لێدەکەن.

بەیانییان زوو، بەر لە بانگدانی مەلای مزگەوتەکەی قەڵات و خانەقا، لەترسی کەشافەکانی شارەوانی، نەوەک کەرەکانیان بەتاوانی پیسکردنی (شەقامە سەرەکییەکەی مەلیک فەیسەڵ) بگرن، زوو بەیانییان دووبارە تەڕە، دەنێرێتە ناو سەوزەفرۆشەکان، لەوێ باری باخچەکانی ئەو دەناسنەوە، ئامۆزاکانی، دەزانن کەوا ئەو ئەرزەکانی کێڵاوە، ئاوی پەیداکردووە، کرێکار و سەپان و پاسەوانی هەیە، دەزانن کەوا لە برایمۆک بوویتە ئیبراهیم، دواییش دەبێتە حاجی برایم!

لە یەکەم دەرچوون و بیرکردنەوەدا، بیر لە دانان و بەرزکردنەوەی (شوورەی حەسار) ێک دەکاتەوە، کە بەرانبەر کۆشکی مەلافەندی بێت، حەسارێک سەربەخۆیی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، لەوێ دوور لە کۆڵانە تەسکەکانی قەڵات بژیت.

لە یەکەم رۆژی هاتنەخوارەوەی لە قەڵات، بیردەکاتەوە لەوێ، لەسەر پارچەیەک لە موڵکەکانی، نەعوورێک لێ بدات، لە موسڵەوە وەستا و مەکینەیەکی ئاوی بۆ بهێنێت، لەوێیەوە تۆزی ئوتومبێلەکەی مەلا فەندی ببینێت، کە (بۆ نوێژکردن دەچێتە سەر قەڵات)، کە دەچێتە شار، تا یەکێک لە کوڕە ئاغاکانی خزمی خۆی دەباتە لای موتەسرف و دایدەمەزرێنێت، هەموو ئەوانە لەدوورەوە دەبینێت، دەزانێت، مەلای گەورە کە دێتە باداوە، شەوانە تا درەنگ چرای ژوورەکەیان گەشە، بەیەکەوە چاویان بەسەر کتێبەکان دادەگرن، کە لە زۆر بابەت و تەفسیر نزیک و هاوشانن، بەڵام لە هەندێکیان دوورن و دژن.

لەوێ ئاگای لێ دەبێت، کە مەلیک لە بەغدا لێی دەقەومێت، (مەلیک ژنەکان رەوانەی باداوە دەکات)، لە هەولێریش ژنەکەی ئامیری حامیەی هەولێر، ژنەکەی ئەمین رواندوزی، بە شیر و بە

هەڕەشە، خەڵک لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیان، لە کۆڵانی عارەبان لەوان دووردەکاتەوە و خەڵکەکە دەترسێنێت، تا ڕەوانەی باداوەیان دەکات.

ئەو هەموو شتێکی دەزانی، هەواڵی شارەکە دەگەیشتە بن کەپر و ناو حەسارەکەی ئەو، دەزانێت کەوا مامۆستایەکی قوتابخانەی (ئولا)، کە دەزانێت قوتابخانەی (سانیە) دەکرێتەوە، کوڕەکەی خۆی وەرناگرێت و ڕەوانەی قوتابخانە نوێیەکەی دەکات، نەوەک خەڵک وابزانن، کەوا ئەو چاوی زۆرتر لە کوڕەکەی خۆی دەبێت، بۆیە کوڕەکەی ڕەوانەی قوتابخانەکەی تری شارەکەی دەکات.

ئەو پاش چاوەڕوان و هەست ڕاگرتنێکی کوشندە، بە یەکەم خێزان دەڵێت:

وەرە حەسار و قەمتەرە دامەزرێنن، پشتم بگرن و منیش یارمەتیتان دەدەم. دیارە چۆن لێرەوە دیارە کەوا حەسارێکی گەورە جمەی دێ لە خەڵک، باخچەیەک ماچی ئاو دەکەن، لەدوورەوەش ئاغایەکی تر حەمامێک دروست دەکات، کەسیان ناوەستن، لەناو قەیسەری نهۆمی دووەم بازاڕی گەرمە، هاتی بەسەرچاوان، ئەوە موڵک و ئەو بەژنی ئاو و ئەوە چاوی جوانی شەوەکان...

پیاوە خرپنە باڵاکورتەکە، کە گۆزینگی پێی چەپی لەناو پێڵاوە لاستیکە تەسکەکە بەژان کەوتبوو، دەڵێت:

خۆم و کوڕ و برا و هەموو مناڵەکانم، شەوانە پاسەوانیت دەکەین!

برایم، چاوێک بەسەر هەموو موڵکەکەی دادەگێڕێت، قۆڵ و باسکە درێژەکەی بەسەریان دادەهێنێت، وەک ئەوەی سێبەریان لێ بکات، پێیان دەڵێت:

تفەنگ و فیشەکتان هەیە.

پیاوەکە خەریکی ڕاکێشانی (جواڵ) ێکی سەربەستراوی دڕ و خەتخەتی پانی موو دەبێت، بە تۆزە سپییەکەی سەرییەوە دەزانێت، کەوا جواڵەکە ئاردی تێدا، دەڵێت:

بەڵێ، تفەنگ و سەگی دڕ و پیاومان هەیە، ژنەکانیشمان پیاون پیاو!

## جەبارە ئاغای کانی

لەو هەوارە نوێیەدا، لەناو بەیارە وشکەکەوە، لەدیار کەپرە شڕەکەوە، کە شەوەکان بایەکی سارد دەیهەژاند، نیوەڕۆیانیش، گەرمی ویستی سێبەرەکە، پشووی بە هەمووان دەبەخشی، ئەو دەزانێت کە چەند مامۆستایەکی دڵسۆز، خەریکن کتێبە عەرەبییەکانی مەکتەبەکانی شەوان و ڕۆژان، بکەنە کوردی، وانەی جوگرافیا بکەنە کوردی، مێژووی کۆن و ئیسلامی بکەنە کوردی، پرس بە (ڕەفیق حیلمی) دەکەن، کە لەو ساڵانە لەوێ دەژیا. دانیال قەسابی هونەرمەندی جوولەکەی ئەو شارە، گەرم و سوورە، لەسەر وتنەوەی وانەی وێنە و هونەر و شانۆ، هاوار دەکات، دانیال قەساب دەڵێت:

شانۆ ڕەوشت و بەهرە و ئارەزووی جوانییەکانە.

(عیزەدین فەیزی، پیاوە لاوازەکە، کە ناوەکەی وەک پیتەکان جوان دەنووسرێت)، دەبێتە مامۆستای یەکەمی زمانی کوردی و پەروەردە و خەمی خوێندنی شەوان، ئەو بەفەیزەوە دەڵێت:

شەوانە خوێندن لەو شارە دەبێت، من مشووریان دەخۆم.

کە ئەو دەچووە ناو قەیسەری، کەرەستەی پێویستی بیر و کێڵگە و باخچەی دەکڕی، نەرمی و جوانی و دەنگی جەبارە ئاغای کانی بە شیعر، گوێ لێ دەبوو، ئەو (شاعیرە قەڵاتی) یەی دەناسی، کە سووتانی عیشقی لەیل و مەجنوونی کردووە بە کوردی، ئەو دوو عاشقەی لەبیابان یەکتریان خۆشویستبوو، لەبن کەپرەکەی ئەوانیش بەزیندوویی دەخوێندرایەوە، لە کۆڵانە تەنگەبەرانانەدا گوێی لە شیعرە جوانەکان دەبوو، کە سواری پشتی کەرەکەی دەبوو، شیعرەکەی ئەوی بەبیردەهاتەوە. (دیارە کە جەبارە ئاغا کەسێکی نەدیار و نەناسراوی، بەو شیعرە تەنزئامێزە ریسوا کردووە، ئەو مەبەستی کەرێکی چوارپەل نەبووە، مەبەستی پشتی شکاوی کەرێک نەبووە، کە کانی شیعرەکەی نووسیوە). ئەو لەو شیعرەدا مەبەستی کەسێک بووە و ناوی نەهێناوە، مەبەستی ڕەفتار و مۆراڵێک بووە کە هەراسانیان کردووە، ئەو لەو شیعرەدا

نەیویستووە پەلار لە چوارپەلی گوێدرێژێک بدات، بە شیعرە جوانەکە، راستگۆیانە قسە و رامانی دڵی خۆی وتووە کە وتوویەتی:

هەیتم کەرەکی دێزە، چ عفریت و بەهێزە

وەک جووتی دەکات راستەخەتی رێزی لە رێزە

جۆی ناوێ، بەرەڵای کە، لەناو پووش و پەرێزە

قوربانی گوونت بێ، (دەنی مەشرەب)، کەرەدێزە

وەک ئەسپە، سەروگەردەنی گوێ قیت و جوانە

باکی نییە، هەر چەندی بکەی باری گرانە

ئەمسالی نییە قەتعی، لەناو قەومی کەرانا

(قوربانی گونت بێ)، دەنی مەشرەب، کەرەدێزە.

ئەو بە ئاواکردن و جۆباری جۆگەلەکە و گەورەکردنی حەسارەکە، دەروازەی شاراوەی شارەکە دەگرێت، بەر لەوەی کاروانەکان بگەنە رەز و باخچەکەی مەلا فەندی ماندوو و (نەشارەزاکان)، بەپەرۆشی و خۆشحاڵییەوە لەلای ئەو لادەدەن.

ئەوانەی لە وڵاتی کۆیە دێنە ئەو شارە، لەلای ئەو، لەبەر سێبەر شڕەکەی لادەدەن.

ئەوانەی بە قەڕەتاڵەی ترێ و هەنجیر و بارە دارەکانیان لە خۆشناوەتی، بە ئارەقەی شان و چاوی گەرمەوە لە گوندەکانی ناوزوورگەکانەوە دەهێنن، هەموو بەلای ئەودا دەڕۆن، دەست و بار و خەمی میوانەکان، ژن و پیاوە غەریبەکان، ئەوانەی لە بێدەسەڵاتی و بێکەسییەوە کوڕیان دەگیرێت، (ئەوانەی ژیانیان تاڵ بووە کە کیژیان بەدوودەکەوێت)، ئەوەی لە شەوێکی تەڕ و لە هەوارێکی تاریکدا ژن هەڵدەگرێت، ئەوەی ژنی زیز دەبێت.

ئەوانەی پەرۆشی نان و ئاشقی جووت و داس و پەرێزن.

ئەوانەی بڕکی تەماتە و چاوی پەمۆ و (خەناوکەی بامیا) و روومەتی سڵقیان خۆش دەوێت.

ئەوانەی لە مەلافەندی توورە دەبوون. یان ئەوانەی ئەو دەریان دەکات. هەموو ئەوانە لەو کۆدەبنەوە، حەسارەکەی ئاوەدان دەکەنەوە و گەورە دەبێت، ئاوەکە دەکرێت، چەند خێزانێک ئیشی بۆ دەکەن، (خۆر گەرمیان دەکاتەوە، ئاو بسمیلیان دەکات)، شەو پەپوولەی خەو لەسەر گوڵی مەمکی کیژەکان میوان دەکات، مەلا فەندی بە هەموو دەسەڵات و گوندەکانییەوە و دۆغرمەچییەکان بە پایە و ناسین و وەزیفە و شیعرەکان حیسابی بۆ دەکەن، ئامۆزاکانی لێی نزیک دەبنەوە، ئەویش ئامۆزاکانی لە خۆی نزیک دەکاتەوە.

کە یەکەم تەماتە کەسکە کاڵکەکە سوور دەبێت. سڵقەکە پەڵکی وەک سینگ و ڕوومەت دەکاتەوە. باوەشی کونجییەکی پەڵک وردی لق زراڤ کەروێشکێکی راونراو دەشارێتەوە. دوو بەژنی لاولاو و قامیش دەبنە هەڵم، ساتێک و زۆرتر لەناو گوڵەبەرۆژەکان ون دەبن. کە ئاوەکە لەناو رەگ و پنجەکان دەتوێنەوە، حەسارەکەش ئاوەدانتر دەبێت. خشتی زۆرتر دەبڕن، کاریتەی درێژ و سپی دارەڕێ دەکەن. ژن و پیاوێک منالێکیان دەبێت، وەک خەڵکی شارەکە، ناو لە کوڕەکە دەنێن، ئازاد، کوڕە پێخواسەکانیان خاوێن دەکەنەوە و سەریان دەتاشن و بسکی کیژەکانیان شانە دەکەن و قردێڵەیان بۆ دەبەستن و دەچنە بەرخوێندن، لەورۆژەوە ئاشکرا دەبێت کەوا لە سێتاقانیش ئابوونە بە حزب دەدەن.

# کیژە چاورەشە یۆنانییەکە

ئەو هەفتانە، چەند دینارێک، یان چەند (درهم) ێک لە سەوزەفرۆشەکانی ناو قەیسەری وەردەگرێت، بەشێک لەو پارەیە دەداتە کرێکارەکان، بە بەشێکی تری پارەکە، حەسارەکەی گەورەتر دەکات، بە خێروبەرەکەتی شینابییەکە، نەعوورەکەی قووڵتر، باخچەکە گەورەتر و کەرەستە و تۆ و پەینی باشتر، جۆگەلەی راستر و دواییش سێ تاقەکە بۆ گەیاندنی ئاوەکە دروست دەکات، کە تێدا لە رۆژانی دانانی بەردەکان، وەستا بۆیا باسی کیژە چاورەشە یۆنانییەکەی دەکرد، دڵنیام لەگەڵ قسەکانییدا، زەوقی بۆ مێینەیەکی زۆر زۆر دوور هەڵدەستا، ئەگەر بڕوا ناکەن! دەڵێن دوورە، دەڵێم راستە دوورە و چەند چیا و ئاویان لەنێواندا بوو، چەند دەریای خەوتوو، دەریای شووشە، دەریای لووس، من دەریام وا دیوە، شەوانە دەریاش وەک چاوە ماندووەکان، وەک دەستەکان پشوودەدەن، بەڵام ژووانەکان، نا ... بەڵام دەریای سۆزی ئەو نەدەنووست، ئەو دەیوت:

من دەتوانم و باشیش دەزانم هەموو تاقێک راگرم. ئەوە ئیشی منە!

وەستا بۆیا، پیاوە رەنگ گەنمییەکە، شەرواڵێک و چاکێتێکی لەبەردابوو، ئاکاری دەموچاویشی دوو سیما و رەنگ و تارمایی پێوە بوو، ئەو دەیوت:

من هەر گومبەتێک بە بەرد و بە قسڵ و بە کەرپووچ رابگرم، هەر لەبەر رەشی و پیرۆزی برۆی (چاوی کیژە یۆنانییە کریت)ییەکەیە، ئەو کیژەی لە ئاوارەیی و دیلییدا بۆ من، بۆ بۆیای دیل و بەستەزمان، ببووە ژیان و مانەوە. ئاسان نییە دیلێک بە زیندان ببەسترێتەوە، چاوێک بە فرمێسک گەشاوە بێت، دیلێک بە دوژمنەکەی ئاشنا و هۆگر بێت. ئەو لەبەر چاوی کیژەکە هۆگری زیندانەکە و دوژمنەکان و هەوارەکە و دەریاکە ببوو، یەکەم دیلە پەریشانی گەڕانەوە نەبێت. یەکەم سەربازە هێشتا چارەنووسی شەڕەکە زۆر روون و دیار نییە، کە ئەو دەبێتە جووتیار. یەکەم جووتیار و رەڤانیش بوو بە جلی سەربازی، بە دەستی گوللە و باسکی لوولە و هەنگاوی و پێشڕەویی شەڕ زەیتونی دەڕنێت، لەو شەڕەدا ماندوو نابێت، لەو هێرشەکە ناشکێت و سەرناکەوێت، ئاگری تەواو نابێت، زۆریش بە ساردی شەڕیش دەکات، دوژمنەکەی خۆشدەوێت و

ئەو سەربازێکی دڵۆڤان بوو، دیلێکی زۆر زۆر ئازاد، دەستی ئازاد بوو، چاوی زۆر دەکردەوە، دیلێک بوو، بە هیچ ئاماژە و نیشانە و هەناسەیەک پەرۆش نەبوو بگەڕێتەوە!

کە ئەو کەوانەی یەکەمی تاقەکە تەواو دەکات، ئەو پەلە دەکات، کەوانەی دووەم تەواو بکات، تا ببێتە برۆکانی چاوی ئەو، تا یادی دوورگەی کریت، لەو گەڕەکە نوێیەدا، لەو بیستانە سەوزە نۆژەن بکاتەوە، بەڵام! نەکرا ئاوەکە، نەکرا داواکەی کاک برایم، بەو دوو کەوانەیە مەیسەر بێت، بۆیە وەستا بۆیا، (تاقەکان دەکاتە سێ تاق) و ئاوەکە بەرزدەکاتەوە و لەناو سینگ و ئامێزی ئەو بەری زەوییەکانی برایمی حاجی سەعید دەکات:

وەستا بۆیا، هەموو رق و ماندووبوونەکانی کاروانە پڕ ئازارەکە، بە ماچێکی کیژە یۆنانییەکە لەبیر دەکات.

ئەو لەوێ لە دوورگەی کریت، لە کەوانی چاوی ئەو، فێری کەوان و تاق دەبێت. دەیویست ئاوەکە بە دوو تاق لەو دەڤەرە بپەڕێنێتەوە، چونکە سۆزی بە کیژەکە دابوو، (بەیەکەوە بژین)، چونکە گوندەکەی ئەوان، زەیتونەکان، چاوی ئەو، کریت، ئەویان ژیاندوتەوە.

برایم کەپر و تخووبێکی ئاواکردبوو، بنەماڵەیەک بە چوار پێنج کوڕی سمێڵ رەش و دەستگەورە، دوو پیری لەسەرخۆ، ژمارەیەک منداڵی ورد وەک مراوی، بە رۆژ و لەکاتی زەوق و هەناسەی شیرین لەناو جۆگەلەکە غاریان دەدا، دڵیان خۆش بوو، هەموو بەیەکەوە، شوورەیان بۆ تخووبەکەی برایم دەکرد. هەموو بەیەکەوە شەوەکانیان لە رۆژەکانیان رووناکتر دەبینی، هەموو تاڵی و ئارەقەکانیان بە (شەکراو) دەزانی.

یەکێکیان شارەزابوو لە خشتبڕین. یەکێکیان لە دیوار دانان، یەکێکیان لە ماڵنجکردن لێزان بوو. ژنێکیان زۆر کابان بوو، دەستی نەخش و گوڵی ماچ دەکرد، ئەو جاجم و دووگردی بۆ هەموویان، بەردەوام لە دار و تەون بوو. ژنێکی داماو بە شان و سەبەتەی کوڕە تاقانەکەی گەڕەکەکە و حەسارەکان، بە (نۆکی زەرد وەک زەردێنەی هێلکە)، لۆبیای سوور، وەک لێوی کیژە ئەسمەرەکە، بەیانییان تێر دەکرد، بەیانییەکیان کوڕەکە نەساخ و دەنگ ناساز دەبێت، ناتوانێت هاوار بکات، خەوتووەکان بەئاگابێنێت، دەرگاکان بکاتەوە، دڵسارد دەگەڕێتەوە، بەڵام هەموو لۆبیا و نۆکە جوانەکەی ناو سەبەتەکەی، لەلایەن چەند کرێکارێکی پشتی قەڵابێکی بۆدی ژەنگاوی، کە چاویان لەپشتەوەی قەڵابەکە، وەک چاوی پشیلە دەبریسکایەوە، دەستیان وەک لقی دارێکی شکاو شۆڕببوونەوە، بۆن و گەرمی و تامی ناو (سەبەت) ەکەی لێ دەکرن، کوڕەکە، لەورۆژەوە فێردەبێت، نائومێد نەبێت، وەستا بۆیاش لە چاوی کیژەکە، فێری هیوا ببوو، بەیەکەوە لەو گەڕەکە ئاوەدانییەکە گەورە و زۆر دەکەن!

پیاوێکیان شەوانە نەدەنووست، چاوی لەگەڵ ئەستێرەکان ململانێی دەکرد، تا بزانێت کامیان دەبەزن، ئەو چاوێکی بۆ پاسەوانی دەناردە ئاسمان. کە ئەستێرەیەک دەبێتە چرا، رووناکییەک لە شەوە تاریکەکان بۆ ئەو گوندە نوێیە دادەگیرسێت، لەو گەڕەکە دەبێتە رووناکی و پاسەوان.

ئەو گوندە بەزەحمەتی دامەزرا، زۆر بەزەحمەتی دامەزرا، چونکە زۆرداری و دارکاری و زوڵمی تێدا بەکارنەدەهات، لەوێ ئەو ئاغایانە خەڵکەکەی بە زۆرداری و سوخرە بەکارنەهێنا. لەوێ برایم، دەیزانی بەدەست و ماندووبوونی خەڵکەکەیە باخچەکەی کەسک دەبێت، بڕکەکان، نەمامەکان ئاو دەخۆنەوە، گەورە دەبن، پەڵکەکان پان دەبن. چاوەکان دەبنە گوڵ، گوڵەکان دەبوونە بۆن و دەبوونە دەسک و ئامێز، دەهاتنە شار و لەناو سەوزەفرۆشەکانی قەیسەری دەفرۆشران، بەخاوێنییەوە لە دەرگا بەپەردە داپۆشراوەکان، بە (زەمبیلە حەسیرەکان)، بە شەرواڵە گەورەکان، ژنە کەوا دووبەرەکان، دەبرانە ماڵە دوو نهۆمەکانی قەڵات، کە تەیراوییەکان خانوویان دروست دەکرد و ماندوو دەبوون، سەوزەی کێڵگەی ئەویان دەکوڵاند و هەناوی تێر و گەرم دەکردن.

کێ فێری کردبوو، یان خوڵق و تاسە و نەستەکانی فێری کردبوو. ئەو فێرببوو، کەوا زێڕ بۆ هەڵگرتنە، باش و دروستیش فێریش ببوو، کەوا (زیو بۆ لەبەرکردنە)، موڵکیش بۆ ئاوەداکردنەیە. لەناو خانوو و لەبن ساپیتە و بەر سێبەرەکان، مەمک دەبێتە سێو و دەمی تینوو کەرت کەرت دەیخوات و شیرین و بەتام دەبێت.

ئەو ئارەزووی بوو، ئەو زەوییەی لە براکانی وەرگرتبوو، لەجیاتی موڵکەکانی ناو قەیسەری، لەجیاتی خانووە گەورەکەی ناو قەڵات، لەجیاتی دووکانی سەوزەفرۆشییەکەیان، لەجیاتی دیوەخان و سەربان و (سارداو)ەکەیان، ئەو موڵکی زۆری دەشتەکە هەڵدەبژێرێت، بڕوای بەوە دەبێت، کەوا موڵکی زۆری دوور، باشترە لە موڵکی کەم، کە هەموو چاویان لەسەر بێت.

هەر لە یەک وەرزدا، کەپرەکەی لە دەشتە چۆڵەکە، چۆڵ و دوور بەڵام ئاوی هەبوو، دەبێتە دیوار و ساپیتە و پەنجەرە و کوڵانکە. دەرگایەکی شڕ، لەگەڵ دوو پشیلەی لەڕ، تووڵەسەگێکی پشت درێژی رەق و وشک، پیرەکەرێکی بێ (کورتان)، خۆی ساز دەکات، بەتووڕەییەوە دەڵێت:

من، نەک ئەو سەربەست و خاکەسوورەکە و بەرجۆگەلەکە و ناودڕەکان، بە یەک کیسە زێڕی زەرد نادەم، بە هەموو دونیای ناگۆڕمەوە، هەرگیز دەستبەرداری نابم، من لەسەر قەڵات بووم کە هاتمە خوارەوە، لەناو جەرگەی قەیسەری و لەگەڵ سەوزەفرۆش و قەساب و دارتاش و کوورەچییەکان، هاوشان بووم، کە هاتمە ئەو چۆڵەوانییە، کە بڕیارمدا بێمە خوارەوە، بڕیارمدا، برا و برازا و مام و پلکەکانم بەو زەوییانە بگۆڕمەوە، بەڵام لێرە ئاشنای مانگ و سێبەری کەوا

پان و (چاوی پشیلە) و ڕەنجبەرە ماندووەکانم، هەر لێرەش جوانترین کیژم دۆزیەوە، گەورەترین دەست و سینگ و چاو و نانی گەرمم لەو ژنە دەسکەوت. نانی بەیانییم بەقەد سینگی قەڵات پان و تەنکە، ئاوم بەشەو مەندە و ناجولێتەوە و ڕۆژانە چڕنووک و شانە و شەنەی هەیە و دەگاتە بن هەموو پنجک و قەد و شینایيیەکان. من لێرە هەموو کەرەستە و پشکۆی ئاگردانم هەیە.

## کوشتنی پیاوەکەی سێتاقان

ئەو شەوەی کوڕە مەرد و ئازاکەی سێتاقان دەکوژرێت، کە تەرمی کوڕەکە لەناو ماڵەکە دەشارنەوە، پاش ناشتنەکە ناوژوورەکە تەڕ دەکەن، خۆڵە زیادەکە لەسەر عەردەکە پەرت دەکەن، دووبارە (حەسیر) ە قامیشە دڕەکان، لەناو ژوورەکە رادەخەنەوە.

ئەو ژوورەی ماوەیەک دیوەخان بووە و میوانی لایەدی تێدا نوستووە، دوایی بووە بە مزگەوت و حەرەمیان بۆ کردووە، کوڕە دەنگخۆشەکەیان بانگی ئێوارانیشی تێدا دەدا، هەر بەخۆیان و میوانەکانیان، شەوان و رۆژانی هەینی نوێژییان تێدا دادەبەستا. کە بەخۆیان کوژراوەکەیان تەلقین دەدەن، حەسیرەکانی ناو ژوورەکە بە کەرتە (دووگرد) و مافوورە شڕە سوورەکان، دادەپۆشنەوە، دوا دڵۆپە فرمێسکی بەدەستی ساردیان دەسڕنەوە، ئەو یەکەم کەس لەسەر قەبرە تەڕە نوێیەکە هەڵدەستێت، پیاوە ماندووەکان، ژنە سووتاوەکانیش هەڵدەستێنێتەوە، هەموویان بەئاسانی لە ژوورەکە دووردەکەونەوە، چونکە دەزانن زۆر لەو دوورناکەونەوە، ئەوان دەچنەوە ژوورەکانی تر، ئەویش بەتەنیا لەگەڵ برینە قووڵەکانی لە ژوورێکی لاچەپی حەسارەکەیان دەمینێتەوە، ئینجا بەدەستی خۆی دەرگای ژوورەکە دادەخات بە کیژەکانی، بە بووکەکانی دەڵێت:

ئەمشەو، هەموو گریانی خۆتان بکەن، ئەمشەو هەمووتان بۆ مەرگی رەزاق بەگەرمی و بێ دووکەڵ و بێ (سۆتەک) بسوتێن، هەر ئەمشەو حەقتان هەیە، بۆ برایەکەتان بگرێن، کە هەمووتان، ئێوە و کیژە پلکەکانتان، پێتان دەوت رەزاقە سوورە شێرەکە، بەیانی لەو ماڵە، لەو حەسارە، لەو گەڕەکە و لەسەر باخچەکان، لەسەر جۆگەلەکە و لەسەر نان و خوانەکاندا گریان تەواو، پرسە و لەخۆدان و رەشپۆشی، بۆ ئەو، تەنیا دوو سێ سەعاتە، تەنیا یەک شەوە و تەواو.

خوشکێکی رەزاق بە باوکی دەڵێت:

بابە مەترسە، ناگرێین، تا تۆڵەی نەکەینەوە!

ئەویش هەردوو دەستی وا لەیەک گیربببوون، لەیەک نەدەکرانەوە، بەبێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە وتی:

کیژم، نامەوێ بەیانی حکومەت و جاش بزانن، گریان و رەشپۆشییم ناوێت.

کیژەکە دواقسەی خۆی دەکات:

من ماوم، من شوو ناکەم... تا...

باوکی بەپشتی شکاوییەوە، هەموویان، هەموو چاوە گریاوەکان، دڵە پڕ ژانەکان، خەمە گەورەکان، لەکن گۆڕەکە و لەناو ژوورەکە و لەسەر حەسیرە تەڕەکە و گۆڕە بێ کێڵەکە دووردەخاتەوە، هەموویان سەرکز و چاوسوور و دەنگ نووساو دەچنەوە ناو حەسارەکە، دەرگا گەورەکە کلیل دەدەن، بەڵام چراکان ناکوژێنەوە، (پشیلەکان نان نادەن)، کووپەکان مشت ئاو ناکەنەوە، خۆڵەمێشی سەر سەماوەرەکە پاک ناکەنەوە، ئەو شەوە ئەندامێکی خێزانەکەیان کەم دەبێت، ئەو شەوە هەموویان درەنگ چاوەڕوانی گەڕانەوەی رەزاق ناکەن!

ژنەکان، بەو شەوە، بەوە جەرگسووتانە، تەرمە کوژراوەکەیان لەناو ژووری نووستنەکەی دەشۆن. بەو شەوە درەنگ و بەسامە، منداڵە چوار ساڵییەکەی هەناوی هەڵزراوی باوکی دەبینێت، منداڵەکە دەیزانی لەو شووشتنە پەلە دەکەن، لە لەبەرکردنەوەی جلەکانی، لە کردنەوەی پشدێنەکەی، لە سەیرکردنی گیرفانەکانی پەلە دەکەن، پەلە دەکەن نەوەک کاغەزێکی راسپاردەی پێ بووبێت، سەیری هەموو گیرفانەکانی دەکەن، (ئەوە یەکەم جارە، کەسە نزیک و خۆشەویستییەکان، بتوانن دەست لەناو باخەڵی ئەو رابکەن)، پۆلیس و ئەمنەکەی مەعاونیەت و جاش پۆلیسەکانیش نەیانتوانی بەرباخەڵی بپشکنن، وا لە ماڵەوە، لەناو ماڵی خۆی، وا ژنەکان، تا تەرمەکەی بشۆن، جلەکانی لەبەردەکەنەوە، یەک بەیەک گیرفان و بەر پشدێنەکەی دەپشکنن...

# گریانی شەوەکە

ئەو لە سەعات دەی شەو دەکوژرێت، ژنە ئازاکە، کە لە ژوورەوە بۆنی خوێنی شێرێک دەکات، کە دەزانێت حزبێک کوژرا، بەبێ دوودڵی دەرگای حەوشەکەیان دەکاتەوە و بەپێخواسی، بەسەری کۆتەوە، دەگاتە سەر جەستە بریندارەکە، دەگاتە کن ریخۆڵە رژاوەکە، دەگاتە کن سکە هەڵدڕاوەکە، دەگاتە کن (شێرە سەربڕاوەکە). ئەویش لەدوا هەناسە و لەدوا سەیری ئەستێرەدا، یەکسەر ژنەکە دەناسێتەوە، دەزانێت کە بەو چەند گوللەیە، بەو غەدرەی لەو کراوە، زۆر رەنگی گۆڕاوە، زۆر ئەستێرەی چاوی رژاوە، دەزانێت کە ژنەکە ئەو دەناسێتەوە و پیاوە مردووەکە، هەناوە رژاوەکە بە ژنەکە دەڵێت:

من رەزاقم، من نامرم، چونکە پێشمەرگەی زۆر ماون، تۆڵەی من دەکەنەوە، کوڕ و کیژەکەم بێ باوک نابن، لە سێتاقان من بنێژن... سێ تا... قانننن!

ژنەکە پێیەکی لە کەوا و (کراسە بە باخەڵ)ەکەی گیردەبێت و بەپەشێوکاوییەوە دەڵێت:

دەزانم، دەزانم... پێیان دەڵێم، لەناو سێتاقان... بەڵام تۆ نامریت!

ژنەکە دەزانێت، کە تەرمەکە، هەناوە رژاوەکە، ریخۆڵە و هەناوی رەزاقە سوورە، بەڵام بڕوا ناکات، بیست گوللەش ئەو پیاوە بەجەرگە بکوژێت، بڕوا ناکات گوللەی (بڕنۆ)ش، هەناوی ئەو ببڕێت، بۆیە بەسەرسامییەوە بە هەناوە رژاوەکە و مردووە زیندووەکە دەڵێت:

تۆ برای ... !؟

نا من برای هەموو کیژ و خوشکەکانی ئەو شارەم!

ژنەکە، بەبێ ئەوەی بزانێت جەستەی لە تەرمەکە نزیک دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی لە خوێن و ریخۆڵەی رژاو و جەستەی شکاو بترسیت، لە شەوە تاریکەکە بترسێت، لە دەنگی تەقە زۆرەکان بسلەمێتەوە، لە برینە گەورەکە ناوکی بکەوێت، یان (تۆزێکیش سل بکاتەوە)، قسەی لەگەڵ دەکات:

نابێ تۆ بمریت، نا... نابێت!

هەزار دەرزی، یەک (گاسن) ی لێ دەرناچێت، بەڵام گاسنیش ناتوانێت ببێتە دەرزی دەستی کابانێک، نەخشی کڵاوێک بۆ سەری مەردەکان بکات، نابی پیاوی مەرد بمرێت، مردنی ئەوانە مردنی شارێکە.

پیاوەکە، تاقەتی قسەکردنی نەبوو، بۆیە لەجیاتی ئەو، دەمانچە سوارەکەی، فیشەکە سوورە تیژەکە دێتە وەڵام، دێتە قسەکردن و دەڵێت:

(ژنەکە، بەو شەوە و لەبەر تریفەی مانگە ترساوەکە، گوێی لەو پەیڤانە ببوو):

من وتم دەتەقم، من وتم ئەو دەکوژم، بەڵام ئەو پیاوەکەی دەناسی، نەیدەویست بیکوژێت، دەیویست دڵنیای بکاتەوە کەوا پەشیمان بێتەوە، چەکی سەرۆک جاشەکە فڕێ بدات، بەڵام ئەو تەقە لەو دەکات و ئاگرێک لە هەناوی بەردەدات.

ئەو بە ژنەکەی وتبوو:

یەک قوومە ئاو، ئاو... (دەیویست ئاوی جۆگەلەکە بخواتەوە، کە زۆر لەگەڵ بەژنی سەمای کردووە، بەیەکەوە شەوانە هاوجووت رێیان کردبوو، دەیویست ئاوی ئەو کارێزە بخواتەوە، کە سەدان جار، ئاوەکە لەناو کارێزەکە بۆ ئەو دەبوونە چرا، بۆ ئەو ببوونە رووناکی، دەیویست ئەو ئاوە لە هەناوی بکات، ئەو ئاوەی دەویست، کە چیرۆکی سەما و کاروانەکەی زۆر درێژە، درێژترە لە رەچەڵەک و ناوی هەموو بنەماڵەکەیان، ئەو ئاوەی دەیویست بخواتەوە، دڵنیاش بوو، ئەو بەو ئاوەش دەمرێت، بۆیە بە مردنی نازانێت، چونکە بەو ئاوەیە دەخنکێت، بەوە فێنکییە دەسووتێت، بەو بەژنە لە پەت و سێدارە دەدرێت...)

ئەو ئاوی خواردنەوەی دەویست تا بمرێت، بەڵام باوکی ئەو، بە ئاوی شیرینی بەستی گردیش و (بەستی مزووران) و جۆگەلەکانی ئەو دەشتە، دەشتێکی زەردی بەرینی کەسک و ئاوەدان دەکات.

ئەو بەو ئاوە، چەندین خێزانی (بەلەنگاز) و راونراو و ترساوی بن دەستی غەدری زۆر حەواندوتەوە.

باوکی ئەو، بە ئاو، بەژنی گوڵەبەرۆژەی بەرانبەر رۆژی گەرم راگرتووە، بە باڵی پەپوولەی ناسکی وتووە (چاوی تۆ، یان گوڵە سوورەکەی تەماتە جوانترە).

ئەو بە ئاو و جۆگەلە و کاریزەکان، بە ئاغاکانی ناوچەکەی وتووە:

من ئەو موڵکە نافرۆشم، بۆیە ڕەزاقە سوور، ویستی بەر لەوەی بمرێت، بەر لەوەی خوشکەکانی بگەنە سەری، گوێی لە گریان و فیغانی ئەوان نەبێت، بە ژنەکەی وتبوو، کە یەکەم کەس بوو، لەو شارە و بەو شەوە ترسناکە، یەکەم ژن بوو، بێتە سەر پێشمەرگەیەکی بریندار، ئەو یەکەم ژن بوو، لە مێژووی ئەو شارەدا، بگاتە سەر تەرمی پێشمەرگەیەکی شۆرشەکەی مەلا مەستەفا و پارتی. ئەویش دوا قوومی ئاوی جۆگەلەکەی خۆیانی لە هەناو دەکات، بەو ئاوەش دوا هەناسەی ژیان دەدات و ...

## یەکەم شەهیدی ناوشار

ئەویش یەکەم دڵۆپە خوێنی خۆی لەسەر گەڕەکەکەیان، نزیک بەستەکە، نزیک دارتووەکەی مام سلێمان، نزیک گامێشەوانەکان، نزیک حەوزەکە و سێ تاقەکە و حەسارەکەیان، لە کۆڵانێک تازە (شێلمانی کارەبایان) بۆ دانرابوو، بەڵام تەنیا دوو ماڵ کارەبایان بە عاموودێکی باریکی سەر بە فنجانێکی شووشەیی رەنگ شیریی گەیاندبووە ماڵەکەیان. تەنیا دوو ماڵ، یەکێکیان کچێک و کوڕێکیان لە قۆناخی ئامادەیی خوێندن بوون، ئەوانە لە گەڕەکەکە، شەوانە کارەبایان بۆ دوو گلۆپ راکێشابوو. دوو ماڵ، لەبەر کتێب و نووسینی منداڵەکانیان، کارەبایان هێنابوو، شەوانەش ئەستێرەی رووناکییان لەبەر دەرگا شڕەکەی دەرەوەیان دەبریسکایەوە! لەوێ و لەو کۆڵانەدا، ئەو خوێنی دەرژێت.

عاموودەکان، تێلی ماندوویان بۆ کارەباکە و باڵندەکان و سێبەرێکی چەماوە راگرتبوو. منداڵانیش، بەتایبەتی کچان، دوو لەو عاموودانەیان کردبووە، دوو خاڵی راکردن و بردنەوە و گڕدانی شاری راکردنەکەیان.

کوڕەکانیانی کۆڵانەکەش، بە هەردوو پێیە پانەکانیان، تا نزیک فنجانە شیرییەکە سەردەکەوتن، دەیانویست بزانن، ئەو دوو تێلە چۆن رووناکی دەدەنە شووشە تەنکە هەڵواسراوی ژوورەکانیان، کە پاشان ناوی دەبێتە گلۆپ و نیۆن. یەکێکیان کوڕێکی گوێ قیتی باریکەلە، کە پەنجەی پێیەکانی لە هەموو منداڵەکانی تر درێژتر و باریکتربوو، ئەو دەستێکی دەگاتە وایەرێکی کارەباکە، دەستی وەک باڵی باڵندەیەک دەفرێت، جەستەی فڕێ دەدات، بەڵام بۆ ناو جۆگەلەکە، بەر پێی ئەو منداڵانەی سەریان بەرزکردبووە، تا بزانن تێلەکە چ لەو دەکات، تەوژمی کارەباکە چ لەو دەستە دەکات، لاملی لەگەڵ دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر وایەرەکە، لاساری لەگەڵ وزە شاراوەکەی کارەباکە دەکات!

ژنەکە بەپەلە دەگەڕێتەوە، ژنەکە، (جەڕە)کەی بن هەیوانەکەیان، قووڵپ دەکاتەوە، ماستی ناو فافۆنەکە، یان دۆشاوە شیرینەکەی ناو فافۆنەکە، رەنگە فافۆنەکە نە ماست، نە دۆشاو و نە

ئاوی کونجیشی تێدا بووبێت، فافۆنەکە پڕ لە ئاو دەکات، لەتەنگاویان نیوەی ئاوە ساردەکە، بە کراس و کەواکەی دادەکات.

ئەو نیوەی ئاوی فافۆنە دەم شکاوەکە، لەدەمی پیاوە بریندارەکە نزیک دەکاتەوە، ئەویش، ئەگەرچی چەند گوللەیەک هەناوی بڕیبوو، ئەگەرچی ئەو دەیزانی تەواو بووە، لەمێژە هەموویان دەیانزانی ئەو هەر دەکوژرێت، هەموویان دەیانزانی ڕەزاق تەمەنی درێژ نابێت، ژنەکەی و کوڕەکەی و کۆرپەکەی بۆ خەم و ناکۆکی و ململانێیەکان لەسەر موڵک و شەهیدانە و قەسر و موڵکەکانیان جێدەهێڵێت، شەنگ و هێز دەداتە بەر خۆی، (جامە ئاوەکە) لە ژنەکە وەردەگرێت و بەسەر دەمی وەدەکات، ئاوەکە هەناوی دەشواتەوە، لەناو سکی دێتە خوارەوە و یەکسەر بەو جامە ئاوە دەمرێت.

ئەو، بەو شەوە و بەو برینە زۆر سوور و زۆر قوورسانە دەمرێت و یەکسەر ژنەکان ناڵە و فیغان و شین و گریانی بۆ دانابەستن و پیاوەکان چۆکیان ناشکێت، نازانێت بنەماڵەیەکی گەورە، پیرەکان، مناڵەکان، (بە زمانی کوردی و بە زمانی تورکی) بۆ ئەو، خەم و ژان دەردەبڕن.

کە ئەو دەمرێت، لەسەر قەڵات، لە گوندەکانی باڵەکایەتی، لە قەسرێ و لە گوندی مەمیخەلان، لەسەرکردایەتی، لە بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی لە سەر چیای سەفین و ماوەت، نوێنەرەکەی حزب لە تاران، کە تازە لەوێ دانرابوو، هەموویان بڕواناکەن ئەو بکوژرێت، گوللە ئەو ببڕێت، یان ئەو لە گەڕەکەکەی خۆیان بکوژرێت، بڕواناکەن! حزب و ڕێکخستنەکانی حزب و هەموو کادیرەکان، هەتا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و مەلا مەستەفاش بڕوا ناکەن!

## یەکەم رۆژباش

لەورۆژەی کورە گچکەکەی برایمی باخچەچی، لە (مزگەوتەکەی قەڵات)، فێری وشەی رۆژباش دەبێت، لەوێ شەمسەدین موفتی و عەونی یوسف و مەلا ماتۆر دەناسێت، تاقەتی ئاو و جۆگەلە و تەماتە شکاندنەوەی نامینێت.

ئەو، بەوە گۆڕانە، پەریشان و سەخڵەت دەبێت، بەڵام! ناڕەزاییەکەی تەنیا لە چاوەکانی دەبینرا، نەک بەقسەکردن، ئەو قسەی نەدەکرد، هەرگیز بە کوڕەکەی نەدەوت:

کوڕم تۆ هەر بڵێ رۆژباش، سەوزەفرۆشەکان پێت دەڵێن (پاشاوپاش)! هەر دوو سێ کەسێک بە گیان باش، یان بەیانی باش وەڵامت دەدەنەوە.

ئەو رۆژێکیان، لەدیار سەمای جۆگەلەی ئاوەکە وەستابێت، لەوێ نەیوتوە:

تۆ خۆت بەحزبایەتی ماندوو و شاناز کردووە، چ حەقت بە خوشکت هەیە، ئەو بۆ هاوکاریت بکات، ئەوت بۆ تێکەڵکردووە.

ئەو نەیدەوت:

کوڕم واز لەو کۆبوونەوە و هاتووچۆیانە بێنە، هەرگیز مەلا مەستەفا ناگەڕێتەوە، وەرە خووی خۆت بەدەرەوە باخچە و جۆگەلە و سەپانەکان.

ئەو بەئاشکرا و لەسەر سەکۆکە کە سەری لێ کۆت دەکرد، لەوێ نەیوتبوو:

ئەو حکومەتە بە فرۆکە و خەونەکەی (رەمزی نافیع ئاغا) نەرووخا، بە کۆبونەوەی لیژنەی حزب لەناو ئۆردی دەرووخێت، کە ناویان لە خۆیان ناوە (لیژنەی گوند)، یان بە ئەو پۆلیسانەی لە (لیژنەی دێ) کۆبوونەوە دەکەن. ئەوانە لە نەوەی شەریفی (مەکە)ن، پشتیان ئەستوورە و ئاسانیش نییە مەلا مەستەفا لەناو رووسەکان بێتەوە!

بەبێژینگە چەڵتووکێک، سێ مانگ سەپانی برنجم کردووە، هەتا برنجەکە دەهاتە دەستمان و بژارمان دەکرد و لێمان دەکرد، نیوەی دەمایەوە، ئینجا، جاروبار دەکرا بە شۆربایەک و لەبەردەم نەخۆشێک دادەنرا، هەر ئەوەندەمان هەبوو، بۆیە دەبێ خەبات بکەین، نان و ئازادی دەستەبەر بکەین. (ئەو قسەی گەرمی ناو کۆبوونەوەیەک بوو، کە ئەندامێکی ماندووی بن زەبری (دەستاڕ)ی کار و شارەکە دەیکرد).

بەڵام رەزاقە سوور برسی نەبوو، زۆر برسی، سەرمابردووی زۆر، سووتاوی زۆری بەر گەرما، منالْی نەخۆش و ژنی حەسرەتداری زۆر لەماڵ و حەسار و سەرجۆگەلە و جۆخینی ئەوان نانیان دەخوارد، ئەوان لەماڵەوە و بەر لە حزب و لەشکر و پێشمەرگایەتی تفەنگی چاکیان هەبوو، لەناو حەسارەکەیان جوولەکەی خۆیان هەبوو، (مانگ مانگ لەماڵیان دەمایەوە)، جلوبەرگ و چۆغە و خومچیەتییان بۆ دەکردن، تەونیان دەکرد، جۆلاییان دەکرد، ئاسنگەر و دارتاشی و دکتۆریان بۆ دەکردن.

ئەگەر دەمزانی ئەو وڵاتە وایە، یان ئەگەر دەسەڵاتم هەبووایە، هەمووم لەگەڵ خۆم دەبرد و سەرم هەڵدەگرت، لەوێ من دیل بووم، زمانی ئەوانم نەدەزانی، بەڵام چاوی ئەوانم خۆشدەویست، شەرابیان بەتام بوو، هەموو ژانەکانی سووک دەکردم، (ئەو رازی یەکەمە بۆ ناسینی وەستا بۆیا). وەستا بۆیا هێشتا بەردەکەی لەسەر قسڵەکە دانەنابوو، دەیوت:

دەی بەرد! بەردێکی تر...

پیاوەکەی بەردەستی، کە جەمەدانییەکەی سەری وەک رووکاری بەردە هەنجن بەهەنجن بوو، بڕواناکەم تاقەتی هەبێت، گەرمایی، یان پەڕەکانی کێشکەیەکی بریندار بگێڕێتەوە و سەری سپی تر نەکات. ئەو بەردێکی تری لە دەستی وەستا بۆیا زۆر زۆر نزیک دەکردەوە و دەیوت:

ئەو بەرد، باشە!

ئەو دەمی لەوە فێرببوو، هەر دەیوت بەرد بێنە، بەردەکانی بەئەندازەوە دادەنا، دەیویست کەوانەی تاقەکە وەک کەوانەی رێگاوبانەکانی ناو (کریت) و ئەنادۆل بێت.

وەستاکە بەراستیش لە براگەورەکە دەترسا، کە لە ئەسپەکە دەهاتە خوارەوە و سەیری دەست و بەردەکانی دەکرد، بەردەکان لە ترسانا، لە جێگای خۆیانەوە راست دەبوونەوە، جوان خۆیان دەنواند، بۆیا شانسی هەبوو، بەردەکان رێک دادەمەزران، بەرد لەناو دیواریش لە شوێنی خۆی سەنگینە، لەسەر ئەو تاقەش، وا رادەگیرا تا ئاوەکە، جۆگەلەکە بباتەوە بەر دەرگای مزگەوتەکەی قەیسەری، بەردەکان، دەبوونە پرد بۆ ئاوێک، شارێکی رووناک و تێر دەکرد.

ئەو کە لە ئەسپەکە دادەبەزی و لە رەنگ و لێوەی بەبزە و چاوی بە شەوقی کرێکارەکان دەیزانی، وەستا بۆیا بەزمی خۆی لەگەڵ کیژە یۆنانییەکە گێڕاوەتەوە، دەیوت:

کوڕە وەستا بۆیا، واز لەو قسانە بێنە ئاگات لێ بێت، ئەو کوڕانە قسڵەکە خەسار نەکەن، بزانە بەردەکان بەشمان دەکات، کوڕەکانم لێ هار مەکە، واز لەو بەزمە بێنە!

## دوو یان سێ تاق

برای من، کەسی من، من دەمەوێ ئەو جۆگەلەیە بە دوو تاق بپەڕێنمەوە، بەیادی دوو برۆی چاوی کیژە یۆنانییەکە، تۆش دەڵێیت جۆگەلەکە بە چوار تاق دەپەڕێتەوە.

کوڕە بەسە واز لەو بەزمە بێنە!

کاکە برایم ناتوانم، هەتا ماوم...!

دەتوانی... بەسە رۆیشت... ناگەڕێتەوە!

دەزانم، بەڵام دڵم هەر لەگەڵ دوو کەوانەکەیە، ئەو دوو برۆیەی، هەموو ژانەکانی دیلی و برسیەتییەکانی ئەو چەندساڵەی سووک کردبووم، من لەو کاروانەدا، لە رۆژانی (سەفەربەلەک) زۆر ماندوو بووم، ماندوو دەبووین، چونکە هەر دەشکاین، عوسمانییەکان هەر دەشکان، پێم خۆش بوو کە دەشکان، چونکە دەمزانی بەشکانی ئەوان، ئەو دەسەڵاتە دەروخێت، وڵاتەکەم دەربازی دەبێت، من دەگەڕێمەوە، کە دەشکاین دڵم توند بوو، چونکە هەستم بەشەرمەزاریش دەکرد! شکانی سوپا و لەشکر وەک شکانی ئەو پرد و کەوانە و گومبەتانەیە، کە من بە بەرد و بە قسڵ بەرزیان دەکەمەوە و رایاندەگرم!

من مێردمناڵێک بووم، عوسمانییەکان قۆڵبەستیان کردم، هەر من نەبووم ئێمە زۆر بووین، زۆرمان موسڵمان بووین، چەند کەسمان دیان بووین، ئێمە دیانەکان، زوو یەکترمان ناسیوە، بەڵام قسەمان نەکرد، (خاچ)مان لەسەر سینگمان نەدەکرد، موسڵمانەکانیش نوێژیان نەدەکرد، چەند ساڵ ماینەوە چەندین رەمەزان و قوربان رۆیشت، ئێمە هەر لەو بەرەوە دەچووینە بەرەیەکی تری شەڕەکان، دەشکاین و دووردەکەوتینەوە، دەمانزانی سەرئاوی سوپاکەمان گەیشتوونەتە (بەلگراد)، لەوێ عوسمانییەکان سوپا و حوکم و زیندانیان هەبوو، لەوێ کەنیزە و ژنی نازنازیان بۆ دەهات، لەوێ نەخش و وردەکاری جوانکاریی دروستکردن و لەبەرکردنیان بۆ دەهات!

بۆیا لەورۆژە، لەکاتی راگرتنی تاقەکانی ئاوەکە، بە براگەورەکە دەڵێت:

ئەو تاقانە چەند بەرد و قسڵ و ئاو و نانی دەوێت، گرنتی دەداتێ کەوا جۆگەلە ئاوەکە، لەسەر ئەو تاقانە بپەڕێنێتەوە، بەڵام نەیدەزانی کە تاقەکان چۆن بوونە سێ، نەک دوو تاق، بوونە سێ تاقی بە بەرد و قسڵ، نەک دوو بڕۆی ئەو کیژەی، لە دوورگەی کریت، کە لە زیندانەکە ئازاد دەبێت، دوو جۆرە تاقی دوو کەوانەیی دەبینێت، بڕۆیەکانی ئەو، تاقی پرد و ڕێگاکان، هەر بەیادی بڕۆکانی کیژەکە، کە ماوەیەک بەیەکەوە و لەناو باخچەکانی ئەوان زەیتونیان ڕنیوە، کە باوکی کیژەکە دەزانێت ئەو دیانە، عوسمانییەکان وەک مەسیح لە خاچیان داوە، چەند ساڵە وڵات بە وڵات، بە سەربازی و بە کرێکاری و بە نانکردن و بە بارکردن دەیگێڕن، وڵات بەوڵات، شار بەشار دەیگێڕن، باوکی کیژەکە دڵی لەوە ناترسێت، کە بەتەنیا لەگەڵ کیژە شەرمنە لێوە ناسکەکە زەیتون دەڕنن، بەیەکەوە ترێ دەکوشن، (بەیەکەوە سەبەتە بۆ یەکتری بەرزدەکەنەوە و دەستی یەکتری دەگرن)، بەیەکەوە یان بەدیار ئەو، زەوی دەکێڵن، لەگەڵ بۆنی گەردەنی ئەو، ترێی بۆ شەراب و زەیتون بۆ ڕوون و سابوون دەکوشێت، بۆیا کە یەکەم ماچی کیژەکە دەکات، نازانێت پێی بڵێت:

کیژە کریتییەکە، چاوت وەک ئەو زەیتونە ڕەشە، هەموو دەنکە زەیتونەکانی، ئەو باخچە گەورەیە، کە سێبەریان، لەو گرد و زوورگانە کردووە، چاوی تۆ بوون، قەدە ئەستوورەکان، لقە هەمیشە سەوزەکانی پیرە زەیتونەکان، (فێربوون قسە لەگەڵ ئەستێرەکان بکەن)، ئەوانیش چاوی تۆیان بەخۆیانەوە هەڵواسیوە، چاوەکانی تۆن، بوونەتە مێوەی ئەو دارە وشکە!

بۆیا بەڕاستی ئەو لە دوورگەی کریت هەرگیز نەدەهاتەوە، بەڕاستی بە ناو و بە ڕەنگی ئەسمەرەکەییەوە ببووە کوڕی ماڵەکە، ببووە لقی دار زەیتونێکی نزیک ستوونی هەیوانەکەیان، ببووە نەورەسێکی سەردەریاکە، ئەو دەریایەی هەموو گیانەوەر و زیندەوەری تێدا بوو، وا لە گوندێکی سەردەریاکە، کوڕێکی دیل لەنێو ڕەز و بەرزاییەکانیدا بەشەکەتی و هەناسەسواری بۆ پەیدا بوو، ئەویش لەو دەریا جوان و نەرم دەبێت، ئەو لەوێ ڕازی و ئامادە بوو، هەموو بەردەکانی ئەو شاخ و گردانە، بۆ ئەوان، بۆ سێبەر و ئاوەکە، بکاتە (کەوانە و بنمیچ و ساپیتە).

ئەو لە ڕێگاکە ترسابوو، دەیزانی هەرگیز ناگاتەوە (هەرمۆتە)، ناگاتەوە حەلەب، لەوێ سواری شەمەندەفەرێک نابێتەوە، ئەو بە چ سواری شەمەندەفەر بێت، هەوارەکان دوورن، ئاوەدانییەکان ترساون، برسیین، دەربازبوون لەناو دووکەڵی شەڕەکان، ئاسان نەبوو، دەیویست ببێتە کوڕ و (عاشقە شێتەکە) و لەوێ هەزارەها گۆزە شەرابی سوور و سپی و خەست دروست بکات، شەوانە بەر لە نووستن و بەر لەوەی بچێتە ناو جۆلانەکەی ناو دار زیتوونەکە، زۆر زۆر شەرابی سوور، شەرابی سپی بخواتەوە و شەرابی لێوی کیژەکەیان مەستی بکات، بەڵام! زۆرداری ئەو دەبات و

زۆرداریی و چەکەکان دیلی دەکەن، دووبارە هەر زۆرداری، بەڵام بە دانوستان و سازش دەیگێڕێتەوە!

ئەو بیری لەوە نەدەکردەوە، دووبارە بگەڕێتەوە و لەو هەولێر لەناو باخچەکانی پشت شار، لەنزیک باخچەکانی عەتوڵا ئاغا، سێ تاق بۆ پیاوێکی (روومەت ناسکەنان)، چاوشین، سمێڵ نەرم، کەوا فش و سوار دروست بکات.

نەک نەدەیزانی و بڕواشی نەدەکرد، بگەڕێتەوە، ئەو چۆن بگەڕێتەوە، ئەو زۆر دوور رۆیشتبوو، بۆیە بڕوای نەدەکرد، بگاتەوە و لێرە بەرد بکاتە بواری پەرینەوەی ئاو، ئاوەکەش سەوزایی بەرهەم بهێنێت، بیری لەوە نەدەکردەوە، (لەبەر ماچەکان)، کە بەئاسانی دەستی چۆن زەیتونی دەڕنی، ئاواش ئاسانتر و خۆشتر، دەستی دەگەیشتە هەردوو مەمکی کیژەکە. لەوێ بۆیا دەبوژێتەوە، بەڵام دووبارە لەجیاتی زەیتونە رەشەکانی چاوی کیژەکە، دەگەڕێتەوە، دەستی، لەناو بەرد، بۆ ئەو دەبێتە دوو بەردی رەق.

لەوێ خەوی لێدەکەوێت، خەونی جوان دەبینێت، لەوێ دەریا دەبینێت، دەریای خۆشدەوێت، لەوێ، هەمووکەس لەبیردەکات، لە ژانەکانی مەسیح دەتۆرێت، بڕواش بە فریادرەسی ئەویش دەکات، بەڵام بەیانییەکی زوو، دوو چەکداری لەشکری بەرزاییەکانی (خانیا)، لەشاری خانییەوە دەگەنە بەر سێبەرەکە، لەوێ، دەزانن کەوا ئەویش پیاوێکی دیلی عوسمانییە، پیاوێکی گەنج، لەو گوندانە خەریکی رەنینی ماچی زەیتونە، لەوێ سێبەرەکەی خۆش لێ داهاتووە، شەوانە لەسەر بەرزاییەکانەوە سەیری کەوتنی خۆر دەکات، زەردەپەڕ لەوێ دەبینێت، ئەویش وەک یۆنانییەکان، سەیری کەوتنەخوارەوە خۆر بۆ ناو ئاوە مەندە بەرینەکە دەکات، لەوێ دەبینێت کە چۆن بەنازەوە (رووناکی دەچێتە ناو دەریاکە).

## شەراب

هەر چەند ئەو دەچێتە سەر دارەکان، بە سووتان و بە سۆزەوە دەچێتە ناو چاوی کیژەکە، کە لەسەر لقێکەوە دەگاتە لقێکی تری تیژ و باریک، لەناو چاوی کیژەکە نزیک دەبێتەوە، مەست و سەرخۆش دەبێت، بەڵام سەربازەکان، بەڵام سیاسەت، ئەوان بە قۆڵبەستی رەوانەی لای کەشتییەکەی کەنار ئاوەکەی دەکەن، کە بڕیارە (ژمارەکەی پێ تەواو بکەن)، هەر چەند دەڵێت:

من موسڵمان نیم، من دیانم! منیش خاچەکەی مەسیحم بە بەژنا کراوە! سەیری گەردەنم بکەن، دیارە کە لە منداڵییەوە لە خاچ دراوم.

بەڵام ئەوان، سەربازە یونانییەکان بڕوای پێ ناکەن. ئەو زوو دەست بۆ دۆخینی دەبات، تا نیشانیان بدات، کە (سونەت نەکراوە)، بەڵام ئەوان دەزانن کە ئەو، لەناو سوپاکەی عوسمانی گیراوە، کە گیراوە عوسمانی بووە، کە گیراوە پیاوێکی موسڵمان بووە، لەگەڵ ئەو سوپایە بوو کە بێ وەستان، دڵرەقانە چیا بەچیا خاکیان داگیرکردووە، بەرەو سەرچاوەکانی ئاو هەڵکشاون، بەرەو جوانی نەخشەکانی بنمیچی کڵێسا و کۆشکەکان لەگەڵ سوپا برسییە دڕەکە هاتووە. شیرەکەی ئەویش، باردووکەی بەر باخەڵی ئەویش، عاشقی سووتان بووە. دەزانن، ئەویش وەک عوسمانییەکان، دوور رۆیشتووە، تا زۆرترین جوانی بدزێت، تا زۆرترین گەرمایی لەناو بەفرا کۆبکاتەوە!

ئەوان دەزانن، ئەو چۆن لەگەڵ شەپۆلەکە هاتووە، بۆیە دەیگرنەوە و دەیانەوێ ژمارەکەیان تەواو بێت، سونەتیش نەکرابێت، ئەو هەر موسڵمانە، (ئینجیلەکەی یوحنا)ش لەبەر بڵێتەوە، ئەو هەر پیاوێکی عوسمانی موسڵمانە، یوحنا و لۆقا و پۆلیسی ناوی باوکی بێت، دایکی مریەمیش بێت، ئەو هەر موسڵمانە!

ئەو دەگیرێتەوە، بەئاسانی وەک گیرانی دڵۆپە ناسکێکی ئاوی سەر زمانی تینووێکی ماندوو، وەک کەوە پێ رەنگینەکە، (مامز)ە مل خاڵخاڵەکە ئەو دەگرنەوە. ئیتر ئەو، هەر ئەو شەوە، هەر بەپەلە دەگەیندرێتە ناو پاپۆڕەکە، لەوێ وەک بارێکی شڕ، وەک تەلیسێکی دڕاو، وەک گایەکی

پیر، بزنێکی کوێر، جەڕەیەکی ترشاو، وەک سەندووقێکی سەرداکەڵاوی بزمارێژکراو، بێ بەزییانە فرێ دەدرێتە سەر بارەکان، لەوێ بەرەو ئاستنبۆلیان دەنێرن، بەو پاپۆڕە ماندووە، بەو دارە شکاوە، پاپۆڕەکە دەریا جوانەکە دەبڕێت و دەگاتە کەنارەکانی تورکیای نوێ، ژمارە بەژمارە، سەر بەسەر، لەگەڵ سەربازی یۆنانی، لەگەڵ ژنی یۆنانی، لەگەڵ زارۆکی یۆنانی، لەگەڵ (کەر و بەرخ و کالا) ی یونانی دەیانگۆڕنەوە. یەک بەیەک بە تەرازوو، بە سەر و بە پێی و بە ناو و بە ژمارە دەیانگۆڕنەوە، دووبارە ئەو دەگاتەوە ناو تورکەکان، بەڵام ئەوجارە ئەو کەسێکی عوسمانی نییە، ئەوجارە ئەو تورکێکی چەکمەسوورە، تورکێکی نوێیە.

لەوێش ناوێرێت بڵێ من کریستیانم، لەگەڵ چەند کەسێکی تر بەرەو حەلەب بەڕێدەکەون، دەگەنە ناو فەرەنسییەکان، ئەوان دەیانژمێرن، ناویان دەنووسن، ئەو (دوودڵە نازانێ بڵێ کریستیانم، یان موسڵمانم)! هەر بە ژمارە و بە سەر، هەر بە ماندوویی و بە برسیەتی ڕەوانەی دەکەن، باری پێ باردەکەن و بەڕێدەکەوێت، بەڵام نازانێت ڕێگاکەی چەند دوورە، لەسەر شاخەکان سەردەکەوێت، لەناو جۆبارەکان دەمینێتەوە، لەو کاروانە دوورەدا وەک سەرێکی لەرزیو و گوێیەکی بە ئەلقەی ژمارەوە، هەر دەیژمێرن، ناوی ناپرسن، جلی لەبەر ناکەن، نایگۆڕن، دەست بەدەست و ژمارەی پێ تەواو دەکەن. ئەو لەوێ دەڕوات و دەیڕوێنن و باری پێ باردەکەن و باری دەکەن و تفی لەنیوچەوان دەکەن و تفی پێ روو دەکەن!

# دیل

ناوچەکە گڕ و ئاژاوە و هاتووچۆی چەندین کاروان و پلان بوو، لەوێ فەرەنسییەکان، دەسەڵاتدار و تفەنگ و بڕیاری ناوچەیەکیان لەبن دەستدا بوو، ئینگلیزەکان ناوچەیەکی تریان کۆنترۆڵ کردبوو. لەو ململانێ و تەنگژەکانیش کوڕەکانی شەریفی مەکە، بە پارە و چەکی ئینگلیزەکان، شەڕی جەمال پاشای خوێنرێژیان دەکرد، ناوچەکانی خۆیان، مەکە و جەدە و تایفیان لە عوسمانییەکان پاک کردبووە، لە (شام)یش دەچوونە قودس و خەڵکەکەیان هاندەدا، سەربەخۆیی و دەوڵەتی فەلەستینی رابگەێنن، ناوچەکە لەبن دەستی بریتانی و جوولەکە دەربهێنن، بۆیەش ئاگری شەڕێک هەڵدەگیرسێنن، دەرئەنجام و لەو شەرەدا عەرەبەکان دەشکێن و ناوچەکانیان دەکەوێتە بن دەستی جوولەکە، هەزارەها خێزانیش ئاوارەی خۆرهەڵاتی ئوردن و لوبنان و عیراقیش دەبن.

برنج هەتا سپی نەکرێت لە بازاڕ هیچ ناکات، تا بۆیاش ئاوەکە بۆ پارچە زەوییە سوورەکە نەپەڕێنێتەوە هیچ بایەخی نابێت، ئەو لەوێ کە زەیتونی رنیوە، کە هەنجیری رنیوە، کیژێکی لەگەڵ بووە، بە کیژەکەی وتووە:

دەزانم کەوا ئەو دەنکە زەیتونانە تاڵن، بەڵام نازانم، تۆ کە هەردوو (چاوت زەیتون)ن، ناکرێ قەسپ بن، ناکرێ ئەوان برنجم نیشان بدەن و دوایی ماشم دەرخوارد بدەن، من زەیتون دەڕنم، بۆیە زەیتونی چاوی تۆم دەوێ.

# زەیتون

بۆیا، رۆژانە قایشێکی چەرمی لەسەر شەرواڵەکەی دەبەستا. حەز دەکەم، بە وردی باسی قایشە چەرمەکەی پشتی ئەو وەستایە بکەم، قایشەکە نە کورت بوو نە درێژ، بەشی لای پشتی، بە خوران و زەمەن باریک ببوو، ئاوەزینە مسەکەی بە تیشکی خۆر دەبریسکایەوە، ژمارەی کونەکانی زۆر بوون، ئەو قایشە بە قەڵەویی و بە لاوازی و بە هاوین و بە زستان، لەسەر ئیش و لە چایەخانە، چەندی لە دەرەوەی ماڵەوە بوایە، لەپشتی بوو. ئەو چەند لەو کونانەی قایشەکەی لێ بەکارهێنابوو، دوو سێ ساڵ بەبەردەوامی کونی سێیەمی قایشەکە بۆ بەستان، پێنج ساڵێکیش، خۆی وتبووی، ئەو کوونی دووەمی بەکارهێناوە. ئەو کە دەگەڕایەوە ماڵەوە، کە پێیەکانی لە دەرگای ماڵەکەی ئاودیو دەکرد، (سێوێی سەرشۆر)، یان (حەمدییەی لچ گەورە) لەبەر دەرگاکانی خۆیان بەدەم قسەکردنەوە، لە چوونە ژوورەوە ئەویان دوادەخست، ئینجا بەنەرمییەوە دەرگاکەی دەکردوە، نەیدەهێشت شانی بەلایەکی دەرگا دارەکە بکەوێت، دەیزانی چوارچێوەکە بەرگەی ئەوە ناگرێت.

ماڵەکەی ئەوانیش، وەک هەندێ لە ماڵەکانی تر پەردەی پێوە نەبوو، بۆیە لەگەڵ دەرگا کردنەوەکە، کووپە کۆنەکەیان کە بنەوەی (قەوزە) یەکی کەسکی ئەستووری پێوە بوو، کە هەندێ خاڵی رەشیش بەو قەوزانەوە دیاربوون، پێش ئەوەی قایشەکەی لەپشت بکاتەوە، دەچووە کن کووپەکە و جامێکی ئاوی فێنکی لێ دەخواردەوە.

ئەو ئێستا بوویتە وەستای تاق و کەوانە و نەخش و نیگارەکان. لە دوورگەکەی یونان، ئەو کە کیژە دەبینێت، ئەوەی لەبیر دەچێت کە سوپاکەی شکاوە و ئەو دیل بووە، لەوێ ئەو سەردەکەوێت، هەموو کێڵگە و رەزەکانی زەیتونیش ماڵی دەکات، ئەو لەو شەڕەدا بەخۆشییەوە شکانی عوسمانییەکان دەبینێت، بەڵام (شکانی بەژنی خۆشی لەبەر سێبەری کیژەکەش دەبینێت)!

بەو شەڕانە، بە داگیرکردنی دوورگەکە، ئەو، کە سەربازێکی عوسمانی بوو، لەوێ دیل دەبێت. بەڵام ئەو لەو سەفەرەدا، کە لەو وڵاتە تەنیا زەیتون و چاوی ئەستێرە و کیژە ئەسمەرەکانیانی

تێدا مابوو، کە دیل نەبوون، کە سەرباز و چەکداری عوسمانییەکان نەبوون، لەوێ سەیران دەکات، شەوانە لەناو گۆزەکانا شەراب و سەرخۆشی و پەشیمانی لە گەڕانەوە دەدۆزێتەوە، ئەو نەدەوێرا بڵێت، یان بڕوایان نەدەکرد، بڵێت من موسڵمان نیم، من کریستیانم، من نامەوێ بگەڕێمەوە، من نامەوێ فێر بم، ئێوە چۆن تاقەکان بۆ ڕێگاکان دروست دەکەن، نامەوێ ئەو تاقانە لە وڵاتەکەی مندا هەبێت، چونکە هێشتا لەوێ عوسمانییەکان دەستیان هەیە، لووتیان هەیە، من رقم لەوانە، ئەوان زۆریان ماندوو و سەخڵەت کردین، من ناگەڕێمەوە نەوەک شەوێکیان، کە کرێکاری دەکەم، کە ئاوێک نەپەڕێتەوە، هەناوم بۆ ئاو و (تەنگاوی ئاو) بسووتێت، تاقی پەڕینەوەکانی کریت، لەوێ دروست بکەم، ئەوان بڕوا ناکەن، من بۆ کڵێسا سووتام، منیش کوڕێکی تری مریەمم، منیش وەک مەسیح لە خاچ دراوم!

عوسمانییەکان لەناو ئاگر و شەڕدا منیان داوەتە دەست چاوی زەیتون، منیان بە ماچ سپارد، ئەوان منیان بۆ تاڵان بەکوشتن دەدا، بەڵام من لەناو چلە زەیتونێک، لە پەنای سێبەری زەیتونێک چاوێکی رەشم دۆزیەوە، (پارچەیەک پەنیر)ێکی سپییم دۆزیەوە، ئەو من دەخوات و منیش بەپەرۆشەوە، رۆژێ سەد جار برسی دەبم و ئەو دەخۆم، نە من تێر دەبم، نە ئەویش لەناو باوەشم و لەدیار ماندووبوونی مندا دەخەوێت، بۆیە بەردەوام یەکتری دەخۆین.

لەناو ئەو شەڕەدا، کە چەند وڵات و میللەت و رووباری تێدا ئاڵابوو، من قازانج دەکەم، منم لەو شەڕەدا سەربەستم، کەس سەرنەکەوت تەنیا من نەبێت، تەنیا من بریندار نەبووم، بەڵام لێرەش وا شەڕەکە بەرۆکم بەرنادات، رێکەوتنی ئاشتی و گۆڕینەوەی دیلەکان دووبارە رەوانەی شەڕم دەکەنەوە، ناگەڕێمەوە، دەمەوێ لێرە شەوانە شەڕی خۆم بکەم، ئاشتی خۆم مۆر بکەم، شەڕ و ئاشتی، من لەکن ئەو کیژە ئەسمەرەیە، کە لەو شەڕەدا منی دیل کرد، لەو ئاشتییەدا منی کوشت! من ناگەڕێمەوە، ئەو ئاشتییەم ناوێ، بە ناو و بە جەستەی من دەیانەوێ ئاشتییەکە تەواو بکەن، با هەر شەڕ گەرم و خوێناوی بێت، ناگەڕێمەوە، هەتا زۆر دڵنیا نەبم، (خەلیفە و سولتانەکان) تیرەیان نەبڕاونەتەوە، ناگەڕێمەوە هەتا نەزانم، جەمسەرەکانی ئەو دونیایە لەسەر مێزەکانی دانوستان و شەڕە قسە و شەڕە دەستەکان کۆتایی نەهاتووە، من هەر ناگەڕێمەوە، من لەکن زەیتون شەراب دەگرمەوە، من لەگەڵ شەراب شەوەکان رووناک دەکەمەوە، من لەگەڵ (ماری) ئەسمەرەکەم دەبم، بێ ئەو ناگەڕێمەوە!

## گۆڕینەوە

ئەو خۆی دەشارێتەوە، ئەوان کوون و حەشارگەکان شارەزا بوون، چونکە زۆر لە ترسی عوسمانییەکان خۆیان تێدا شاردبووە، (ئەو خۆی دەمرێنێت)، ئەوان دەزانن، چونکە باوکیان، زووتر باپیریان لە ترسی هێرش و تەماحی سوڵتانەکان خۆیان دەمراند، بۆیە، لە یەکەم خۆشاردنەوە و دوورکەوتنەوە و چوونە سەر دار زەیتونەکان، زوو ئەو دەدۆزنەوە.

لە رێگای گەڕانەوەییدا، لەکاتی ئەوەی لەناو کونەکە ملی دەگرن، کە سواری پشتەوەی پاپۆڕەکەی دەکەن، ئەو دەڵێت:

سوێند و بەڵێن کە گەڕامەوە، کە گەیشتمەوە ناو گوندەکەمان، کە (سێوە) ش بە دەنگە سیحراوییەکەی، دوعای بۆ کردم، من یەک بەرد و مستێک قسڵ، نەکەمە کەمانی کەوانەیەک، من تاق دروست نەکەم.

من تاقم لە سەیران و کاروانی گەڕانەوەمدا زۆر دەبینی، تا نان و چاوی رەشم دەست بکەوێ، ئیشمان لە سازکردنی تاقەکان کردبوو، باش فێر ببووم، چۆن بەرد ئاو هەڵدەگرێت، لەوێ فێر بووم، کە چۆن قسڵ، (کە بەردی سووتاوە، قسڵ کە بەردی برژاوە، بەردی شەق شەقکراوە)، ئەو چۆن بەرد دەکاتە پرد و کەوانە، بەڵام بەتەما نەبووم، ئەو کەوانە و ئەو پردانە دروست بکەمەوە، لەناو ئەو شارەدا ئاو بپەڕێنمەوە! بەڵام وا لەپشت قەسرەکەی عەتوڵا ئاغا، کە خاوەنەکەی تازە لە قەڵات هاتووتە خوارەوە، لەنزیک باخەکەی ئەوان، کەوانە و تاق رادەگرم، بەرد و قسڵ و ئارەقە و بیرەوەرییەکان، دەکەمە سێ تاق، ئاو و ئاوەدانی بەیەک ئاشنا دەکەم.

براگەورەکە بە وەستاکە دەڵێت:

واز لەو کەوان و برۆ و بزۆڵانە بێنە!

ئەویش بە شەرمەوە دەڵێت:

باشە، ئاوت ناوێ بپەڕێتەوە، ئاوت ناوێت شایی بکات و هەڵبەپەڕێت، من ئەوەت بۆ دەکەم!

ئاوڕێک دەداتەوە، لە دوورەوە کاروانێک بە بارەوە دەبینێت، (بەسەروتیلاک) یان، بەهەنگاو و ژمارەیان دەزانێت و دڵنیا دەبێت، بێگانە و میوان بوون، پێش ئەوەی پێشیان لێ بگرێت و بچێتە پێشوازییان، ئەو دەڵێت:

من دەمەوێ ئاو بپەڕێتەوە بۆ موڵکەکانی ئەودیوم، من دەمەوێ لەوێش توور و سڵق و باميا و تەماتە بکەم، لەوێش خاس و چەوەندەر و کونجی بکەم، ئەو موڵکەکەش بکەمە موڵکی خۆم، کە وتیان موڵکی تۆ نییە، من سوێند بخۆم، چەند ساڵە کونجییم لێ چاندووە، سوێند بخۆم پەمۆکەی من گەیشتووتە میسر و (بولگارستان)! تا کەس نەتوانێت موڵکەکەم لێ زەفت بکات!

ئەو رۆژەی سێ تاقەکە تەواو دەبێت، لە باداوە پیرۆزبایی لە براگەورەکە دەکەن، ئامۆزاکانی لە قەڵات، ئێستا نەزانرا، کە چۆن ئەو ئامۆزایەی چەند ساڵ بوو، لەنێوان حەلەب و موسڵ و ئاستنبۆل هاتووچۆی بوو، چۆن زانیبووی کەوا، ئاوەکەیان پەڕاندوتەوە، لەوێیەوە دەستێکی گەرم و پڕخوێن بۆ براگەورەکە ناردبوو، پێی وتبوو:

من لە ئاستنبۆڵەوە شانازی بەو تاقانە دەکەم، لەورۆژانە، لەسەر (تەنگەی بسفۆر) ەوە، بیرم لەو سێ تاقەی ئامۆزاکەم دەکردەوە، ئەگەر بسفۆر سی کیلۆمەتر درێژە، ئەگەر دەریای رەش و مەرمەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوا سێ تاقەکەی ئێمەش، سێ کەوانەی پتەوە و لەناو موڵکەکانی ئێمە، چەندین دۆنم، دوو پارچە زەوی جوان و بەبەرەکەت بەیەکەوە دەبەستێتەوە!

## قادر شۆڕش

ئەو رۆژەی عەریف قادر، کە پاش چەند ساڵێک، ناوی دەبێتە قادر شۆڕش، نامەیەکی نووسراو، جا نامەکە، بە دەستخەتی خۆی بوو، یان ئەندامێکی حزب و بە رەزامەندی (سەرکردایەتی لقی هەولێر)، لە قەڵات نووسرابوو. نامەکە، یان ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکە، نامەکە دەنووسرێت و دەگاتە دەست عەریف قادر.

ئەو شەوەی هەڕەشەکە دەنووسرێت، عەریف قادریش قبووڵ دەکات، نامەکە لە ئۆردی لەدەرگای ژووری (ئامیر)ەکەیان بدات.

کە شەو، ئەو، لە (یانەی ئەفسەران)ی پشت قشڵەکە دەگەڕێتەوە، ئامیرەکە شەو درەنگ دەگەڕێتەوە، بۆیە ناکرێ و حەزی نەکردووە، سەربازە (موراسیل)ەکەی بانگ بکات، یان ئەو لەوێ چاوەڕوانی بکات. ئەو شەوانە خۆی دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە، ژوورەکەی، کە بەشێکی بۆ ئیدارە و کۆبوونەوە و هەڵگرتنی فایل و هەندێک دەمانچەی تایبەتی و ئاگادارکردنەوە، بەشەکەی تری، یان لە پەنایەکی ژوورەکە، قەرەوێڵەیەکی داپۆشراو بە بەتانییەکی خاکی تێدا دانرابوو.

بەر لەوەی ئەو دەرگای ژوورەکەی بکاتەوە. کە شەوانە دەهاتەوە، پێش ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە، دەبوایە دەرگا بەتێلەکە بکاتەوە، ئەو دەرگایەی چوارچیوەی بەداری باریکی سپی بۆ کرابوو، دەرگاکە بە تێلی نەرم و باریک داپۆشرابوو، دەرگاکە مێش و (مێشوولە) ی هاوینانی دەگێڕایەوە، ئینجا بە کلیلە ملدرێژە دەم سێ ددانە مسەکە، دەرگاکە دەکاتەوە، بەڵام ئەو شەوەیان کە دەرگاکەش، هەردوو دەرگاکە دەکاتەوە، ناچێتە ژوورەوە، ئەوانەی لە ژوورەکانیش پشتیان کردبووە و خۆیان تەنیا کردبوو، ئەوانەی لە خەوەکانیان دووریش رۆیشتبوون، گەڕابوونەوە ناو هۆرەکانی حەمار و سەر مەرقەدەکانی ئەبو فەزل و حوسێن، ئەوانەی دشداشەی سپییان لەبەردابوو، لەناو بەلەمە باریکە درێژەکان خەریکی راوەماسی بوون، ئەوانە، هەموو لە شیرینەخەو و خەوە دوورەکان بەئاگادێنێت!

لەناو ئۆردی، عەریف قادر بەنیازەوە، ئێوارەکەی خۆی دوادەخات، دەیزانی هەتا ئەو نەچێتەوە دایکی ناخەوێت، هەتا کاک عەونی یوسفیش نەبینێت ناچێتەوە ماڵەوە، لەناو ئۆردی ئەو دەرفەتێک دەدۆزێتەوە، لە دەرگای ژووری ئامیرەکە نزیک دەبێتەوە، هەر بە پەلە و چالاکانە، نامەکە لە دەرگای ژووری ئامیرەکە دەدات.

کە نامەکە لە دەرگاکە دەدات، بەلەز دەگەڕێتەوە قاوشەکە، خۆی دەپێچێتەوە، سواری پاسکیلەکەی دەبێت، دەیزانی مەلا عەولاش لەلای عەونی یوسف دانیشتووە، بەیەکەوە چاوەڕوانی دەکەن، تابزانن ئەو توانیویەتی نامەکە لە شوێنێکی باش و بەرچاوی ئۆردی بدات و پێی بڵێت:

جەناب، مەقاییس نەماوە، بۆیە دەبێ کۆشش بکەین، هەتا کەی ئەو بارزانییانە، ئاوارە و دەربەدەر بن.

ئەویش دەڵێت:

راستە، گەڕانەوەی ئەوان، هاتنەوەی مەلا مەستەفا، حزبەکەمان دەبوژێنێتەوە، جا ئەوەی خۆشە جەناب، شیوعییەکان لێرەولەوێ دەڵێن، مەلا مەستەفاش لە خۆمانە، هەر بێتەوە دەبێتە پشتیوانییەکی باش بۆ ئێمە، لەوێ دەرسی باشیان داوە.

## نامەکە

عەریفێکی عەسکەری پارتی، بە نامەیەکی چەند دێری نووسراوی بە پەلە و بە شپرزە، ئامیری مەوقعێکی پایەداری گەورە، سەرسام و شپرزە دەکات! هەر بەو شەوە، نامەکەی سەردەرگاکەی ژووری ئامیرەکە دەخوێندرێتەوە. نامەکە بە ناسکی لەدەرگا دارەکە دەکرێتەوە. هەموو ئەفسەرەکان، ئەوانەی لەوێ بوون، ئەوانەی هێشتا لە نادی ئەفسەران نەهاتبوونەوە، کۆدەکەنەوە، لەگەڵ موتەسرف و شوعبەی ئەمن و مودیری پۆلیس لەسەر ئەو پێشهات و هەڕەشەیە قسە دەکەن.

(ئەو قسەیە، هەواڵەکە، باسی ئەو نامەیە و شێتبوونی ئامیرەکە و حکومەت بە نووسینی هەڕەشەکە، لەلایەن توێژەرە لاوازەکە، لەناو لاپەڕەیەکی کۆنی ناو بەڵگەنامەکانی بەغدا دەخوێندرێتەوە، ئەویش کە لەناو ساقۆیە گەورەکەی بەری، قەڵەو و چوارشانە دیار بوو، کە بەڵگەنامەکان دەبینێت، هەناوی پڕ خەم و خۆشیش دەبێت، سوور دەبێتەوە و ڕەشیش هەڵدەگەڕێ، هەڵدەچێت و فشیش دەبێتەوە. ئەو بۆ دۆزینەوەی بەڵگەنامەکان، مانەوەی پێنج ڕۆژە لەبەغدا بەشی نەدەکرد، دەیزانی بەو چەند ڕۆژە توێژینەوەکەی تەواو نابێت، بەڵام ئەو هەر چەند ڕۆژێک دەیتوانی لەناو ئاگری جەهەنەمی بەغدا بمێنێتەوە، دەبوایە بگەڕێتەوە)

بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک لەسەر عەریف قادر بگرن، بەبێ ئەوەی نامەکە بەدەستخەتی ئەو نووسرابێت، کەسیش نەیدیبوو، کە نامەکەی بە شەریتە سوورەکە لە دەرگاکە دەدات، هەموو ئەفسەرەکانی ئۆردی، مەعاونیەتی ئەمن، موتەسرف و مودیری پۆلیسیش، یەکسەر گومانی یەکەم لەو دەکەن.

ئەو دەگاتە لای دەرگاکە، بەبێ ئەوەی زۆر بشلەژێت، تا یەکێکی تر بکاتە پاسەوانی خۆی، نامە دەقکراوەکە، لەناو گۆرییەی چەپی دەردەهێنێت، نامەکە بەناو لەپی دەستی چەپی بە دەرگاکەوە وەدەنێت، بە مەرجێک ڕووبەڕوو لەئاستی بەژن و نیگای ئامیرەکەی بێت، پارچە شەریتەکە دەکاتە چوار پارچە، بە زمانی، یەکەم پارچەی شەریتە سوورەکە تەڕ دەکات، گۆشەی یەکەمی شەریتەکە لە دەرگاکە دەدات، بە دەستی گۆشەکەی تری نامەکە دەگرێت و پارچەی

دووەمی شەریتە سوورەکە، بە زمانی تەڕ دەکات، ئەویش لە گۆشەی دووەمی نامەکە دەدات، ناترسێت و ئاوڕیش ناداتەوە، ئەو فەرمانی حزب جێبەجێ دەکات، دەستی لە نامەکە دەکاتەوە، گۆشەی سێیەم و دواییش گۆشەکەی تریش بە شەریتە سوورەکە لە دەرگا بە سامەکەی ئامیرەکەی دەدات، جوان و باش هەر چوار گۆشەی نامەکە دەچەسپێنێت، دەستێکی لووسیشی پێدا دەهێنێت، تا لووس و بە رەونەق و شووشەیی بدرەوشێتەوە، تا لە دوورەوە دێرەکان سەمای شەو بۆ چاوی ئامیری مەوقیعەکەیان بۆ بکەن، هەر بەیادی ئەو شەوەی لە یانەی ئەفسەران، سێ کیژە تەڕە زراقە کێوەلییەکە (سەمای شەرقی)یان بۆ کردبوو.

لەوێ عەریفەکە نامەکە، لەسەر رۆحی ئەو، لەبەر دەرگاکەی جێدەهێڵێت و سواری پاسکیلەکەی دەبێت، تەیراوە خۆت بگرە هاتم:

پیرە دایکە خەواڵوویەکەم مەنوو وا هاتمەوە، ئەتوو لە مناڵی چیرۆکی زۆرت بۆ گێڕاومەتەوە، من ئەمشەو ئەو چیرۆکەت بە گەورەیی لەجیاتی چیرۆکەکانی سەردەمی مناڵی بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام با سەرێک لە قەلات بدەم، لەوێ هەواڵەکەیان پێ بڵێم، دێمەوە و چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە، کە چۆن کوڕە عەریفەکەت، (پێش (عەریف سەریع) ی شیوعی بەغدایی)، ئۆردییەکم هەژاند. ئەو بە هەموو شەنگییەوە پەیدانی لە پاسکیلەکە دەدا، دەیویست زووتر بگاتەوە، هەردوو دەستی لەبەر خێراییەکەی تەزی بوون، پاسکیلەکەی هەواڵ و موژدە و ترس و دوارۆژێکی نوێی پێ بوو.

مەنوو دایە کلۆلەکەم. ئەو ژنەی بۆ نسیبی ئەو شارە، منی لە باوەشکرد و هاتووتە ئەو گەڕەکە و ئەو شارە. (دوایی ئەو، ئەو شارە و ئەو گەڕەکە جێدەهێڵێت و هەتا دە ساڵ ناگەڕێتەوە)، مەنوو دایە، (من بەر لە عەریف سەریعی شیوعی بەغدایی ئۆردییەکەم خستووتە زەلزەلە)، وا لەسەر پشتی پاسکیلەکە باڵم گرتووە و بێرییەکەم لەناو باخەڵم ناوە و دەفڕم و هەواڵێکم پێیە، من هاتووم بە شێخەکانی بارزان، ئەوانەی لە بەغدا ئاوارەن، لە خوارووی عیراق پەڕگەندەن، بارزانییەکانی لە گوندەکانی دەشتی هەولێری میوانی ئاغاکانی دزەییەن و بە خێر و سەدەقەی ماڵە هەژارەکان دەژین. من بە سواری پاسکیلەوە دەفڕم و پێیان دەڵێم، داوام کردووە، ئاراس و کاروانەکە، بە فرۆکە و بە پاپۆڕ بگۆڕن، ئەوانەی رووباری ئاراسیان بە شەڕەتەقە و راوناو و برسیەتی دەرباز کرد، با بە رێکەوتن و پەیمان بیانگێڕنەوە، با ئەو نامەیەی من، بگاتە (وەسی) و (نوری پاشا) و (مەلیکە گچکەکە).

## دەستخەت

ئەو رۆژە لە شوعبەی ئەمنیش داوا لە نازم ئاغای سلێمان ئاغای شارەوانی دەکەن، بێتە مەعاونیەت و بە دەستخەتی خۆی، چەند دێرێک لەبەردەم مەفەوزەکەی ئەمن بنووسێت، تابزانن هەڕەشەنامە هەڵواسراوەکەی بەردەرگای ئامیر مەوقیعی هەولێر، ئەو نەینووسیوە! بۆیە ناتوانێت نووسینەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی تەواو بکات، ئەو بڕیارەی لەبن دەستی بوو، کە ئەنجومەن بڕیاری داوە، بڕی یەک دینار و نیو، بدەن بە دارتاش وەستا (قۆجە مەستەفا)، لەبڕی چاکردنەوەی عارەبانە دارەکەی زەبڵ کۆکردنەوەی، گەڕەکەکانی خانەقا و سەعدوناوە و کۆڵانی عەرەبان.

ئەو دەستی لەسەر دەفتەرە رەشە ئەستوورەکە هەڵدەگرێت، بەڵام دەفتەرەکە داناخاتەوە، بەنەرمییەوە لەسەر کورسییە دارەکە هەڵدەستێت، قەڵەمەکانی سەرمێزەکە کۆدەکاتەوە، سەری شووشەی حوبرەکە باش توند دەکاتەوە، شووشەکە بەرز دەکاتەوە، بزانێت هێشتا حوبری زۆری تێدا ماوە، حوبرەکەش بەشی چەند رۆژی تریان دەکات، لەو دائیرە ئەو و زۆراب لە هەموویان زۆرتر حوبر بەکاردەهێنن، ئەو دەبێ لەسەر کورسییەکەی هەڵبستێتەوە، تا لە ژوورەکە دەربچێت، بەڵام زووتر بە زۆراب دەڵێت:

من دەڕۆم، تۆ بڕیارەکە بنووسەوە، دەزانی چ دەنووسیت، رەزامەندییەکەی جەنابی موحسین ئاغای پێوەیە، دوایی بۆ ئیمزاکردن بە دەستی خۆت دەفتەرەکە بەرە کن ئەندامەکانی ئەنجومەن، لەوێش سەرێک لە مام گییو بدە، بزانە هەتاوی نوێ، دەرنەچووە، بەڵام مەتەلەکە حەل مەکە هەتا من دەگەڕێمەوە!

زۆراب (ملەدرێژە باریکە بە مووە زەرد)ەکەی، بەدەستی دەخورێنێت و بەرەو دەفتەرە رەشە بەرگ چەرمەکە دەچێت و دەڵێت:

باشە ئاغا، دەڕۆیت، داوایان کردوویت... دیسان مەسەلەکەیە!

نازم هێشتا دەستی بە قایشەکەی پشتییەوە بوو، چاکێتەکەی لەبەر نەکردبوو، بە زۆراب دەڵێت:

ترسێ ناوێ، هیچ نییە!

بەر لەوەی لە دائیرە بچێتە دەرەوە، سەرۆک شارەوانی پێی دەڵێت:

وەرە کوڕم نازم، ئەگەر دەزانی چوونت بۆ ئەمن، کێشە و ناڕەحەتیت بۆ دروست دەکەن، دەتنێرمە باداوە، لەوێ بمینێنەوە، هەتا کێشەکەت بۆت چارەسەر دەکەین. من دەزانم بەخۆرایی نییە بەردەوام پەڵکێشی ئەمەنت دەکەن! (موحسین ئاغا، ئەو رۆژە قاتێکی تورکی نوێی لەبەردا بوو، بەو قسەیەی ئەو نازم ئاغا وەک تەماتە سوور دەبێتەوە و شانازی بە پشتیوانییە مەردانەکەی دەکات).

نازم ئاغای باش کاتبی شارەوانی، ئەوەی چەند ساڵێکە کوردایەتی دەکات، زۆریش سەردانی مەکتەبی پارێزەریی شەمسەدین موفتی و عەونی یوسف دەکات، بە موحسین ئاغای سەرۆک شارەوانی دەڵێت:

ئاغا هیچ نییە، من هیچم نەکردووە، ناترسێم!

ئەویش دووبارە پێی دەڵێتەوە:

ئەگەر گومانت هەیە، وا دەکەم بتبەنە باداوە و لەبەرچاوان بزر بێت. (من خۆم ناچمە کن ئەو موتەسرف)ە، ئەگەرنا دەچووم، باش دەزانیت، ئەو چەند مانگە فەرمانی بەرزکردنەوەی مووچەکەم بۆ بەغدا بەرز ناکاتەوە، نەک بۆ ئەو مووچەیە، بۆ تاجی شاهانەش سەری لێ نادەم...

## مەعاونیەتی ئەمن

نازم ئاغا کە دەگاتە ئەوێندەرێ، لە ژوورە گچکەکەی مەعاونیەتی ئەمن، لەوێ (فازیل پیردواد و جەوهەر غەمگین و موسا سەمەد و شێخ ئەحمەد نەقشبەندی و ئەنوەر دڵسۆز و قادر حەمەدین و یەحیا سەلیم و مەجید دڵتەڕ و ... )، زۆر لە برادەرەکانی دەبینێت، هەموویان بۆ نووسینی دەستخەتی خۆیان بانگکرابوون، هاتبوون تا بچنە ژوورەکەی مەعاونیەتی ئەمنی هەولێر، تا لەوێ چەند دێرێک نووسین، بە دەستخەتی خۆیان بنووسن، تابزانن کێ نامە هەڵواسراوەکەی بەر دەرگای ئامیری مەوقعی هەولێری نووسیوە، کە تێدا هەڕەشە لە مەلیک، لە موتەسرف و نوری پاشا سەعید دەکەن، هەڕەشە دەکەن بە زووترین کات و بە بڕیارێکی بەپەلە رەوشی بارزانییەکان چاک بکەن، ئەوانەی لە سۆڤیەتن، بەپەلە بگەڕێنەوە وڵات، ئەوانەی لە بەغدا و شارەکانی تر ئاوارەبوون بگەڕێنەوە بارزان، هەموویان بچنەوە سەر کێڵگە و رەز و باخچەکانیان.

نامە هەڵواسراوەکەی بەردەرگای ئامیر مەوقیعی هەولێر، هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بوو، لە عەریفێکی پارتی ناو مەوقیعی هەولێر بۆ بڵندترین پاوەر و توندترین پێگەی سەربازی شارەکە و کوردستان. ئەو نامەیەی کە تەنیا چەند دێرێک بوو، هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەژاندبوو، عەریفێک بەتەنیا، بە قەڵەمێک، نەک تفەنگەکەی، بە چەکەکەی دەستی نا، بە نامەیەکی دەستخەتی (شەڕەپشیلە)یی، حکومەتێکی شپرزە کردبوو. هەر ئەو شەوە، نامەکە بەئاسانی لە دەرگاکە دەکرێتەوە. ئامیرەکە، بەدەستی خۆی نامەکە لە دەرگاکە دەکاتەوە، سەبرسەبر و لە سەرەخۆ هەر چوار پارچە شەریتە سوورەکە لە دەرگاکە دەکاتەوە، نامەکە بەقەدی خۆییەوە، دووبارە و بە ناسکییەوە قەد دەکاتەوە، ناوەڕۆکی نامە دەقکراوەکە، هەواڵی نامەکە، بەو شەوە بە لاسلکی، بۆ زۆر بەرپرسی شارەکە دەخوێندرێتەوە.

هەواڵی ئەو نامەیە دەبێتە هەواڵێکی گەرم و ترسناک، دەگاتە نوری سەعیدیش.

نامەکە دەڕوات، زۆر دوور دەڕوات، عەریف قادریش لەلای شەمسەدین موفتیش هەڵدەستێت و ئارام و بێباک دەڕواتەوە ماڵەوە، بەبێ ئەوەی بترسێت، شەو بە ئارامی سەر بە سەر بالیفە

بەتووکە نەخشینەکە دەکات و دەخەوێت، بەڵام ئەو شەوە، ئەو نووستنە ئارامە بۆ ئەو، دوا شەو بووە لەو ماڵە، لەو ژوورە، لەلای دایکی، لەو گەڕەکەش بخەوێت، چونکە کە کەسیان بەدەست ناکەوێت و نازانن کێ نامەکەی نووسیوە، یەکسەر بەیانییەکەی بەجلی سەربازییەوە، (بە نیتاق و بێریە و هەر سێ خەتەکەی سەرشانی، بە پۆستاڵی رەشی قەیتان ئەستووری درێژەوە)، ئەو دەگرن، ئەو پاش ئەو رۆژە، پاش ئەو نامەیە زۆریش دەگیرێت. ئەو دەگیرێت، چەند زیندانی پێ دەکەن، چەند مەسلەحە بەچەکەوە سواری دەکەن، چەند تفەنگ پاسەوانی دەکەن، لەو کاروانەدا، لە رۆژانی لێکۆڵینەوە و دادگاکانیش دایکی دەبێتە پارێزەر و دەمراست و بەرگری بەردەوامی عەریفە تاقانە گیراوەکە، بەردەوامیش ئەو ژنە، ئەوەی کوڕەکەی لەسەر هەڵواسینی هەڕەشەنامە و داوایەکی رەوا دەگیرێت، (ژنەکە دڵی هەموو ئەندامانی حزب دەداتەوە)، کەوا کوڕەکەی ئەو، ناوی کەس نادات و هیچ زانیارییەک نادرکێنێت و ئازادیش دەبێت.

عەریف قادر، بەیانی زوو، کە دەچێتە ئۆردی، ئەفسەرەکانی خەڵکی عیمارە، نائیب زابتەکانی خەڵکی ناحیەکانی غەماس و حەمزە، سەرۆک سرییەکان، ئەوانەی قوسعەی خواردن دروست و دابەش دەکەن، ئەوانەی مەنجەڵە فافۆنە گەورە بەدەسکەکان دەشۆن، ئەوانەی بەیانییان دەچنە عەرەزات، ئەوانەی لەبەر نەخۆشی و ماندووبوون ناچنە عەرەزات، باخچەچییە مەدەنییەکانی ئۆردی، ئەوانەی سەموونە گەورە ناوپڕەکان سووردەکەنەوە، ئەوانەی لە رۆژی شەش کانوونی رۆژی سوپا، حەلوای عەسکەری وەستایانە دروست دەکەن، دکتۆرەکانی نەخۆشخانەکە، هەتا نەخۆشەکانی سەر قەرەوێڵەکان، عەبدۆکی ئەرزاق، مەیتارەکان، هەموویان لەناو قاوش و باخچەکان سەخڵەت و ترساو دەبینران.

# قونبلەی نامەکە

لەو ڕۆژەش عەریف قادر، بە کامیلی هەندامی سەربازییەوە، بە پۆستاڵی زۆر ڕەشەوە، بە قیافەی جوان، بە پانتۆڵی ئوتوکراوی خاوێن، بە بێریەی بە نیشانەوە، بە فیتفیتەی لوولەیی باریکەوە، بە ریشی تاشراوی لووسەوە، بە نیتاقی توندەوە، بە سێ خەتی باریکی سەر قۆڵییەوە، بە جورئەتی زۆرەوە، بە ئازایەتیەکی بێ وێنە، بە سەرکەشی و ئازایانە، (بە ورەیەکی پارتییانەوە)، دەچێتە ئۆردی و بێباکانە، بێ ترس و بێ دوودڵییەوە بە پاسکیلە شڕەکەیەوە دەچێتە ئۆردی. بەیانییەکەی عەریف قادر، (کوڕی پیرەژنە ئازاکە)، ئەو ژنەی بە مەلۆتکەیی ئەو کوڕە لەو شارە  گەورە دەکات، ئەو دەیەوێ سریەکەی لەبەردەم ئامیری سرییەکەی نمایش بکات.

ئەو دەیەوێ خۆی وانیشان بدات، کە دوێنێ شەو هیچ رووی نەداوە، هیچ نامە و هەڕەشەیەک بە شەریتێکی سوور لە دەرگای (ئامیری مەوقیعی هەولێر) نەدراوە، دەیەوێ خۆی وانیشان بدات، کە دوێنێ شەو ئامیرەکەیان سەرخۆش بووە، کە لە نادی هاتووتە دەرەوە، کە سەیری قەلاتی کردووە گێژی خواردووە، کە سەری بەسەر بالیف کردووە خەونی دیوە، ئامیرەکەیان هوڕێنەی کردووە! بەلام هەموو مەوقیعەکە، بەو نامەیە شلەژاوە، لە ترسی گەڕانەوەی بارزانییەکان، لە خەفەتی ئەوەی دەستی پارتی گەیشتووتە ناو سوپا، کوردەکان جوولەیان تێکەوتووە، (ئیستخبارات) و ئەفسەرەکان، سەرقاڵن و ئیش دەکەن بۆ دۆزینەوەی ئەوەی بە شەریتە سوورەکە نامەکەی لە دەرگای ئامیرەکە داوە.

شارەکە هەڵچوو بوو، هەموو گەڕەکەکانی مەستەوفی، تەیراوە، تەعجیل، خانەقا، هەر سێ گەڕەکەکەی قەلات، گۆمەپیس، (کەندەکۆخ)، خانەقا، گەڕەکەکەی پشت قشڵەکە، حەسارەکانی حاجی برایم و مەحمووود سەعید و مام سلێمان، ناو ماڵە سەیدەکان، ئەو کۆلانەی کە لەبەر چەند ماڵە نانەوایەکی موسڵاویی ناوی بووە بە گەڕەک و کۆلانی عەرەبان، سەیداوە، حەسارەکەی پشت قەسرەکەی عەتولا ئاغا، ماڵەکانی ناو حەسارەکەی ساڵحەسوور، حەسارەکەی نزیک ئیمام تەعجیل، پشت مزگەوتەکەی شێخی چۆڵی، لەناو گوندەکانی ئاغاکانی دزەییان، لە بەحرکە و

لەناو هەموو گەردییەکان، لەناو خۆشناوەتی، خزمانی باڵەکایەتی، عەبدولوەهاب ئاغای جوندیان، هەموویان کەوتوونەتە جولە و چالاکی، (حکومەت و وەسی) بەو نامەیە دەزانن، هەولێر دەهەژێت، پارتی لەناو پارێزەرەکانی بەغداش گەرم و چالاکن.

هەواڵەکە دەگاتە خوێندکارەکانی کورد لە زانکۆی بەغدا، ئەوانەی (هاتووچۆیان بوو یەکێتی قوتابیانی کوردستان دامەزرێنن)، ئەوانەی لە رۆژنامە عەرەبییەکانی بەغدا، بابەتیان دەنووسی، عەریف قادر دەگیرێت و دایکی، بەڵێ دایکی ژنە داماوە سیسە ماندووەکە، ئەندامانی حزب دڵنیا دەکاتەوە، ماڵ بە ماڵ، دووکان بە دووکان، گوند بە گوند بە هەموویان دەڵێت:

کوڕی من، ناوی کەستان نادات، باسی کەستان ناکات، کوڕی منە و من دەیناسم...

کوڕەکانی ئەو گەڕەکانە راناوەستن، ئەفەندییەکانی ناو دائیرەکان، جووتیارەکانی دەشتی هەولێر، ئاغاکانی دزەیی و گەردی و خۆشناوەتی و ... لەوان گەرمترن، باشە ئێوە ئەو هەموو موڵک و گوند و کارێز و ئاوەتان هەیە، چیتان دەوێ، بەردەوام لە بەغدا (نائیب) تان هەبووە، بەردەوام لە پۆستە گەورەکانی نەک لەو شارە، لە بەغداش دەنگ و نەجمە و پارەتان هەبووە، لەوە زۆرتر داوای چ دەکەن، چیتان نییە داوای بکەن، چیتان لە گیرفاندا نییە، چیتان لە ماڵەکانتان کەمە، بۆ وادەکەن! ئێوە ئاغاکان، هەر لە رقی شیوعییەکانە وادەکەن، لە هەموو دیوەخانەکان و بەجلی کوردییەوە کۆبوونەوەی حزبی دەکەن.

لە مزگەوتەکانا، لەوزەمانە کە بڵندگۆیان لەسەر نەبوو، ئینجا دەنگی بانگدانانەکەش دەگەیشتە دڵی ئەوانەی لەسەر دووگردەکان چاوەڕوان بوون. لەناو ژوورێکی سەر بە کاریتە نەوی، کە دیوارەکەی بەخشتێک و نیو راگیرابوو. لەناو تەکیەی شێخەکانی مەندیلیان وەک باڵی پەڕەسێلکە سپی سپی بوون، لەناو مزگەوتە دوورەکەی (سەید غەریبی سێتاقان)، پیاوە چاو گەورە و دەستە نەرمەکە. لەناو خانووە نەوییەکانی گڵکەند و کوران کە زۆر لەمناڵەکانی خۆیان دەستی نەخۆشی لەرزوتا دەگرن و شانی بۆ هەڵدەتەکێنن. لەناو قوتابیانی پشدێن گەورەی ئامادەیی هەولێر. لەناو دۆمەکانی سەرکەندەکە، ئەوانەی تەنیا راوکردن و شایی دەزانن. لەناو قەسرەکان، کە تێدا گوڵی دار پرتەقاڵەکانیان، دیوارەکانی بۆندار و نەرم کردبوو. لەو شارە گەورەیەی قەڵاتەکەی شاهیدە. لە گەراجی تەنکەی قەمەرەکانی بەردەوام جوان و نوێ بوون، چونکە هەموو کیژەکانی ئەو شارەیان بەبووک دەبرد. لەناو شوفێری نێرینەکان کە هاتووچۆی بەغدا و رواندوزیان دەکرد. لەناو کوورەچییەکان، کە لەگەڵ کەرپووچەکان بەژنیان هەڵنەدەچوو. لە ریزی خانووەکانی کۆڵانی بەلوعە، کە ئاوەکەی رۆژووی مناڵانی نەدەشکاند، وایاندەزانی ئاوی ئەو بەلوعەیە شیرینترە لە ئاوی جەڕەکان، کە وەک مریشکێکی سەر هێلکە

لەبن سێبەری قادرمەی ماڵان دادەنرا، کە خۆر لە قادرمەکەی دەدا، جەڕەکەیان دەگواستەوە، منالآن وایاندەزانی بە ئاوی ئەو بەلوعەیە رۆژووی رەمەزانیان ناشکێت، چونکە ئەو ئاوە جیاوازە، لە ئاوی کوپەکان ناچێت، لە ئاوی ناو دێمکە و تێڕ و کوندەی بن سێبەران خۆشترە، بۆیە بێ دوودڵی و بێ خۆشاردنەوە، منالآن ئەوانەی بۆ داپیر و باپیرەکانیان، بۆ پلک و خاڵەکانیان بەرووژوو دەبوون، دەمیان بە ئاوی ئەو بەلوعەیە وەدەنا و رۆژوویان نەدەشکا، بۆیەش من دڵنیام کە رۆژێک دێ، کە ئەو کۆلآنە نۆژەنکرایەوە، لەسەری کۆلآنەکە بەلوعەیەکی گەورەیان، وەک سومبڵی، ئەو بەلوعەیەی ئاوەکەی رۆژووی پێ نەدەشکا دادەنێن.

لەناو ماڵەکانی پشت قشڵەی سواری، کە پۆلیسەکانی ئەسپەکانیان بەقەد منالەکانیان خۆشدەویست. لەنزیک ئەو باڵەخانە بەرزەی لە پشت منارەکە قیت دەکرێتەوە، هەتا گەنم و جۆیان تێنەکرد، کەس دڵنیا نەبوو بۆچی دروستکراوە. لەکن دەولکفرۆشەکانی ناو قەیسەری. ماستفرۆش و جامبازەکانی بن دیوارە درێژەکەی گۆڕستانی چراخ. لە دانیشتنی گەرمی شەوانی یانەی فەرمانبەران، کە تەنیا عەرەقی رەش و سپی تێدا دەخورایەوە. لەبەر سێبەری دارەکانی باخچەی مام خەلیل، کە پاشان ناوی دەبێتە باغی شار. لەکن رەژوو فرۆش و کەبابچییەکان. دار و حەسیر فرۆشەکان. لەکن تەنکەچی و سەفار و قەزاز و کارگەچی و ئوتوقرچییەکان. لەکن بیرلێدەر و وەستاکانی کارێز، ئەوانەی ئامۆزای جۆگەلە و ئاو و تاریکی بوون. لەناو دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی هەولێر، کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوو. لەناو دێری شیعرەکانی مەدحەت بێخەو و پیرباڵ مەحموود هەواڵی ئەو نامەیەی لە دەرگای ژووری ئامیر مەوقیعی هەولێر درابوو، ئەوەی هەموو ئۆردی شلەژاند بوو، ئەو لاپەڕە تەنکە دەقکراوەی موتەسرف لە هەموویان تووڕەتر کردبوو... باسیان دەکرد و ئافەرینی ئەو دەستەیان دەکرد، کە نووسیویەتی، کە لە دەرگاکەی دابوو.

عەریف قادر بە دایکی وتبوو:

دایە من بەیانی هەموو سەربازگەکە دەشڵەژێنم! ئامیری مەوقیع دەتاسێنم، من موتەسرفیەت دەهەژێنم، ئەو قشڵەیەی سام و هەیبەتی هەیە، داخ دەکەم!

## ژنە ئازاکە

دایکە روومەت خورماییەکە، ئەوەی کراس و باخەڵی هەتا سەرپێیەکانی درێژ بوو، ژنە کەپووە گچکەکە، ژنەکەی بە کراس و کورتکێکی رەشەوە لەسەر ئەو کورە دادەنیشێت، لەسەر شاخێکی بەرز و لەناو هەورەوە، ئەو دێنێتە شار، لەسەر ئەو کورە دانیشتبوو، ئەو ژنەی زۆر داماوانە، کە سەردارەکەی نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، ئەو روو لەو شارە دەکات، تازە گەڕەکی تەیراوە ماڵ ماڵ دادەمەزرا، کە تازە خێزانەکانی ناو قەڵات، حەزیان بە خانووی گەورەتر و باخچەی گەورەتر و کەسکتر دەکرد، ئەوانە دەهاتنە خوارەوە، لەنزیک باخەکەی عەوتوڵا ئاغا و تەکیەکەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما، نزیک لە ئاوەکەی میری و کارێزەکەی شێخ ئەحمەد، خانووی گەورە گەورە دروست دەکەن، لە موسڵ و لە حەلەب و لە سنە وەستای بۆ دەهێنن، بەرد و قسڵ و کەرپووچی بۆ ریز دەکەن، تا خانووی گەورەی بە پەنجەرە و هەیوان و ستوون و نەخش و نیگار دروست بکەن! ئەو دەگاتە کن ئەو سێبەرانە، لەو دەروازانەوە دێتە ناو ئەو چەند ماڵەی، دوایی دەبێتە گەڕەکی تەیراوە و دواییش دەبێتە سەنتەرێکی بازرگانی شارەکە!

چەند رۆژ مەعاونیەتی ئەمن و ئامیریەتی مەوقیعی هەولێر ئیش دەکەن، ئەوانەی گومانیان لێ دەکەن کە ئەندامی پارتین، ئەوانەی پەرۆشن مەلا مەستەفا لە سۆڤیەت بگەڕێتەوە، ئەوانە بانگی مەعاونیەت دەکەن، چەند دێرێکیان پێ دەنووسن، تا بزانن کێ هەڕەشەکەی نووسیوە:

هەڕەشەکە بە خەتێکی ئەفەندییانی جوان نووسرابوو، بۆیە:

فازیل پیرداودی عەتار، کە یەکەم جارە لەگەڵ گیرانی پارتییەکانی هەولێر لەگەڵدا نەبێت، رەنگە هەمووش لەبەر دوعا و نزای خوشکەکانی بێت، کە برایە تاقانەکەیان ئەو جارە نەگیرێت، هەموویان بە رۆح و بە گیان پەرۆش بوون، چیتر براکەیان نەگیرێت، ئەو لەبەر ئەو نزا و شەونوێژەکان نەبووە، کە لەگەڵ ئەوانە نەگیراوە، ئەو نەگیراوە چونکە دەستەخەکەی ناو نووسینی هەڕەشەکە زۆر جوان و خۆش بوو، بەڵام ئەو دەستخەتی خۆش نەبوو، لە مەعاونیەت دەستخەت و نووسینی ئەویان باش دەناسی، ئەو زۆر گیرابوو، هەر یەک پارتی گیرابوایە، ئەو دووەم کەس، بەیانی زوو لەبەر دەرگای قەڵات چاوەڕوانییان دەکرد، کە دەهاتە خوارەوە، کە بە

بزەوە سەیری خوارەوە (کورتک)ی دەکرد، کە چاوە کەسکەکان وەک لێوەکانی گەش بوون، یەکسەر دەیانگرت:

ئەو تەنیا ئەو جارە گومانیان لێی نەکردبوو، دەیانزانی دووکانەکەی ئەو مەکۆی پارتایەتییە، کار و کاسبییەکەی ئەو حزبایەتییە. هەر لەودەمانەی لە قوتابخانەی شەوانەوە تێکەڵی حزبایەتی ببوو، بۆیەش دووبارە دەچێتەوە بەر خوێندن، تا لەناو حزب، گەشە بکات، ئەو دەچێتەوە بەر خوێندن، چونکە حزبەکە کۆششی دەکرد، میللەت خوێندەوار بێت، حکومەت زۆرترین مەکتەب بکاتەوە، چیتر مامۆستا ژنەکانی قوتابخانەکانی کچان، ژنانی موسڵاوی نەبن، چیتر لەدەرەوەی شارەکە دکتۆری بێگانەیان بۆ رەوانە نەکەن، منداڵەکانی ئەو شارە، کیژان بە سەفووری بچنە مەکتەب.

ئیتر هەڕەشەکە گەیشتە وەزارەتی بەرگری و بیلات و کۆشکی مەلیک و نوری پاشا سەعید، هەڕەشەکە لە رۆژنامەکانی بەغدا باسکرابوو، حزبە عیراقییەکان، بەتایبەتی شیعەکان، ئەوانەی دڵیان بەوە خۆش بوو، بەوە وادەزانن کۆشکی پاشایەتی لەرزیوە! کوردەکان سست نین و خەباتیان بەردەوامە!

# پاسکیل

ئەو بەیانییەی، ئەو لە ماڵە حەوشە گەورە درێژەکەی، پاسکیلەکەی دەردەهێنێت، رۆژێکی مێژوویی بوو، ئەوەش لە بەڵگەنامەکانی لای توێژەرەکەش دیارە. لە کۆڵانەکەی ئەوانەوە رێگاکەش راستەڕێیەکی قەدبڕ و خۆش نەبوو، یەکپارچە جۆگەلە و چڵپاو بوو، بۆیەش ئەو نەیدەتوانی سواری پاسکیلەکەی ببێت، هەندێک پاسکیلەکە هەڵدەگرێت و لە بوارە ناخۆشەکان دەربازی دەکات، زۆریش پاسکیلەکە ئەو سوار دەکات. پاسکیلەکەی ئەو، بە رەنگ شینەکەیەوە دەناسرایەوە، لە دوورەوە دیار بوو. ئەوی من ئێستا باسی دەکەم عەریفێکی پۆلیس بوو، نەک عەریفە سەربازەکەی مەوقیعی هەولێر، پیاوێکی (چوارشانە) بوو، سمێڵە پانە تەنکەکەی، لووتە گەورە و فشەکەی باش دەردەخست، بە هەردوو قاچە درێژەکانی بەئاسانی پاسکیلەکەی رادەگرت، دەست و قۆڵە درێژەکانی بۆ خەڵکەکە بەرزدەکردەوە و سڵاوی لێ دەکردن.

ئەو دەیزانی زۆری نەماوە ئەو شارە، ئەو پیشەیە و مەشجەبەکەی، کە چەند ساڵ بوو، بەرپرسی یەکەمی بوو، جێبهێڵێت، خەمی هیچی نەبوو، خەمی ئەوەی نەبوو، نەدەیزانی کەی دەردەچن، بەرەو کام چارەنووس، بەرەو کام هەوار دەڕۆن و چەند دوور دەکەونەوە، لەو کاروانەدا، کە دوایی ناوی دەبێتە (شۆرشی کوردستان)، و دروشمی دەبێتە (کوردستان یان نەمان) تێدا چەند دەمینێنەوە:

رەنگە شۆرشەکە، داواکەی حزب، بۆ چەند رۆژێک، یان دوو سی مانگێک بیت، بەڵام نە حزبەکەیان، نە مەلا ماتۆری عەقلی چالاکییەکە، نە (عەونی یوسفی پەیامی حزبەکە)، نە شەمسەدین موفتی بەرپرسەکەیان، پیاوە قەڵاتییەکە، ئەو پارێزەرەی، زۆر پیشەکەی و سامانەکەی و خوێندنەکەی بۆ حزب دانابوو، ئەویش و هەموویان نەیاندەزانی ئەو دەرچوونە ئەوەندە درێژ دەبێت.

ئەوان هەندێکیان هاتنەوە و چوونەوە ناو ماڵەکانیان، بەڵام ئەو هەتا (دە ساڵ نەهاتەوە)، بەڵام! با رووداوەکە و تۆماری کەسەکە، بەوردی و وەک خۆی بنووسینەوە، (دە ساڵ نەهاتەوە ناو شارەکە، گەڕەکەکە، بن قەڵاتەکە) بەڵام، دووبارە دەڵێم، بەڵام!

ئەو شەوێکیان بەدزی، لەناکاو و (دەست بەدەمانچەوە لە گەرەکی سەیداوەی ناوشار)، لەگەڵ دوو هاوڕێی زۆر نزیکی خۆییەوە، لەدەرگا تەنکە شڕەکەی ماڵی خوشکی دەدات، شەوێکی سارد و تەماویی و بەسام بوو، ئەو ماندوو و برسی و پەریشان، کە دەرگاکە، هەر بە دەستی خۆیان دەکرێتەوە، بە سووکە پاڵێکی نەرم، بە تەکانی شانێکی ماندوو، هەر بە سەری دەمانچەکەی دەستی ئەو دەکرێتەوە، کە چراکە دادەگیرسێت، هێشتا باش پشتی بە دیوارە خۆڵەکە نەدابوو، کە زوو خوشکەکەی بالیفێکی بە پشتی وەدەنێت، ئەو داوای هاوڕێیەکی کۆنی خۆیان دەکات، کە چەکی داناوە و هاتووتەوە ناو حکومەت، خوشکە رەشتاڵەکەی سەر و بسکی توند دەکات، بە کاکی دەڵێت:

خەمت نەبێت، هەر ئێستا دەچم، من لە پاسەوان و چەکدارەکانی ناترسێم، دەچم پێی دەڵێم:

کاکە عوسمان، لەگەڵ دوو کەسی تر هاتووە، لە کەمین و رەبیە و جاشەکان دەربازی بووە، بە پێیان هاتوون، جێبەکانیان لە خاتووناوە جێهێشتووە، وا لە ماڵەوە هێلکەم بۆ کوڵاندون، هەتا ئەوان هێلکە و نان و پیاز و توورەکە دەخۆن، ئێمە دەگەینە لای ئەوان، هەتا گۆڕییەکانیان بۆ دەشۆن، هەتا ئەوان کەمێک گوێ لە (رادیۆکەی سەرسینگ) یان دەگرن، هەتا ئەوان کەمێک شار و گەڕەکەکە بۆن دەکەن، هەتا ئەوان تام و سۆزی دیتن و هەناسە لە قەلاتەکە دەکەن، من دەگەڕێمەوە و هاوڕێیەکەتان بۆ دەهێنم.

## ئەو رۆژەی نەگەڕایەوە

هەر ئەو رۆژەش، ئەو بە ژنەکەی ناڵێت نیوەڕۆ لەبیرت نەچێت، شیووەکە زۆرتر بکە و یەک دوو کەسیش، لەگەڵ خۆم، بۆ نان خواردن دەهێنمەوە.

تایەکی پاسکیلەکەی لە دەرگاکە ئاودیو کردبوو، ژنەکەی ناتوانێت قسەکە نەکات، بۆیە لەبەر (هەیوان)ە و پەنا پەنجەرە بۆیە شینەکەوە دەڵێت:

عوسمان، پیاوەکە، ئەوە بۆ ناڵێت (شیوو)ی چ لێ بنێم!؟

ئەو ئاوڕێکی لێ دەداتەوە و بڕوا بە غەیب و نهێنییەک دەکات، کە ژنەکەی، ئەو ژنەکەی باش دەناسی، بۆ ئەو پرسیارە دەکات، وەک ئەوەی بزانێت، ئەو شتێکی لەبن سەرە. دەست بە پاسکیلەوە دەچێتە دەرەوە و تا ماوەیەکی زۆر درێژ یەکتری نابینەوە. بەڵام پێش ئەوەی دوا هەنگاو لە سەکۆی بەردەرگاکەیان ئاودیو بکات، جوولەیەکی نەرم بەسەری دەکات و دەڵێت:

با شیووەکەی ئیمڕۆ بە کەیفی تۆ بێت، باشە!

ئەویش هەر پشتی بە پەنجەرەکەوە بوو، دەڵێت:

ئەوا منیش ئاگرم نەکردووە، دەچمە کن دایە هەمین و لەوێ دەبم!

لەورۆژەی ئەو بە پاسکیلە شینەکەی دەچێتە قشڵە، چیتر روو لەو کۆڵانە و لەو گەڕەکە ناکاتەوە. ئیتر لەورۆژەوە هەموو ماڵێکی گوندەکانی کوردستان، مزگەوتەکان، بارەگاکان، دەبنە ماڵی ئەو، لەورۆژەوە کوڕەکانی ئەو خەڵکە، دەبنە کوڕی ئەو، (کیژی سەرکانییەکان)یش، دەبنە کیژی ئەو.

## شکانی مەشجەبەکە

ئەو ڕۆژەی، ئەو لە ماڵەوە، لەناو حەوشە گەورە درێژەکەی، پاسکیلە نوێیە توندوتۆڵەکەی دەردەهێنێت، تا بچێتە قشڵە. ئەو قشڵەیەی کە بە گەورەترین پێگە و مەڵبەندی شارەکە دەزانرا. کە عالیەی شاژن هاتووتە هەولێر. کە مەلیک سەردانی کردووە. کە (عەبدولسەلام عارف) دەسووتێت، لە بیابانێکی زۆر دوور لە فڕۆکەکەی دەکەوێتە خوارەوە، شار و خەڵکەکە، وادەزانن هەموو میوانەکان و تەرمەکەی ئەویش، هەر دەگاتە بەر دەرگای ئەو قشڵەیە. قشڵە سپییەکەی چەندین موتەسرفی گۆڕی، بەڵام بۆیەکەی نەگۆڕا، چەندین عەریفی پۆلیس دەبنە ئامیری مەشجەبەکەی، کەسیان وەک عەریف عوسمان، شەوێکیان هەموو تفەنگ و فیشەکەکانی نەبردبوو. قشڵەکە لەوڕۆژە ڕەنگە سپییەکەی، سپی تر دەردەکەوێت، بەڵام حکومەت ڕەنگە سپییەکەی، بە تارمایی و شووم و ڕەش دەبینێت.

ئەو دەڕۆیشت تا لەکاتی گۆڕینی پۆلیسە پاسەوانەکان ئامادە بێت. هەر ئەو ڕۆژە بوو، چیتر ئەو سەر ناکاتەوە بەو ماڵە، ئەو جارێکی تریش، (سوکانی پاسکیلە شین)ەکە ناگرێتەوە دەست و ناشزانێت، پاسکیلەکەی چی لێ دێت، کەسیش نەوێراوە خۆی لێ بکاتە ساحیب، نەک کەس لەو پاسکیلە شینە نوێیە نەبووە بە ساحیب، بەیانییەکەی، دەستەیەک لە کەسە نزیکەکانی، کە بەیانی دەزانن، ئەو هەموو چەکەکانی جبەخانەی پۆلیسی هەولێری بردووە، هەموو پاکێتە فیشەکەکانی پێچاوەتەوە، هەموو خەریتەکانی لوولداوە، هەموو قایشەکانی پشت و شانەکانی جیاکردوتەوە و هەمووی لەپشتی جێبەکە بارکردوون.

بەیانی زوو، کە برادەرەکانی دەزانن، دوێنێ شەو ئەو، زەبری لە حکومەت وەشاندووە، ئەوان پێش ئەمنەکان ماڵەکەی دەپشکنن، هەموویان خۆیان بەگەڵ دەدەن، دەچنە ئەو ماڵەی زۆر نانیان تێدا خواردبوو، دەچن وێنەکانی خۆیان، کە بەیەکەوەیان گرتبوو، دەچن تا ئەو وێنانە، لە دیوارەکانی ماڵەکە بکەنەوە، (وێنەکان بدڕێنن)، نەوەک بزانن و گۆمان بکەن، ئەوان، ئەو عەریفەیان ناسیووە، ئەوەندە بەپەلەش وێنەکان دەردەهێنن، هەموو جامی چوارچیوەکان دەشکێنن، حەوشەکە دەکەنە یەک پارچە وردە شووشە، وێنەکانش دەدڕێنن، بۆیەش ئەو ئێستاش

وێنەی یادگاری و بیرەوەرییەکانی لە ئەرشیفەکاندا، لەناو لاپەڕەی کتێبەکانی مێژوویی شارەکە، لەناو ئەلبۆمی خوشک و برا و هاوڕێییەکانی، لەناو چایەخانەکانی شارەکە، لەناو ئەرشێفەکانی کۆنی و بەڵگەنامەکان کەمە، ئەو لە هەموو کەسەکانی قۆناخەکە، وێنەی تاکەکەسی و وێنەی بەکۆمەڵی کەمترە، چونکە برادەرەکانی، هاوڕێیەکانی ناو قشڵەکە بەسەر ماڵەکەی دادەدەن، هەموو وێنەکان لە دیوارەکان دەکەنەوە، وێنەکان لەناو چوارچیوەکانیان دەردەهێنن و دەیاندڕێنن.

بەپەلە دیواری ژووره خاوێنەکەی دانیشتن رووت دەکەنەوە، هەموو چوارچیوەکان لێ دەکەنەوە. ئەوان خۆیان دەناسنەوە، خەتی سەرشانیان، بێریەی سەریان لێ دەکەنەوە، لە وێنەکان (نانی بەردەم)یان هەڵدەگرن، لە وێنەکان خۆیان رەش دەکەنەوە. نەرم نەرم شەریتەکە لە جامەکان ناکەنەوە، وێنەکان هەڵناگرن، نیگایەک لە یادگارەکان ناکەن، دەستێک بە دەموچاوەکان داناهێنن، هەموو وێنەکان هەنجن هەنجن دەکەن، شووشەی جامی وێنەکانیش وردوخاش دەکەن، وردە شووشەکان لەگەڵ رەشەریحانەکە، لەگەڵ بۆنی (گوڵە سوورەکان) لەناو حەوشە درێژەکە تێکەڵ دەکەن.

## وێنەکانی سەر دیوارەکە

بەیانی پۆلیسەکان و شارەکە و ژنەکەی و براکانی لە گوندەکەیان، پیرە دایکە شەلە ڕەشپۆشەکەی، ئەوەی بەیانییان، بەسواری کەرێکی شین، هەفتەی چەند جارێک، بەیانییان زوو، پیرەژنەکە ماست و سەرتووی دەهێنایە بەر کەبابخانەکان و دەیفرۆشت، (پیرەژنە ڕەشپۆشەکە)، ئاگای لەوە نەبوو، کوڕە گەورەکەی، ئەو ڕۆژەی مەشجەبەکەی پۆلیسی هەولێر دەشکێنێت، ئەو ڕۆژەی کوڕەکەی ئەو، حکومەت لەدار دەدات. ئەورۆژە جامە ماستەکانی، جامە سەر بەپووشەکان، ماستە بۆن سۆەکەی، ماستە سەر بەسەرتووەکەی، ماستە پێچراوەکانی ناو تێڕەکەی باش نافرۆشرێت، بەشەلە شەل کەرەکەی بەرەو سەیداوە و ماڵی هەردوو کیژەکەی دەبات. پەرۆشە لەوێ بزانێت شارەکە بۆ هەژاوە، ماستەکەی بۆ نەفرۆشراوە!؟ بۆ کەبابچییەکان کوورەیان ساردوسڕە!؟ بۆ فڕنییەکان تەندوورەکانیان گەرم نەکردووە!؟ دەیەوێ تێ بگات ئەو بەیانییە! لەو ڕۆژە گەرمە! بۆ ماستەکەی بۆ ماستاو نەفرۆشراوە؟ بۆ بەفرەکە توایەوە و نەفرۆشرا!؟ بۆ بەفرەکە هەر لەناو کایەکەوە، لەناو بارەکە و لەسەر پشتی وڵاخەکانەوە توانەوە و نەفرۆشران!؟

پیرەژنە شەلە ڕەشپۆشەکە بە تێڕی پڕ لە ماستەوە، لە ماڵی کیژەکانی، لە گەڕەکی سەیداوە، سەرووی ماڵە گامێشەوانەکان، کە لە بەستەکە دەپەڕێتەوە، کەرەکەی سەری لەسەر جۆگەکە نەوی دەکات، ئاوەکە بۆن دەکات، تام دەکات، ئینجا دەیخواتەوە. کەرەکە، ژنەکە و بارە قوورسەکەی پشتی، لە ئاوەکە، دەپەڕێنێتەوە. لەوێ ئەو تێدەگات، بۆ ئەو بەیانییە شارەکە زۆر ئاڵۆز بوو، لەوێ دەزانێت کوڕەکەی دوێنێ شەو، چی لە حکومەت کردووە. برایە پۆلیسەکە، برایە داماوەکەی، بە ئاگری ئەوەوە، دەگرییێت و شازدە مانگ لە بەندیخانەی موسڵ بەسەردەبات. هەندێ لەو برادەرانەی پرسیان پێ نەکرا و دواییش دەگیرێن. کەسیان ئاگای لەوە نەبوو. ئەو زووتر لە بەغدا، کە هێشتا (بارەگای خەبات) لەوێ مابوو، لەوێ لەناو شوقەیەکی مەیدان، بەوریاییەوە دەچێتە ژوورەوە، هەردوو نهۆمەکە بەپەلە دەبڕێت، لەوێ پیاوێکی پارێزەری گەنجی ئاوەدان و دەم گەرم دەبینێت، کە دوا ڕەشنووسی وتارێکی بە زمانی عەرەبی سازدەکرد،

لەوێ ئەو بۆی هەڵدەستێتەوە و بە گەرمی هەوای قەڵاتی لێ هەڵدەمژێت، هەر بە پێناسە و ڕەنگ و دەستوپلی و سڵاوکردنەکەی دەیناسێت، یەکسەر پێی دەڵێت:

من تۆم بۆ نەردییەک ئامادە کردووە، دەزانم ئەو ئیشە بە تۆ دەکرێت، من و برادەرانی هەولێر دەزانین، کەوا هەڵمەتەکە بە تۆ دەکرێت، بتبینم عوسمان، ئەوەمان بۆ بکە، بەڵام دەبێ سەربکەویت!

ئەویش زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێت:

مام جەلال، شانازییە و خەمتان نەبێت، ئاگادارم بکەنەوە و ئامادەم.

ئەو بەیانییان، هەموو ڕۆژەکان، ڕۆژانی هەینی و جەژنەکانیش، تەنیا لە ڕۆژانی مۆڵەتەکان، کە زۆر کەم مۆڵەتی داوا دەکرد، بەو پاسکیلە دەچووە دەوام، هەر بەو پاسکیلە، دەگەیشتە (ماڵی ئەندامانی حزب).

ڕێگاکەی نێوان ماڵەکەی ئەوان و قشڵەکە، زۆر ڕاستەڕێ نەبوو، تا بە ئاسانی بڕوات و لەسەر پاسکیلەکە دانەبەزێت، لەبەر زۆری جۆگەلە و چڵپاوەکان دەبوایە، ئەو، لە زۆر بواری تەنگ و (هەورازی ڕک) و جۆگەلەی گەورەش پاسکیلەکەی هەڵگرتبووایە.

ئەو لە دوورەوە، لەسەر پاسکیلەکەی دەناسرایەوە، کە عەریفێکی پۆلیسە. پیاوێکی چوارشانەیە، سمێڵە پانە تەنکەکەی لووتە گەورە و فشەکەی داپۆشیووە، ئەو هەردوو قاچە درێژەکانی، بەئاسانی پاسکیلەکەی ڕادەگرێت، دەست و قۆڵە درێژەکانی، دەگەیاندە خەڵکەکە و سڵاوی لێ دەکردن.

ئەو پیاوێکی دۆستانە و (گەرموگوڕ) بوو، لەگەڵ دووکاندارەکان، ئەوانەی بە تورکیش قسەیان دەکرد، بە شڕە تورکییەکەی قسەی لەگەڵ دەکردن، بەڵام دەمودانی زۆرباش، لەو زمانە نەدەوەشایەوە.

هەردوو خەتەکەی سەرشانی، لەچاو باسکە ئەستوورە و بەرینی چاکێتەکەی کورت و باریک دیاربوون، ئەو عەریفێکی پۆلیسی پۆلیسی دوو خەت بوو، خەتێکیان، واتە خەتی یەکەمی، کە (نیشانەیەکی پایەداری پۆلیسی بوو)، لەبەرئەوەی پۆلیسێکی خوێندەوار بووە، زوو وەردەگرێت، خەتی دووەمیش وەردەگرێت، کە خزمەتی پێنج ساڵییەکەی بە جوانی و لێزانی لە پۆلیسی بەڕێ دەکات، ئەگەر ئەو شەوە قشڵەکەی لووس نەکرابووایە، لەگەڵ سێ پۆلیسەکەی هاوڕێی نەڕۆیشتبوایە، بێگومان خەتی سێیەمیشی وەردەگرت، بەراستی دەبووە عەریفی سێ خەت، نەک

نائیب عەریفێکی دوو خەتە و پێی بڵێن عەریف، ڕەنگە خەتەکەی هەر وەرنەگرتبوایە، چونکە ئەویش، ڕەنگە یەکەم ناو بووە، لەو پۆلیسانەی بڕیار بووە، کە بەرەو شارەکانی ناسریە و دیوانیە دووریان بخەنەوە، لەوێش، بەدوورخراوەیی، لەوڕۆژەوە، بە چاوێکی تر، سەیری دەکرا و خەتەکەی هەر وەرنەدەگرت.

ئەو ڕۆژە، ئەو قاتە تەنکە هاوینییەکەی لەبەردا بوو، کەس سەرە داوی موویێکی لە ریشی ئەو نەدیبوو، ڕۆژانە دووجار مووسی لە ردێنی دەدا، مووسە تیمساحەکانی ناو قوودی تاخم تراشەکەی، بەرگەی نەدەگرت، بەڵام پیاوێکی لێزان بوو، شتەکانی ورد و جوان دەبینی، ئەوەندە ساڵەی ئەو پۆلیس بوو، ڕۆژێک لەخەو هەڵنەستابوو، مووسی نەمابێت، یان فلچەکەی دیار نەبێت، یان سبوغی پێڵاوی تەواو بووبێت، یان جلەکانی ئوتو نەکرابێت، ئەوەندە ورد و بە ئەندازە بوو، بۆیە هەموو مەشجەبەکەی قشڵەی هەولێریان دابووە دەست ئەو، هەموو پۆلیسی هەولێر دەبوایە شەوانە، کە دەوامیان تەواو دەبوو، حەرەسەکانی ناو قەیسەری، ئەوانەی (شەقامی مەولەوی، شەقامی مەلیک فەیسەل)، شەقامی موزەفەرییە، هەموویان بەیانییان تفەنگەکانیان لەو وەردەگرت.

# لە شەوێکی تاریکدا

بەڵام! خزمێکی نزیکی ئەو، کوڕەکە وتی:

شەوێکیان ئەو بەدزی، لەناکاو، دەست بە دەمانچەوە، لەناو کۆڵانێکی بە قووڕ و بەچڵپاو، لە نزیک دیوارە قووڕە پانەکەی کۆنە حەسارەکە، سەروو (ماڵە گامێشەوانەکان)، ئەوانەی بەیانییان لەزۆربەی دەرگاکانەوە منالێک، بە پێڵاوێکی لاستیکەوە، دەست بە فافۆنێکی گەورە بۆ ماست کڕین لە جۆگە چڵکاوەکان دەپەڕینەوە، ماستیان دەکڕی، بەڵام چۆن ماستێک، سپی وەک بەفر، نوێ وەک خەم، جوان وەک هەوری بەردەوامی شەوان، بە دە فلس، جامەکەیان بۆ پڕ دەکردن. ئەو لە دەرگا تەنکە شڕەکەی ماڵی خوشکی دەدات، ماندوو و برسی و پەریشان، لەو شەوە تاریکە بە تەمە، ئەو هاتبووە هەولێر.

کاکە عوسمان، لەگەڵ دوو کەس هاتووە، لە کەمین و ڕەبیە و جاشەکان دەربازیان بووە، بەپێیان هاتوون، جێبەکەیان، پاش ئەوەی (تەنکەیەکی سەرمۆری بەنزین) ی تێ دەکەن، لەناو حەسارەکەی خاتووناوە جێهێشتووە.

لەو شەوەدا کە بەدزی هاتبووە ناوشار، بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی هێزەکەیان ئاگاداربێت. ئەو هاتبوو، قسە لەگەڵ ئەو هاوڕێیە بکات، کە بە (ڕەقم یەک) دەناسرا، هاتبوو بەبیری بهێنێتەوە، ئەو زۆر بەو شۆڕشە ماندوو بووە، زۆر شەڕی نەبەردی کردووە، بەخۆڕایی ڕەقم یەکیان بەو ڕەوا نەبینووە، هەڵسە و دووبارە وەرەوە، لەبیرت چوو، کە لە شەڕە خوێناوییەکەی (قەشقە)، هەتا فیشەکت مابوو، ئازایانە شەڕت کرد و دوایی گیرایت، سوپاکە و فەوجێک سەرباز، بە دەبابە و ڕەشاشی بریێنەوە تۆیان گرت، تۆیان بەسەری کۆتەوە، بەپشتی شلەوە، بەیانییە زووەکە، بەو سەرمایە، تۆیان لەسەر لوولەی دەبابەکە بەستا، شەقام بە شەقامی پردێ و کەرکووک و دووبز، گوند بە گوند بە خەڵکیان نیشان دەدای، تۆ گیرایت، شۆڕش تۆی کۆنە عەریفێکی پۆلیس، تۆیان بە دوو ئەفسەر گۆڕیوە، لەبیرتە، لە لاسکییەوە، فەرمانەکان کە (ئیسماعیل سەرهەنگ) شوفرەکەی دەکردەوە و دەیزانی چییان وتووە:

حکومەت و جاشەکان، لەناوی تۆ، زەندقییان چووە، شوفرەکانی حکومەت باسی تۆیان دەکرد، تۆ لە کێ توورە دەبیت، شۆرشەکە، بارەگاکان، کۆبوونەوەکان، هەمووی موڵکی خۆمانە، ئێمە چەکمان بردە سەفین، ئێمە هەژارانی گەڕەکەکانی سەیداوە و سێتاقان و تەیراوەمان کۆکردەوە، ئێمە لە گوندەکان، پێشمەرگەمان شیرین کرد، هەر ئێمەش بووین، لەبن هەموو بن بەردەکان، لەناو هەموو ئەشکەوتە تاریکە سەختەکان ژیانمان بەسەربرد... وەرەوە! لە کێ توورە دەبیت!؟

# ڕەشەریحان

بەیانییەکەی ، بەر لەوەی پاسکیلەکەی بێنێتە دەرەوە، تایەی پێشەوەی دەهاوێتە نێوان هەردوو لینگی و بەدەستەکانی تەرازووی سوکانەکەی ڕاست دەکاتەوە، سەیرێکی (چەوری زنجیر و ماشە)کەی دەکات، بە پەنجەکانی هەردوو تایەکە دەکووشێت، هەست دەکات، تایەکەی پشتەوەی هەواکەی کەم بووە، بە پەمبە ڕەشەکە، تایەکە پڕ لە هەوا دەکاتەوە، پەمبەکەش لە پشتەوەی پاسکیلەکە دەبەستێتەوە، دەستێک دەبات بۆ گوڵباخێکی سووری باخچەکەیان، بەڵام دوودڵ دەبێت:

نایەوێ هەنگ و پەپوولەکان، لەو گوڵەش نائومێد بکات. ئێمە تەنیا ڕەنگ و بۆنی گوڵمان دەوێت، بەڵام! هەنگ و پەپوولە، ڕەنگ و بۆن و تام و (شیلە)شیان دەوێت.

ئەو سەری نەوی دەکات، بۆنی گوڵەکە دەکات، بەڵام! دوو لقی زراڤ لە ریحانەرەشەکە دەقرتێنێت، ریحانەرەشەکە، لەناو حەوشەکەیان ئێواران کەشەکەی گڵ دەدایەوە، ڕەشەریحانەکەی بن دیوارەکە، هەتا پەنجەرە چوارچیوە شینەکە، بەر جامە چوارگۆشەکان بەرز هەڵچووبوون، زۆرجار ئەو لە دیاریان دادەنیشت، لەسەر کورسییە نایلۆنەکە، بەرانبەریان بە (بێجاما خەت پانە سوورەکە)ەکەی بەری، دادەنیشت، نامەکانی حزب و بڵاوکراوەکانی دەخوێندەوە.

ئەو ڕۆژەی ئەو دەڕوات، هەر ئەو ڕۆژەش بوو، کە ئەو بە ژنەکەی ناڵێت نیوەڕۆ لەبیر نەچێت، شیووەکە زۆرتر بکە و یەک دوو کەس، لەگەڵ خۆم، بۆ نانخواردن هەر دەهێنمەوە. عەریف عوسمان کە لەماڵەوە دەچێتە دەرەوە، کە سواری پاسکیلەکە دەبێت، دەیزانی دوارۆژە و چیتر نە ئەو بەرگە لەبەر دەکاتەوە، نە ئەو جارێکی تر سواری پاسکیلیش دەبێت، بەڵام تا زنجیرەکە، پەیدانەکە، قووڕی کۆڵانەکە، دامێنی پانتۆڵە خاکییە هاوینییەکەی پیس و بێزەوەر نەکات، باش و توند بە لاستیکە باریکەکە دەلینگەکانی توند دەکات، دەیزانی دواجارە و دوارۆژە ئەو جلەش لەبەر دەکات ئینجا، ویستی ئەو ڕۆژەش بەخاوێنییەوە بچیتە قشڵە، پێڵاوەکەی ببریقێتەوە، ریشی باش تاشیبێت، ژمارەی پۆلیسییەکەی، (ژمارە مسەکان کە لەناو لاکێشێکی مسی گەورە)

لەسەر گیرفانی چەپی و لەسەرسینگی دانرابێت و ژمارەکانیش جوانیش ببریقێتەوە. هەتا ئەو ساڵانە دواییش ژمارەی پۆلیسی خۆی و ژمارەی تفەنگەکەی و ژمارەی چەند تفەنگێکی هەر لەبیر مابوو، بەتایبەتی ئەو تفەنگانەی لوولەیان ژەنگ لێی نەدابوون، بەتایبەتی تفەنگە ئینگلیزییەکان، تفەنگە کەندەییەکان، رەشاش برێنەکەش، ژمارەی پۆلیسی خۆی هەر لەبەر مابوو!

ئەو بەر لەوەی دەست بداتە سوکانی پاسکیلەکەی، دەست بۆ ریحانە رەشەکە، گوڵە سوورەکان، سەیرێکی دارتووە بڵندەکەی حەوشەکەیان دەکات، سەریش بەرزدەکاتەوە، چاوێک لە سێ ریزە کەرپووچەکەی سەربانەکەیان دەکات، کە جوان وەک ستارەیەکی ناسک و بە ئەندازە دانرابوون، ئەو بە حەوێزی قەڵابی وتبوو:

قەڵابێک کەرپووچی جوان و زەردم بۆ بێنە، دەمەوێ ستارەیەک جوان و بە ئەندازە لەو پێشەوەیە بکەم، ستارەیەک بێت، دوورودرێژ لە کۆڵانەکەوە دیار بێت، لەسەر ستارەکەش دوو شوێنی (شەربە)ش دەکەم، یەک قەڵاب کەرپووچم بۆ بێنە، بەشی قادرمەیەک و ستارەکە بکات، بەڵام قەڵابەکە لەسەرخۆ بەرزبکەوە، نامەوێ لە دە دوازدە زۆرتر کەرپووچم بشکێت، باشە، دواییش با کرێکارەکانت بەشی ستارەکە، کەرپووچم بۆ ببەنە سەربان، توخوا ئاگایان لە باخچە و رەشەریحانەکانم بێت، باشە حەوێز!

## نەگەڕانەوە

ئەو شەوەی ئەو تفەنگەکانی قشڵەی هەولێر دەبات، هەموو پۆلیسەکان بێ چەک مانەوە، کۆڵانەکانی قەیسەری، بەردەرگای دادگا، باب نیزامەکەی قشڵە، بەردەرگای خەستەخانەکە، بەر سینەماکەی یەعقوبییەکان، قەسابخانەکە، بێ چەک دەمینێتەوە، موتەسرف و مەعاونی ئەمن و پۆلیس هانا بۆ ئۆردی رەشکین دەبەن، لەورۆژە، حکومەت بێ چەک دەبێت، سەفین تفەنگ لە شان دەکات، عەریف عوسمان یوسف حکومەت چەک دەکات و سەفینش چەکدار دەکات!

ئەو دووەم جارە، پیاوێکی بەتەمەن، کە مووە زەردە دڕەکانی پشتی دەستی دەمارە سیسەکانی بزر کردبوو، پیاوەکە وتی:

ئەوە دووەم جارە، هەیبەتی پۆلیس و مەخفەر و قشڵەی هەولێر بشکێت، کە (کاکل ئاغای گەردی)، ئەو پیاوەی بە زەبری خەنجەر و تفەنگی رەشکەوە، زیندانەکە پۆلیسی هەولێر دەشکێنێت، هەندێک لە پۆلیسەکان دەبەستێتەوە، لاسارەکان دەکوژێت، تورکەکان تەمبێ دەکات، کوردەکان لەو دەشتە بەڕەڵا دەکات، زیندانەکە دەشکێنێت، کاکل ئاغا بە دەستی خزمەکانی، لە زیندان رادەکات و دەگاتەوە زوورگەکان. ئەوە دووەم جارە... ئەوجارە عەریف عوسمان، بە رێنمایی حزب و بە هاوکاری سێ برادەری تری حزب، قشڵەکە، مەشجەبەکە لووس دەکات، چەکەکان دەبات و چاوی موتەسرف و ئۆردی و بەغداش دەشکێنێت.

# بەرد و قسڵ

ئەو ماوەیەی بۆیا بە دیلی و بە داماوی لە دوورگەی کریت دەمینێتەوە، لەناو ئاگری گەرمی شەڕەوە، دەگاتە ناو ئاگری ماچی کیژە چاو رەشەکە، دەگاتە بەر سێبەری زەیتونە ناوقەد ئەستوورە پیرەکان، ئەو سوێندی دەخوارد، دەیگوت:

بە مەسیح قەسەم، من لەو هەوارە و لەناو ئەو خێزانە، چەند دار زەیتونم بۆیان رنیوە، ئەوەندە جارە کیژەکەی ئەوانم بەخۆشییەوە ماچکردووە. چەند بەردم، لە بەرزکردنەوەی، گومبەت و کەوانەی کڵێسا رووخاوەکە بۆیان هەڵگرتووە، سەد ئەوەندەش، لەبن سێبەری دارەکانیان، ئیسراحەتم کردووە. من مردوو بووم، مردووێکی بێ هەناسە و بێ رەنگ، بەڵام لەو ماڵە دووبارە ژیامەوە، (مریەم و ئەنجیل) و ئەو ماڵە، منیان ژیاندەوە.

لە رۆژێکی گەرم سەنگەرەکانمان گیرا، دار و پەردوو و بەردەکانیان بە سەرماندا دارماند، زووتر ژەندرمە تورکەکان هەڵاتن، (تەربووشە) سوورەکانیان فرێدا، هەتا ماوەیەک غلۆر دەبوونەوە، لەناو چڵپاوێک، لە پەنا دڕکەزەردێک، تاشە بەردەکان، پنچکە دارەکان، تەربووشە بە گوڵینگەکانیان دەگرنەوە.

خۆری ئەو دوورگەیە لەوێ زۆر گەرمە، رۆژانە دەریاکە هەموو گەرماییەکە هەڵدەمژێت، تا ئاوەکە گەرم بکاتەوە، بۆیەش شەوەکانی سارد و تەزی بوون. کە ترسی شەڕ و کوشتن نەما، سەرما و گەرما منیان هەراسان کردبوو. کەس نەبوو، لوولەی تفەنگێک، لمووز و بۆنکردنی تووڵە سەگێک، کەس تاقەتی نەبوو، بەسەر مۆڵگەکەمان بکەوێت و زیندوو و مردووەکانمان لەیەک جیابکاتەوە، دڵە بەزامەکان و چاوە ترساوەکان، ئاژەل و بنیادەمەکان هاوێر بکات، رۆژێک بوو زیندووەکان بایەخیان نەمابوو، کەسیش بیری لە هەڵگرتنەوەی تەرم و بریندار و نەخۆش و ئیفلیجەکان نەدەکردەوە. من ئەو رۆژەیان، پاش شکانە جوانەکە، پاش دۆڕانە بە قازانجەکە، رووخانە پیرۆزەکە، چاوەڕوان بووم تا خۆرە گەرمەکە لەناو دەریاکە سارد بووە، ئاوەکە، گەرماییەکەی دەکردەوە هەور و شەوەکەی فێنک کرد، لەوێ من دار زەیتونێکم کرد قیبلەی دەرچوونم، لە سێبەری ئەو زەیتونەدا (زەیتون و پەنیر و ماچ و ژووان و خودام دۆزییەوە) و

رزگارم بوو، بەڵام ئاسەواری شەڕەکە دووبارە منیان لەو بەهەشتە دەرپەڕاندەوە. کە لەبن سێبەرە زەیتونەکە دوورکەوتمەوە، هیوام دەخواست هەر لەناو مۆڵگەکە وەک ئەوانی تر، وەک پیاوە عەرەبەکە، چوار تورکەکە، شەش لوبنانییەکە، هەموو عوسمانییەکانی لەو شەڕەدا کوژران، منیش لەوێ دەمردم، نەک بە دیلێکی یۆنانی بمگۆڕنەوە!

وەستاکەی بەردەستی، جوان سەیری بن دەستی وەستا بۆیای دەکرد، دەیزانی بەردی چۆنی دەوێت، بەردێکی وای دەدایێ، یەکسەر کونەکەی، بۆشاییەکانی دادەخست، دەیزانی بەردەکان لەکوێ دادەنرێن. ئەو پشتی قیت دەکردەوە و دەیوت:

بەردەکە باش بوو، قسڵی لەسەر روو بکە، با توند بێت.

بەڵێ بەردەکە، تەواو بوو.

وەستا بۆیا دوو هەنگاو دەکشێتەوە دواوە، سەیری کەوانەکە دەکات، کە دەبینێت، کەوانەکە زۆر دروست وەستاوە، بە ئارەزووەوە دەڵێت:

کە منیش دەزانم ئەو تاقانە دابنێم، کە من لە دیلییەوە فێری ئەو کارە ببم، دەزانم چۆن ئاوە شینە خاوێنەکە دەگاتە ناوشار، چۆن وردە ماسییەکان گەورە دەکات، چۆن (خەمی سەوز) و گیا و شینایییەکە دەشواتەوە.

# نانی گەرم

بۆیا لەورۆژانەی، لە دروستکردنی سێ تاقەکە ئیشی دەکرد، بەیانییان زوو، لە کۆڵانی عارەبان، لەگەڵ خۆی، چەند نانی گەرمی لە ماڵە عەرەبەکانی کۆڵانەکەی دەکڕی، بە ژنە لچ ئەستوورەکەی دەوت:

بزانە، من لەگەڵ زمانە (سریانی)یەکەی خۆمان، کوردییەکی چەند جوان قسە دەکەم، تۆش فێر بە، بزانە پیاوەکەت، لەناو بازاڕ چ کوردییەکی رەوان فێر بووە، ئەوە چەند ساڵە لەو شارەن، ئەوانی تر، ژنەکانی تر چەند باش زمانی کوردی قسە دەکەن.

حەمدییە و ماڵەکانی تر، کە چەند خێزانە عەرەبێک بوون، لەو کۆڵانەدا دەژیان، ئەوانیش نەیاندەزانی بۆ...؟ نەیاندەزانی بۆ هەموویان نانەواییان دەکرد، کەسیان خزمی یەک نەبوون، یەک (بەرەباب) نەبوون، لەیەک گوند، یان رەچەڵەکیش نەهاتبوون، هەمووشیان لە کۆڵانە تەسکەکە، لە پاش دەرگا تەسکە بە پەردە داپۆشراوەکانیان، لەبەر دەرگاکانیان، لە پەنایەک تەندوورویان دروستکردبوو، یەک دوو تەندوورویان دانابوو. ژنەکانیان، رۆژانە بە تەنکە ئاردیان دەکردە هەویر و هەموویان دەکردە نان، بەردەوام پیاوەکانیشیان لەدیار سەبەتەکانیان لەناو قەیسەری ریز دەبوون. شارەکە، گوندەکان، بۆ بووک و زەماوەندەکان، بۆ چوونە سەرقەبران، نانیان لەسەر ئەو سەبەتانە دەبرد، نانەکان زەرد و جوان بوون.

ماڵە عەرەبەکان، ژنە عەرەبەکان سوێندیان دەخوارد کە ئەوان (زەردێنەی هێلکە، زەعفەران، شیر و کونجی و رەشکە و وردەگوێز و گوڵەبەرۆژە و روون و ئاجی و نەعناع و پوونگ و تووی شەقڵاوە و گوێزی هیندی و قۆزلی و تۆی رەشەریحان و گەزۆ) و زۆری تریان، لەگەڵ هەویرەکە شێلاوە، نانەکانیان لەسەر سەبەتەکان نەدەمایەوە، نانەکانیان (زەرد و سوور و پەمبە و ناسک و شیرین) بوون، نانەکان بۆنی (ژنی تەڕ و شاری گەرم و کۆڵانی مەند و خاوێنی و کار و ئارەقە و دەستماڵی نەرم و چاوی شیرین)ی ماندووبوونیان پێوە بوو، بۆیەش ئەوان لەو کۆڵانە زۆر مانەوە، کۆڵانەکەش بە ناوی ئەوان ناسراو. عەرەبەکان لەو شارەش گیرسانەوە، بە ئارەزووی خۆیان بوونە هەولێری، ئێستاش کەس نایانناسێتەوە، ئەگەر ئەو سەربردەی من نەبێت، ئەگەر بۆنی

نان و بۆنی ژن نەبووایە، کەس ئەوە نازانێت، کەس لەناو شارەکە نایاندۆزێتەوە. عەرەبە نانەواکانی ئەو کۆلانە، لەناو شارە گەورەکە، لە گەڕەکە نوێیەکان، لەناو مۆلەکان، لەناو حزبە کوردستانییەکان، لەناو تیپەکانی فوتبۆل و لەناو پەرلەمانی کوردستانیش نایانناسێتەوە.

ئەو ژنە عارەبانە، خێزانەکان، کە دوایی لە هەولێر مانەوە و بوونە کورد، زۆر لە پیاوە بە تەمەنەکانی ئەو شارە، بە دەستی یەکێک، لە کوڕەکانی ئەو عەرەبە نانەوایانە، دەرزی کوتانی چوونە مەکتەبی لێدراوە. زۆریان لەو شارە بەرد و دار و سێبەریان بۆ گەورەبوونی شارەکە بەکارهێناوە.

ئەوانە بەیانیان زوو، نانیان بۆ چێشتخانەکانی ناوشار دەکرد، زۆر لەماڵەکانی ناوقەسران و ئەوانەی پشت هەردوو تەکیەکەی نزیک خۆیان، خەڵکی ناو حەسارەکان، نانیان لەوان دەکڕی، هەندێک لەو پۆلیسانەی لە قشڵەی سواری دەمانەوە، لەبەر دەرگای ئەو ماڵانە نانیان دەکڕی. ئەوانەی لە نادییەکەی سەربازی دەخەوتن، پاسەوانەکانی قشڵەکە، کرێکارەکانی کارگەی (سیفۆن)ەکە، ماڵە دیانەکانی ئەو کۆلانە، چەند ماڵە ئەرمەنییەکە. زێڕینگرەکان، وەک چۆن لەناو قەیسەرییەکە کۆلانێکیان هەبوو، لێرەش کۆلانێکیان بەناوە. جوولەکەکان، ئەوانەی بۆ کارکردن و کاسبی لەگەڵ موسڵمانەکان، هەندێکیان ماڵیان لە گەڕەکی تەعجیل جوولەکە هاتبووە ئەو گەڕەکە. ڕەنجبەر و سەرکاری ناو حەسارەکان، کە تیشکی خۆر و گەورەیی تەبارە و جۆخینەکان نامۆ و حەیرانی کردبوون، هەموویان نانیان لەو ماڵە عارەبانە دەکڕی.

## سینەما و مەزارەکە

مجێوورەکەی سولتان موزەفەر، چایەچییەکەی تەنیشت سینەماکە، ئەو سینەمایەی ناوی سەلاحەدینیان لێ نابوو، کە تازە یەکێک لە بنەماڵەی یەعقوبییەکان دروستی کردبوو، (پیرەژنە سەیدەکە)، ئەوەی پشدێنێکی گەورەی دەبەستا و چەند ساڵ بوو، لە مەرقەدەکەی سوڵتان موزەفەر دەنوزایەوە و نوێژی دەکرد و چەند پیرتر دەبوو، ئیماندارتر دەبوو، زۆرتریش مێردەکەی خۆشدەویست.

ژنە پشدێن ئەستوورەکە، ژنە لاوازەکەی ناو مەرقەدەکە، کە رۆژێکیان، لە خەڵکەکە، لەوانەی دەهاتن نوێژیان لەسەر دووگردەکەی ئەوان دەکرد، ژنەکە دەزانی بەرانبەریان دەبێتە سینەما، بە ناوی سەلاحەدینیش دەکرێت، ئەو پیاوەی پشتیوان و سەردار و شیری سولتان موزەفەر بوو. ژەنراڵ گۆرۆ کە لە شەڕەکەی (میسلۆن)، یاخیبوونەکەی دیمشق و چەکدارییەکەیان دەبەزێنێت، هەموو سەرکردەکانیان دەکوژێت، لە داخی شەڕ و سەرکەوتنەکانی سەلاحەدین لە عەکا و خاچپەرستەکان، لە یەکەم سەردانی ناو دیمشق، ژەنراڵەکە دەچێتە سەر مەزارەکەی ئەو، بە کێلەکانی، بە پەرۆکە کەسکەکەی سەر سینگی دەڵێت، وا گەڕاینەوە، ئەو جارە زۆر نزیکین، ئەو جارەش هاتینەوە! پیرەژنە سەیدە پشدێنە گەورەکەش، بە کردنەوەی سینەماکەی بەردەم مەزارەکەی سولتان مەزەفەر، وادەزانێت دووبارە سەلاحەدین گەڕاوەتەوە، بەڵام سەلاحەدین لەو کاروان و لەو مەیدانەدا ئەو جارە کراوە بە سینەما!

کە لەوێ شەوانە دەنگی موزیک و سەما، لەوێ لەفیلمەکاندا، ژووان گەرم دەبێت، لەوێ مێژوو دووبارە دەکرێتەوە، (ببوورە ژنەکە نەیزانیبوو سینەما مێژووش دەگێڕێتەوە)، ژنەکە نەیزانیبوو، (سینەما هونەرە و هونەریش رۆح، گەورە و شکۆدار دەکات)، ژنەکەی خزمەتی مەرقەدەکەی دەکرد نەیزانیبوو، بەڵام سوێندی خواردبوو، چیتر لەبەر مەزاری ئەو مەرقەدە، نەنوزێتەوە، لەوێ و لە پەنا مەرقەدەکەی دوو رکعەتە نوێژی تر نەکات، چیتر شەوێکی تر بەرانبەر، ئەو سینەمایە بۆ بەرووژووبون شەوانە هەڵنەستێتەوە، چیتر (شەوانە نوێژ) و کێسگی مەرقەدەکە نەکات، ئەگەر جەرەبووتی سولتان، شیر و خەنجەرە بە جەوهەرەکەی ئەو، فیلمەکە رانەگرێت،

ئەگەر سولتانەکەی چاوی ژووانی ناو فیلمەکان کوێر نەکات، ئەگەر سولتان موزەفەر و تیشکی سەر گۆڕەکەی، تیشکەکەی سینەمایە نوێیەکە، لە یەکەم نمایشدا نەپچڕێنێت.

پیرەژنە کورتە باڵاکە، ئەوەی لەناو سوورچییان، بە مناڵییەوە گەیشتبووە ئەو شارە، ئەو سوێندی خواردبوو، ئەو زۆر دڵنیابووە، کەوا ئەو هەموو بەکرەکانی سینەماکە دەشکێنێت، گەورەیی و پیرۆزی ناوی سوڵتان موزەفەر پایەکی هەموو کورسییەکان لار دەکاتەوە، (شاشە سپییەکە رەش دەکاتەوە)، جەمەلۆنەکەی سەرەوەی، کون دەکات و رووناکی بەناو هۆڵەکە پەخشان دەکات، بەوەش نمایشەکە بەتاڵ دەکات و بلیتەکان پووچەل دەبنەوە. پیرەژنە سەیدەکەی سەر مەرقەدەکەی سولتان موزەفەرە (دادە عەیشێ) ژنە مجێوورەکە، لەگەڵ مێردەکەی، کە کەس لە تەمەنی خۆیان جلێکی کوردی نوێی لەبەر نەدیبوون، ئەوان هەر بەو جلانەوە هاتبوونە ناو ئەو مەرقەدە، هەردووکیان بە پۆشاکی خۆیانەوە و دەست بە بوخچەیەکی سووکی پینەکراو هاتبوون و ببونە مجێووری سولتان موزەفەرە، کە بەرانبەرەکەی دەکرێتە سینەمایەکی هاوینی، دواییش سینەمایەکی زستانی لێ دروست دەکرێت. ژنەکە وتبوی:

ئەگەر ئەو سینەمایەی بەرانبەر مەرقەدەکە بکرێتەوە، پیرەژنە مجێوورەکە هانا دەبینە بەر سوپا و زیرەکی و دەسەڵاتی (ئەیوبییەکان)، نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەوانەی زۆریان لە وڵاتانی شام و میسر دەژین و ژمارەیەکی زۆریان دەپەڕنەوە سیسیلیا و دوورگەکانی تری ئیتالیا، دەگەنە فەرەنساش، نەوەکانی سەلاحەدین، پاش پارچەبوونی ئیمارەت و دەوڵەتەکان و هاتنی تورکەکان پەرگەندە دەبن، ئاینەکەیان لاواز دەبێت، زمانەکەیان شپرزە دەبێت و زاراوەی یونانی و ئیتاڵی و تورکی زۆری تێدەکەوێت.

ژنە سەیدەکە زۆر دەنوزێتەوە، زۆر دەگرییت، هانای دەباتە ئاوارەیی و بێکەسییەکەی خۆی، بەڵام سینەماکە بە کارەباکە، بە مەکینە نوێیەکە، بە کارامەیی دەرەکی و بە ئەزموونی کۆنی هونەرەکە، سینەماکە و فیلمەکان ئیش دەکەن، شەوانە ئاپووڕەیەکی خێزانی لە لۆجەکان، رۆژانەش گەنجێکی زۆر رووی تێدەکەن، بۆیە ژن و پیاوەکە، بە هەمان دەستە جلە کوردییەکەی کۆنی خۆیانەوە، کە هاتن لەبەریاندا بوو، کە یەکەم رۆژ بەو ئاکارەوە دەرکەوتن، شەوەکەی سینەماکە ئیش دەکات، ئەوان بەپەلە و بە دزی ون دەبن، ئەو شەوەی سینەماکە نمایشەکە دەکات، (ماچ و رازەکان و دیمەنەکان بۆ رۆح و چاوەکان) تەواو دەکات، سینەماکە و خاوەنەکەی و کارمەندەکانی و کارەباکەی و شووشەبەندەکانی سەلامەت دەبن و نمایشەکە دەکرێت و بەردەوامیش دەبێت، ئەوان دەرگا شڕەکەی مەرقەدەکە لەسەرپشت جێدەهێڵن، هەردووکیان سەرهەڵدەگرن، کەسیش نەیزانی روویان لەکام دەڤەر کرد، لەکوێ بوونە کەرەستەی فیلمێکی

سینەمایی، ئەوانیش بەیانیان نانی تەندووری گەرمی جوان برژاویان، لە ماڵە عەرەبەکانی پشت مەرقەدەکە دەکڕی.

مجێوورە کۆنەکە، ڕۆیشت و کەس نەیزانی بەرەو کام هەوار روویان هەڵگرتبوو، مجێوورە نوێیەکەش، ئەوانەی پاش سەیدەکان هاتن، ئەوانیش نانیان لەو ماڵانە دەکڕی.

تەندوورەکان هەتا ماوەیەکی زۆر، چەند نەوەیەک، کیژ لە دوای دایک و خوشکەکان لەجیاتی بووکەکان، بەدەستی گەورە و ئاگری گەرم نانیان بەو شارە دەدا، پیاوەکانیش بەیانیان زوو، سەبەتە نانەکانیان بەسەر مەعمیلەکانیان دابەش دەکرد، چاوەڕوانیش دەبوون تا گوندییەکان دەهاتنە شارەکە، ئەوانیش بەشی خۆیان دەبرد، تا (کەباب و حەلوا) ی پێوە بخۆن.

## کۆڵانی عارەبان

ئەو نانەکانی لەناو سەرنانێک دەنا، بەرەو باخچەکانی سەرووی قەسری عەتوڵا ئاغا و ڕەزەکەی ئەو دەهات، ئەو زوو هەڵدەستا، دەنگی سێویی سەرشۆر، کە ماوەیەکی زۆری لەناو حەمامەکەی حاجی قادری بەسەربردبوو، بەردەوام لەگەڵ دەنگەدەنگ و تەقەتەقی (جام و فافۆن) ی ژنان و هاتوهاواریان ژیابوو، بۆیە لە ماڵەوەش هەر دەنگی گەورەبوو، زوو لە خەو هەڵدەستا. سێوێ کە لە خەو هەڵدەستا کوڕەکەی بۆ خوێندن و کرێکارەکانی بۆ مەیدان، وەستا بۆیاش بۆ سەر پردەکە، (مام وادی) بۆ دەرزی لێدانی منداڵان و پۆلیسەکانی ناو حەسارەکەش بە پۆستاڵی ڕەشەوە بۆ قشڵەکە، حەمباڵەکانیش بۆ ناو قەیسەری و ناو سیفەکان بە خەبەر دەهێنا.

کۆڵانی عەرەبان، سەنتەرێکی دیار و زیندووی ئەو شارە بوو، لەوێ شەوانە ئەفسەرەکان، هەتا نیوەی شەو، جلی سەربازییان لەبەردەکردەوە و مەستانە، هەندێکیان دەبوونە جن و جانەوەر و عفریت و باڵیان دەکردەوە، ئەو شارەیان نقوومی خوێن و ژان دەکرد، ژمارەیەکیان هاتبوون، ئەو شەوە، بە خواردنەوەی دوو بەرداخ، مەستانە باوکە ئاغا و دەرەبەگەکانیان بشۆنەوە، کە حەزیان کردووە کوڕەکانیان ببێتە ئەفسەر، ئەو جلە لەبەر بکەن. هەندێکیان سەرخۆش دەبوون تا بە دەنگی (عەفیفە ئەسکەندەر)، چاوە ڕەشەکەی سەلیمە موراد نەجمەیەکی تر لەسەر شانیان دابنێن، ببنە ئامیر مەوقیع و ئامیر لیوایەک، بەڕێوەبەری تەجنیدی شارێکی گەورە.

لەو گەڕەکەدا، شەوانە، بەڵێ شەوانە و شەوانی درەنگیش ئەفسەرەکان، بەر لەوەی سواری جێبە قووتەکانیان ببنەوە، بە سەرخۆشی و بە نیتاقی شلی پشتیان و بێریەی خواری سەریان، بەرەو ئۆردی بچنەوە، سەیرێکی بەرزی قەڵاتیان کردووە، وایانزانیوە، ئەو (قەڵاتە گۆزەیەکی پڕ شەراب)ە، ئەو (قەڵاتە سێوێکی سپی نەکراوە)، نانێکی گەرمە و جوان و باش بۆ ئەوان برژاوە، ئەوان بەئاسانی دەیکوشن و دەیکوڵێن و دەیبرژێنن و دەیکەنە پارووێکی چەور و تەڕ و بەتام، ئەو قەڵاتە شەقار شەقار دەکەن، وایاندەزانی دەتوانن، ئەو قەڵاتە تەخت و نەوی بکەن!

ئەوان بەر لەوەی بچنەوە ناو جبەخانە و (بارووەدخانەکەی ڕەشکین)، سەیرێکی کۆشکە دیوارە بەرزەکانیان نزیک خۆیان دەکرد، کە پرتەقاڵ و هەنار و هەنجیری باخچەکانیان هەوێنی بەهرە

و داهێنانی دانیال قەساب بوون، وایاندەزانی ئەو دیوارانە وەک (ئاروو)، وەک گندۆرەیەکی نۆ مانگی کوزکوز دەکەن، دیوارەکان وەک مس، دەتوێنەوە و بەرد بە بەرد، کەرپووچ بە کەرپووچ دیوارەکە دەرووخێنن، بەڵام نەیاندەزانی لەو قەڵاتە شەمسەدین موفتی کۆبونەوەی حزبی تێدا دەکات.! سەرخۆش دەبوون و وایاندەزانی قەڵاتەکە گۆزەیەکی شەرابی سوورە، نەیاندەزانی نافیع یونس، پارێزەرە گەنجە قەڵاتییەکە، مەبەستی شۆرشی هەیە، دەیویست پاشایەتی بروخێنێت، ئەوەی رۆژنامەی ئازادی لە کەرکووک پەخش دەکرد، لە هەموو بزاڤە سیاسییەکانی هیوا و رزگاری و تێکۆشین و شیوعی ئەندامێکی چالاک بووە. نەدەترسا و چالاک بوو، بۆیە زوو لە سێدارەیاندا، تەرمەکەشیان نەناردەوە لای پیرەژنەکەی دایکی، تا لەگۆڕستانە گەورەکەی بەرانبەر و روو لەدەرگا گەورەکەی قەڵات، تەرمە غەدرلێکراوەکە بنێژێت، ئێستاش کەس تەرمەکەیان نەدۆزیەوە، لەناو کێلی قەبرەکانی گۆڕستانە داخراوەکەی ئیمام تەعجیلیش ناوی ئەو دیار نییە.

کە من لەوێ، لەناو گۆڕستانی ئیمام تەعجیل پاش نیوەڕۆیەکی هێمن، کێلێکم دۆزیەوە، بەردێکی کۆن، بە خەتێکی کۆن، نووسینێکی شپرزە، ناو و تەرمی مەعروف جیاوکم دۆزیەوە، لەوێ ناوێکی ون، کەسێکی نەناسراوە، کەسێکی ئازا، کەوتبووە ناو کێڵی گۆڕی کەسانی غەریب و رێبوارە نەناسراوەکانی، کێلەکانی ناو شوورەکە، (گەورە و بەرز و نەوی و کورت و پان و ورد و لاکێش و مەرمەڕ و ئاوێنەیی)بوون، ناوی کۆن و نوێی تێدابوو، بەڵام کێلی نافیع یونسی تێدا نەبوو، هەر نافیع یونس نەکوژرا و گۆڕ و کێلی نەبێت، زۆرن لەو شارەدا کێلیان نییە، لە جەمال حەیدەرییەوە دەست پێ دەکات، کەسیش نازانێت ناوەکان چەندن، ناویان لەسەر کێل و گۆڕ و دۆزینەوەدا نییە.

بێگومان لەو کێلانە، موسڵمان و جوولەکە و کریستیان و مەزهەب و ئاینی تری تێدا بووە، هەندێکیان چەند کێلێک بوون، شوورەیەکی شڕی رووخاوی نەوی، شوورەیەکی بە کەرپووچی کۆن، چیمەنتۆیەکی زۆر کۆن، بەردەکان ساڵی کۆن و زۆر کۆنیان پێوە بوو، لەوێ (مەعروف جیاوک) ناوەکەی بەژنی کێلەکەی دەهەژاندەوە، چۆن ئەو پەنجەی لەناو پەرلەمان رادەوەشاند، چۆن وەک کورە میر و بەگ و ئاغاکان سیفی سووری عوسمانی کۆنی لەسەر نەبوو، ئەو لەوێ بوو، لەوێ قسەی کردووە، لە بەغدا خەمی بارزانییەکانی بووە، لەوێ یەخەی وەزیری کشتوکاڵ و بەرپرسی ئەملاکی حکومەتی گرتووە، پێی وتووە، چۆن بڕیارتاندا بەژنی قەڵاتی هەولێرەکەم ببڕن، لەوێ و لە شەقامەکانی رەشید و (گۆڕەپانی وەسبە)، کوردەکانی لە یانەی سەرکەوتن کۆکردیتەوە، کێلەکەی لەناو گۆڕە غەریبەکان، خۆی دەهەژاند، شەوانە وتاریان بۆ دەدات، پێیان دەڵێت، دەبوایە تەرمەکەی نافیع یونس و جەمال حەیدەرییش لێرە بوایە.

## دیلە ئازادەکە

کوڕم تازە سێ تاقەکەمان تەواو کردووە، تازە، ئاومان پەڕاندوتەوە ناو هەموو موڵکەکانم، لەوێ، توور و سڵق و پەتاتە و شەڵغەم و خاس و کودی و باینجانمان کردووە، تازە، من دووەم پارچەی دڵی خۆم دۆزیوەتەوە، دەمارەکانم کراونەتەوە، تازە، من بارانم لە ئاسمانەوە باراندوتەوە سەر رووبەرێکی نوێی وشکی چاوەڕوانی زەوییەکەم، چۆن ئەوانە تێکدەدەم، من (بڕکی تەماتە بە دارێکی بەرزی ئەستووری تووێک نادەم)، ئەو جۆگەلەیەی ئاودانم بۆ دەکات، بە هەموو شەقام و پردی دونیای نادەم. من ماندووبوونی وەستا بۆیا و بەردەکان بەهەدەر نادەم، ئەوان زۆر ماندووبوون، ئەوان، عەرد و ئاسمانیان بۆ من بە باران ماچکرد، هەردوو جەمسەری دونیایان بەیەک گەیاند، تازە من لە جەهەنەم پەڕیومەتەوە.

هەرگیز، ئەو پارچە زەوییانە، بیریان لەوە نەکردیتەوە، نەیاندەزانی رۆژێک دێت، سەردەمانێک دێت، ئاو بگاتە سەر روومەت و گوناکانیان و لەگەڵ ناخی بنەوەیان تێکەڵ دەبێت، بڕوا نەدەکرا، سەربازێکی عوسمانی لە شەڕە گەورەکە، لەناو باروود و خوێندا دەربازی بێت، لەوێ بگەڕێتەوە، لەوێ یۆنانییەکان بە یۆنانییەکانی ناو تورکیای بگۆڕنەوە، ئەویش بگەڕێتەوە، لێرەش ئەو سێ کەوانە، تاقەکان بە قسڵ و بەرد رابگرێت، (ئاو بپەڕێنتەوە). براگەورەکە، بەو سێ تاقە شادومان بوو، بۆیە کە دەڕۆیشت، کە باری یەکێکی بە دەستی خۆی سووکتر دەکرد، کەواکەی لە خۆشیان دەفڕی.

سێ تاقەکە، ئاویان دەگەیاند ناو زەوییەکی گەرمی خەوتوو، ناو کێڵگەیەکی سینگ سپی. باخچەچییەکان کاریان زەحمەت بوو، نەدەکرا بەئاسانی بتوانن پێشوازی گەرم، لەو ئاوە بکەن، کە بەسەر تاقەکاندا دەپەڕینەوە. چونکە ئاوەکە (بۆنی گەردەنی کیژە یونانییەکەی لێ دەهات)، ئەوەی خەم و دووکەڵی هەموو شەڕ و ئاوارەبوونی دوو میللەتی لەبیر نەمابوو، کیژەکە عیشق و دەستەکانی ناو لقەکانی زەیتونی دەگەیاندە، ناو باخی سینگی خۆی، کیژەکە بە کوڕە دیلەکەی وتبوو:

وەرە، بەر لەوەی تۆ زەیتون و لیمۆمان بۆ بڕنیت، با من خەمی ڕێگا دوورەکەت، لەبیربەرمەوە، عوسمانییەکان هەر تۆیان ماندوو نەکرد، سەریان هەر لە تۆ نەشێواندبوو، نیوەی ئەو دونیایەیان بۆ زەوقی خۆیان (خەڵتانی خوێن) کرد. لە هەر دەڤەرێک، بۆنی من و زەیتونی بگاتێ، بەردەڵان و چەقێنەکەش وەک کریتەکەی من کەسک و گەش دەکات!

وەرە کوڕە داماوەکە، کە نازانم، لەو جیهانە خەڵکی کام شار و گوندی! نازانم دایکت، چەند بۆت گریاوە، لەوێ کەسی ترت ماچکردووە، لەوێ بۆ کوشتنی ئێمە، چەند بارە بارووت و تفەنگیان پێ بارکردوویت، وەرە با بۆت بگێڕمەوە، کە چۆن ئێمە خەومان لێکەوتبوو، گۆزە گەورەکانمان لەناو نهۆمی بنەوەی خانووەکانمان پڕ شەراب بوون، پرتەقاڵ و لیمۆکانمان رووگەش پێدەکەنین، کە سوپای عوسمانییەکان روو لەو وڵاتە، هەڕەشە لە ئەستانە و ئەنادۆل دەکەن، لەوێ و لێرە و بۆ چەند سەدەیەک، هەزارەها (تریفەی مانگی شەوانی تاریکیان کوشت)، ملیونەها دیدەنی گوڵەبەرۆژەیان شکاند...

کیژەکە کریتییەکە، کوڕە دیلەکە، لەسەر سینگی ئازاد دەکات، کوڕە دیلەکەش کیژە چاورەشەکە، لەبن هەوەسی گەرمی دیل دەکات، هەردووکیان بە دیلی و زۆر بە ئازادی، دوورن لە زەبری عوسمانییەکان، یونان دەبێتە زەیتون و زەیتونیش بوویتەوە چاوی رەش، کیژەکە دەیوت:

چەند خۆشە دیلی، کە ئازادی بە هەردووکمان بەخشی. من دیلێکم دەستکەوتووە کەسی نییە، کەسی تر لەو وڵاتەدا ناناسێت، کەسی لەو نزیکانە ماچ نەکردووە، کەسیش لە زمان و گفت و حیکایەتەکانی ئەو ناگەن، ئەو دیلە لەسەر سینگم ئازادە، لەوەی سێوەکانم زۆر توندیش لە قەدم بقرتێنێت، ئازادە ئەو کوڕە دیلە، (سێوەکانم زۆر زۆر سپی بکات)، چونکە دەزانم لێرە کەسی نییە، چارەی نییە سێوەکەم هەڵناگرێت هەمووی بە خۆی دەخوات. من پێم خۆشە ئەو دیلە داماوە بێکەسە من بخوات، ئەو رێز و تامی ئەو خواردنەی من دەزانێت، سێوەکەم وا دەخوات، هەرگیز پیاوی تێر و ئازاد، ناتوانێت و نازانێت سێو بەو مەراقەوە بخوات!

کێ دەیزانی تۆ، کە نازانم لە کوێیەوە هاتوویت، سێوەکەم دەبێتە نەسیبی تۆ، عوسمانییەکان سەرباز و چەکدار و تاڵانکەر و چاوحیز و دەستپیسی میللەت و وڵاتانی زۆریان بەسەر دوورگەکەمان، بەسەر زەیتونەکەمان وەرکرد، وا سێوەکەم و چاوە زەیتونییەکەم، وا (بەژنە برونزییە چەورەکەم) دەبێتە بەشێک لە پەنجەکانت، لەناو لەپی دەستت، لە نیگای چاوە ماندووەکەت، وا بەخۆشییەوە سەربازێکی عوسمانی لەسەر سینگ و بەرمەمک و ئاو و گوڵاوم ئازاد دەکەم.

وەرە، با دەست و سۆزت دەستەکانی تۆ بە کەیفی خۆی من دیل بکات، (من ئەو دیلییەم دەوێت)، با ئازادم بکات، من ئەو ئازادییەم ناوێ، ئەو کوڕە دیلە دەزانێت ئازادی چەند خۆشە، با ئەو ئازاد بێت، لەوەی شەوەکان لەبەر مانگ، ڕۆژەکان لەدیار شەپۆلی سپی وەک کەف، چییم لێدەکات. ئێمە لەو شەڕانە کەسمان نەما شەرمی لێ بکەین، لەو داگیرکردنەی کە چەند سەدەی خایاند، لەو گرانییەی زۆر قوورس بوون، (کەسمان نەما سێوی خۆمانی بۆ سپی بکەین)، کەسمان نەما، زەیتونمان بۆ بڕنێت، با ئەو دیلە ئازاد بکەم، چونکە ئێمە زۆر دیل بووین، دیلی و داگیرکردن، وەک باپیر و دارە گەورەکان، وەک دەریا لەگەڵ ئێمە کۆنە و بەردەوام بووە، فێربووین دیلیمان خۆش بووێت، دیلی دەپەرستین.

# تاقەکەم خۆشدەوێت

من تازە ئەو ئەرزە ئیفراز ناکەم، نەمدەزانی رۆژێک دێت، جۆگەلەکەمان دەپەڕێتەوە و زەوییەکە ئاو دەدات.

تازە چۆن من ئەو ئەرزە ئیفراز ناکەم و نایفرۆشم تازە تەواو، هەتا ئەو ئاوە مابێت، من ماوم، ئاوەکە بە پارچە نەخشەیەکی رەق و وشک و پان و هێڵکارییەکانی ناگۆڕمەوە، ئەوەش لەگەڵ زەمەن و پیربوون و دەستەکان دەژاکێت، دەدرێت، نەخشەکە رەش و کاڵ دەبێتەوە. من رەگی توور و کەسکی سڵق و بەژنی گەنمەشامی، بە دیواری دڕ و بە خشت و بە دار و (پەنجەرەی لاکێشەیی جامشکاو)ی خانووەکان ناگۆڕمەوە، تازە تەواو! من هەرگیز شەڕی کەسم نەکردووە، لەسەر ئەو سێ تاقە شەڕێکی خوێناوی دەکەم، سەنگەر دەگرم، چۆکم لەو مەیدانە دەبەستمەوە، سێ تاقەکە وەک دوو کوڕەکەم پیرۆزە!

من دەزانم کە موڵکەکانم ئیفرازکرد، خێزانە برسییەکان، کوڕە راونراوەکانی زەبری عیشق و هەوەس رووم تێدەکەن. من دەزانم، هەموو بریندارەکانی جەنگی دووەم، شەلە و کوێرەکانی ئەو شەڕانە، ئازەرەکان، عەرەبەکان، تورکمانەکان، قەرەجەکان، ئەرمەنەکان، جۆرجییەکان، تەتەرەکان و هیندییەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان هاتن، ئەوانەی لەو شارە گیرساونەتەوە، بەپەلە (تا باران تەڕیان نەکات)، تا بواری هێلانە و باڵندەکان بۆ هێلکە و فڕین و نیشتنەوە ساز بکەن، دێنە ئەو گەڕەکە نوێیە، من تێدا ون دەبم، کەوا و سەڵتە و دەنگ و سەدام دەخنکێت.

بابە، هەموو شتێکت لێ قبووڵ دەکەم، بەڵام ئەوەم قبووڵ نییە، بەژنی گوڵەبەرۆژە بە هەیوان و کاریتە بگۆڕیتەوە، ناکرێ چاوی گوڵ و خوناوی سەر گەڵای پانی سڵق و توور بە سەربان و حەوشە و هەیوان و ژووری خانووەکان بگۆڕیتەوە، ناکرێ شارێک بە باخچەیەک بگۆڕینەوە، نابێ لەناو ئەو ئەرزە بەرین و سوورە رووخۆشەکەمان تەنیا دوو باخچەچی، دوو خاکەناس، دوو جۆگەلەی ئاو، ئەو زەوییانەی ئێمە کە رەنگی خوێنی تۆیان پێوەیە، کە ئارەقە و رەنجی ئێمە و خوشکەکانمی پێوەیە، بۆ یەک باوەشە توور و سڵق بێت، با ئەو باخچەیەی بەر سێ تاقەکە بگوازینەوە سەرەوە، ئێمە موڵکمان زۆرە، با ئەو بەشە نزیکەی شار، بکەینە بەشێکی تری

شارەکە. کە خشتێک دانرا، زەوییەکە پانتر دەبێت، کە دیوارەکە هەڵسایەوە، ژنەکان دەستیان ئیش دەگرێت. کە دەرگامان لەناو دیوار راگرت، سێبەر نیوچەوانمان ماچ دەکات. کە شارمان گەورە و برین و گەرمتر کرد، ناومان دەکەوێتە ناو دەفتەرە بەرگ گەورەکان، ناومان دەمینێتەوە و ئێمەش دەبینە مێژوو و نووسین!

کە من چوومە شارەوانی، لەوێ تێگەیشتم، ئەو تازە لە ڤیینا هاتووتەوە، لەو سەردانەدا موحسین ئاغا وتی:

براکەم، سەفەرێکی حەلەب و ئاستنبۆل بکە، لەوێ شارەکان ببینە، لەوێ دەزانیت، جیاوازی گوند و شار چییە، کۆڵان و شەقام و شۆستە چییە، بڕۆ سواری شەمەندەفەر بە، لەو کاروانەدا دەزانیت حەلەب چۆنە، لەوێ دەزانیت قاهیرە چەند گەورەیە، لەناو ئەو شارە گەورانەش باخچە و ئاوەدان هەر گەورەتر دەبێت، شار هەر بەئاسۆیی گەورە نابێت، شار شەقامی بازنەیی و کەوانەیی تێدا دەردەکەوێت، شار بنمیچی بەرزی لێ رادەگیرێت. بڕۆ ببینە لەو شارانەی کە زانکۆشی تێدایە، هێشتا بە کەروبار سەوزە و کالا و بارەکان دەبنە ناو بازاڕە باریک و تەسکەکان، لەوێ ئوتومبێل دەڕوات، بەلەمە گچکەکانیش خەڵکەکە دەپەڕێنێتەوە.

## حزب و پۆلیس

لە لقی هەولێر و لەناو حزبییەکانی هەولێردا، لەسەر داوا و پێداگری ژمارەیەکی زۆری پۆلیس، بڕیاردەدەن، پۆلیس، لەناو ریزەکانی حزب وەربگیرێن. پۆلیسیش ببنە لایەنگیر و ئەندام، بۆ حزبیش (ئابوونە) بدەن و لەناو ماڵەکان، لەپەنا چایەخانەکانیش کۆبوونەوە بکەن، بەوەش ئەوان بە شیوعییەکان دەڵێن حزبەکەمان، تەنیا حزبی دەرەبەگ و ئاغا و دەوڵەمەندە و کۆنەپەرستەکان نییە!

شیوعییەکان، زووتر بڕیاری خۆیان دابوو، کەوا پۆلیس قامچی دەستی دەسەڵات و پاشایەتی و (کۆنەپەرستی)یە، بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەن، پۆلیس، بێنە ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عیراقییەوە، بەڵام پارتی ئەو بڕیارە دەشکێنێت.

هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق، ژمارەیەکی زۆر، لە کوڕە هەژارەکان، پیاوە زەحمەتکێشەکانی گوندەکان، بەتایبەتی گوندەکانی نزیکی شار، ئەو گوندانەی موڵکی ئاغای هەولێرییەکان بوون، ئەوانەی هێشتا لەناو کۆشک و خانووە گەورە بە هەیوانەکان، بە ساردئاو، بە گومبەتەکانی سەربەدەنی قەڵات دەژیان، یان ئەوانەی لە خوارەوە کۆشک و رەز و نافوورە و شوورەی بەرزیان دروستکردبوو، ئەوانەی لەناو هیوا و پارتی و (دارکەر)انیش کارامانە چالاکییان دەنواند، دەبنە پۆلیس و معاشخۆر لە دائیرەکان.

ژمارەیەکی زۆر، لەو پۆلیسانە، ماوەیەک لە گوندەکانیان، لە حوجرەکان چەند کتێبێکی ئاینی دەخوێنن، خوێندەوارێکی باش پەیدا دەکەن، کە دەبنە پۆلیسیش، ئەوانە زوو لەناو شاردا دەبوژێنەوە، لەناو پۆلیسەکان دەردەکەون. دەبنە (پۆلیسی سواری) و لەسەر سنوور و مەخفەرە دوورەکان پاسەوانی دەکەن، لە شارەکان فەرمانەکانی حکومەت بە دڵسۆزییەوە رەهایی دەکەن.

پارتی بڕیار دەدات، ئەو پۆلیسانەی، ئەوانەی ماڵیان لە کۆنە حەسارەکانە، ئەوانەی لە گەڕەکەکانی تەیراوە و سێتاقان و خانەقایە، ئەوانەی لەناو خانووە کۆنەکانی کۆڵانی عارەبانە، ئەوانەی لەگەڵ پیرە دایکەکانیان، لەوێ و لەو ژوورانە، بەکرێی مانگانە دەژین، ئەوانەی

خوێندەوارییەکەیان چاوی کردبوونە، ئەوانەی گۆڤاری هەتاویان دەخوێندەوە، مەتەڵی ژمارەکانیان دەکردەوە، وەڵامە راستەکانیان بۆ دوا لاپەڕەی گۆڤارەکە دەناردەوە. لەو شارە توێژێک لەو پۆلیسانە کۆدەبنەوە، لە هەموو (مەخفەر)ەکانی ناوشار و مەخفەرەکانی سەرسنوورەکان، بڵاودەبنەوە.

پۆلیسەکان، بە مووچە کەمەکانیان باش دەبوژێنەوە، بە جلە پۆلیسییە زستانی و هاوینییەکەی پۆشتە دەبن، دەبنە پۆلیسی هاتووچۆ، دەبنە پۆلیسی سوارە، بەرپرسی مەشجەبەکان وەردەگرن، پاسەوانی گرتووخانەکە دەکەن، لەگەڵ گیراوەکان دەچنە دادگا، پاسەوانی بەرپرسە گەورەکان دەکەن، لە قەسابخانەکەی دووری شار (کە ئێستا بەشێکە لە بازاڕی نیشتمان) ئێشک دەگرن، ئەوانە بە تفەنگە ئینگلیزی و کەنەدی و رەشاشە (برێن)ەکانیان، بە پاکێتە فیشەکەکانیان، بە خەتی سەرشانیان، بە کڵاو و پۆستاڵە رەشە بۆیەکراوەکانیان، بە داری دەستیان، بە تفەنگی سەرشانیان، بە سواری پاسکیلەکانیان دەکەونە ناو شارەکە و دەبنە عەریف و باشچاوەش، خاوێن و خوێندەوار منداڵەکانیان بەخێودەکەن.

ئەوانیش هەست دەکەن، رژێمی پاشایەتی، دواییش (زەعیم) عەبدولکەریم قاسم و ئەفسەرە عەرەبە شۆڤینییەکانی ناو حکومەتەکە، مافەکانی میللەتەکەیان پێ شێل دەکەن، ئەوانیش وەک کرێکارەکانی وێستگەی شەمەندەفەرەکە، ئەوانیش، لەگەڵ مەلا عەوڵا، چالاکانە دەکەونە ناو ریزەکانی حزب، دەبنە هاوڕێی ئاغاکانی دزەیی، لەگەڵ هەندێ لە مەلا و (سوختە) و فەقێیەکان کە دەستی باڵایان، لە گەشەی کوردایەتی و حزبایەتییدا هەبوو، کۆدەبنەوە.

ئیتر لەورۆژەوە، پۆلیسەکان، مەلازادە و دەوڵەمەندەکانی بنەماڵەی موفتی و مەلافەندی و دۆغرەمەچی و سەیدەکان و چەلەبییەکان دەناسن، بەیەکەوە لەگەڵ شەمسەدین موفتی و فازیل پیرداودی (عەتار)، نامەکانی حزب دەبەنە گوندەکان، ئابونەی مانگانە دەدەن، ئێواران بە پاسکیلەکانیان، ماڵ بەماڵ دەگەڕێن، ئەندامەکان بۆ کۆبونەوە ئاگادار دەکەنەوە.

حزب ئەوانە لە ئامێز دەگرێت و ئەوانەش حزب ماچ دەکەن و پشتی دەگرن، دوایی و چەند ساڵێک مانەوەیان لەناو کۆبوونەوە و خوێندنەوەی خەبات و بڵاوکراوەکان و گوێگرتن لە پەیڤ و زاری ئەفەندییەکان، هەر عەریفێک لەو پۆلیسانە، لەناو شۆڕشەکە، ئەوانە دەبنە ژەنراڵێکی بە نەجمە و نیشان و هێزێک کۆدەکەنەوە، بە خوێندەوارییە کەمەکەیان، بە دەستەخەتە شڕەکانیان، کۆبونەوەی جەماوەری سازدەکەن، لە کۆنفراسەکانا، لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دانوستان دەکەن، شرۆڤەی رەوشەکە دەکەن، قسە لەسەر ئەوە دەکەن، ئایا شیوعییەکان لەناو شۆرش وەربگرن، یان نا! ئەوانە دوایی لەناو حزب بۆچوونیان دەبێت، لەسەر

دانوستانەکەی سەرکردایەتی لەگەڵ عەبدولرەحمان بەزاز و عەبدولسلام عارفدا، (یاخیبوون) و ناڕەزایی و پێشنیاریان دەبێت.

ئەو پۆلیسانە، دەبنە ئەفسەر و کادیر و کوێخا و براگەورەی گوندەکان، چیای سەفین دەکەوێتە بن دەستی یەکێکیان، پۆلیسێکی تر، بڕیار دەدات لە بەرەیەک بکشێنەوە، یان لە بەرەیەکی پانوبەرین بەرگری بکەن، پۆلیسێک چالاکانە کاروباری هەموو (هێز)ەکە بەڕێوە دەبات، نان و ئاو و پێڵاو و بارەگا و کۆبوونەوەکانی پێشمەرگە مەردانە دابین دەکەن.

پۆلیسەکان، بەو موچەی وەریدەگرن، لەناو گەڕەکانی شارەکە، پارچە زەویی بەتاپۆ دەکڕن، خانووی دوو چاوە و هەیوانێک دروست دەکەن، هەیوانەکە بە (شێلمان)ێکی ڕەنگ ژەنگاوی رادەگرن، لە خۆشناوەکان، داری کاریتە و لەناو دارفرۆشەکان حەسیر دەکڕن، بە چەند رۆژێک، بە هەرەوەرزی پۆلیسەکانی تر خانووەکانیان تەواو دەکەن، دەبنە ساحیب خانووی خۆیان.

ئەو پۆلیسانەی حزبایەتی دەکەن، دوایی بەئاسانی ئەفەندییەکانی شارەکە دەناسن، ئەوانەی بەیانییان پاک و خاوێن دێنە قشڵەی سواری. کە پۆلیسە خاوێن و قسەزانەکان چاویان دەکرێتەوە، کچ و کوڕەکانیان، رەوانەی قوتابخانە دەکەن، ئەوەندەی لە بەیانەکانی حزب، لە کۆبوونەوەکاندا گوێیان لەوە دەبێت، میللەتەکەمان نەخوێندەوارە، شارەکانمان گوندی گەورەن، کارگەیەک لەو شارانەدا نییە، کە بڕیار دەدەن، (کارگەی جلوبەرگ و جلی لۆکە) لە هەولێر دامەزرێنن، شۆڤینییەکان بڕیارەکە هەڵدەوەشێنەوە، بە بیانووی هەڵەی چاپ و نادروستی راگەیاندنی ناوی لیواکە (شارەکە)، کارگەکە، کە زۆر دڵی خەڵکەکەی شادومان کردبوو، دەگوازنەوە شاری کوت، خوارووی عیراق، بۆیەش دەنگی ناڕەزایی بڵاودەبێتەوە، سەرۆک شارەوانی ئەندازیار (عەبدولوهاب حاجی حەسەن)ی کەسایەتی چالاکی سیاسی بێدەنگ نابێت، لە رۆژنامەکەی شارەوانی و بە زمانی عەرەبیش، بە وتارێک ناڕەزاییەکەی ئەو شارە رادەگەیێنێت، پۆلیسەکانیش بۆ مافی و یەکسانییەکان خەبات دەکەن.

## ژماردنی تفەنگەکان

ئەو وەک هەموو ڕۆژەکانی تر، لە قشڵە دەوامی ئاسایی خۆی دەکات، تفەنگەکان یەکەیەکە، بە نەرمی و بە قسەی خۆشەوە، ناو بەناو دەخوێنێتەوە، تفەنگەکان دەداتە پاسەوانەکان. بەڵام لەو ڕۆژەدا، ئەو زۆر تەنگاوە هەموویان زوو دەست بە تفەنگەوە بگەڕێنەوە، ئەو حەزی دەکرد ڕۆژەکە زۆر کورت بێت، دەوامەکە نیوەدەوام بێت.

بەڵام ئێوارە، کە پۆلیسەکان کاتی پاسەوانییەکەیان تەواو دەبێت، کە تفەنگەکانیان لێ وەردەگرێتەوە، بە قسەی خۆشەوە، بەڵام بە توانج، بە یەکێک لە پۆلیسەکان، تا ئەوانی تریش گوێیان لێ بێت، تا کەسیان گومانی لێ نەکەن، بە پۆلیسە کورت باڵاکە، ئەوەی لەسەر بۆیەنەکردنی پێڵاوەکەی، ئەوەی زۆرجار لەسەر ئوتونەکردنی پانتۆڵەکەی سزا دەدرا، ئەوەی ئەگەر کەس دیار نەبووایە، جگەرەی قامیشی دەکێشا، یان لاپەڕە دەفتەرێکی جگەرەی لە تووتنەکە دەپێچایەوە، سیدارەکەی لەسەر دەکردەوە و باوەشێن لە سەرە تەڕە پشت پانەکەی دەکات، ئەو بەو پۆلیسە دەڵێت:

ئەوە روون، ئەوە شیشکەی تفەنگ! ئەوە پەڕۆکی خاوێن! فەرموو تفەنگەکەت، جوان پاک بکەوە، چەوری بکە، ئینجا بیهێنەوە، قبووڵ ناکەم، تفەنگ بە تۆز و پیسییەوە بگەڕێتەوە مەشجەبەکەم، ئەو تفەنگە شەرەفمانە! بەو تفەنگانەوە ئێمە جوانین، بەوەش دەتوانین... (قسەکە تەواو ناکات، دوایی قسەکە تەواو دەکات، بەڵام لە شوێن و کات و لەکن خەڵکێکی تر...).

پۆلیسەکە بەلالووتییەوە، قایشی تفەنگەکەی لە دەستی ئەو وەردەگرێتەوە، کەمێک بە تووڕەیی دەگەڕێتەوە ناو قاوشەکە، دووبارە یاتاغەکەی لەسەر قەرەوێڵەکەی پان دەکاتەوە، لەسەر (ئەنگلاین)ی قەرەوێڵە نەوییەکە، بەنادڵییەوە دادەنیشێت، لەگەڵ خاوێنکردنەوەی تفەنگەکەی دەکاتە بۆڵەبۆڵ:

ئەو خۆی بە چ دەزانێت، (دوو خەت)ی هەیە و ناوی لەخۆی ناوە عەریف، تفەنگ هەر پیس دەبێتەوە، وادەزانێت تفەنگەکان موڵکی باوکیەتی.

لەگەڵ بۆڵەبۆڵەکە و خشەخشی خاوێنکردنەوەی تفەنگەکەی، پۆلیسێکی نوستووی ژوورەکە، سەریشی لەبن (بەتانیە خەتخەت)ە قاوەییە بەتووکەکە دەرناهێنێت، بە منگەمنگەوە دەڵێت:

ئەو ئامیری مەشجەبە ناڵێیت، ئەو کەسێکی زۆر واسواسە، بەردەوام لەکاتی وەرگرتنەوەی تفەنگەکان گلەیی هەیە.

شەمسەدین موفتی نامەیەک بۆ کەریم حەسەن بەگ دەنووسێت، تا (جێب)ە ئەمریکییەکەی حزب، بباتە لای وەستا لەتیف قۆچە، تا باش سەیری بکات و بزانێت، لە دەرچوونا، تایە و مەکینەکەی باشە، دەستێکیان بۆ تێوەربدات، وەستایانە جێبەکە بکاتەوە جێب، بیکاتەوە ئوتوموبێلێکی ئەمریکی، باش خوی و جێبەکە ئامادە بکات.

بەڵێ، جێبە ئەمریکییەکەی حزب، کە نازانم، بە پارەی کێ کڕابوو، جێبەکە شەوانە لەبەر دەرگای ماڵی کێ رادەگیرا، هەفتانە چەند گالۆن بەنزینیان تێدەکرد. ڕەنگە یەکێک هەبێت، بزانێت ژمارەکەشی چەند بووە! بزانێت (چادر)ەکەی سەری دڕاوبوو، چەند کوونی گەورە گەورەی تێدابوو. هەر رۆژێ یەکێک شوفێری بووە، گوند بە گوند حزبایەتی پێکراوە، ئەو جێبەی سێ تایەشی هەبووایە هەر دەڕۆیشت، لە زۆر کەندولەندی نزیک شار لە بێ بەنزینی بەجێماوە.

جێبەکە، ئەو شەوە، بە کەڵک ئەو ڕووداوە مێژووییە دەهات، جێبەکە و شەوەکە و ڕووداوەکە و دەسکەوتەکە، وەچەرخانێک بوو لە مێژووی هەموو کوردستان، شانازییەک بوو، لە مێژووی جوامێرەکانی پارتی لەناو شار. لەو شەوەدا مەلا عەولا و شەمسەدین موفتی، توانیان بە جێبێکی کۆنی ئەمریکی، شۆرشەکە پڕچەک بکەن، توانیان بە چیای سەفین بڵێن، واهاتین، هاتین و چیاکە و (کانی شیلان)ی سەر بەتەم بکەینە بارەگا، هەتا پەنجا ساڵ دوای ئەوانیش، بەردەوام سەفین دەبێتە بارەگا و مۆڵگە و مەبەست و ڕووانگە!

جێبەکە دەبەنە لای وەستا لەتیف قۆجە، ئەویش بە شوفێرەکەی دەڵێت:

من دەزانم ئەو جێبە موڵکی کێیە، ئەدی کوا ساحێبەکەی، ماوەیەکە ئەو برادەرە نابینم.

شوفێرەکە، باش خۆی توند کردبوو، کەسە زۆر نزیک و شارەزاکانی ئەو دەیانزانی، ئەو پیاوە لەودەمانە ئاسایی نییە، سەری زۆر دەجولێنێت، بەخۆڕایی نییە، ئەوەندە بەپەلەیە، بۆیە دەڵێت:

وەستا، سەعاتت پێیە!؟ ئەو دەپرسێت و نازانێت، کەی و سەعات چەند دەڕۆن، دەپرسێت، دەزانێت، دەبێ شەو بڕۆن، دەبێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەموو پۆلیسەکان بکەن، هەموو

تفەنگەکان بێنەوە ناو مەشجەبەکە، هەموو فیشەکەکان، (خەریتە)کان بپێچرێنەوە، هەموو پاسەوانەکان بخەون، مەعاونەکەش، بە بۆنەی وەرگرتنی (نەجمە)ی دووەمی، نیوەی شاری داوەتکردووە، نیوەی خەڵکی سەرخۆشکردووە، تا ئەو لە یانەی فەرمانبەران دێتەوە، مفەوزەکەش لە دەرەوە بێتەوە، ئەوان بخەون، ئینجا ئەوان بارەکان ببەن، ئەوان قشڵەکە چۆڵ بکەن!

## جێبەکە ئامادەیە

کەریم، بە دەستی (بۆنیت)ەکەی بۆ راگرتبوو، کە بەردەستی دەکرد، وەستا لەتیف خۆیشی دەستی بە بۆنیتەکەوە دەگرت، هەر خەریکی توندکردنەوەی (بورغی)یەکانی بوو، بەگلەییەوە دەیوت:

هەزارجارم پێ وتووە، ئەو جێبە جوانە بێ خزمەت مەکە، جێب مامز نییە، ئەوەندە غاردانێی پێدەکات. جێب فیل نییە، ئەوەندە باری لێ بار دەکات. جێب فافۆن و تاسەی (حەمامی عەلی ئاغا) نییە، هەردەمە و لەسەر جوورمەی ئاوی یەکێک بێت. باشە بۆ ئێوە دیار نین، وەرە و غەریبیت دەکەم و بەیەکەوە دوو قسە دەکەین، هەواڵەکانیش دەزانم و جێبەکەش توندوتۆڵ دەکەمەوە، بەڵام ئەو دیار نییە، چەند رۆژێکە نایبینم، ئەو رۆژەش (ئیبووی بەربەر)یش دەیپرسی، دەیگوت ئەو دیار نییە!

توێژەرەکە، زۆر لەناو بەغدا، هەتا لەناو شوقە زۆر خۆشەکەی ئامۆزاکەی لە (ناوچەی سەوز)ی دەسەڵاتدارەکانی باڵای عیراقیش بێزار ببوو، بەڵام لەناو ئەرشیفەکان بێزار و بێتاقەت نەدەبوو، لەوێ شەش حەوت سەعات بەردەوام هەر وێنەی دەگرت. کیژە کوردە فەیلییە چاورەشەکەش لەبن دەستی هاتووچۆی بوو، فیلمەکانی هەڵدەگرت و ژمارەکانی دەدۆزیەوە، چایەکی لەبەردەم دادەنێت، کە ئەو بە نەرمی مستێک لەسەر مێزەکە دەدات، لەگەڵ تەقەی دانانی پیاڵەکە، کیژەکە گوێی لێ دەبێت، ئەو دەڵێت:

ئەوە دۆزیمەوە، ئەوەیان گرینگە، ئەو بروسکەیەی لە رۆژی بردنی تفەنگەکانی مەشجەبی پۆلیسی هەولێر رەوانەی وەزارەتی دیفاع کراوە، ئەوە سەرچاوەیەکی گرینگە، دۆزیمەوە، دەزانم کەی... چییان کرد... ئیم ئیم تێگەیشتم...

لە رۆژە مێژووییەکەدا، لە شەوی ١٩ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٦١، چەند رۆژێک بەر لە هەڵگیرسانی شۆرشەکە، تا شۆرشەکە هەڵگیرسێت، تا کانی شیلان، لەسەر لووتکەکانی چیای سەفین، ببێتە ناو و مەڵبەند و بارەگا. لەو شەوەدا، ئەو باش خۆی پێچابوو، لە مەشجەبەکە دەچێتەوە

ژوورەوە، یەک بە یەک و دووبارە تفەنگەکان دەژمێرێتەوە، یەک بە یەک تفەنگەکان دەسڕێتەوە، یەک بە یەک تفەنگەکان دەناسێتەوە و سەیریان دەکات، دەیزانی ئەوە دواجارە، ئەو! هەموو تفەنگەکان بەیەکەوە ببینێت. کە چەند ساڵە ئەو شەوان، وەریان دەگرێتەوە، بەیانییان دووبارە بە ژمارە و بە ناوەوە دابەشیان دەکاتەوە. تفەنگەکان دابەش دەبن و دەگەڕێنەوە، دەڕۆن و دەگەڕێنەوە! بەڵام ئەو جارە ئەگەر دابەشکران و تفەنگەکان هەرگیز کۆنابنەوە، هەر تفەنگە و دەکەوێتە ئەشکەوتێکی بەرزی بنار شاخێک، هەر تفەنگە دەکەوێتە ناو دەست و سەرشان و بن سەر و بن دیوار و ناو ساپیتە و ناو تەلیس و سەندوقێک، تازە چیتر وا کۆنابنەوە. هەموو کۆبونەوە و ئامێزێک کردنەوە و بڵاوبونەوەی لە پێشە!

تفەنگەکانیش لەو شەوە سامناکەدا، دەزانن، نیگای ئەو ڕۆژەی عەریفەکە، وەک ڕۆژانی تر نییە، هەموویان دەستی نازی ئەو دەناسن، ئەو بە ژمارە قسەی لەگەڵ دەکردن، ئەوانیش بە ڕەنگ و شانازی بۆی وەستابوون، ئەوان هەستیان کردبوو، چیتر خۆیان بە شانی پۆلیسەکانەوە نابینەوە، چیتر خاوێن ناکرێنەوە، هەستیان بەوە کردبوو، لەشارەوە دەچنە گوندەکان، لە دەستی پۆلیسەوە دەکەونە ناودەستی کوڕە جووتیارەکان، (ئەفەندییەکانی حزب)، بارزانییەکان، ئەوانەی لە سۆڤیەت هاتبوونەوە.

ئەو، بە حەمەساڵحی ئامیر حەرەسەکان دەڵێت:

کەس تفەنگی لەلای نەماوە، هەموویان تەواوە.

حەمە ساڵح، پیاوە باڵابەرزەکە، ئەوەی چاوەکانی لە چاوی هیچ پۆلیسی ئەو قشڵەیە نەدەچوو، هەیبەت و هەندامی، لە ئەفسەر و مەعاونیش دەوەشایەوە، دەستە گەورەکانی لەسەرشانی دادەنێت، بەوەش دڵنیایی دەکاتەوە، کەوا هەموو تفەنگەکان لە ژوورەوەن، خۆ ئەویش دەیزانی، چەند ساڵە ڕۆژانە، ئەو مەشجەبە (تەفتیش) دەکرێت، هەزارەها جار تفەنگەکانی ژماردوە.

ئەو ژمارەی زۆر لە تفەنگەکانی دەزانی، لەجیاتی ناو، تفەنگەکان ژمارە و نازناویان هەبوو، دەیزانی کامیان (لوولەی ژەنگی لێداوە)، کامیان قایشەکەی باریک بووە، کامیان داری شکاوە و لە دەستی کێ دارەکەی شکاوە، شکانەکە بە تیشە بەردێکی سپی بووە، یان لە سەرەکۆڵانێکی خانقا بەر عاموودێکی ژەنگاوی کارەبای کەوتووە، دەیزانی کام پۆلیس تفەنگ ژەنگاوی دەکەن، کامیان قایشەکەش چەور دەکەن، هەموویانی دەناسی، هەموو تفەنگەکانی دەناسیەوە.

ئەو منداڵی نەبوو، کوڕ و کیژی لە هەردوو ژنەکەی نەبوو، جگەرەگۆشەکەی ئەو تفەنگەکان بوو، پاکێتە فیشەکەکان بوو، (ڕوونی پاککردنەوە)ی تفەنگی لە پشت دەرگا دارەکە هەڵواسیبوو،

ڕوونەکەی دڵۆپ دڵۆپ دەدایە پۆلیسەکان، دەستسڕەکەی پاش چەور دەکردن لێ وەردەگرتنەوە، لەبەر ئەزموونە زۆرەکەی لەگەڵ تفەنگ و مەشجەبدا، ئەو دەیگوت:

تفەنگی بەردەوام چەورکراو، تفەنگی بە خزمەت، هەرگیز (جووت ناکات)، گەرم نابێت، ساردیش نابێت، تفەنگ هەیە یەک عەشیرەت دەهێنێت، بە یەک تفەنگ یەک عەشیرەتیش دەشکێت، تەقەی یەک تفەنگ، کاروانێکی دوورودرێژی بە شەویش لە دوورەوە گێڕاوەتەوە. تفەنگ بۆ نیشانە و مەردیش بۆ مەیدانە، مەیدانیش لەو پۆلیسانە گەیشتووتە سەر لووتکەی بە تەم و بەرزی کانی شیلان!

بەو شەوە، لەناو قشڵەی هەولێر، کە مەعاون و مفەوزە عەرەبەکان دەخەون، (بەدرەدین عەلی) موتەسرف، چەند سەعات بوو خەوی لێکەوتبوو، چرای ئۆردی لە دوورەوە کز و خامۆش دەبینران، ترسیان نەبوو، چونکە چەند ڕۆژێک بوو، پارتییەکان، پیاوە دیارەکان لەناو شار، لە چایەخانەکانی حاجی مستیل و دووکانە عەتارییەکەی فازیل پیرداود جوولەیان نەمابوو. لە موغازەکەی حەسەن خدیج و مەخزنەکەی سیامند و کتێبخانەکەی گیبوی موکریانی. لەناو پەنیرفرۆشەکان کە دەستیان وەک هەنگوین سپی ببوو. لەکن پیاوە پیرەکەی، کوڕەکەی شەش ساڵ لە زیندان حوکم درابوو و بە تەنکە کای دەفرۆشت. لەدیار پەیکەری کۆترەکە، کە چەند ڕۆژێک بوو، بۆ ناشیرینکردنی ئاشتی دانرابوو. ئەوانەی لە پەنا حەوزەکەی یانەی فەرمانبەران لەسەرخۆ باسی ڕەوشەکەی جەمهوریەتییان دەکرد. لەکن خەلیلی باخچەچی، هەتا سمێڵی سپی دەبێت سەوزایی و دارەکان ئاو دەدات. لەکن تووتنفرۆشەکان، ئەوانەی وەک دەستەگوڵی بەستراو دەستە دەستە لەدیار بۆن و ڕەنگی تووتن هەڵکوڕمابوون و بێجگە لە جگەرەکێشەکان، تووتنیان بۆ دەرەوەش دەفرۆشت. ئەو سەفارەی نزیک ئاگردانەکەوە ددانی خەلیفەیی هاتبوو. لەکن مەحمود بەنزین. لەکن ساڵح سیفۆن و (فرنەکەی پاشا). لە دیوەخانەکەی ڕەشاد موفتی کە دیوار و باخچە و جامخانە و پەنجەرەکان، هەموو رووبەرەکانیماڵەکە کتێب و دەستنووس و شیعر و قسەی خۆش بوو. لە مزگەوتی قیبلەخوار. لە بەزمی شەوانەی حەیدەرە کەچەڵ و مشکۆ و ئەگلەنجەکان کەسیان دیار نەبوون. لەورۆژانە کەسیان نەبینرابوون بەسەر قەڵات بکەون، نەهاتبوون لە کتێبخانەکەی سەربەستی ڕۆژنامەیەک بکڕن. ئەوانە چییان لێهاتووە؟ ئەرز قووتی دان، ئاسمان هەڵیکێشان، بەیەکجاری بزربوون، ئەوانە چییان لێ هات، هەموو خەڵکی شارەکە، دەیانپرسی!

حکومەت ترسی نەبوو، شیوعییەکانیش پشتیوانی دەکردن، زۆرجار وتبوویان، ئەو پارتییانە کۆمەڵێک منداڵە ئاغا و کرمانجی نەخوێندەوارن، هیچیان پێ ناکرێت، بە تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما و هاتووچۆنی (زەینەبە) و کاکە ئەحمەد هیچیان پێ ناکرێت.

حکومەت خەوی لێ کەوتبوو، خەوتبوون و دڵنیابوون کەوا پۆلیسەکان پاسەوانیان دەکەن، دەخەون وادەزانن، پۆلیسەکان تفەنگ و رەختەیان ئامادەیە، هەموو خەوتبوون، بەڵام پۆلیسەکان لەجیاتی بیانپارێزن، لەجیاتی بەفیتفیتەکان یەکتری ئاگادار بکەنەوە. ئەو شەوە و یان زووتر، ئاگادار دەکرێنەوە (مەشجەبەکە لووس) بکەن، فیشەکەکان لەناو سەندووقان بکەن، دەزانن ئەوان خەوتبوون، کەس لەو قشڵەیە بەئاگا نەبوو، تەنیا ئەوانەی لە ماڵەوە بەیەکجاری هاتبوون، هاتبوون نەچنەوە، هاتبوون نەیاندەزانی کێوە دەچن و چەند دەمینێنەوە، رۆیشتن و هەر یەکە بە چارەنووسێکەوە باڵدار بوون. رۆیشتن، رۆیشتن نەبوو، فڕین بوو، دوورکەوتنەوە نەبوو، هەڵاتنێکی مێژوویی بوو.

بۆیەش بە بروسکەیەکی بەپەلە و بەنهێنی ئاگاداری وەزارەتی دیفاع دەکەنەوە، وەزیرەکە، هێشتا بروسکەکە تەواو ناخوێنێتەوە، هێشتا بروسکەکە قەد ناکاتەوە، دەگاتە ژووره سادەکەی زەعیم، ئەفسەرە گەورەکان کۆدەکاتەوە، سۆراخی (ماڵە بارزانییەکانی بەغدا) دەکات، داوای پارێزەرەکانی بارەگا و رۆژنامەکەی خەبات دەکات.

ئەورۆژە قەڵاتیش پاش شەڕ و زەبری ئەسکەندەری مەکدۆنی و سەلاحەدینی ئەیووبی، وا نەهەژا بوو. لەوشەوەدا، قەڵات بەو گەورەیی خۆییەوە، بەسەری سپییەوە، بەناو قەدی ئەستوورییەوە، هەڵتەکان و هەژان و راچڵەکینێکی بەتەوژمی بەسەردێت. پۆلیسەکان شارەکەیان بێ چەک کرد، کلیلی دەرگاکانی قەیسەرییان لەگەڵ خۆیاندا برد، پۆلیسەکان کێشکەکانی بن سواندە و دارتێلەکانیان هەڵفڕاند و باڵیان کردنەوە و لە شەقەی باڵیاندا و دوورکەوتنەوە.

# میکرۆفیلم

کوڕە بەژن زراڤەکە، توێژەرە خوێن گەرمەکە، پاش ئەوەی لە شەقام و بەر باڵەخانەکانی ناو بەغدا، بێزار و نیگەران دەبێت، ئەو لەناو تاکسییە نوێیەکە، بە دیمەنەکانی ناوشارەکە دڵتەنگ و ترساو و خەمباریش دەبێت، دەگاتە بەر دەرگا و دەروازە بەرزەکەی خانەی چاپ و ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی عیراق، لەوێ دەیزانی بەرپرسەکە کوردە. ئەو کە ناسنامەکەی دەرهێنا و خۆی ناساند، دەتوانێت، نەرم نەرم و بەتاسەوە بچێتە ناو دۆلابەکان، بچێتە ناو کوشتن و گرتن و لاپەڕە تاڵ و ناشیرینەکانی مێژووی ئەو دەوڵەتە، کە لاپەڕەی شیرین و جوانی تێدا زۆر کەمە! حکومەتەکان کە ماوەیەکی زۆر زۆر، (ئەفسەرە کوڕە سەرۆک عەشیرەتەکان)، کوڕە دەسەلاتدارەکان فووی کوژانەوە و دەستی ئازاریان پێوە دەنا و دەیانهەژاند. ئەو دەترسا و نەرم نەرم دەڕۆیشت و سەیرێکی بنمیچە بەرزەکەی سالۆنەکانی خانەکەی دەکرد، چاوەکانی لە دۆلابەکان گیر دەکرد، گوێی لە دوو کیژی پێچراوی چاورەش دەبێت، کە بە کوردی قسەیان دەکرد، لەناو ئەو ئەرشیفە خوێناوییەدا، لەناو مێژووە تاڵەکەدا، دوو کیژەکە بە زمانی کوردی قسەیان لەگەڵ دەکات:

فەرموو، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدینەوە هاتوویت، هەر ئێستا...

گۆشەکان زۆر بوون سەیریان بکات، بن دیوارەکان زۆر درێژبوون تا ئەو لێیان وردبێتەوە. ئەو بیر لەوە دەکاتەوە، دەبێ لەناو ئەو هەیکەلە بەرزە، لەناو ئەو تابووتە دارە درێژانە، چەند جەنازەی دانەپۆشراو؟ چەند داری سێدارەی بەرز و توند بەستراو؟ چەند پەتی ئەستوور و دڕی خنکان؟ چەند کەڵەپچەی دووسەری ئاسنی ژەنگاوی توند؟ چەند دار و قامچی سەر بەبزماری تیژ؟ ئەوانە بەچڕی و بەتوندی لەگەڵ دووکەڵی سووتاندن، لەگەڵ زرمەی گەورەی (ناپاڵم) ئاوێتە بن؟ لەناو ئەو دەزگایەی ئێستا کوردێک بەرپرسایەتی دەکات، چەند تاوان و سەربڕین نووسرابێتەوە، کەس نازانێت؟ ئەرشیفەکانیش ناتوانن، ئەو ژمارە و قوربانییەکان بناسنەوە، قوربانی کۆن و نوێی زۆری تێدا، هەیە لە بنەماڵەکەی کەسیان نەماوە، یان دوو کوڕی هەبوو، کیژێکی هەبووە، ئێستا یەکێکیان لە شارێکی سەرسنووری هۆڵەندا پیتزا پان دەکاتەوە، کوڕەکەی

تریش هەر زوو بەر تایەی ئوتومبێلێک کەوتووە، کیژەکەشیان نەخۆشی شەکرە چاوێکی کوێر کردووە و هیچ لەو ئاسۆیە بە رووناکی نابینێت، ئەوانە کەسیان نەماوە. قوربانییەکان زۆرن، کە لەو ئەرشیف و بەڵگەنامانەدا، ناو و وێنە و دەنگ و یادیان ماوە، کە بەرپرسەکەی کوردە، لەو حکومەتە پۆستەکە بەر ئەو کوردە کەوتووە. ئەو دەڵێت:

سوپاس، ببوورن، دیمەنەکەی بەغدا ماندووی کردم، دیمەنەکان، ئاڵا رەش و سوور و ئایەتی سەر دروشمەکان، چەکدارەکان، کە وەک هێرشی کلۆ وەک (وشکەساڵی) سامیان هەیە، بەڵێ لە هەولێرەوە هاتووم، من توێژەرم هاتووم، لەناو ئەو دەریایە، لەو ئاسمانە بەرینەی بەڵگەنامەکان، چەند ناوێک، چەند تاوانێک، چەند نەبەردییەکی شاخ و کوردایەتی بدۆزمەوە.

ئەو کە بەغدا، بەو رەوشە و بەو هەموو دروشم و بۆری رووبەندەکان دەبینێت، بیر لەوە دەکاتەوە، ئەو سەردانە بکاتە بەرنامەی توێژینەوەکەی، لێیان بپرسێت، رەنگی رەش، دروشمی کام دەستە و مەرجەع و مزگەوتە، ئەدی رەنگی سووری نووسراو، سووری بە ئایەت، رەشی سوورکراو، سووری پرسەدار، ئایەتەکان، ئەوانەی بە بازنەیی یان بە یەک دوو وشە، یان یەک رستەی تژی لە نیشانە و (فەتحە و زەمە) و کلک و باڵ هەڵگیراون، ئەوانە بنووسمەوە، بچم بپرسم، یان خەمیان بۆ بخۆم، یان بۆیان بنووسن، ئەوە وەک ئەزموون و پێشهات و پێواژۆ باس بکەم، بیردەکاتەوە و دەڵێت:

ئێمە بەغدامان بە پێکەکانی ئەبو نەواس و شانۆ نازدارەکان، کەمەری کەسکی دیجلە و هەوەسەکانی هارون رەشید و عەتری ئیمام کازم دەناسی، بەغدا.... بۆ وا داکەلاوە، بۆ وا هەژاوە و لە دیجلە و لە دارخورما و بیستانی پرتەقاڵەکان دوورکەوتوتەوە... ئەوە بنووسم!؟

کیژێکیان کە چاوی ئەو، دەیسلمێنێت، رەنگی رەش لە هەموو رەنگەکانی تر گەشتر و روونترە، کیژەکە هەموو کەرەستە و فیلم و شاشەکەی نمایشەکەی بۆ توێژەرەکە ساز دەکات، ئەو فێری دەکات، چۆن بەو چرا و میکرۆفیلمانە ئیش بکات. لەوێ هەر لە رۆژی یەکەمەوە، لە بەرنامەی هەموو رۆژەکان، دوو ئیش دەکات، لە رێگاش هەر کار دەکات، کە زۆر بەوردییەوە سەیری قەرەباڵغی و ئاڵۆزی ناو بەغدا دەکات، لەناو ئەرشیفەکان دووبارە سەیری ئاڵۆزیی و زۆری و گەورەیی تاوانەکان دەکات، لەوێ و رۆژێکیان، چراکە، ناو و رۆژی بردن و شێوەی بردنی مەشجەبەکەی پۆلیسی هەولێر لەلایەن عەریف عوسمان یوسف و هاورێیەکانی لەناو لاپەرەیەکی زەردا دەدۆزێتەوە، کە تێدا دیارە کەوا ئەوان چییان کردووە:

ئەو شەوە، بە سەرۆکایەتی عەریفی پۆلیسی قشڵەی هەولێر عوسمان یوسف ئەحمەد، ٥٢ تفەنگی یازدە تیری ئینگلیزی و دوو رەشاش، لە شەوی ١٩ی ئۆگستی ساڵی ١٩٦١ لە مەشجەبە

سەرەکییەکەی پۆلیسی دەبەن، بە بارەوە و بەجلی پۆلیسییەوە دەگەنە ناو چەتەکانی تر، (هێشتا ناوی پێشمەرگە لەلایەن خۆیان و خەڵکەکەش بەکارنەهاتبوو) کە زووتر لەناو شار و گوندەکان دەرچوون و یاخیبوون، لەوانە کەسایەتی دیار و ناسراوی ناو حزبی دیموکراتی کوردستانیان لەگەڵە.

ئەو و پێنج پۆلیسی تر و شوفێرەکە، بە چەکی خۆیانەوە دەگەنە دەرەوەی شار، لەوێ چەکەکان لە چەند وڵاخێک باردەکەن، لەوێیەوە بەرەو رەشایی و دارودەوەنەکانی چیای سەفین سەر دەکەون، لە شار و حکومەت و هەتا لە ئەستێرەکانیش ون دەبن.

بەو تفەنگانە، شۆرشەکە چەکدار دەبێت، پاش ئەو نەبەردییە، فڕۆکەکانی حکومەت لە هەموو فڕۆکەخانە سەربازییەکان هەڵدەستن، پاش ئەو رۆژە (جاش) زۆر دەبێت، لەورۆژەوە، شەڕەکان و بەردەوامی و خۆراگری بەرەکان دەردەکەوێت. کە تفەنگەکان دەگەنە سەفین، لەوێ کارمامزەکان، هەورازتر دەچن، لە دەشتەوە دەچنەوە ناو شاخەکان، لە شاخەکانەوە بۆ دوندەکان، لە دوندەکانەوە بۆ ناو هەور و تەم و ئەشکەوتەکان باڵدەگرن.

## شاری تاریک

کوڕەکە دەستی لە گوڵینگی جەمەدانی پیاوە سەپانەکەیان دەدات، گوڵینگەکە، ورد و پەمۆیی ناسک بوون، یەک بەیەک ریزێکی درێژی ناز و جوانییان دەنواند، بیر لەوە دەکاتەوە، سەپانەکە چەند ئەو (گوڵینگ)انەی خۆشدەوێت، گوڵینگەکان لەسەر سەری ئەو، بەڕاستی ببونە گوڵە حاجیلە، دەندوکی کەو و سوسکە، چونکە نازدار حەیرانەکەی بۆی هونیوەتەوە!

ئەویش، بیر لەوە دەکاتەوە، ئەو حەسارە بە نەخشە و ژمارە و ئیمزای ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی برازێنمەوە. ئەگەر لەبەر زیرەکی و قسە دروست و حیکمەتەکانی وەستا بۆیا نەبێت، شەوێکیان، ئەوەی ئەو بە دوو سێ مانگ دروستی کرد، من بە زەبری شان و چەپۆکی دەستم دەیروخێنم، ئەو تاقانە، ئەو سێ کەوانەیە، ناو موڵکەکەمان تەخت دەکەم، جۆگەکان، هەموو جۆگەکان دەکەمە کۆڵان و شۆستە، (مشارە و کەردوو)ە تەڕ و چوارگۆشە و تەریبی سەر تخووبەکان، دەکەمە پارچە زەوی و یەک بەیەک دەیانفرۆشم، هەموو تیرە و رەنگ و دەموچاو و ئاکارەکانی تێدا کۆدەکەمەوە، کە تێدا هەموویان رۆژانە، بۆ ژیان و پەیوەندییەکان و دەستی جوان پەخشان بن، شەوانەش، هەر بۆ ژیان و پەیوەندییەکان و خەونی جوان، ژیان بن.

شارەوانی، نەیدەزانی نەخشەسازی تاریک چییە! بەڵام دڵنیابوون کەوا ئەو دەرئەنجامە، ئەو دیاردەیە، لە شارەکە، وێرانی و کەلاوەییە، شاری تاریک زاناکانی بیناسازی و نەخشەسازی دژایەتیان کردووە.

ئەوان دەیانوت، ناکرێ چیتر خاوەن موڵکەکان، ئاغاکان، کوێخاکان موڵکەکانیان، سەرجۆخینەکانیان، لەودە و لەوەڕگە و پەرێزەکانیان، بە گوریس بپیون و بفرۆشن، لەوێ خزمەکانیان نیشتەجێ بکەن، لەوێ بە زاواکانیان بڵێن وەرن، لە نزیک خۆمانەوە ئەرز دابڕن، ناکرێ لەبەر چاوی رەشی ژنێک، لەبەر ئاوازی دەنگێکی خۆش، خانووی رەمەکی دروست بکەن، بەوە شارەکە تاریک دەکەن، ئەوە نەخشەسازی ناڕێکە، تاریکە چونکە خانووەکان، کۆڵانەکان، دەرچوون و رووناکییەکانیان ئاسایی نییە و سازکردنەوەی لە دروستکردنی ئەرکی زۆرتر و زەحمەترە.

(کنگهام) ئەندازیاری نمونەیی، ئەندازیاری نەخشەسازی نوێ، ڕێبەری نەخشەسازی بوە، کە شارەکان و ئاواییەکانی، لە کارگەکانی هەڵم دووردەکاتەوە، ئەو لەساڵی ١٨٤٩ شاری نمونەیی بە سەرژمێری دە هەزار کەس سازکردوە.

(کلارنس) لە ساڵی١٩٢٩ نەخشەی ئاوەدانییەکی سازکردوە، شەقامە سەرەکییەکانی بۆ دیارکردوە، لەناو کۆڵانەکاندا بیری لە ئارامی دانیشتووانانی کردوتەوە، بۆ هەر چوار سەد مناڵ قوتابخانەیەکی لەناو نەخشەکە داناوە، بە مەرجێک خوێندکارەکان بۆ گەیشتن بە قوتابخانەکانیان، (زۆرتر لە هەشت سەد مەتر بە پێ نەڕون)، مناڵەکان زۆر بە وەرزی سەختا ماندوو نەبن، ئەو مەبەستی بووە شوێنە گشتییەکان، خزمەتگوزارییەکان دیار و سەنتەریان هەبێت.

(لۆکۆربوزیە)ی ئەندازیاری شاری ئایندە، ئایندە، واتە شارەکان بە روو و ئاکار و ناوبڕەکانی، چۆن و چەند، تیشکی خۆری بەربکەوێت، ئەو لە ساڵی ١٩٢٢ بیر لە نەخشەسازی شارێک دەکاتەوە، سەرژمێرییەکەی نۆ ملیۆن کەس بێت، باڵەخانە شووشەییە بەرزەکان، ژیان بە هەموو ئاکارە جوانەکان بباتە ناو هەوری سپی، زۆر سپی، هەناسەکان ماچی ئاسمان بکەن، لەوێ سەیری باخچەکان و دەرگای قوتابخانەکان بکەن، تا چاویان لە گەڕانەوەی مناڵەکانیان بێت، لەناو هەورەوە، بەیەکەوە دڵداری بکەن، دوو لێو بەیەکەوە گرێ بدات، دوو دەست بە ماچ بەیەکەوە ببەستێتەوە.

## ئێرەش دەکەینە شار

لەو شارانە، هەور زۆرتر دەبێتە باران و دەبارێت، چونکە هەناسە گەرمەکانی لێ نزیکە، لەوێ دەتوانیت ببیتە فریشتە و نزا و وێردەکانت زووتر بگەنە بەرزاییەکان، تا زۆرتر بژیت و ئارامتر رۆژەکانت بەرێ بکەیت، لە نهۆمی شێستەوە، سەرووی شێست ساڵ، بە باشی رۆژەکان بەرێبکەوێت، لەو تەمەنە، بەگەنجییەوە بەرەو ژووان و (سەمای شەوانە) بچیت، سەما بکەیت، شەرابی ناو خەیاڵ و مەستی ناو شەراب، لەگەڵ سەما دەستی ناز گەرم بکوشن. لۆکۆربوزیە، زوو هەستی کردووە لە شارەکاندا زانست و پەیوەندییەکان و گوڵەکان جوان و بەسوود دەبن!

هەر لەو ساڵانە، کە نەخشەسازییەکانی ئەو شارانە بە نەخشەی ئەوانە سازدەبن، (فرانک لوید رایتک) بیر لە شاری پیشەسازی و نووسینگە و دەزگاکانی سەردەم دەکاتەوە.

دروستبوونی شار پێشینە و زانا و دڵسۆزی هەبووە، ئەو شارانەی دونیا نەخشەسازییان هەبووە.

ئەو بەڵێن، لەو ژنە وەردەگرێت، جەمەدانییەکی بۆ بهونێتەوە، گوڵینگ و سەرەداوەکانی لە جەمەدانییەکانی تر وردتر بن، (سەرەپەنجەیان پێوە دیار بێت)، بۆنی ئارەقەیان لێ بێت، زۆر لەسەر رانی ئەو مابێتەوە، زۆریش بە چاوەکانی سەیری کرابێت، زۆریش نەخشەسازی تێدا بێت.

ئەو دەیویست جەمەدانییەکی بۆ بهونێنەوە، نەخش و سۆز و بیرەوەری بێت، ئەو بەڵێنی بەو دابوو، ئەگەر تۆ مەشجەبەکەی پۆلیسی هەولێرت هەموو برد، ئەگەر تۆ توانیت، ئەو تفەنگانە هەموو ببەیت، سەندووقە فیشەکەکان بەپڕی هەموو ببەیت، من دیارییەکت بۆ دەهێنم، من جەمەدانییەکم هەیە، من نەخش و سێبەرێکم هەیە، نەخش و بۆنی بەئاوێتەیی تێدایە، من هەر چاوم لە نەخشەی موڵکەکانمانە، من هەر (دەزانم بۆنی ژنە، من زیندوو و چالاک) رادەگرێت، تا بتوانم کوردایەتی خۆم بکەم، تا بتوانم دژایەتی ئەو سێ تاقەی، ناو باخچەکانی باوکم بکەم، تا موڵکەکانمان بکەینە شارێک، گەورە و ئاوەدان، تا باوەشمان پڕ خزم و کەسوکار و دۆست بێت، دیوارەکان و سەربانەکان، ژووان خۆش بکەن، هەموو دڵەکان بە گەرمی لەناو یەک ئامێزدا کۆبکاتەوە.

براگەورەکە، وا دڵی بە سێ تاقە خۆشە و قبووڵ ناکات، شوێنی تاقەکان بکاتە شارێک. حاجی تایەر ئاغای ئیسماعیل ئاغا، پێش ئەو، لە قەڵات دێتە خوارەوە، پێش مامەکانی لە قەڵات بێزار دەبێت، هەست دەکات، خانووەکەی کۆن بووە، کۆڵانەکەیان تەسکە، سەربانەکەیان هەوای کەم دەگرێتەوە، زوو بڕیار دەدات، لە قەڵات بێتە خوارەوە، خوارەوەش هەر (زێد و چاوی خۆیەتی)، بابوباپیرانی زۆر بەو موڵکە ماندووبوون، لەو شوێنەی کە دوایی، بەناوی ئەو دەبێتە تەیراوە.

لەو ئاوەدانییەدا، لەناو ئامێزی خۆییدا، گەورەتر لە عەشیرەت، گەورەتر لە بەرەباب، گەورەتر لە سەنعەتکارە دەست ڕەنگینە بەفامەکان، زۆرتر لە سەپانەکانی بەر گەرما، نزیکتر لە خزمەکانی دوورونزیک، خۆشەویست و دڵۆڤانتر لە دۆست و ئەڤینەکان، پەمبەتر لە ژنانی زۆر گەرم، بۆندارتر لە گوڵەکانی جوانتر لە حاجیلە، نەرمتر و ئارامتر لە شەوی پایز و بەهار و هاوین و زستانیش، گەرمتر لە شەوەکانی گەرم وەک ئاگردان، ڕەشتر و درێژتر لە شەوانی ژووان و شەوانی چاوەڕوان، لەوێ ئەو خەڵکە، ئەو هەموو نیگا و ئومێدە تینوو و پەریشانە، لەو شارە هۆگر و (کەمۆ و وریا ) بکات.

ئەو لە خوارەوەی قەڵات باخچە و بیستانەکانی، زۆرتر دەکات. بیرەکانی، قووڵتر دەکات. حەوزەکانی، گەورەتر دەکات. جۆگەلەکانی، درێژتر و پاسەوان و سەرکارەکانی بە ژمارە زۆرتر و کارامەتر دەکات.

لەوێ لەو بەیارە زێڕینەدا. لەو جۆخینە ڕاستە بڵندە. باخچەکانی بێ سنوور و سنوورپارێز دادەبڕێت، کە قوزاخەی پەمۆ، لەگەڵ چاوی سووری تەماتە یەکتریان ماچ دەکرد، کە شەو و ڕۆژ، هەناسە و هەور، بازاڕ و مزگەوت وێرد و نزا بۆ یەکتری دەکەن.

لەو باخچەیەدا، لەو بەهەشتە نوێیە تەڕەدا، پەلکە سڵق و خاس، لەبەردەم تیژی بامیا شەرم دەکەن و دەشکێنەوە، لەو هەوارەدا دیوارەکان وەک بەژنی تەمەن و کارکردن، بە هەرەوەرزی و ماندووبوون بەرز دەبن، دەبنە سێبەر و ئاگردان. لەو شارەدا، کە نەخشەی تێدا بەکارهاتووە، جامخانە، نووسین، حزبایەتی، شانۆگەری، تاوانی کوشتنی ئەڤین و جەستەی کەریم و ستیشی تێدا دەردەکەوێت، لەبەر ڕۆشنایی بۆشایی زۆرتر و مەودای بەرین، گەڕەکەکان لەیەکتری هەڵدەکشێن، شەقام لە پەنای گۆشەیەکی تیژی نۆهەد پلەیەی درێژدەبێتەوە، پاندەبێتەوە، دەبێتە هەناسەی شەو و پشوودانی ماندووبوونی دەست و چاوەکان.

ژنێک بە مێردەکەی دەڵێت:

پیاوەکە، با پەنجەرەکە بەرینتر بێت، دوو خشت و نیو تەسکە، پانییەکەی کەمە. لچکی کەواکەی لەناو گیرفانە پشتکراوەکەی دەنێتەوە و قووڕی دەستی لەسەر دیوارەکە خاوێن دەکاتەوە.

منداڵەکەش لەپەنا دیوارەکە، سێبەرەکەی لێ خۆش داهاتبوو، بۆیەش پەنجە کورتە ناسکەکەی دەمژێ، بەڵام هێشتا دایکی بواری نەبووە، نینۆکەکانی ببڕێت و خەمێک لە (چاوە کوڵ)ەکەی بخوات. بەڵام دەیەوێ ماندووبوون و ئارەقەی مێردەکەی رازی بکات، پەنجەرەکەیان بەرین و گەورەتر بکات! پیاوەکە پێڵاوە لاستیکەکەی لەپێی راستی دەکاتەوە، وردە بەردەکان دەردەهێنێت، بە ژنەکە دەڵێت:

کێ دەڵێ، ئیمساڵ دەتوانین پەنجەرە و جامی تێ بگرین!؟

ژنەکە، نیگایەک لە منداڵەکەی بەر سێبەرەکە دەکات و بە رووێکی خۆشەوە دەڵێت:

ئیمساڵ بە کۆنە گووش و کۆنە (بەرامپیل)ێک دەیگرین...

لەپەنای سێبەری قەڵاتەکە، کەپرەکان شەرم دەکەن، هەڵبستنەوە. لەبەر بەژنی قەڵات و ڕێزبەندی کەرپووچەکان، سەرەتا دیوارەکانی خوارەوە شەرم دەکەن، ناوێرن بەرزببنەوە، ناتوانن دەستێک بدەنە بەرخۆیان و هەڵبستنەوە، لەوێ لەو ئاقارەی چەند سەدەیە، چەندین ساڵە گوڵەگەنم و بەژنی گوڵەبەرۆژەیان هەڵگرتبوو، شەرم دەکەن، ببنە گەڕەک، بەڵام نەخشە و شار، شارەوانی و یاساکانی شارەوانی شەرمەکانیان رەواندەوە و بوونە شار و شانی قەڵاتیان گرت، لەدوورەوە (منارە)کەش لەبەر گەرمی رۆژەکە دەلەرییەوە، وەک ئەوەی تیشکە کزەکە دەنگ و سەدایەک بێت و بڵێت:

چەندین ساڵە کەرپووچەکەم، بەژنی منی راگرتووە!

لەوێ لەو باخچە گەورەیەدا، تایەر ئاغا سواری ئەسپێک دەبێت، هەتا ئاقاری رەشکین دەڕوات، لەوێ بەرەو لاجان و گردەکەی پیرداود، لەگەڵ تاژییەکانی، لەگەڵ دوو سێ پیاوی گەنمی و باسک درێژ و چاوتیژ، دەیانەوێ مامزێک ببینن چۆن بۆ ژیان و مان رادەکات، لەوێ هێلانە قەتییەکان ببینن، چۆن بۆ هێلکەکانیان شوورە و پووش و چیلکەدار، هەتا دڕکیش کۆدەکەنەوە، لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بیر لەوە دەکاتەوە، ئەویش ئەو هێلانەی ناو باخچە و موڵکەکانی خۆیان بێچووە ماندووەکان، باش داپۆشێت تا هوڕەی گەرما و سووی سەرما نەیانکوژێت، بۆیە دەیەوێ شارەکە گەورەتر بکات و بە گوریس، شارێک دادەمەزرێنێت.

## نەورۆز دەکەین

لە هەڵدانەوەی دیوێکی تەمەن و دۆزینەوەی سەربردەیەکی کۆن، لە ڕەنگکردنەوەی ئەو گەڕەکە و ئەو شارەش، من دەڵێم:

ئێوەش ڕەخنەی زۆرتان دەبێت، بەئاسانی، بە چاوقوچانێک دەتوانن هەڵەکانی ناو نووسینەکەم بدۆزنەوە، چونکە دیارە کە خۆتان و ناوەکانی تێدا دەناسنەوە، منیش دەمەوێ خۆتان بناسنەوە، خشتەکان بدۆزنەوە، بۆشاییەکان کە ئاوەدان دەبوون، ئاوەدانییەک کە چۆڵ دەکرا، ئێوەش هەست بەوە بکەن، کەوا من، پاڵەوانێکی ئەو نووسینەم هەڵخەتاندووە، دوو ساڵی تەمەنی یەکێکم گۆڕیوە. کەسێکی قەڵەوم بەلاوازی ناوهێناوە، ڕەشایی چاوی کیژێکم، هەر بەئەنقەست و بۆ خۆشی ساتێکی خەیاڵ، زۆرتر بە سیحراوی و خەمباری دیوە.

ئاساییە ئێوە کە بڵێن:

من مامزەکانی ئەو دەشتەم سست کردووە. من باری تەڕ و کەسکی ڕۆژانی باخچەکانم لەو شارە و لەو گەڕەکەدا کەم ژماردوە.

وا من دەستم داوەتە نووسین، نازانم کە لەناوەندی چلەکانی سەدەی رابردوو، کە قەتارەکە هاتووتەوە ناوشار، لەناو یەکەم کاروانی شەمەندەفەرەکە، کێ لەناو دووکەڵ و چکەچکەکانی (سکە)کە، کاس و هەراسان دەبوو. دەبوایە ئەوە بزانم، کێ لەیەکەم کاروانی ئەو ترێنەدا سوار و کاروان و شاهید بووە!

من بەو نووسینە دۆزیمەوە، کە یەکەم ئاهەنگی نەورۆز لەو شارە کراوە، (کوورەچییەکان)، ئەو ڕۆژە کەرپووچیان بۆ شار و دیوارەکان و وەستاکان نەکێشاوەتەوە، ڕۆژی پێشتر باریان بۆ دیوار و تاقەکانی قەسرەکەی عەتولا ئاغا نەبردوە، چونکە بەباری گوێدرێژەکانیان، چاپووکانە، کەرەستە و خواردمەنی ئاهەنگی نەورۆزیان لەناو شارەوە گەیاندوتە سەر سەکۆی ئاهەنگەکە، ئەوان بەو بارانەوە، پێیان وتوون، دوورمان ببەن، ئەوان دوور ڕۆیشتوون و لەشار دوورکەوتونەتەوە، تا پیاوەکانی (ئەلئەخوان)، ئاهەنگەکەیان لێ نەشێوێنن.

من نازانم بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی یەکەم ئاهەنگی نەورۆز، پارێزەرەکەیان زۆر ماندوو کردوە، نامە و ئاگری نەورۆزەکەیان گەیاندوتەوە، سەعید قەزاز، کە ئەو خۆی بە ئاگرەکە گەرم کردوتەوە، ئەویش لە بەغدا بە عەونی یوسفی وتوە:

منیش ئەو ئاگرەم دەوێ، منیش لەورۆژەدا ئارەزوو دەکەم شایی بکەم، بەڵام مۆڵەتی کردنەوەی ئەو ئاهەنگە، ئەو نەورۆزە لەکن نوری سەعیدە، دەبێ تۆ بچیتە لای نوری پاشا، لەوێ لەکن نوری سەعید رەزامەندی وەربگریت. لەورۆژانەش نوری پاشا دڵی خۆشە، ئاهەنگ و زەماوەندی سەباحی کوڕیەتی لەگەڵ بووکە ناسکەکەی، کیژە بەگزادە میسرییەکە، ئەوەی لە هاوینەهەوارەکانی تورکیا یەکتریان دیبوو، دڵی خۆشە... داواکەتان پەسند دەکات و ئەویش ئاگرەکە دەباتە کن مەلیک.

ئەگەرچی عەونییش لەو وەزیرە کوردە تووڕەش دەبێت، داواکەی ئەویش بۆ ناو کۆشکەکەی (رەحاب) دەبات. ئەویش سەربردەکەی لەکن مەعروف جیاوک و ئەندامانی یانەی سەرکەوتن گێڕاوەتەوە، دەرئەنجام رەزامەندی کردنەوەی ئاگرەکە لە هەولێر وەرگرتووە.

من کە ئەوە دەنووسم رەنگە نەزانم، (سەلیم سەیدۆک) زووتر و پێش دار و ئاگر و شایی تر، لەسەر قەڵات ئاگری کردوتەوە، نافیع یونس لەناو ماڵەکەی خۆی، لەورۆژەدا و بۆ پیرۆزکردنی ئاگرەکە، لە سەربانەکەی خۆیان، شایی بە خوشکەکانی کردوە، لەناو حەوشەکەیان، بەرانبەر حەوزە چاوشینەکەیان ئاگری کردوتەوە.

## تەیراوە

بەڵام ئێوە قسە و رازەکانی خۆتان هەر بڵێن، منیش گلەیی زۆرم هەیە. من نازانم کە تایەر ئاغا، موڵکەکانی خۆی بە گوریس فرۆشتووە، کێ سەرە گوریسەکەی بۆ ئاغا سەر بە هەورییەکەی گرتووە. یەکەم (گوریس)یان لەو ئەرزەدا بۆ کوێ راکێشابوو، بەخۆڕایی بوو، یان کەمە پارەیەکی هەر لێ وەرگیراوە، رووبەرەکە چەند مەتر بووە؟! نازانم کە تایەر ئاغا، ئەو پیاوەی، کەس، سەریان بێ هەوری سوور و پشتیان بێ پشدێنی ئەستوور نەدیبوو، ئەو کە موڵکەکانی فرۆشتووە و پارەی وەرگرتووە. من نازانم و کوڕەکانی ئەویش، کە هەندێکیان لەژیاندا ماون، ئەوانیش نازانن، نازانن و بشزانن قسە ناکەن... نازانن، باوکیان کەی پارەی یەکەم پارچە زەوی وەرگرتووە، ئەویش هەر بەگوریس پیوراوە.

گلەیی مەکەن، قسە مەکەن! ئەگەرچی لەشارەکانی تر، لەشارەکانی وڵاتانی تریش، هەر وا بووە، بەڵام ئەرشیفەکانیان ماوە، قەشەکانیان رۆژانە بیرەوەرییەکانیان نووسیوەتەوە، پیرەکان کە مردوون، بەگەنجەکانیان وتووە:

کە ئێوە، بۆ کار و خوێندن، لە ترسی ناکۆکییە مەزهەبییەکانی ناو گوند و شارەکانمان، کە دەچنە ئەمریکا یادەوەرییەکانی ئێمە لەبیر مەکەن! ناکۆکییەکانی ناو ئەو وڵاتە بنووسنەوە، بڵێن لەو وڵاتە خوێندن و خوێندەواری گەشەدار بووە، لوبنانییەکان، کە کۆچیان کردوە و چوونەتە ئەمریکا، کە چوونەتە بەرازیل، لەوێ هەزارەها لاپەڕەی نووسراوی ناو کڵێساکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردوە، لەوێ شتەکانیان نووسیوەتەوە، ئێستاش نووسەرەکان سوود لەو کۆنە دەفتەرە زەردە رزیوانە دەبینن، کە رۆمانەکان دەنووسن، کە بەوردی و بەبەڵگەنامەوە یاداشتەکان دەگێڕنەوە، ئەوانە نووسراویان هەیە، تۆماریان زۆرە، چونکە کڵێساکان قوتابخانە بووە، (قەشەکان زمانزان بوون)، ژنەکان وەک پیاوەکان خوێندەوار بوون، پیرەکان وەک گەنجەکان خوێنگەرم بوون.

ئەرشیف و دەفتەرەکانی حیسابی عەتارەکان و نمونەی (بلیتی شانۆگەرییەکانیان) ماوە، لە کڵێساکان لیستی ناوی منداڵەکانیان ماوە، دیارە و دەزانن کەی و لەکوێ لەدایکبوون.

من چۆن بزانم، هەولێرییەکان، کە لە شارەکە نەخشەی خانووەکانیان داناوە، بیریان لە زۆری تیشکی خۆر کردیتەوە، بەڵگەنامەیەک نییە، ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە. نامەیەک، یان داوا و سکالانامەیەک نەماوە، تێدا نووسرابێت، کەوا کەشافی شارەوانی، خاوەن زەوییەکی ئاگادارکردوتەوە، هوشیاری پێداوە، گەفی توندی لێکردوە، کە دەبێ (ژوورەکان پەنجەرەکانیان روویان لە خۆر بێت)، گەردەلوول و رەشەبا نەگرێتەوە، پێیان وتوون شەماڵیش حەز لە پەنجەرە و کوڵانکەی بندیوارەکان دەکات، هەر خۆیان بە ئەزموونەکانیان، کە بە هەزارەها هەلە و کەماسی زۆرەوە، فێری بوون و خانووەکانیان دروستکردوە.

## لەپشتەوەمان سەرەوەکەی خەبات بوو

لەو شەقامەی، هەر بەناوی (باتا) دەناسرا، لەناو نهۆمی بنەوەی باڵەخانەیەکی سپی بەرزا، جامخانەیەکی بۆ دانرابوو، تێدا نمایشی پێڵاوی کۆمپانیایەک بەناوی باتای ئیتاڵی لێ دەکرا، لە تابلۆیەکی گەورەدا، بە هەردوو پیتی نووسینی عەرەبی و ئینگلیزی ناوەکەی لەسەر نووسرابوو. عەرەبییەکەی هەردوو گۆشەی تابلۆکەی گرتبوو، نووسینە ئینگلیزییەکەشی، لەنێوان هەردوو نووسینە عەرەبییەکە، بەوردی وەک ئەوەی پیتەکان سەمای ریکلام بکەن، لاربببوونەوە.

هاوسەرەکەم، سەری لە دێرەکانی نووسینەکەم نزیک دەکردوە، لەودەمانە بۆی گێڕابومەوە، کەوا هاوینێکیان، ئەو وتی:

من تەمەنم، شەش حەوت ساڵان بوو، واتە سەرووی چل ساڵ زووتر، من سێ مانگ ئاوم، بە دەست و بە شان و بە نادڵییەوە بۆ ماڵە گەورەکەمان، لە بەلوعەیەکی دوور لە خۆمان کێشایەوە، کە تەواو بووم، پێڵاوێکی سووری باشیان لە باتا بۆ کریم، ئەگەر لەگەڵ تەمەن و ساڵەکان و پۆلەکانی خوێندن و گەورەبوونی شارەکە و گەڕەکەکان و گەورەبوونی خوشک و برا و هاورێیەکانم، پێیەکانم گەورە نەبوایە، پێڵاوە سوورەکەم شەش ساڵی تەواوی دەکرد، پێڵاوە سوورەکەی لە باتا بۆم کڕابوو، نەدەدڕا، کون نەدەبوو، ئاوی نەدەدا، تەقەڵەکانی هەڵنەدەوەشایەوە. باتای هەولێر، خاوەنەکەی دوو پیاوی سەرگەورەی رووتی کریستیان بوون. هێشتا هەر لەسەر ئەو شەقامە، (پێڵاوی دجلە) نەکرابووە.

سەرسپییەکان، دەرمان و حەبی نەخۆشییەکانیش، گۆچان و چاویلکەی پیران، باتا و شەقامەکە و گوزەرەکەیان لەبیرە و بیرەوەری شیرین و تاڵیشیان لەوێ هەیە.

ئێوارەیەکیان من، لەوێ و لەنزیک کۆنە جامخانەکەی باتا، لەنێوان چەند ئوتومبێلدا پەڕیمەوە، سەیرێکی (شێلم فرۆشەکە)م کرد، هەڵمەکەی سەری، دەموچاوی کوڕە فرۆشیارەکەی لێم ونکردبوو، دوو پیاو، بەپەلە کەرتە شێلمەکەی بن دەستیان، بە چەنگاڵە پلاستیکییە ناسکە

سپییەکە دەخوارد، بەیەکەوەش ئەگەرچی روویان لەیەکیش نەبوو، بە تەمەنیش زۆر لەیەک جیاوازبوون، قسەیان دەکرد.

هەمووتان دەزانن، دوو کەس، ئێوارەیەک بەیەکەوە لەسەر عارەبانەیەک، شێلمی کولاو بخۆن. لەوێ و لەدەمانە لەبن چرِی ڕێبوارانی بەر سێبەرەکەی قەلات، بەگەرمی باسی چ دەکەن! گومان نییە، هیچ گومانم نییە، ئێوەش دڵنیان، کەوا ئەگەر یەکێکیان باسی سیاسەت بکات، ئەوی تریان، بەسۆزەوە بە باسکردنی ژنی جوان و بەپەلە وەلامی دەداتەوە، ئەگەر یەکێک قسە لەسەر سیاسەت بکات، دووەمیان ژنێک سووتاندویەتی و نایەوێت بکوژێتەوە، کە لە سیاسەت تێر بوویت، کە لەگەڵ ژن زۆر درۆت کرد، کۆششت بۆ هەردووکیان زۆر کرد، (دەبیتە سیاسی و دەبێتە پیاوێکی پەریشان و شەیدای ژن)یش!

من دوو هەنگاو لەوان، لە هەڵمی سەر مەنجەڵە شێلمەکە دوورکەوتمەوە، پیاوێکی عەرەبی دەم و لێو قۆپاو، لەسەر عارەبانەیەکی پێچکە شکاوی نەوی، کێکی جوانی دەفرۆشت، عارەبانەکە سێ چین کێکی نوێی لەسەر بوو. هەندێک لە کێکەکان ڕەنگ و بۆنی زەعفرانی زەردیان لێ دەهات، هەندێکیان، بە ڕووناکییەکانی کۆلانە تەڕەکە، پێدەکەنین، لەسەر سینیە لاکێشە ڕەشەکە، سێ جۆرە پارچە کێکی بەزەعفران ئارەزوویان کردمەوە. ویستم دەست بۆ کێکە بەخورماکە ببەم، پیاوە عەرەبەکەی سەر عارەبانەکە، چەند وشەیەک کوردی دەزانی، کە زانی من عەرەبی دەزانم، ئەو وتی:

بخۆ، ئەو کێکە بەزەعفرانە! ئەو کێکە بەخورمایە، بۆ پیاوی لە تەمەنی تۆ پێویستە، بەلام خراپیشە. (ئەو لەگەڵ پێکەنینەکە، چەند ددانێکی ڕەشی وەک بزماری لەناو دەمی پێ نیشان دام)

## کێکی بەزەعفرانم خوارد

پیاوەکەی سەر عارەبانەکە، ئەوەی کێکی بەزەعفرانی دەفرۆشت، دیاربوو کەوا ئەو چەند ڕۆژێکە ریشی نەتاشیبوو، دەستە باریکە لاوازەکەی لەناو (ساقۆ)یە بەرینە گەورەکەی دیار نەبوو، ئەو کەسێکی لاوازی سیس بوو، بۆیە دەمارە ئەستوورەکانی ملی، باش و ئەستوور دیاربوون. ئەو پارەکەی لە من وەرگرت، دینارە کۆنە دڕاوە شڕەکەی ماچکرد. بەر لەوەی پارووێک لە کێکەکە بدەم، من وتم:

کێکی ترت لەناو عارەبانەکە نییە؟ لەو پرسیارەش دوودڵ و پەشیمانیش بووم، پرسیارەکەم هەر لە پیاوە عەرەبەکە کرد، کە لەسەر عارەبانەکە کێکی بەزەعفرانی لەو قەڕەباڵغییە دەفرۆشت.

پیاوە عەرەبەکە، ئەوەی ساقۆیەکی گەورەی قۆلدرێژی لەبەردا بوو، بەرووێکی بەستەزمانانە، هەر بەزمانی عەرەبییەوە وتی:

ببوورە، هەر ئەوەندەم ماوە، لە بەیانییەوە، زۆرم پێ بوو، هەمووم فرۆشتووە.

(ئەو پیاوەش، وەک عەرەبەکانی کۆڵانی عارەبان، پاش چەند ساڵی تر، لەو شارە، لەو بازاڕەدا، بەرەگ و ریشەوە دەتوێتەوە و منداڵەکانی دەبنە کورد، کیژ و کوڕەکانی، بە ئارامی، لەو شارە، گەورە دەبن، شانازی بە قەڵات و مۆل و چایەخانەکانی ئەو شارە دەکەن).

کاتی خۆی، زۆریش لەمێژ نییە، بۆ ئێمە کۆن نییە و باشمان لەبەر چاوانە، بەڵام لەو سەردەمەی خەڵکەکە زۆر لەسەر عارەبانەکان شێلمی کوڵاو دەخۆن، قسەی زۆر لە سیاسەت و ژن دەکەن، هەردووکیان بەیەک گرێداوە، بۆ ئەوانەی ئاپووڕەیەکی رەش و جوولەیەکی گەرمیان بەو گوزەرە داوە، ئەو سێگۆشەیە و چەتری ناوەڕاستی شەقامەکە ناو و بیرەوەری نییە.

هەر لەو گۆشەیە و لەسەر ئەو شەقامە بەرینەدا، بەرانبەر ئەو باتایە، کە ئێستا تەنیا ناوە کۆنەکەی لەکن خەڵکە کۆنەکە ماوە، لێرە کە جامخانەکەی بەرین و گەورە بوو. سەرەوەی هوتێلێک بوو، چەند ساڵێک ناو و یادگاری زۆریان هەبووە.

لەو گۆشەیەدا، بەرانبەر چەترەکە، شوێنی پۆلیسی هاتووچۆکە، لەو شوێنەی پیاوە عارەبەکە، بە عارەبانەیەکی شڕ، کێکی ناو بەخورما و سەر بەکونجی و بەزەعفرانی زەرد دەفرۆشێت. لێرە (ئینزیباتە عەرەبەکان)، سەرسۆرە عەسکەرەکان، هەر بە یەک داری دەستیان، بە یەک دەمانچەی پشتیان، بە کڵاوە سوورەکان و قایشی سپی پانی بە رەونەقی شان و پشتیان، دوو ئینزیباتەکە، سەدان گەنجی ئەو شارەیان، تاساندبوو، نزیک ئەو عارەبانە، بەرانبەر جامخانەکەی باتا، کە ئێستا هیچ شوێنەواری نەماوە و شووشەی جامخانەکەشی وردوخاش بووە، دوو سەربازی سەرسۆری باڵابەرزی روومەت سوور، دەست گەورە و شان و پیل ئەستوور، هەموو شەقام و پیاسەی ئێوارانی گەنجەکانیان دەهەژاند، زۆریان کە ئەوانیان دەبینی لە ترسانا دەگەڕانەوە، زۆریان رەنگیان تێکدەچوو، زۆریان دەگیران، فڕێیان دەدانە پشتەوەی زیلە تایە گەورەکە، زیلە رەنگە زەیتونییەکە. من کە کێکە بەزەعفرانەکەم لەکن پیاوە عارەبانچییە عارەبەکە خوارد، لە عارەبانە نەوییە شڕەکەی پیاوە عەرەبەکە دوورکەوتمەوە...

# کۆڵانێکی سەرەکی زۆر شپرزە

لەوێ لەناو کۆڵانە شڕەکە، بە هەموو دەستەواژە و پێوانە ئەندازیارییەکانی نەخشەسازی شار و کۆڵان و کوچەکاندا، کۆڵانەکە زۆر شڕ و ئاڵۆز بوو. (کۆڵانەکە چۆن شڕ) بووا؟ بەرز و نزم، تەڕ و وشک، نەوی و داتەپیوو بوو. کۆڵانەکە سەکۆی بەر دووکانەکانی، دوو پایە، سێ پایە، بێ پایە و نەوی بوون.

دووکانەکانی ناو کۆڵانەکە، تاریک و هەندێکیان بەقەد (هۆلێکی زەماوەندەکان)ی سەر شەقام و پارکە گەورەکان گلۆپ و ڕووناکی و چرای هەمەجۆریان پێوەبوو، لەبەر تیشکی بەرزیان چاوت هەپروون بەهەپروون دەکات، دووکانەکان، کە هەندێکیان درێژ و تەسک بوون، کاری دەستی تەنکە و بۆڕی و بەرمیل و لوولە و (فتیل و دەبە) و چاکردنەوەیان تێدا دەکرد، دوو سێیەکیان، کە چەند قادرمەیەکی لە پێشە، بەو پایانە دەچیتە ناو جامخانەیەکی ڕووناکی تۆمارگای گۆرانی، یان دەتباتە ناو دووکانی بەرگدووری ناودار، یان تووڕشی فرۆشەکە، یان دەکەویتە ناو گەراجێکی دیواری داڕووخاوی ناڕێک، کە لە ڕووبەرێکی تەسکی گچکەدا، دەیان ئۆتومبێلی دوامۆدیلی، تێدا لەبەر چەند کەپرێکی شلۆقی لەرۆزکدا وەستاوە.

هەر لەو کۆڵانەدا، کۆڵانێکی تری لێ جیادەبێتەوە، لەوێ چایەخانەکان، کە ژووری بچووکی تاریکن، لەو ژوورانەدا، بەردەوام چایەچییەکان، چاوێکیان لە دەرەوەیە، سەیری هاتنی میوانەکانی دەکەن، ئەوانەی گەرما و سەرما ناپرسن، دەستە دەستە، کۆدەبنەوە و سەریان لەبن سەری یەکترە، زۆر بەگەرمییەوە قسە دەکەن! باسی هەموو شارەکە، هەموو جیهان دەکەن، هەموو ڕۆژانەکەیان، ئەوی بە تەلەفۆنەکان باسیان نەکردووە، لەوێ (بە چرپە بە یەکتری دەڵێن)، دەگێڕنەوە، توانج دەگرن، شرۆڤەکانیان دەکەن، یەکێکیان دەڕوات، ئەوی تریان وەڵامی تەلەفۆنێک دەداتەوە، ئەویشیان دەڕوات، بەر لەوەی ئەویش بڕوات، یەکێکی تر دەگاتە سەر سەکۆیەکە، هەندێکیان هەست بە سەرما دەکەن، پێڵاوەکانیان ناتوانن پێیان گەرم بکاتەوە، چاکێتەکانیان شانیان گەرم ناکەنەوە، بەڵام هەموو بەیەکەوە ناڕۆن. ئەوەی سەرمایەتی دەڕوات، ئەوی تریان جێگەی دانیشتنەکەی خۆی لەسەر سەکۆیە باریکە داپۆشراوەکە خۆشتر

دەكات، جگەرەیەک بۆ ئەوەی بەرانبەری و ئەوەی تەنیشتی رادەگرێت، ئاگرێک لە جگەرەکەی دەستی بەردەدات، دوو قووم لە جگەرە باریکە سپییەکە دەدات، هێشتا دووکەڵەکە بڵاونەبوویتەوە، ئەو جگەرەکە و ئاگرەکەی سەری، لەبن پێیەکانی دەتوڵخێنێتەوە، دەڵێت وتم جگەرە ناکێشم، تەواو.

لەوێ، لە بەرانبەر ئەو چایەخانەیەدا، لە سەرووی کۆڵانێکی تر، کە خاوەن دووکانێکی گەورەی جانتافرۆش، بەشێکی زۆری سینگی کۆڵانەکە گرتبوو، لەناو کۆڵانە زۆر باریکەکە، چایەخانەیەکی تر، دوو سەکۆی باریکی لە پشت دیوارەکە راخستبوو، لەوێ لەسەر سەکۆیە نەوییەکە، مامۆستایە گەورەکەم بینی، لەناو پاڵتۆیە رەشەکەی، بە ئیسراحەت دانیشتبوو، جگەرەکەی ناو هەردوو پەنجە گەورەکەی، نە ئاگرەکەی، نە دووکەڵەکەی هەستی پێ نەدەکرا، سەر سەکۆکە چۆڵ بوو، نەمهێشێت هەڵبەستێتەوە و گەیشتمە تەنیشتی، من رووم لە (دەرگای تەکیە گچکەکە) بوو، کە هاوسەرەکەم شەوانە، کە من لەسەر لاپتۆپەکەم سەرقاڵ دەبووم، ئەویش سیر و ماستەکەی بۆم باش تێکەڵ دەکرد، دەست دەداتە مووکێش و نەینۆکە چوارگۆشە کەسکە گچکەکەی، تا چەند داوە موویێک لەرووی و لە چەناگە و روومەتەکەی هەڵکێشێت، کە زۆر هزری لەسەر دۆزینەوەی داوە موویێکی بیژی ناشیرین بوو، دەیوت:

من زۆر جار بە منداڵی، لە کوپەی ئەو تەکیەیە، تەکییەکەی شێخ عارف، ئاوم خواردیتەوە، هەر لەوێش دوعام کردووە. بەر مزگەوتەکە، بوار و چوون و گەڕانەوەمان بوو، منیان دەنارد، (تەختە دەزوو، قۆچپە و داو و سیم و لاستیک و ئاوریشم و پەروازە) بۆ خوشکە خەیاتەکەم، لەکن مەعمیلەکەمان لەناو قەیسەری بهێنم، دایکم لێفی گچکە گچکەی دەدووری، جوان جوان قەزمەنووشتی دەکرد. من لەو کۆڵانەوە، لەناو کۆنە دەلاڵخانەکە، دەچوومە کن عەیشێی عارەب، بەر لەوەی بوخچەکەی بدەمێ، کەمێک سەیری کوتانی دەست و روومەت و لێوەکانی ئەویشم دەکرد، ژنە قەڵەوەکەی سەر نیمدەرە رەنگینە ئەستوورەکە، بە دەستە کوتراو و نینۆکە درێژەکانی بوخچەکەی دەکردەوە، لێفەکەی دەردەهێنا، سەیرێکی نەخشەکانی دەکرد، دەیزانی دایکم زۆر جوان ئیشی لەسەر بەرگە لێفەکە کردووە. بەر لەوەی پارەی فرۆشتنی لێفەی جارانی پێشووم بداتێ، دەیوت:

جوانە، دەستی دایکت خۆش بێت.

منیش سەیرێکی پارەکەی ناودەستم دەکرد، بەپەلە و بە بەردەم تەکیەکەدا دەگەڕامەوە ماڵەوە.

دەنگی بانگدانەکە، کە بە بڵندگۆکانەوە، ئەوەندە گەورە و تیژ بوو، واتدەزانی بانگدانەکە، بۆ نوێژکردنە لە مزگەوتێکی زۆر گەورە، بانگدانەکە، بۆ ئاوەدانییەکی زۆرە، چونکە بڵندگۆیە

نەوییەکان، دەنگیان زۆر بە تەوژم و بە هێز بوو، نەدەکرا کەسی نوێژکەر بتوانێت رانەچڵەکێت و نەگاتە ناو مزگەوتەکە، بانگدانەکە پیاوە گەورەکەی لە من دوورخستەوە، دەستە گەورەکەی لەسەر شانم دانا و بەئاسانی هەڵسایەوە، بەر لەوەی بەرەو مزگەوتە گچکەکە بڕوات، جگەرەکەی دەستی دوور فڕێدا و وتی:

هەر ئێستا نوێژەکەم دەکەم و دەگەڕێمەوە. ببوورە ...

منیش بوارم نەبوو، هیچ ئەگەر و وەڵامی ترم نەبوو، بۆیە وتم:

باشە، دوعام بۆ بکە...

ئاوڕێکی لێدامەوە و بزەیەکی بۆم کرد. ئەو لە جۆگەلە باریکەکە بەرەو مزگەوتەکە ئاودیو دەبێت، لەناو دەرگا گچکەکەی تەکیەکە، بواری چوونە ژوورەوە بۆ پالتۆیە گەورەکەی دەکاتەوە و دەگاتە دواریزی نوێژکەرەکان.

کابرای چایەچی، بە ئاوە گەرمەکە، بە تەشتی گەورە گەورەی فافۆن دەستگای چایەخانەکەی دەشووشت، دەستی بە دەستماڵەکەی دەستی وشک دەکاتەوە، سەرلەنوێ چا لێ دەنێتەوە، شەوانیش ئەو بن قەڵاتە، ئەو بەردووکانانە گەرم و ئاوەدانە. شەوانەش دووکانە گچکەکانی بن قەڵاتەکە، لەبەر میوانە زۆرەکان، لەبەر شەوچەرەی قەڵاتەکە ئاوەدان و بەرێبوارە!

## لەپشت بارەگای خەباتەوە

هەتا مامۆستاکە، نوێژەکەی تەواوکرد، لەوێ ئاسان بوو بێزار نەبێت، لەوێ یەکێکی تر هەبوو، یەکسەر قسەت لەگەڵدا بکات، بەئاسانی هەموو رازەکانی دڵی خۆی بۆت بکاتەوە. سەرەتا جگەرەیەکت پێشکەش بکات، کە تۆش دەڵێت سوپاس ناکێشم، ئەو نیگەران دەبێت، کە تۆ هۆشت لەکن ئەو نییە، ئەو هەر نیگەرانە، کە تۆ چاوەڕوانی مامۆستاکە دەکەیت، ئەو چاو لە دۆزینەوەی یەکێکی تر دەگێڕیت تا (جگەرەیەکی لێ وەربگرێت) و گوێ لە قسە و راز و گازاندەکانی بگرێت!

ئێرە، ئەو شوێنەی ئێستا، کە پشتی بە شەقامەکەی قەڵاتەوەیە، لە شوێنی ئەو باڵەخانەیە، سەرەوەی ئێرە خەبات بوو، خەبات لێرە بوو، رۆژانە پیاوەکان بە (رانکۆچۆغەڵی سپی)یەوە، دەهاتن و بەسەر قادرمەیەک سەردەکەوتن، ئێرە کە ئێستا، پشتمان بەو باڵەخانە داوە، بارەگای پارتییەکان بوو، هەموویان تا بناسرێنەوە، رانکوچۆغەڵی سپییان لەبەردابوو. شیوعییەکانیش، تا دیار بن و بناسرێنەوە رانکۆچۆغەڵی سووریان لەبەر دەکرد.

هەر لەو بارەگایە، ئێواران پارتییەکان کۆدەبوونەوە. ئەو لێرە و لەو پشتەوە پاسکیلەکە رادەگرێت، دەچێتە سەرەوە، بەرانبەر گلۆپە کزەکە دادەنیشێت، هەست دەکات گەرمایەکە هەراسانی کردووە، رووی پانکە رەشە پەروانە ئاسنە شڕەکە لەخۆی دەکات، ئەوانیش چاوەڕوانیان دەکرد، تا ئارەقەی ماندووبوونی پەیدانی پاسکیلەکەی لە دەموچاوی وشک ببێتەوە، ئینجا بەرپرسەکەیان پێی دەڵێن:

ئەمشەو لەگەڵ هەڤاڵەکان تفەنگەکان دەبەن، ئەمشەو لە سەرووی هەولێر، هەڤاڵان چاوەڕوانتان دەکەن، هەتا ئێوە دەردەچن، چەندین کەستان لەگەڵ دەبێت، هیمەتی ئێوە وڵاتەکە سەروبن دەگۆڕێت.

ئەو نهێنی ئەو هەواڵییەی بە رەزاقە سوور وتبوو:

ڕەزاق، ئەوە بە کەس نالێیت، نامەوێ ژنەکەم ئەوە بزانێت، نامەوێ خوشکەکانم لە سەیداوەش ئەوە بزانن، براکانم لە دەشتێ، ئەوە بزانن، حزب داوای لێ کردوین، لەو شەوانە دەبێ بڕۆین، دەبێ من هەموو تفەنگەکانی مەشجەبی پۆلیسی هەولێر ببەم، چاوەڕوانم بزانم کام شەوە، من ڕۆژانە بەئاسایی دەچمە دەوام، چاوەڕوانم تا ئاگادار دەکرێمەوە، دەڕۆم و (بەو تفەنگانە چیایەک دەگرین)، بەو فیشەکانەی من و هەڤاڵەکان دەیبەین بەرگری لەو شاخە دەکەین...

ڕەزاق پێی دەڵێت:

ئەدی ژنەکەت، ماڵ و خانووبەرەکەت!؟

بە دوو سێ وشەیە وەڵامی ئەو پرسیارە ترسناکە دەداتەوە:

ژنەکەم دەچیتەوە ماڵی باوکی، خانووەکەشم مانگێک دەبێت، بە ناوی کاکم کردووە. کە ڕەوشەکە ئارام دەبێتەوە، (شتەکە کۆن دەبێت)، ئەگەر نەهاتینەوە، خانووەکەم بفرۆشن و پارەکەشم بۆ ڕەوانە بکەن.

بەڵام ڕۆژی پاشتر، هەر پۆلیسەکانی قشڵە و ئەمنەکان، زوو ژنەکەی دەگرن و بوار نادەن دوور بڕوات، پاش دوو مانگ لە زیندانەکەی قشڵەکە دەمینێتەوە، کە مێردەکەی تفەنگەکانی تێدا بردبوو، ئەو پۆلیسانەی نەگیران، ئەو پۆلیسانەی بە قەتارەکە ڕەوانەی خواروویان نەکردن، (ژنەکە دەگرن)، دوو مانگ لەناو قشڵەکە پاسەوانی دەکەن.

ڕەزاق، خاکەناسەکەی دەستی دادەنێت و ئاگای لە ئاوی جۆگەلەکە نامینێت، سەیری سێ تاقەکەی بەرانبەری دەکات، کە ئاوەکە وەک زیو و نەرم نەرم بەسەر پشتیدا دەڕوات، ئاوەکە بەو شەوە چرایەکە، لەناو تاریکییەدا تەنیا (چاوی دڵۆپەکانی ئاوەکە) دیارە، پێدەکەنن، بەرەو سینگی کەسکی چاوەڕوانی باخچەکە دەچن، دەزانن، لەوێ لەو ژووانەدا دەتوێنەوە، لەوێ دەخنکێن، لەوێ دەمرن، لەوێ ژیان و بوژانەوە دروست دەکەن! بێ ئەوەی زۆر بیر لە قسەکەی بکاتەوە، دەڵێت:

عوسمان، منیش لەگەڵتان دێم، من چیتر چاوەڕوان ناکەم، منیش دەمەوێ ... منیش دێم، من بە تفەنگی خۆمەوە، تفەنگی پۆلیسانم ناوێت!

ئەو هەر لەسەر زینی پاسکیلەکە بوو، قاچێکی گەیاندبووە سەر زەوی، بە دەستێکی سوکانەکەی گرتبوو، زۆر بەدڵنیاییەوە، دڵی ڕەزاق دەداتەوە:

تۆ مانەوەت بۆ ئێمە، سەروەری و پشتیوانییە، هێشتا حزب داوای دەرچوونی لە تۆ نەکردووە.

(ئەوان چەک دەیانباتە شاخ، ئەوان ئاگر دەیانباتە سەر لووتکەکان تا وڵات سەرمای نەبێت، تا چیتر بەفر، لووتکە و بەرسێبەر و ڕەنووەکان نەترسێنێت، ئەوان تفەنگ بۆ ئەو شانانە دەبەن، بەرگری دەکەن و تەقە دەکەن، تا بە حکومەت بڵێن، ئێمە حزبێکین، هەموو ئەگەرەکانمان پێ دەکرێت)

بەڵام ئەو دووبارە بەو دەڵێت:

منیش دێم، بزانم کەی دەردەچن، خۆم دەپێچمەوە و دێم!

ئەویش دەستێکی لەسەرشانی دادەنێت، بەپێکەنینەوە پێی دەڵێت:

نا تۆ خەریکی سێتاقان بە، پەرێز و بەیارەکانتان بکە بە شار! سێتاقان بکەنە، گەڕەکێکی خاوێن و گەورە، بۆیە تۆ لێرە بە!

## ١٦ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣

کە تۆ، بۆ زانینی کات، سەیری سەر مۆبایلەکەت دەکەیت، دەزانیت هێشتا کورسییەکانی قاوەخانەی مەچکۆیان، نەکردوتە (ملوانکەی گەردەنی قەڵات)، لەدیار کۆڵانێکی ناو تەعجیل، لەبەردەم خانووێکی شاهانە، لەبەردەم دیوارێکی کەرپووچی ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو، رەنگە زۆریش پیر بێت، بە خەمبارییی بۆ بێکەسی و نەخۆشی و تەنیاییەکەی دەوەستیت. هێشتا کاتەکە زووە، دەموچاوەکان، ساقۆیە گەورەکان، جگەرەکێشەکان، ئەوانەی بەردەوام سەیر دەکەن و قسەی زۆریش دەکەن، ئەوانە کەسیان نەهاتوون. بۆیە تۆ، بۆ دۆزینەوەی ئاڵا کەسکەکەی ئیمام تەعجیل، دەچیتە ناو گۆڕستانەکەی تەعجیل، کێل بە کێل، بەرد بە بەرد، کەرپووچ بە کەرپووچ لەسەر کێلەکان دەگەڕێت، لەوێ کێلەکەی مەعرووف جیاوک دەدۆزیەوە، کێلەکە، نووسینەکەی پشتی زۆر کۆن بوو، لەبەر کۆنی، نووسینەکە، لەسەر (بەردە هەڵکۆڵدراوەکە)، تەنیا ناوەکەی ئەو دەدۆزێتەوە، ئەو لەو شارە، دەزانیت کەسیشی نەماوە، دەستخۆشیت لێ بکات، قاوەیەکی تاڵیش بەیەکەوە بخۆنەوە.

دڵم خۆشە و نازانم بۆ بەو هەورە دەگەشێمەوە و بارانەکە دەبارێت، نەرم نەرم بارانەکە بەسەر شارەکە دەبارێت، سەرفرازم، تا من ئاو بۆ شارەکە بنووسم. من نەک تەنیا بە سێ تاقەکە، ئاو بۆ شارەکە دەبەم، وا بارانیش ئیمشەو، بەبیرم دێنێتەوە، کە شارەوانی بۆ بیری لە راکێشانێکی ئاوێک، بۆ ئەو شارە نەکردیتەوە، باران زۆر بووە، باران روومەتی تەڕکردووە، باران سەربانی حەسارەکانی ئاوداوە، تا یەک بست گیایان لەسەر شین ببێت، باران بواری سازکردوە، باران هەر منی تەڕ نەکردووە، سێ تاقەکەی ماندوو کرد، بە باران و بە ئاوەکە، بە زەمەن و رووداوەکانی سێتاقان، سێ تاقەکەی، بەرد بەرد هەڵوەرین، مناڵێک بەردێکی دەبرد، ژنێک پارچەیەکی دەکردە بەردی پاژن سپیکردنەوە، وڵاخی کاروانی هێنانی (قاچاخی تۆچا و شەکری رەش) پرد و تاقەکانی، ئەو شارە و کاروانەکە ماندوو دەکرد.

تاقەکان بوونە دوو پەردوو و چەند بەردێکی کەڵەکەکراوی بریندار، بەردەکان، وا بە قسڵەکە گیرببوون، نەدەکرا لەیەک بترازێن، بەردەکان وەک چۆن بۆ پەڕینەوە و ئاوەدانییەک

دامەزرابوون، هەر بەو ئاوە و بەو ئاوەدانییەش بەردەکان رەشبوونەوە، سەنگیان نامینێت، وەک پەڕەمووچەیەک سووک و نەرم دەبن، بۆیەش رەنگە بە گێژاوی بایەکی شێت، یان بە لافاوێکی برسی هار، بەردەکان شوێنەواریشیان نەمینێت. هەر لەو گەڕەکە، کە تاقەکان نەمان، دوو بەردی زۆر پیرۆز، لەورۆژانەی ناوچەکە، شارەکان، هەتا (تەختایی رووی ئەهوارەکان)یش زەماوەندی ئاشتییان دەکرد، دوو بەرد بەئاشکرا، بە گریانێکی شیرین، ئەوانەی شەوەکەی و چەند سالێش، دوای ئەو شەوە، نەیانتوانی بۆ مەرگی و شەوە تاریکەکەی رەزاق لە سێتاقان کوژرا، جوان و زۆر و لەبەر تریفەی مانگ، لە سەربانە گەورەکەیان زۆر بۆی بگریێن، دوو بەرد دەبێتە دوو کێل، بە ئازادی لەسەری یەکێکیان دەنووسرێت، ئەو گۆڕی شەهید عەبدلرەزاق حاجی ئیبراهیم سەعیدە کە لە شەوی ١٦ ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٦٣ شەهید کراوە.

تاقەکان ماندووبوون، کەسیش بیری لەوە نەدەکردەوە، دووبارە وەستایەک بێنێتەوە، لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی تاقەکان و گرتنەوەی قسلی زۆرتر، تاقەکان بەرزبکاتەوە، هەموو سەپانەکان، باخچەچییەکان بەحەسرەت بوون، وەستا بۆیا جارێکی تر، نەک سێ تاق، سی چل تاقیان بۆ رابگرێت، تا زۆرتر بیرەوەرییەکانی دوورگەی کریت و کیژە چاورەشەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. ئەو دەیزانی کیژەکە و رەزە زەیتونەکانیان، قەدە ئەستوورەکانیان، ئەوەندە دوورن، قسەکان هەرگیز ناگاتەوە زەیتونەکان و کیژە چاو زەیتونییەکە، قسەکان ناگاتەوە، ئەگەر جارێکی تر شەڕی جیهانی رووبداتەوە، بنەماڵەکەی (شەریفی مەکە)، پاشاکانی ناوچەکە، پاپۆرە گەورەکانی ئینگلیز و فەرەنسییەکان، بە تۆپ و باردووەکانیانەوە بێنەوە دەڤەرەکە، ئەو دەگاتە کیژە چاورەشەکە، لەبەر ئەوەی ماچێکی کردووە، بۆیە گەڕانەوە بۆ ماچێکی تر، بۆ هەموو کەس سۆز و مەراقە، ئەو لەکن کرێکارەکان وتبووی:

لەبەر ئەوەی من کیژەکەم ماچ کردبوو، لە شەوانی درێژی ئەو هاوینە، ئەو زۆر وەک مانگ بۆم رووت دەبووە، وەک دەریا بۆم تەڕ دەبوو، بۆیە نامەوێ شەڕێکی تر رووبدات، هەتا من دووبارە لەوێ دیل بکرێمەوە و تەمەن و چاو و زەیتونەکانی ئەوان ببینمەوە، ئەگەر ماچم نەکردبوایە، ئەگەر ئەو حەسرەتم مابووایە، شەڕێکی گەورەم هەڵدەگیرساند، تا من دیل بکرێمەوە و دووبارە لە دوورگەی کریت و لە شاری خانیا بچمەوە ناو زەیتونەکان، هەر بە شەڕەکان، بە جەنگە خوێناوییەکان، (هەموو گۆڕانەکان) لەو هەرێمەدا روودەدەن، بۆیەش بۆ ماچەکەش، بۆ مانگە رووتەکەی سینگی ئەو، شەڕێکی گەورەی خوێناوییم دەکرد.

ئەدی ئەوان نەهاتنەوە، شەڕی نوێی زۆریان نەکرد، دەستە دەستە، بە کاروانی درێژ خەڵکیان کۆچ پێ نەکرد، زۆر رۆیشتن، کەم گەڕانەوە، نەک چاوێکی رەش، نەک بەژنێکی بڵند، چاوی رەش و بەژنی بەرزی زۆرمان لەوێ بینی، لەوێ بەبێ ئەوەی ئاگاداریش بن شەیدابوون، لەوێ مانەوە،

بەدووکەڵی شەڕەکانە، بە قێزەوەنی دووبەرەکی و ململانێییەکان، هەندێک دەڕۆن، باڵی چەند کەسێک، هەزارەها کەسیش دەفڕن و ناگەڕێنەوە. گۆڕانەکان، کۆچەکان بە جەنگ و هێز بووە، بەڵام ئاشتی تاقی نەکراوەتەوە، (سەرەتای جەنگەکان پەیڤی ئاشتی بوون)، نامەی دانوستان و دەمەتەقێ بوون، دوایی بووە بە جەنگ، دووبارە ئاشتی ناکۆکییەکانی سارد کردوتەوە.

دەیانویست بزانن بۆیا، تامی ماچی کیژە کریتییەکەی لەناو دەم ماوە، بۆیە وا بە ئارەزوو و بە جۆشەوە بەردەکان ریز دەکات، هەموو کرێکارەکان، باخچەچییەکان، لەو نزیک دەبوونەوە، تا بزانن، بۆیا دەنکە زەیتونێکی (چاوی کیژە کریتییەکەی لەناو باخەڵ)ی، لەناو دەمی ئەو نەماوە، دانەیەکی هەڵگرتووە!

ئەو ئاستی ئاو و جۆگەلەکەی نەدەزانی، لیڤل و مەستاری بەکارنەهێنا، ئاستی ئاوەکەی نەپیوابوو، ئەو لە وەڵامی رامانێک ئاوەکە چۆن دەڕوات وتبوی:

من کەوانەکان بە بەژنی (ماری) دەکەم، بەژنی ماری بۆ من، لە تەنگانە و لەناو چڕە دووکەڵی شەڕەکاندا، بۆ من دەرباز بووە. بەژنی ئەو کەوانەکانی هەموو ژیانم بەرز رادەگرێت، بۆیە مەترسن لەوەی ئاوەکە بەسەر کەوانەکەدا نەڕوات)!

# ماڵە نوێیەکە

موحسین ئاغا نەخۆش دەکەوێت، لە هوتێلی تایگرپلاس، لەناو شەوانە جوانەکانی شەقامی رەشیدی ئاوەدان، بە موغازە و ستودیۆ و سینەما و تیاترۆ، لەوێ دکتۆرەکەی پێی دەڵێت:

ئاغا، تۆ گورچیلەیەکت تەواو نییە. ژانەکەت، بە ئاکار و پێشبینی من، وادیارە کەوا گورچیلەکانت، هەردووکیان یان یەکێکیان تەواو نییە، بەردی زۆرە، پەکی کەوتووە، ئێمە چارەسەری تۆمان پێ ناکرێت، تۆ دەبێ بژیت، دکتۆر و دەرمان و نەشتەرگەی باش و گەورەت بۆ بکرێت. دەزانین چەند ساڵە لە ئینگلتراوە فلتەری ئاوت بۆ هاتووە، لە ماڵەوە ئاوی خواردنەوەت پاڵاوتووە، فێربوویت و ئاوی خاوێنت خواردوتەوە، ئەوەشە کەوا بەردەوامی بە ژیان و کاری گورچیلەکانت داوە، چارەسەری تۆ لە دەرەوەیە، ئەوروپاش ئارامە، دەتوانیت سەفەرێک بکەیت و لەوێ چارەسەری بکە.

ئەو بە دکتۆرەکە دەڵێت:

دەزانم ئەوروپا ئارامە و مەترسی نییە، بەڵام!

دکتۆرە جوولەکەکە، سەری لەسەر کتێبە گەورە ئینگلیزییەکە بەرز ناکاتەوە، بەڵام دەڵێت:

من دەزانم، بەڵام! ئەڵمانەکان راناوەستن، وا لەباو بەغدا ئێمەیان هەراسانکردووە و دەیانەوێ دەرمانپەڕێنن، چاویان لە سامان و سەروەت و سەنعەتەکانی ئێمەیە!

سەرۆکی شارەوانی، ماڵە نوێیەکەی تەواو دەکات و بەیەکجاری لەوێ دادەمەزرێت. ئەو هەموو کەرەستە و قەنەفە و جامخانە و دۆلاب و سەندووقە دارگوێزە هیندییەکان، تاقە دار سنۆبەر لوبنانییەکە، شەکردانەکە، کە لە داری ئەرز دروستکرابوو، مێزە بازنەییەکە، کە لە دار زەیتونەکانی یۆنان چاکرابوو دادەنێت. ئاوێنەکە لە زەئبقی بێگەرد، لەناو لەندەنەوە هاتبوو، پەردە کشمیرییەکە، سەرپەردە نەخشینەکە، کە دوازدە ژنی ئازەری، دە کیژی ئەرمەن، دوو

خاتوونی ئیرانی نەخشاندویانە، ئەوانەی لە قونسڵە ئینگلیزەکە کڕیبوو، یەک بە یەک لە شوێن و گۆشەی دروست دادەنێت، ماڵەکەی بە ئەتەکێتی ئینگلیزییەوە دادەنێت.

هەموویان ماڵە نوێیەکەی ئەویان دیبوو، (هاوڕێ و خزم و میوان و ئەوانەی ئێواران بەیەکەوە یاری کارتیان لەناو باخچەکەیان دەکرد) پێی دەڵێن:

ئەو مافوورانەی لە قونسڵە ئینگلیزەکەت کڕیووە، هەموویان، ڕەنگ و چاوی گوڵەکان بە دڵی خۆت بوو. پێش ئەوەی بیانکڕیت، تۆ سەیری پشتەوەی مافوورەکانت کرد، وەک ئەوەی تازە لەدار کرابێتەوە، هەموو نوێ دیاربوون. هەموو ئەو کەرەستانەت لە پیاوە ئینگلیزەکە کڕی، هەموویان بە دڵ و بە مەزاجی خۆت بووە.

ئەو، واتە پیاوە قونسڵەکە، ئەوەی بەیەکەوە بەمیوانی چووبونە کوێستانەکانی هەڵگورد، بە نووسینی کوردییش نامەی بە دەستی خۆی بۆت دەنووسی. نامەیەکیان، وەک خۆی بە ڕەنگی خۆییەوە، پیتەکان نوێ و تازەن، (پیتەکان وەک مێرووڵەیەک)، وەک هەنگێکی نێرینە و پاشایە هەنگێک، ویزە ویزیان بوو. نامەکە، کە لەسەر کاغەزە تەنکە زەردەکە نووسرابوو. نامە یەک لاپەڕەییەکە، لەناو دەستی کوڕەکەت لەدوورەوە، پیتە جوانەکان، کە بە حوبرە ڕەشەکە نووسرابوو، لەناو دەستی کوڕەکە، نەرم و هێمنەکەت، وەک شووشەیەک وەستابوو، لە دوورەوە پیتەکان دەبریسکانەوە. نامەکە، دێرەکانی کۆن بوون، نووسینەکە کۆن بوو، کوردییەکەی کە بەدەستی قونسڵە ئینگلیزەکە نووسرابوو، خۆیان دەخوێندرانەوە. نامە کوردییەکە، تێدا قونسڵەکە سوپاسی گەشتەکە دەکات، کە بەیەکەوە، بە بۆنەی کردنەوەی (ڕێگاکەی هاملتۆن)، کە هاوڕێیە ئەندازیارە باڵابەرزەکە لە ڕۆژی کردنەوەی ڕێگا نوێیەکە داوەتیان دەکات، لەوێ دەچنە میوانی (شێخەکانی زینوێ)، لەوێشەوە بەفری کوێستان بەخێرهاتنیان دەکات. نامە کورتەکە، دیارە ئەودەمانە، هەموو نامەکان کورت بوون، سوپاس و ستایشە، بە زمانی کوردی، بە دەستی قونسڵی ئینگلیز لە کەرکووک، لەسەر مێزێکی شووشەیی، لە ژوورێکی چوارگۆشەیی نازدار و داپۆشراو بە تابلۆی هونەری نایاب، لەناو خانوویێکی گەورە، کە باخچەکەی، دارە گەورەکانی، سێبەریان لەسەر (بەرزە پردەکە)دەدا، لەوێ نامەکە، ماوە و نوێیە و دەخوێندرێتەوە، زۆر گەرم و بەناز هەڵگیراوە.

ئەو، قونسڵەکە، کتێبەکانی خۆی نەفرۆشت، تابلۆکانی زووتر لە دیوارەکان کردبووە، شووشە و کریستالە شین و پەمبەکانی جیاکردبووە، زۆریش پێ خۆش دەبێت، کە جەنابی سەرۆک شارەوانی هەولێر، هەموویان لەسەر یەک بکڕێت، ئەو نەیویستبوو، نیوەی ماڵەکەی بداتە (پیاوە کەلەگەتە عەرەبە موسڵاوییەکە)، ئەو نیوەی ویستبوو، عەرەبەکە هەمووی بەیەکەوە نەکڕیبوو.

کە موحسین ئاغا دەزانێت، قونسلەکە دەڕوات، بەپەلە، بە سمایلی شوفێرەکەی دەڵێت:

سمایل، ئیمڕۆ کە منت لەبەردەم شارەوانی دانا، تۆ دامەبەزە، من لەبەر دەرگا دابنێ، تۆ یەکسەر دەچیتە گوندی، لەوێ بە حاجی داود بڵێ، هەردوو کوڕەکەی لەگەڵت بنێریت، بێ راوەستان دەچنە کەرکووک، لەناو گەڕەکی عەرەفە،ماڵەکەی قونسڵە هاوڕێیەکەم دەدۆزنەوە، بە جوانی ناوماڵەکەی ئەو، کە پیاوە ئینگلیزەکە، بە چاودێری خۆییەوە بۆ بارکردن جوان و پوخت سازی کردوون، بۆم باربکەن، بە لۆرییەک بۆم بهێنەوە، نامەوێ یەک شووشە، یەک چوارچیوە، یەک کریستال و هەتا (پیاڵە)یەکیش بشکێت. ئەو، ئەوانەی لە وڵاتانی دوور هێناوە و چەند ساڵە بە جوانی هەڵیگرتوون، ئێوەش لەو بستە ڕێگایە، لە کەرکووکەوە بە نەرمی و لەسەرخۆ بۆم بگۆزنەوە باشە! هەتا ئێوە دەگەڕێنەوە، منیش دەوامم تەواو دەبێت، بەیەکەوە شتەکان دادەنێینەوە!

## کۆشکی باداوە

کە ئەو، ئێوارەیەکیان لە باداوە، لەناو کۆشکەکەیان، ئەگەرچی زۆرتر لە بیست ساڵێک دەبوو، تەواوببوو، بیست ساڵ و زۆرتریش وەستایە تەبریزییەکە، پیاوەکەی لە (تورکی)یەکەی ئەوان، باش حاڵی نەدەبوو، بەڵام دەتوانێت، داوا و مەرج و کەرەستەکانی دروستکردنی کۆشکەکەیان تێ بگەیێنێت، ئەو دەڵێت، داوا دەکات:

من قسڵم دەوێ، کوورەکەی وەک ئاگری چینی بنەوەی جەهەنەم گەرم بێت، قسڵەکە بەردە سپییەکەی، زۆر زۆر بۆ بسووتێنن، قسڵی زۆرتر سووتاو، بە گاز و بە (کەڵپی شێر) و بارانی شەوی دزەکان کاری لێ نەکات، بەردەکانی لە هەموو چیاکانی دەڤەرەکە بۆ کۆبکەنەوە، بەردەکان بە هەموو رەنگ و روو و نیوچەوان و پشت و گۆشتن بێت.

وەستاکە بەردەوام دەبێت و شەرم ناکات و زۆر بێ منەتانە دەڵێت:

تا کۆشکەکە، بە کۆشکەکانی تەبریز و کۆشکی چل ستوونی ئەسفهان بچێت، من دەمەوێ هەموو دارەکانی گوێز بن، ئەو دارانەی لە کۆشکەدا دەکرێنە (کاریتە و کۆتەرە و بەرهەیوان و نەخش و بەرپەنجەرە و سەرپەنجەرە و رایەل و دەرگا) گەورەکان، ئەو دارانەی دەخرێنە سەرقەمتەرەکان، دەکرێنە ئەستووندەکان و سەر سەکۆکان، هەموو داری سوور و بۆر و نارەنجییەکان، داری گوێز بن، گوێزی ساخ.

با جوولەکەکانی ئەو شارە، ئەوانەی مس و زەرد دەتوێنەوە، ئەوانەی ئاسنگەری دەکەن. نەقاشەکان، هەموویان و هەتا من لێرەم و هەتا کۆشکەکە تەواو دەبێت، بۆ من و لەبەر رۆشنایی من ئیش بکەن، بێنە لام و رێنمایی نەخشەکانیان دەکەم، بۆ دەرگا و پەنجەرە و کۆتەرە و بەرهەیوانەکان من رێنماییان دەکەم.

وەستا تەبریزییەکە دەڵێت، داوا دەکات، بە مەلا فەندی و پیاوەکانی دەڵێت:

هەتا من تەواو دەبم، ئەو سەنعەتکارانە بۆ کەسی تر، بۆ نەخشەی تر، بۆ پارەی تر ئیش نەکەن. ئیشەکانیان، وردەکارییەکان، بە کەس نیشان نەدەن. لەو ماوەیەش، ئەوان سەفەری دەرەوەی ئەو شارە و ئەو ناوچانە نەکەن. وەستاکان شەوانە و بەرۆژیش و لەناو سەرشۆرەکانیشیان نەچنە کن ژنەکانیان، نەچنە تیاترۆخانەکە، با هەر گوێ لە گۆرانییەکانی هابەی هەولێری رابگرن، با هەر مەست بن، کفتەی برووش و دۆشاوی ترێ و مورەبا بخۆن و ئیشم بۆ بکەن. با جوولەکەکان وابزانن ئیش لە ئەستێرە داودییەکەی خۆیان دەکەن. من ئەوەم دەوێ، نامەوێ دارتاشەکان (تەپشوو)ەکان توند و رەق و بە ترس بەکاربهێنن. لەو دیوار و بناغەکان نامەوێ کەرپووچەکان دوو رەنگ بن، ئاگریان جیاواز بێت، کلێتەکانی هەڵخستن و وشکبوونەوەیان، یەک لە یەکێکی تر بەرزتر، یان نەوی تر بێت. نامەوێ دووکەڵی سووتانی کوورەکانیان شین بێت، نامەوێ سپی بێت، دەمەوێ دووکەڵی هەموو کوورەکان وەک یەک رەشی قەترانی بن، کوورەکان لە رۆژێکا ئاگری تێبەردەن، لە شەوێکی هەورین بێت، رۆژێک بێت سارد و تەماویی بێت، هەموو کوورەچییەکان، کە ئاگر لە کوورەکانیان بەردەدەن، بخۆنەوە و مەست و سەرگەرم بن.

شەوانە کەرپووچەکانم بۆ بکێشنەوە، زەنگوڵەی ملی کەرەکانیان، مس بێت، ئاوازەکەیان وەک زیکزیکەی نادیاری ناو رەزەکان بەردەوام و بێ پسانەوە بێت. کەرەکان لەو کاروانەدا، ساتمە نەکەن، نەترِن، بۆ قەرسەقوڵ و میزکردن رانەوەستن. بۆ پەڕینەوە پاز نەدەن. بۆ ماکەرەکان ئاخ هەڵنەکێشن و هەرامەکانیان هەڵنەستێت. بارەکان نەبەنەوە ناو شارەکە، کوورەچییەکان لە ناوەندی رێگاکە بۆ چاخواردنەوە و بۆ نوێژکردن و بۆ گووکردن و بۆ هەواڵپرسین و بۆ ملخوراندن نەوەستن. کەرپووچەکانم دەوێ زەرد، وەک ناسکەنان، رەق وەک کەللەسەر، (چوارگۆشە و لاکێشە و بازنەیی و سێگۆشە و ئەستێرەیی و کەوانەیی و قەزمەنووشتی)بن، کەرپووچەکان (لووس و ساف و تەنک و سووک و هەردوو روویان وەک یەک)بن، تەنیشتیان وەک یەک، رەنگیان وەک یەک، وەک یەک سووتاو بن، هەموویان وەک یەک وشک کرابوونەوە، وەک یەک کلێتەیان راگیرابێت، لە شەڵتەکانی گواستنەوە و بارکردنیان ژمارەیان وەک یەک بێت. کەرەکان نێرەکەر بن، یان ماکەرێکی چاورەش بن، باریان وەک یەک بێت، ژمارەی کەرپووچەکان، رەنگی کەرپووچەکان، قوورسی و گرانییان وەک یەک بێت. من ئیشم بەو مەرجانە دەوێ، تا منیش بە مەرجی ئێوە، کۆشکەکە دروست بکەم، کۆشکەکە لە مەقامی جەنابی مەلا فەندی بێت، لە مەقامی ئەو دەشتە زێڕینە، ئەو قەڵاتە دێرینە بێت.

هەموو گوێ لە داواکانی وەستا تەبریزییەکە دەگرن، چەند کەس بۆ جێبەجێکردنی داواکانی وەستاکە ئامادە و قیت و گوێرایەل بوون، ئەویش دەیوت تا من کۆشکەکە تەواو دەکەم، دەبێ:

من دەمەوێ، کۆشکێک دروست بکەم، لە کۆشکەکانی تەبریز و سەمەرقەند بچێت، تا کۆشکەکە نازدار و ناوازە بێت، بۆیەش من دەڵێم:

لە هەر سی ڕۆژەکەی رەمەزان، بۆ نەخشەکان، بۆ نهێنییەکانی جوانکارییەکە داوا دەکەم، هەموو خەڵکی گوندی باداوە بە هەردوو گەڕەکەکەی و گوندەکانی چواردەورەی باداوە، هەموو ماڵەکانی هەر سێ گەڕەکەکەی قەڵات، داوا لە گوندەکانی ئاغاکانی دزەیی، لە گەردییەکان، لە بەرزێ و پشت رێی دەکەم، پێیان بڵێن:

ماڵەکان، هەموو خێزانەکان سێرێک، سینییەک، مەنجەڵێک بە چراکانیان دابدەن، سەرپۆشێکی فافۆن، یان مس، بە فانووس و ئاگردان و تەندوورەکانیان دابدەن، دووکەڵی ئاگردانەکانیان بۆ بخنکێنن، هەناسەکانی ئاگرم بۆ توند بگرن، بیانگرن، بیانخنکێنن، هەموو تەنی چراکانی شەوانی ئەو ماڵانە، ئەو گوندانە، ئەو رەوەندانەم دەوێت، ئێوە تەنی کۆکراوەی سێری نانی هەموو ماڵەکانی دەشتی هەولێرم بۆ کۆبکەنەوە، تەنی سەر تەندوورەکان، تەنی بنەوەی مەنجەڵە گەورەکانی ساوەرکوڵاندن و هەرِەشتە سوورکردنەوە و سەروپێی چاکردن و کوورخانی حەمامی بووکەکان، ئاگری خەنەگرتنەوەی خەنەی دەستی ژنە بسک ئەستوورە مەکربازەکان، ئەوانەی بە پیاوەکانیان دەڵێن:

هەر پاڵ بدەن، دەی پاڵ بدەن! بەڵام کۆتایی و تەواوبوون لەناو ژنان نادۆزنەوە، کوونی ژنان قووڵە و بنیان نییە و تێربوون لە ژنان کۆتایی هەر نییە!

من تەنی هەموو ئاگردانی ماڵە مەنتکەکان، هەموو حەمامەکانی ناوشار و حەمامەکەی سەر قەڵاتم دەوێ، هەمووم بۆ کۆبکەنەوە، بەڵام بە پارە لێیان بکڕن، بە خۆشییەوە کابانەکان، بە دەست تەنی رەشە چەورەکە لەبن مەنجەڵ و سێر و ساج و لەگەن و سەرپۆشەکان بکرێتەوە، نامەوێ بە زۆرداری بێت، نامەوێ ئەو تەنییە و رەشاییەی دووکەڵەی بۆم دەهێنن، زەبر و ناڕەزایی و رق و بەدحاڵییان پێوە بێت، تەنی رەشی سپییم دەوێت، تەنییەک سپی سپی بێت!

ئەو تەنییە رەشانەم لەگەڵ زەردێنەی هێلکەی هەموو پەلەوەرەکان، لە روونی خۆماڵی بکەن، هێلکەی هەموو پەلەوەرەکانی ماڵی و کێوییەکان، ئەگەر کەڵەبابیش هێلکەی کرد، هەموو هێلکەکانم لەگەڵ تەنییەکان بۆ لە روون بکەن.

هەموو تەنییەکان لەو خەڵکە بکڕن، بە هەموو موختار و پیاوەکانی مەلا فەندی بڵێن، تەنییەکان کۆبکەنەوە و هەموویان بۆم لەگەڵ زەردێنەی هێلکە سووربکەنەوە، لەگەڵ شیری بزنە کێوی، لەگەڵ کلی چاوان، ئەو تەنییە رەشەم لەگەڵ زەردێنە و کل، لەگەڵ (ناوکە زەیتون و ناوکە

خومار و تۆی مێخەک و بەڕووی کوتراو) بکوڵێنن، بە ئاگرێکی داری زۆر وشک و کۆڵکەداری بە تەمەن بکوڵێنن. هەمووم بۆ بگرنەوە و بیکەنە (موونە و سەرتووی شل)ی بن دەستانم، تا نەخش و رووبەندەکانی کۆشکەکە پێ سواخ و ماڵنج بدەم.

نامەوێ موونە و سەرتووە گیراوەکانم بە ئاوی کانی و جۆگەلە و بیرەکان بۆ بگرنەوە، بە شیر و شیلە و دۆشاو و گولاو بۆ بگرنەوە. هەموو شلەیەک تەنیا ئەسرین و ئاوی چاوی گریانم ناوێ، خوێنی برینم ناوێ. نامەوێ کەس لەو ئیشانە دوودڵ و ترساو و ناچار بێت، هەموویان بەدڵی خۆشەوە، بە دەنگی بەسۆزەوە، بەرووی گەشەوە، بە سینگی کراوە و بە چاوی زیتەوە ئیشم بۆ بکەن، تا منیش کۆشکێک لەو دەشتە دروست بکەم، لە (مەقامی هەولێر) بێت.

# گوڵفرۆش

وەستاکە ئەوەی هاتبوو کۆشکێک لە دەرەوەی هەولێر، لەناو رەزە گەورەکەی مەلا فەندی دروست بکات، ئەو رەزەی بێجگە لە میوە و سەوزەکانی، رۆژانە بۆ گوڵاوی شارەکە، بۆ ژنە روومەت پەنیرەکان، بۆ گەرمکردنی شایی، بۆ (زیرەکبوونی منداڵان)، بۆ چاکبوونەوەی چاوەکان، بۆ هەناسەی رەوان، بۆ ئەوانە، رۆژانە باری گەورە گەورە، شەڵتەی پڕ لە گوڵی سوور و زەرد و پەمبە و سپی رەوانەی بازاڕ دەکەن، بارەکان هەتا دەگەنە بەر دەستی فرۆشیارەکان، پەپوولە و مێش و تریفەی ناو و چاو و رازیان لەسەر دەنیشت، هەتا گوڵەکان دەگەیشت، دڵە تۆراوەکان، چاوە گریاوەکان، چاوەڕوانیان دەکرد، گوڵ بەبارەوە بکاتە ئەو بازاڕە، بگاتە ناو ماڵەکان، بگاتە رووی (سوخمە و بەر پشدێنەکان)، بگاتە بەرپەنجەرە و بەرهەیوانەکان، گوڵەکانی ئەو رەز و باخچانە بگاتە بەر پشدێن و خەناوەکە و چەفیە و دەستماڵەکان.

ئەو کۆشکەی دوایی و پاش نیو سەدە و کە چۆڵ دەکرێت، ئاگرێک دەگرێت، حەوت شەو و حەوت رۆژ، بە هەموو باران و گریانی ئاسمان، بە ئاوی بیرەکانی هەموو دەشتەکە ناکوژێتەوە.

بەڵێ لەو ساڵانە کۆشکەکە دەسووتێت، کە دروست ساڵی ئاگر و سووتان و خەمەکە نازانم، لەگەڵ سووتانی خۆییدا، لەگەڵ رمانی دیوارەکانی، لەگەڵ کەوتنی بنمیچەکەی، چەند دانە شیعری مەلای گەورە، چەند فەرمانی سوڵتانەکانی عوسمانی، چەند نامەی مەلیکەکانی عیراق و خۆرهەڵاتی ئوردن و قەشەکانی مارۆنی لوبنان، تێدا و لەگەڵ سووتانی کۆشکەکە، کە (نازانم کێ سوتاندی و کام ساڵ) بوو کە کۆشکەکەی باداوە سووتا، سەدان کتێب و دەستنووس و بڕوانامەی رێزلێنانی شێخەکان و هەواڵپرسینی شێخەکانی تەوێلە و هەورەمان و نۆسود و درووزەکانی لوبنان و سوریا و نامەکانی موفتی ئەزهەر و رەچەتەکانی (دکتۆر سەبری ئەلقوبانی) و وێنەی زۆری ژنەکانی بنەماڵەی پاشایەتی، وێنەی عەفیفە ئەسکەندەر، کە لەگەڵ هابە لە هەولێر گۆرانییان بەیەکەوە وتووە، وێنەی زۆری سەفەرەکانی عیزەدینی کوڕی گەورەی مەلا فەندی، بۆ قاهیرە و ڤیینا و سەر دەریای رەش و سپی ناوەڕاست، هەموو ئەوانە لەگەڵ کۆشکەکە سووتان، یان نا... من ئەوەیە کە دەپرسم؟

وەستا تەبریزییەکە مەسرەفی زۆر بوو، خواردنی گران بوو، جێگەی پاشایانە بوو، کرێکاری زۆری لەبن دەست بوو، منجەمنج و گلەیی و داوا و پشێنیارەکانی بێ ژمار بوو، چونکە ئەو دەیتوانی کۆشکێک دروست بکات، عالیەی شاژن، بەگزادەکانی پاشایەتی، قونسڵە ئینگلیزەکان، ئاغاکانی دەشتی هەولێر، ئوم کلسومی ژنە گۆرانیبێژی ناوداری عەرەب، شەیدای سەردانی بن.

کۆشکەکە ببووە مەراق و نیگای هەموو ئەو ژنە ماستفرۆشانەی بە کەرە (شینە شەل) ەکانیان. ئەوانەی بەیانییان زوو، لەگەڵ گزنگ، لەگەڵ سەمای بەژنی جوان و زراقی کازیوەدا، بۆ کرێکاری و قوورکاری و سۆراخکردنی بوونە پۆلیسییەکانیان دەهاتنە ماڵی ناسیارەکانیان، دەهاتنە دیوەخانەکان. ئەوانەی دەهاتن کورتک و شەرواڵەکانیان بۆ جەژن ببەنەوە. دەهاتن، نامەکانیان بۆ کوڕە سەربازەکانیان بنووسن و بنێرن، بۆ ئەوانەی لەسەر شیوعیەتی گیراون، ئەو پارتییانەی بۆ نوگرە سەلمان دوورخرابوونەوە، دەهاتن هەواڵی تازەیان بزانن.

هەموو ڕەوەندەکان لە لەسەر ئاوەکەی کەسنەزان و شێخ ئەحمەد، بنگە و هەواریان هەڵدەدا، کە سەیری کۆشکەکەیان دەکرد، کە سەیری دەست و هونەر و بەرهەمی وەستایە تەبریزییەکەیان دەکرد، (چاوێکیان لە مانگ)یش دەکرد. کە کۆشکەکە دەکەوتە بەر تیشکی خۆر، کە هەیوانەکەی سینگی زۆرتر دەکردەوە، تا هەوای زۆرتر و خۆری گەرمتر بباتە ژوورەکان، ڕێبوارەکان و کاروانەکان بە هەناسەیەکی گەرمەوە سەیرێکی گوڵاڵە سوورەکانیان دەکرد.

کابانەکەی ناو ئەو ماڵە گەورەیە، لۆقنتەکانی شارەکە، کرێکار و دارتاش و ئاسنگەر و نەقارەکان، ڕەڤان و شەقرەچییەکان، ئەوانەی لەو ماڵە و لە مزگەوتەکەی قەڵات، لە ماڵی مەلا فەندی نزیک دەبوون، دەزانن، وەستا تەبریزییەکە، چەندی دەخوارد، چییان بۆ لەناو (مەنجەڵە بەزنجیر)ەکان بەسەر ئاگر دەنا، چەند نەخشەسازی جوانی لەناو ئەو کۆشکە نەخشاند، ئەوەندەش ئەرک و ماندووبوونی زۆر بوو. کە کۆشکەکە تەواو دەکات، کە هەیوانەکان، کە نەخشەی ناو دیوەخان و کتێبخانەکە تەواو دەکات، چەند گەزە خامێکیان بە نوێیەتی، تازە بڕاویان لەبەردەم دادەنێت، پێیان دەڵێت:

ئەو خامە بدوورن، بیکەنە چەند کیسەی سەر بە نیفۆ و گرێی گەورە، کیسەکان پڕی بکەن لە (لیرەی ڕەشاد)ی، پڕی بکەن لە دیاری و جوانی، دەمەوێ بارەکەم، دەمەوێ هەگبەکەم، بە چەند وڵاخ بەڕێ بکرێت، بە چەند دەست و شانیش بار بکرێت، هەتا دەگەمەوە ناو عەجەمان، هەتا لەو ناوچانە دووردەکەمەوە هاوڕێ و کاروانچی و پاسەوان و بەردەست و مەیتار و تفەنگچییم دەوێت. ساڵانەش بۆ دیتنی گوڵە سوورەکان، بۆ بەسەرکردنەوەی کۆتەرە و نەخشەکان، بۆ دەستکاری و خاوینکردنەوەش من دێمەوە، هەتا ئەو نەوەیە و نەوەیەکی تریش دەژین،

سەلامەتی کۆشکەکە و جوانییەکان، هەتا ئەو پاشایە و کوڕەکەشی لەسەر تەخت دەبن، ڕەنگی نەخشەکان و چوارچیوەی جوانکارییەکان، دڵنیام کە دەمینێتەوە.

## لەناو کۆشکەکەدا

لە دیوەخانێکی خاڵی، لە ژوورێکی ئەو کۆشکەی وەستا تەبریزییەکە دروستی کردبوو، ئەو دانیشتبوو، دوو رۆژ بوو، شێخەکەی تەکیەی تاڵەبان، لەوێ بوو، لەگەڵ مەلا گەورە، سەیری چامە شیعرییە کۆنەکانی حاجی قادری کۆییان دەکرد. شێخ وتی:

لەو رۆژانە قونسڵە ئینگلیزەکەی کەرکووک دەڕوات. ئەو لە کەرکووک کاری تەواو بووە.

ئەو دەڕوا و لە مالیزیا پۆستی نوێی وەرگرتووە، کە بریتانیا و دبلۆماسییەکان دەزانن، ئەو لەمامەلەکردنی کێسی شیوعییەکان لە عیراق شارەزا بووە، داوای دەکەن، لەوێ لە یاخیبوونی شیوعییەکان هاوکاریان بێت، بۆیە بە بروسکەیەکی بەپەلە داوایان کردووە و دەچێتە مالیزیا. ئەو زۆر دۆستی (تەکیەکەی تاڵەبانی)یەکان بوو، زۆر سەردانی دەکردن، جەژنانیش دەستی ماچ دەکردن. حەزی لە بەزمی دەروێشەکان بوو، لە تەکیەکە دڵی دەکرایەوە، مەبەستی بوو، هەموو سرووتەکان باش و زۆر دروست بناسێت.

ئەو وتبووی ناکرێ کەرەستەکانی ناو ئەو ناوماڵە شیرینەی، کە بەو هەموو ساڵانە کۆکراونەتەوە، هەموو ئەوانە، بەو دەست و نازە جوانەوە بباتە مالیزیا! ناوماڵەکەش بەرەو کێندەرێ ببات، کە هێشتا وڵاتەکە ئارام نییە! ویلایەتەکان بەپتەوی یەکیان نەگرتووە، ئەگەرچی ئینگلیزەکان، زۆر لەمێژە و لەکۆنەوە لەو وڵاتەدا پێگە و دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام قونسڵەکە نایەوێت، یان ناکرێت، ناوماڵە ناوازەکەی، دارە شیرینەکان، (نەخشە ئاوێزە)کان، چلچرا بەشەوقەکان لەگەڵ خۆی ببات. ئەو دەفتەرێکی تژی لە نووسین، بیرەوەرییەکان، وێنەی سەرۆک هۆزەکان، وێنەی ژنێک تەشی دەڕێسێت، وێنەی (بەرخەوانێکی چاوگەشی ناوچەی شوان) لەگەڵ خۆییدا دەباتە مالیزیا، بەڵام نەزانرا، ئەوانەی لەگەڵ خۆی دەباتە وڵاتەکەی، چی لێ کردون، ئەرشیفەکەی چی لێ دێت.

ئەو ماڵە گەورەیە بە چ ببات، راستە ئاو دار هەڵدەگرێت، بەڵام شووشە و کریستاڵ و (چلچرا)کان نقوم دەکات، ناوماڵەکەی دەتوانێت ببات، بەڵام دەشکێن، ورد دەبن، گەرم و

سەرمای کاروانەکە شپرزەیان دەکەن، رەنگە بکارێت، ئاساییش بێت، هەموو کەرەستەکان، وەک چۆن پاش فرۆشتنی بە موحسین ئاغای سەرۆک شارەوانی هەولێر، هەموویان دەبەستێت، دەپێچێت، جوان لە ترسی شکان و پرووکان و (قەڵەش)بوون کۆیان دەکاتەوە، دەیتوانی بۆ مالیزییاش وایان بپێچێتەوە، ئەو ناوماڵەکە نابات:

ناوماڵەکە، شەش چلچرا و ئاویزەکان، دار و نەخش و شووشە رەنگینەکان، ئەو هەموو مافوورەکانی خۆشدەویست. بەلام کە دەزانێت کەرەستەکان دەگەنە ناو دیوەخانی خێزانێکی خاوێن و جوان، یان دەیەوێت لەو ولاتە و لەو شارە یادگارێکی بمینێت، بۆیەش ناوماڵەکە لەگەڵ خۆی ناباتە مالیزیا.

## مافووره عاشقەکە

ئەو مافووره قەوقازییە، نا بەبیرم هاتەوە، مافووره تورکییەکە، ئەوەی ئاکار و نەخش و هەستی (عوسمانی ئیسلامی)ی پێوە بوو، ئەو مافووره تورکییە، کە لە ئاوریشمی هەمەرەنگ دروستکراوە. ئەو وتبووی:

ئەو پیاوەی مافوورەکەم لێ کڕی، پیاوەکە، تەمەنێکی زۆر و چاوێکی پیر و چاوەڕوانی بەحەسرەتی هەبوو، پیاوە چاورەشەکە، بزۆڵە درێژەکانی لەگەڵ ئاکاری هەموو هاوڵاتیانی ناوچەکەیان، جیاواز و ناوازەی کردبوو، ئەو وتبووی:

بەڵام قسەکانی بە کێ وتبوو، نهێنییەکەی ئەو مافوورەی بۆ کێ گێڕاوەتەوە، منیش و قونسڵە ئینگلیزەکەش نەیزانیبوو، بەڵام ئەوەی مافوورەکەی بۆ دروستکرابوو، ئەو وتبووی:

ژنێکم ناسی، بەژنی وەک ماسی لووس و تەڕ بوو، بۆیەش بە دەستەکانی من، لەناو ئاوی ڕۆژگارەکە پێم نەگیرا، خۆی نیشاندەدام، بەڵام زۆر لێم دووردەکەوتەوە، زۆری بۆ پەریشان بووم، بەسواری ئەسپەوە، لە شەوانی مانگەشەودا، لە زەماوەندەکانا، زۆرم دەدیت، بەڵام بۆم کەوی نەدەبوو، نەمتوانی لەبەر سێبەرێک، لەبن دارێک، کە (دەستەکانی لە خەنەدەنا)، پێی نەگەیشتم. ژنەکەی مافوورەکەی بۆ پیاوە شەیداکە لەدار و تەون دابوو، ئەو وتبووی:

من دەزانم، تۆ بەناز و جوانییەکەم حەیرانی، تۆ هەوری سەری منی، بەڵام! من بۆ تۆ نابم، بەڵام لەبەر وێردی سۆز و پەریشانییەکەت، مافوورێکت بۆ دەنەخشێنم، سووری ڕوومەت و کالی چاوم و قەدی بەژنم و بۆنی سینگم و نەخشی پەنجەم و خەونی ژیانم، لە هەر چوارگۆشەکانییدا هەبێت.

ئەو مافوورەت بۆ دەکەم، هەتا ژیانت مابێت، ڕەونەق بداتە چاوەکانت، هەرگیز دەستت (پێویستی بە گۆپاڵ) نەبێت.

مافوورێکت بۆ لەدار دەدەم، هەتا تۆ منت لەبیر بێت. بەڵام هەتا تۆ لەسەر ڕێگام بوەستیت من نەخشەکانی تەواو ناکەم، هەتا تۆ بڕۆڵە تیژەکانت ئاماژە بە من بکات، من دەستی پێدادەهێنم، ئەو مافوورە تەواو ناکەم، هەتا هەردووکمان مابین، نەخش و ڕەنگەکانی تەواو نەبێت، هەموو سۆزی عیشقەکانمان لە ڕەنگ و گوڵ و نەرمییەکەی پەخشان بێت. من ژنم و ئاوی زۆریان لە (کانییەکەم) خواردیتەوە، زۆریان شێلاوم، زۆریان گەوزاندوم، بۆیە من بۆ تۆ و تۆش بۆ من نابیت! بۆیە من ئەو مافوورەت بۆ دەکەم، نە من تەواوی دەکەم، نە تۆش بێ ئومێد دەبیت، مافوورێکت بۆ دەکەم، هەموو تەمەنی خۆمی لێ سەرف دەکەم، هۆش و دەست و ئەنگوست و مەچەک و چاوەکانم، چونکە دەزانم، تۆ زۆرت مەبەستە لەسەر سینگم، وێنەی بەهار و راوی مانگ و وردە ماسییەکانم بکەیت، مافوورێکت بۆ دەکەم، نەخشەکانی بەیەکەوە تەواو بێت، ئەو مافوورە چیرۆکی نەگەیشتن و بەرەواژی ژیانی تێدا بێت، ئەوەی سەیری نەخشەکان و روومەتی سووری بکات، بزانێت کە تۆ چەند شەیدای ماچی من بوویت، ئەوەی دەست لە تووکەکەی بدات، بزانێت من بەو دەستە و تۆش بەو پشتەی من، هەردووکمان گچکە و منداڵ دەبوینەوە.

ئەو مافوورە دەکەوێتە دەست قونسڵە ئینگلیزەکەی کەرکووک، ئەو بەر لەوەی بەرەو مالیزیا بەڕێ بکەوێت، لە تەکیەکەی تاڵەبانییەکان باسی سەفەرەکەی دەکات، شێخیش تا لەگەڵ مەلا فەندی، باس لەدوا رەوشی وڵات و شۆرش و (بزاڤەکەی شێخ مەحموود) دەکەن، ئەوانیش لەو ماڵەوە کوڕێکی پەمبەیان بەناوی ئەو کردبوو، دوو شەوان لە باداوە دەمینێتەوە، لەوێ باسی سەفەرەکەی ئەو دەکات.

لەوێ موحسین ئاغا بیر لەوە دەکاتەوە ناوماڵەکە لەو قونسڵە بکڕێتەوە، کەلوپەلە نایابەکان، مافوورە نازدارەکە، کە بەسەرهاتێکی هێژای هەیە، چلچراکان، هەموویان بکڕێت، پیاوەکە چەندی دەوێت، بۆی بژمێرێت.

مافوورەکە بە دەستی ژنێک و لەبەر عیشق و سووتانەکەیان لەدار دراوە، نەخشەکان لە روومەتی ژنەکە نزیک بوون، چاوەکانی لەناو چاوی گوڵەکان تەریب بوون، سینگی لەسەر مافوورەکە کۆپی کرابوو، مافوورەکە دەگاتە دەست و بەرچاوی پیاوەکە، پیاوە عاشقەکە، مافوور نەبوو، (کتێبێک بوو، هەموو وێنە و شیعر و حیکایەتەکانی عیشقی تێدا بوو). مافوورەکە دوو دەستی کردبوو، دەستی ژنەکە و دەستی پیاوە عاشقەکە. مافوورەکە سەرما و گەرما نەیژاکاوە، میوان و ناوماڵەکە پێیان لێ نەخشاندوە، فانووس و لۆکس و چرای لەسەر دانەنراوە، تۆزی لەسەر نەکەوتوە، دڵۆپەی لێ نەداوە، شەوانە بۆ رووناکی گوڵ و ڕەنگ و نەخشەکانی چرای بۆ داگیرساوە، لە ئاهەنگ و زەماوەند و نەورۆزەکاندا لەبەر پێیان رانەخراوە. مافوورەکە دوو شەوی کردبوو، شەوە گەرمەکانی ژنەکە، شەوە ساردەکانی پیاوەکە، ئینجا دەگاتە دەست و

ناوماڵی قونسڵەکە، لەوێشەوە، مافوورەکە سەفەری مالیزیا ناکات، لە کەرکووکەوە دەگاتە هەولێر، دەگاتە ناو دیوەخانەکەی ماڵی موحسین ئاغای سەرۆک شارەوانی هەولێر، کوڕە خوشکەکەی مەلا فەندی.

## لیژنەی گوندیش نەما

ڕەزاق، بە ڕۆیشتنی عەریف عوسمان، دواییش عەریف عەلی، نەمانی نووسینگەکەی شەمسەدین موفتی، نەمانی چالاکییەکانی مەلا ماتۆر دڵی توند دەبێت، نەک هەر ئەوانە، کە زۆر لەناسیار و هاوڕێییەکانی لەناوشار دەردەچوون، حزب داوایان لێ دەکات، یان مانەوەی خەبات، لەناوشار ئاسایی نەبوو، دەرگای شوقەکە دادەخەن، کە لیژنەی گوند و لیژنەکەی دێ، زۆریان لەناو شار دەرچوون، ئۆقرەی نامینێت، هەر بۆ ئارامی دڵی، زۆرجار لەناو موڵکەکانی خۆیان هەوراز دەچێت، جۆگەلە و جۆگەلە بەرەو گوندەکانی سەرەوە دەڕۆیشت، وایدەزانی لەوێ (هەڤاڵەکانی دەدۆزێتەوە)، لەوێ ڕەوشی ناوشاریان پێ دەڵێت:

لەکن حەوزە گەورەکەی نزیک (نەعوورەکەی مام سلێمان)، هەڵوەستەیەک دەکات، پشتی شل دەکاتەوە، بە ئاوەکە دەموچاوی تەڕ دەکات، هەردوو پێیەکانی لێ رووت دەکات، تا گیانی ئیسراحەتێک بکەن، پەنجەکانی نقوومی ناو ئاوە ساردەکە دەکات.

لەدوورەوە، چرکە چرکی سەعاتە زیوە خڕەکەی بەرباخەڵی مام سلێمانی ئامۆزای گوێ لێ دەبێت، لەبن دارتووەکە، دادەنیشێت، سەیری بۆڕییە درێژەکەی ئاوەکەیان دەکات، لە نەعوورەکە، کە لەناو حەوزەکەوە تا نزیک حەسارەکە، تا بەر دەرگای ماڵەکەیان ڕاکێشرابوو، هەتا دەنگی ئاشەکە دەهات، قسە ناکەن.

پیاوێک ئارد و ئاشەکە، سەروگێلاکی باش سپی کردبوو، خەریکی بەستان و توندکردنی کەژییەکانی بارەکەی بوو، ئاردەکەی دەکاتە دوو بەش، باشیان دەبەستێت، بە تی چاوێک، سەیرێکی ئەو دەکات، بە دەستی ئاماژەیەک دەدات، دەستێکی لەگەڵ بگەێنێتە بارە ئاردەکە، دیار نەبوو، پیاوەکە ئەو دەناسێت، یان نا، ئەویش، دەست دەداتە بارەکە، بەیەکەوە ئاردەکە لەسەر پشتی وڵاخەکە باردەکەن، کە دەزانێت، پیاوەکە بەو بارەوە دەچێتە گوندەکانی سەرووی (بەستی مزووران)، لەشار دووردەکەوێتەوە، ڕەزاق لێی دەپرسێت:

ئەو پۆلیسانەی بە جێبەکە، تفەنگەکانی قشڵەی هەولێریان هێنابوو، بەکن ئێوە داهاتن، ئەگەر بزانی لەرێگا جێبەکەیان نەشکا، گەیشتن، کێ پێشوازی لێکردن، برسییان نەبوو، جلی کوردییان پێبوو، (جلە پۆلیسییەکانیان چ لێکرد)، پشدێنی گەورە و درێژیان لە ناوقەدیان بەستا، جەمەدانی بەگوڵینگیان پێبوو، کڵاوی بەنەخشیان لەسەر کردبوو؟

کابرا وڵاخەکە لە (میخزنجیر) ەکە دەکاتەوە، دووبارە سەیری بارەکەی دەکاتەوە، دەستێک لە کەژییەکە دەدات، هەست دەکات، بارەکەی باش توندکردووە. زنجیرەکەی لە ملی وڵاخەکە دەئاڵێنێت، بە بزەیەک دڵی خۆش دەکات، بەرەو سەرەوە دەڕوات، هەتا لەبەر چاوان ون دەبێت، ئەو سەیری دەکات، لەدڵەوە حەزی دەکرد، هەر ئەودەمە لەگەڵ ئەو پیاوە بەرەو سەرەوە رۆیشتبووایە. چونکە ئەو لە بزە شیرینەکەی کابراکە دڵنیابوو، کەوا پانتایی و وڵاتێکی تر هەیە، تێدا ئەو لەوێ زۆر ئارام و سەربەرز دەبێت!

## ئەندازیارە درێژەکە

لەورۆژانەی ئەو لەناو کۆمەڵەی هیوا ئەندام بووە، کە کۆبوونەوەیان کردووە، لە رۆژێکی هەینی، لە قەڵات هاتووتە خوارەوە، سەرێک لە رەمزی نافیعی هاوڕێی دەدات، لەکن باخچەکانی سەرووی شار، دیمانەی کردووە، لەورۆژەدا پردەکەی سێتاقان، ساتمەیەک بەو دەکات، سەیری بەرد و قسڵە سپییە توندەکانی نێوان بەردەکان دەکات، دەست لە ئاوی جۆگەلەکەی سەر سێ تاقەکە دەدات، دەیەوێ (باڵی ماسی)یەکی رەنگ ئەلماسی بە پەنجەکانی بکەوێت، کلکی ماسییەک ختووکەی بکاتەوە، هەر بەو قەیدلانەیەش، بەو تەماسە گەرمە، پەنجەکانی بە هونەرێکی دەگمەن و بە سەلیقە ئاشنا و عاشق دەکات.

ئەو هەر بۆ خوێندنیش لە خانەقا و رەزەکان دووردەکەوێتەوە، بۆ سەیرانیش لەگەڵ سێ چوار کوڕە قەڵاتی تر، هەتا ئاوەکەی شێخ ئەحمەد دەچێت، لە دەشتێکی پاک و (دیمەنێکی سەراب)ی، ئەو ئاوەز و چەشەی بۆ هونەر و خوێندن و داهێنان دەکرێتەوە.

پەنجەکانی ئەو، بەو ئاوە و بە کلکی ماسییە وردەکان، دەبنە قەڵەم، قەڵەمێکی ئاسایی نا، قەڵەمێکی رەنگارەنگ، قەڵەمی هێڵی راست و کەوانە و دەمی گوڵ و سێبەری باڵەخانە و قەڵەمی نووسینی ئینگلیزی سەر نەخشەکان، هەر ئەو قەڵەمەش کوڕە هەولێرییەکە، دەباتە ناو کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی (یانەی سەرکەوتن)ی بەغدا، هەتا یانەکە مابوو، چەندی ئەو لە بەغدا بووە، لەو یانەیەدا هاوکار بووە.

ئەو لەسەر داوای شۆڕشی کورد و دانوستانەکانی تفەنگ و بەغدا، شەڕەکانی سەفین و کۆشکی سەرۆکایەتی، دبلۆماسیەتی پارتی و کەللەرەقی عەرەبەکان، ئەو چەند جار دەبێتە وەزیری هەموو شارەوانییەکانی عیراق، هەر بە نامە و راسپاردەی سەفین و لاملییەکانی بەغدا، واز لەو پۆستانە دەهێنێت، دووبارە قەڵەمەکەی نەخشە و سێبەر و شیشی ئاسن و ڤیووەکان بەکاردەهێنێتەوە، وەک چۆن لە (باڵەخانەی دەفتەردار) و دیواربەندەکەی پەیکەری ئازادی هونەرمەندی گەورە جەواد سەلیم، قەڵەم و ئەندازیارێکی وریا و سەرپشک بووە، دووبارە

بەردەوام دەکەوێتەوە ناو ڤۆلیۆمی تەن و سێبەری رووبەندەکان و چاوەڕوانییەکان، تا سەرکردایەتی کورد، بۆ هەر پۆستێک داوای بکات، داوای بکات ئەو ئامادەیی دەردەبڕێت.

ئەو کە دەکرێتە سەرۆکی (کۆڕی زانیاری کورد)، بببوورە کە بە سەرۆک هەڵدەبژێدرێت، چوار ساڵ، لەگەڵ زانا کوردەکان، لەگەڵ عەلائەدین سوجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و حەمەی مەلا کەریم و حەسەنی قزڵجی و ئەندامەکانی تر، هەموو توانایەک بۆ ئەو کۆڕە، بۆ باڵەخانە و چاپخانەکەی بەکاردەهێنێت، کۆڕەکە سەردەکەوێت و چەندین کتێب و فەرهەنگ لەو چوار ساڵە چاپ دەکەن.

ئیحسان شێرزاد، لە ژوورەکەی سەرەوەیان، لە نهۆمی دووەمی خانووەکەیان، پەنجەرەکەی بەرانبەر حەوزەکە بوو، لە ژووری پلکەکەی نزیک بوو، سەری بەسەر کتێبەکانییەوە بوو، لە خوارەوەش ژنێکی بەتەمەن، (کوڕێکی لە ئاستنبۆلە و بیر لەوە ناکاتەوە)، پەرۆشە کوڕەکەی بگەڕێتەوە، ئەویش کە دەروێشی (کاکی هیران) بووە، هەموو شیعرەکانی سافی لەبەر بوو، نەرم نەرم، شیعرەکانی بە دەفەکەی دەوتەوە، سۆزی بۆ دووری ئەو دەردەبڕی، کە زۆر دڵنیابوو، ئەو شەوێکیان درەنگ بەجانتایەکەوە، بەسەری سپی و دەستەجلێکی ئەوروپییەوە، بەسەر قەڵات دەکەوێت و دەگەڕێتەوە، بۆیە ژنەکە، پووری مناڵەکەی بەرپەنجەرەکە، شیعری سافی بەدەفەوە، شیعری سافی بەسووتانەوە دەوتەوە، تا ئەو ئاوازە دڵی ئەو لە تاراوگە نەرم بکات، هانی بدات لە ئاوارەیی بگەڕێتەوە.

لەوڕۆژەی لە هەستی گەرمی پلکەکەی تێدەگات، گەیشتن و بواری هاتنەوە ژانێکی قوورسە، لەوڕۆژەی سێ تاقەکەی پشت باخچەی خزمەکانی دەبینێت، کە جوانی پەیوەندی قسڵ و بەرد و ئاو دەبینێت، ماسییش لەو جۆگەلەیە دێنێتە ناوشار، کەسیش نازانێت، لەو جۆگەلەیە چییان بەسەردێت، شەوانە کە ئاو ماندوو دەبێت، کە ئاو دەخەوێت، ئەوان دەگەڕێنەوە ناو گۆمەکان، یان لەناو شارەکە، لەگەڵ سەڵەوات و (بانگدانی مزگەوت)ەکان، لەگەڵ بۆنی بەهارات و جوانی و لایلایەی لانکەکان، لەناو کۆنە حەسارێک هەناوێک گەرم دەکەنەوە.

ئەو ئاوە، هەر ماسییە وردە نەرمەکانی نەدەهێنایە ناوشار، ئاوەکە ئاوەدانی زۆرتر دەکرد، بۆیەش ئەو شارە گەڕەک بە گەڕەک گەورە دەبوو، حەسارەکان ژووریان زۆرتر تێدا دروست دەکرا، کرێچییەکان زۆر دەبوون، عەجەم و عارەب و دەروێشی تەکییەکان، ئەوەی هاتووە وڵاخێک ناڵ بکات، ئەوەی نەخۆشی پەکی دەخست و گیاودەرمانی خۆماڵی چارەی نەدەکرد، دەهات و پاش هەتوان و چارەسەر نەدەگەڕایەوە، ئەوەی دەهات و کارامەیی و سیحری کوورە گەرمەکەی سەفارەکان و دەست و جوانی کارگەچی و زێڕینگر و سەراجەکان سەرسامیان دەکرد،

لەو شارە دەمایەوە، ئەوەی سروودی بەیانییانی منالان دەیگریاند، بەخۆشییەوە و بۆ خەباتکردن لەو شارە دەمایەوە، ئەوەی چاکێت و پانتۆڵ و گوڵی سەر یەخەی ئەفەندییەک مەستی دەکرد لەو شارە عاشق دەبوو و دەمایەوە، ئەوەی ...

هەر ئاوەکە ئاوەدانی نەهێناوەتەوە ئەو شارە، ئەوەی دوو سێ مانگ، بەر لەوەی پارەی (بەدل و موعین)ییەکەی سەربازی بۆ بدەن، لەو شارە کار و پیشەیەک دەدۆزێتەوە و دوایی خێزانەکەیان دەهێنێتە حەسارێکی دوورە شار. هەر ئاوەکە نەبوو، کە ئاوەدانی هێناوەتەو ئەو شارە، فرۆشتنی زەوییەکانی پشت سێتاقان و فراوانبوونی سەیداوە خەڵکی زۆری هێناوەتەوە ئەو شارە.

ئەو لەو رۆژەوەدا:

پەنجا شێست ساڵ، هەموو دونیای بینی، لەناو دەریا و ئۆقیانووسەکان دەپەڕێتەوە. کە ئامادەیی لە هەولێر تەواو دەکات، لە قەڵات دێتە خوارەوە و دەڕوات، دوور دەڕوات، بەڵام هەموو هەنگاوەکانی دیار و زانراو دەبێت، لە هەموو (ئەزموونەکانی یەکەم) دەبێت، بەو شارەش شاناز بووە، بۆیەش ئەو لە بیرەوەرییەکانییدا نووسیویەتی:

من لەناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی قەڵاتی هەولێر، لەناو خانووە بە کەرپووچەکان، ئەو خانووانەی حەوشەی کراوەیان هەبووە، کە من بە دەرگاکەی باشووری قەڵاتەکە سەردەکەوتم، (هەستم دەکرد، هەموو ئەو قەڵاتە موڵکی منە)، زۆر بەو شارە شاناز بووم، بۆیەش ئینتیمام بۆ ئەو شوێنە هەر هەبووە.

ئەو بۆ فێربوون لە هەموو دونیا گەڕاوە، بەڵام شانازییەکەی هەر بۆ قەڵات و هەولێر و دەفەکەی پلکی و شیعرەکانی کاکی هیران بەردەوام بووە.

منیش کە کتێبە گەورەکەی بیرەوەرییەکانم خوێندەوە، ئەو کتێبەی هەموو مێژووی وڵاتەکە و گەشەی ئەندازیاری و کارنامەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد و پۆستی وەزارەتەکان کە لەسەر لایەنی شۆرش و کوردی وەریدەگرتن رووناک و دیار باسکراوە. ئەو لە کتێبەکەی باڵای باڵەخانەکانی بەغدای بەرەونەقەوە گرتووە و نیشانداوە. لە کتێبەکەی ئەو، ناو و شەهامەتی گەورە پیاوەکانی سیاسەت و دانوستانی کورد و بەغدا باسکردووە، وا لەجیاتی ئەو دەنووسم:

منم. یەکەم خۆشناوم، لە دەربەند و گوندی کۆڕێ پەڕاندوتەوە. منم. کۆنکریتم گەیاندووتەوە ناوچەکە. بە زیرەکی و بەلێهاتوویی خۆمەوە، چوومە ئەمریکا، ماسترم لە کۆنکریت وەرگرت. منم. یەکەم پردم لەسەر ئاوە جوانەکەی کوردستان دانا. لەوێ و لەورۆژەی گوندەکە، ئاوەکە،

نەخشەکە، بڕوایان بەوە کرد، کەوا پردەکە دەتوانێت، بەرگە دەگرێت، لەوێ و (لەورۆژەدا خۆشناوەکان):

کڵاوە پووشە گەورەکەی لەسەر دەکەنەوە. لەوێ لەدیار پردەکە، یان لە دیوەخانەکەی کوێخایە سەرمەستە وریاکە، ئەوەی زۆر بەسەردان هاتبووە قەڵات، لەوێ سەردانی ئامۆزاکانی کردبوو، ئەو و خزمەکانی تر، هەموویان، ئەو سوێندی بۆیان خواردبوو، من ساڵانە بۆ هەمووتان، بۆ سەبەتی هەموو ماڵی خزمەکانم، ئەوانەی سەد ساڵ و زۆرتریش لەو گوندە، لە بناری شاخەکە، بار دەکەن و دەچنە سەر بەرزاییەکی تر، ئەو وتبوی:

من هەنار و گوێز و هەرمێ و سێوتان بۆ دەهێنم. ئەو وتبوی:

من هەنگوینتان بۆ دەبڕمەوە، وەرن هاوینان کەپرتان بۆ دەکەم، وەرن بزانن، شوێن هەیە لەو قەڵاتەش بەرزتر، شوێن هەیە، گوند هەیە لە ئەستێرەکان نزیکە، ئاوەکان لە کانییەکانەوە هەڵدەقوڵێت، وەرن سەردانمان بکەن، کوڕەکانت سواری ئەسپە بەرزەکان بکەین، کیژەکانیان لەناو (کانییەکان سەیری چاوی رەشیان بکەن).

ئەو بە خزمەکانی ناو قەڵاتی وتبوو:

من ناهێڵم هەرگیز بۆن و جوانی هەنار لەو قەڵاتە ببڕێت. بەردەوام سەربانەکانتان بە ترێی ئێمە رابخەن، دڵنیا بن مێوژتان لە بڕان دەبێت.

## وێنەیەک لەگەڵ پردەکە

لەوێ و لەورۆژەدا کوێخاکە، کە کڵاوە پووشە بازنییەکە لەسەری ئەندازیارەکە دەکاتەوە. ئەو کڵاوەی لە ئەمریکاوە هێنابووی، زۆریش بە هاتن و گەیشتنی کڵاوەکە ماندووش دەبێت، بە کڵاوێک لە پووشی ناسک، (کڵاوێکی مەکسیک)ی، دەگاتەوە قەڵات. لەورۆژەی پردەکەی کۆڕی دەکرێتەوە، بەو کڵاوە ئەمریکییە پووشەوە دەچێتەوە، ئەو هەوارەی لە شیعرەکانی سافی نزیکە، ئەو شیعرانەی دەف و قوورگ و چاوی پوورە گەورەکەی دەگریاند، ناڵەی جودایی دەگەیاندە ئاستنبۆل، تا کوڕەکەی بگەڕێتەوە، هیمەتی سۆزی شیعرەکانی کاکی هیران، کوڕەکەی لە ئاستنبۆڵەوە هەڵتەکێنێت.

خۆشناوەکانی گوندەکە، لە خۆشی سەرکەوتنی پردەکە و ئارامبوون و شانازی ئاوەکە، کە چیتر کەس، هیچ ڕێبوارێک، درێژی و باری قەتاری کاروانێک، (مێگەڵی هەرکییەکان)، کە دەچنە کوێستان، سەربازەکان کە دەچنە حامییەکەی رەواندوز، پشتی ئاوەکە و رووبارەکە ناشکێنن، چیتر ژانی شکانی ئاوەکە نابیستن، شەوان گوندەکە لەو رازە، بەو ئاوە پشت شکاوە وەنەوز نادەن و ئارام خەون دەبینن، ئاهەنگێک بۆ ئەندازیارەکەی پردەکە دەگێڕن.

پیاوە باڵابەرزە ئەندازیارەکە، جلە ئەفەندییەکەی پێ لەبەردەکەنەوە، پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانەی بۆ دەدۆزنەوە، دەستە جلێکی کوردی خاوێنی گەورەی بۆ بهێنێت، تفەنگێک کە بە لادیوارێکی دیوەخانەکە شانی بۆ پشوودان و وێنەگرتن بە دیوارەکە دابوو، پاکێتە فیشەکێکی گەرمی تێدەکەن، تفەنگەکەی لەناو دەستی دەنێن، هەموویان لەدیار پردەکە و بە بۆنەی کردنەوە و پەڕینەوە، وەستانی (یەکەم پردی کۆنکریتی) لەسەرانسەری عیراق ئاهەنگ دەگێڕن.

ئەندازیارەکە بە جلی کوردییەوە، بە هەورییەکی گەورەی سووری نوێ، دوو خەریتە فیشەکی لەپشت دەکەن، خەریتەیەکی تری بەشان وەدەکەن، لەکاتی وێنەگرتنا لە ناوەندی خۆیاندا رایدەگرن و بۆنی دەکەن. یەکێکیان دەڵێت:

دەستی ئەفەندی کوڕە قەڵاتییەکە خۆش بێت!

تا پیاوە ماقووڵەکانی تر لەوە بێبەش نەبن، یەکە یەک دەڵێن:

ئافەرین بڕوامان نەدەکرد، ئەو پردە رابوەستێت.

ئەوی تریان دەڵێت:

یەک هەفتە لێرەبە و خزمەتت دەکەین!

ژنێکی بەتەمەن، هەورییەکی گەورەی بەشلی لە سەروملی ئاڵاندبوو، چەند خەناوکەی بە موورووی شینەوە لە گەردەنی شەپۆلیان دەدا، کە باخەڵی کراسەکەی وەک (باخەڵی ژنانی دزەیی)یان نەبوو، شانی ماچ دەکات و دوعا و وێردی بۆ دەخوێنێتەوە.

هەموو خەڵکی گوندەکە، گەورە و گچکە، پیر و گەنجەکان، ژن و پیاوەکان، خەڵکی گوندەکانی دۆڵەکە، نوێنەرانیان ناردبوو، بەگەکانی شەقلاوە، (بەگەکانی باڵیسان) و دۆڵی هیران و نازەنین، هەرکییەکانی (سەرکەند) و خەیلانییەکانی سەرووی داری شەکران، هەموو بەبۆنەی پەڕینەوە و تەواوبوونی پردەکەی کۆڕێ، هاتبوون داهێنان و زیرەکی کوڕە ئەندازیارەکەی قەڵاتی هەولێر ببینن و پیرۆزبایی لە کۆڕێ و لە هەموو ناوچەکە بکەن.

کوێخاکە، کە دەستە جلە کوردییەکە و هەورییە سوورە گەورەکە، لەبەر ئەندازیارە باڵابەرزە قەڵاتییەکە کردبوو، دەیزانی کەوا:

ئەو ئەندازیارەی پردەکەی بۆمان دروستکرد، پلکی بە شیعرەکانی سافی، مێشکی ئاوداوە، پلکی بۆ پاڕانەوە و هاتنەوەی کوڕەکەی بەردەوام، لەناو خانوویێکی دوو نهۆمی قەڵات، نوزاوەتەوە. ئەو خوێندنی تەواوکردووە و لەسەر داوای خۆی پرۆژەکەی ئێمە قبووڵکردووە، ئەویش خۆی بە خەڵکی کۆڕێ دەزانێت!

ئەو دەنگ و ئاخاوتنەی لەناو هزری کوڕە گەنجە ئەندازیارەکەی تازە، لە زانکۆکانی ئەمریکا خوێندنی باڵای لە ئەندازە و کونکریت تەواوکردبوو، کە پرۆژەکەشی، بەر لەوەی لە بەغدا بناسرێت. ببێتە خاوەن نووسینگەی راوێژکاری یەکەمی عیراق، یەکەم پرد لە عیراق، لە گوندی کۆڕێ نێوان (سەربەن و کۆڕێ) دروست دەکات، نزیکەی حەفتاساڵ بەر لە ئێستا، لە ئاهەنگێکی میللی پردەکە دەکاتەوە، جلی کوردی لەبەر دەکات، بە جلی کوردی و بە تفەنگێکی درێژیش وێنە لەگەڵ خەڵکی گوندەکەش دەگرێت:

ئێمە هەموو ئامۆزاکانمان، لەو قەڵاتەیە، کە تۆ تێدا لەدایکبوویت، ئێمە ساڵانە بەشی ئەوانمان ناردووە، میوەمان نەخواردوە، تا بەشی ئەوانمان نەناردبێت، ئەوان ئامۆزای ئێمەن، بابی

گەورەیان بۆ خوێندن دەچێتە قەڵات، لەوێ دەمینێتەوە، بەڵام ئەو خۆی و کوڕەکانی و نەوەکانیان، هەر خۆیان بە ئامۆزای ئێمە دەزانن، ئەوە یەکەم کەسە، لەو قەڵاتەوە پشتی ئامۆزاکانی دەگرێت، ئەوە یەکەمە کەسە، تامی میوەکان، قاسپەی کەوەکانمان مەستی کردووە، چاکەمان دەداتەوە، ئەوە یەکەم ئامۆزای ئێمەیە، دەگەڕێتەوە گوندەکەی، قەڵاتی بە گوندەکەمان دەبەستێتەوە، تازە زستانیش وەک هاوینان کاروان بە کاروان، دەچینە شارەکان.

ئەویش تفەنگەکەی هەر لەناو دەستی بوو، خەریتەکانی پشتی و شانی هەر لێ ناکەتەوە، زۆر بەشانازییەوە، دەستە جلە کوردییەکە، (هەورییە گەورە سوورە پانەکە)، پشدێنە ئەستوورەکەش قبوول دەکات و دەڵێت:

شانازی بەو دەستە جلە کوردییە دەکەم، وێنەکان دەشۆمەوە و شانازییان پێوە دەکەم، ئەو وێنانە و ئەو یادگارییەش هەرگیز لەیاد ناکەم، لە سەر قەڵات بم، یان لە بەغدا یان ئەمریکا بم، ئەو وێنانە، ئەو جلە کوردییە دەپارێزم.

کە شەڕە جیهانییەکە تەواو دەبێت، کە حکومەتی عیراقی و مەملەکەتەکە دەچەسپێت، نوێنەرەکانی ناوچەکە لە پەرلەمانی عیراق، داوا دەکەن، پردێک لە کۆڕێ بکرێت، مەعروف جیاوک، (سمایلی بەگی رواندوزی) داوای ئەو پرۆژەیە دەکەن.

پرۆژەکە لە وەزارەت دەردەچێت، بەرنامە و نەخشەکە، وەک یەکەم ئەزموونی پردی کۆنکریتی رادەگەیندرێت، لەوێ ئەندازیارە هەولێرییەکە، ئەوەی خوێندنی باڵا لە ئەندازە و کونکرێت، لە زانکۆیەکی ئەمریکی تەواو دەکات، ئەوەی کاتی خۆی لە پۆلی یەکەم (واز لە خوێندنی پزیشکی دەهێنێت) و خوێندنی نەخشە و دیزاین و کونکریت و ئاسنی پێ باشتر دەبێت، پرۆژەکە وەردەگرێت، دەیەوێ بە پردەکەی سێتاقان، بە وردە ماسییەکانی ناو جۆگەلەکە بسلمێنێت، بە پلکەکەی کە شیعرەکانی سافی لەبەربوو بڵێت:

من ئەو پردە دروست دەکەم، من بە وردە ماسییەکانی ناو جۆگەلەکەی سێتاقان پەنجەکانم کرانەوە، پەنجەکانم بوونە لقێکی شلکەی هونەر و ئەندازیاری و سیاسەت و بەڕێوەبردن.

# پیربوونی سێ تاقەکە

سێ تاقەکەی سێتاقان بۆ پەڕینەوە و گەیاندنی جۆگەلەکەی شێخ ئەحمەد بوو، تا ئاوەکە بگاتە ناوشار، تا باخچەکان ئاو بدات، تا وردە ماسییەکان سەمای خۆیان لەناو ئاودا بکەن، تا (شەوانە قەتێ)یەکان دەندووکە باریکەکانیان، لەناو ئاوە خاوێنەکە بشۆن، هەناویان لە گەرمای دەشتەکە، فێنک بکەنەوە، ئیتر لەورۆژەوە و پاش ئەو سێ تاقە، پرد و پەڕینەوە دەبێتە بەرنامە.

کە سێ تاقەکە لاواز و وشک دەبێت، کە بەردەکانی دوور دەکەونەوە، کە قسڵەکەی دەقڵەشێت. کە (بیری ئیرتوازی) زۆر لەناو شار لێدەدرێت، جۆگەلەکەی شێخ ئەحمەد، کارێزەکان، ئاوی میری وشک دەکەن، بۆیە سێ تاقەکە، ئاوەکەی سەری وشک دەکات، خزمەت و چاودێرییەکەی کەم دەبیت، رۆژ بە رۆژ بەردەکان هەڵدەوەرێن، کەوانەکان دەشکێن، بەڵام! سێ تاقەکە دەبێتە ناوی گەڕەکێکی گەورە:

گەڕەکێک، تەنیا دوو سێ حەسار نەبێت، چەند خانوو و زنجێکی قووڕ و کەپر و لەودە و کۆڵیت نەبێت، گەڕەکێک لەوبەر و لەوبەری بەستەکە، گەڕەکێک چەند ماڵێک لەخۆدەگرێت:

هەموو ماڵەکانی ناو حەسارەکان. خاوەن موڵکەکان، لەجیاتی، حکومەت و شارەوانی پارچە زەوییان لەسەر نەخشەکانیان بۆ دیار دەکەن، بە پارەی کەم، بەرووبەری گچکە، پێیان دەڵێن:

ئەوە بەست و کەندەڵانەکە!

ئەوە خۆڵێکی سووری بەجەرگ. ئەوە خشتبڕی گچکە و گەورە!

ئەو کاریتە و (دارهەولێری خۆشناوان)!

ئەو ئاو و خۆری گەرم بۆ خشتبڕین!

هەمووتان بەیەکەوە هەرەوەزی بکەن، دیوارەکان قیت بکەنەوە، دارەڕێ بکەن، بۆ خۆتان چاوە و هەیوانێک بۆ سێبەر و کەپرێک بۆ هاوینانی تێدا دروست بکەن. با خانووەکانتان ببێتە گەڕەکێکی ئەو شارە، بە شارەکەوە ناونووس بکرێت. لەو گەڕەکانەی لەو شارە دادەمەزرا، لەوێ بۆ یەکەمجار لە دەفتەرە کۆنە ناشیرینەکانی خاوەن موڵکەکان چەوسانەوە نەبووە، لەوێ (یەک دەستی و هەرەوەزی)ی زۆر کراوە، بەوەش شارەکە دروست دەبێت، لەوێ دەردەکەوێت، لەپاش حەفتا هەشتا ساڵی رەشکردنەوەی تەمەن و هەڵدانەوەی رووداوەکان، شارەکە گەورە دەبێت، چونکە خۆشەویستی و هەرەوەرزی لەو شارەدا توندوتۆڵ بووە.

گەڕەکەکە بریتی بوو لە:

چەند ماڵە پۆلیسێک، کە تازە ببوونە مووچەخۆر، کە تازە لە گوندەکان هاتبوون. ئەوان، لەوێ بە سێ پۆلیس، بە دوو پۆلیس، عەریفێک بەتەنیا، پارچە زەوییەک لەو گەڕەکە نوێیە بە پارەیەکی کەم دەکڕن. بە قەرز و بە ساڵانە و کەی پارەتان هاتەدەست، بەخۆڕایی بۆ خزمەکان، بەخۆڕایی بۆ مەلای مزگەوتەکەیان، پارچە ئەرزیان دانابوو. بۆ ئەو پیاوەی بە مامە تاتا بانگیان دەکرد، هەر ئەوەندەیان دەزانی هەورامییە، کەس ناوە راستییەکەی نەدەزانی، شەوانە لە ماڵە گەورەکە، شیوو و نانی گەرمی بۆ دەچوو. کە کۆچی دوایی دەکات، مەلاکە کە ناوی دایکوباوکی نازانێت، بەناوی (کوڕی ئادم و حەوا) تەلقینی دەدات جێگە و هەوارێکی سادەی بۆ ساز دەکەن.

لەو گەڕەکە ژنێکی خاتوون، پەنجەکانی وەک ریواسی بن رەنووە بەفر ناسک بوون، بە سێ خوشکان، برایە بریندارەکەیان، لە بناری زۆزکەوە لە دەست و زەبر و (باردووی رووسەکان) هەڵگرتبوو، بەرەو رواندوزیان دەهێنا، تا سمایل بەگ، دەرمانێکی بۆ بدۆزێتەوە، تا مامە حوزنی لە زاری کرمانجی پاڵەوانیەتی ئەو بنووسێتەوە، بەڵام بوار نابێت، بگەنە رواندوز، روو لە گەرمێن دەکەن، ژانی بریندارەکە، بەرەو دەرمان و دەستی نازیان دەبات، سێ خوشکەکە بریندارەکە لە شاخەوە دەهێنن، خەم و سووتانی خۆیان، بۆ برایە تاقانەکەیان، دەکەنە هەتوان، بەڵێنی تۆڵەکردن و هیوای چاکبوونەوە گەیشتنیان بە هەولێر ئاسان دەکات، بەڵام کوڕەکە برای سێ خوشکەکە لە رێگادا دەمرێت.

ئەو ژنە خاتوونە، لەو گەڕەکە دەبێتە چرا و رووناکی، کە دەمرێت، وەسیەت دەکات، من لێرە ژیام، بەڵام هەر خەونم بە چیاوە دەبینی، دڵم لە بەرزایی چیاکان بووە، کە مردم، (کێڵی گۆڕ)ەکەم بەردی شاخەکەی ئەو گوندە بێت، کە براکەم تێدا بریندار بوو. با کێڵی گۆڕەکەم لە بەردەکانی ئەو گوندە بێت، ژنەکە ئەو وەسیەتەی زوو کردبوو.

ژنەکە دەستماڵە سپییەکەی ملی خاوێن خاوێن بوو، کە دەمرێت، بۆنی هەر خۆش بوو، بۆنی (خەنەملخوار)ەکەی هەر پێوە بوو. تەرمەکە دەشۆن، بەر لەوەی بینێژن، یەکێک رەوان دەکەن، دوو بەردی شاخی گوندەکەیان بۆ کێلەکانی ژنە جوانە مردووەکە بهێنن.

# لەناو گۆڕستانەکە ناژیم

ژنێک،ماڵەکەیان لەناو خانووە نوێیەکانی ئیدارەی مەحەلی بوو، بەرانبەر چایەخانە بە قامیشەکە، لەوێ و لەناو خانووە جوانە نوێیەکان، ئەوەی بە بەردی نەقاری، بە چیمەنتۆ و شێلمان و (چاتی) دروستکرابوون، ئەو خانووانەی لەسەر کۆنە گۆڕستانی جوولەکەکان دروستکرابون، ژنەکە کە شەوێکیان لە خەو هەڵدەستێت دەڵێت:

من شەوانە، بەنیەتی پاک و جەستەی ماندووش دەخەوم، ئینجا جوولەکە مردووەکان، زیندووەکانی ناو شارەکانی قودسی خۆرئاوا و تل ئەبیب و کۆمەڵگە هەرەوەرزییەکانی کشتوکاڵی ناو زەوییە بەیارەکان دێنە خەونم. جوولەکەکان، ئەوانەی بە ژیانی ئیسرائیل رازی نەبوون، لەوێیەوە بەرەو نیویۆرک و شارەکانی تری ئەمریکا کۆچ دەکەن یەخەم دەگرن. مامۆستا خوێندەوارەکانیان، ئەوانەی بێجگە لە زمانە عیبری و کوردییەکە، چەند زمانی تری ئەوروپییان بەرەوانی و بە نووسین و تێگەیشتنەوە، باش دەزانی پەنجەم لێ هەڵدەشەقێنن. ژنە ئەکتەرەکان، برا و کەسوکاری هونەرمەند دانیال قەساب رەشپۆش و سیس دەبینم. ئەوانەی لە گوندەکان فانووسیان چاک دەکردوە، ئەوانەی چەقۆ و داس و تەورداسیان تیژ دەکردەوە، ئەوانەی وەک (دێوەرە) دەگەڕان و ددانیان سپی دەکردەوە، دەرمانیان دەدایە نەخۆشەکان، ئەوانە و جوولەکەی تر، شەوانە دێنە خەونم، شەوانە لێم هەڵدەستنەوە، لەناو دیوارەکان، لەناو دەلاقەی هەردوو ژوورەکەمان، لەناو توالێتە تەسک و بێ پەنجەرەکەمان، لەگەڵ ئاگری ئاگردانەکەم، ئەوانە لێم قیتدەبنەوە، دەمترسێنن، دەڵێن خانووەکانتان لەسەر کەللەسەری باب و باپیرەکانمان دروستکردووە، باش بزانن کەوا مردووەکانمان لەبن بناخەی خانووەکانتان هاوار دەکەن:

بۆ بەردتان لەسەر سینگی ئێمەی ئێسک و پروسک دانا، بۆ گۆڕەکانی ئێمەتان پڕ چیمەنتۆ کرد.؟! ئێمە بەدرێژایی مێژوو خزمەتی ئەو شارەمان کردووە؟! ئێمە زۆرمان دکتۆر و دەرمانی باشتان بووین!؟ کەم منداڵەکانمان فێری خوێندەواری کردن!؟ بۆ گۆڕستانەکانمان تەخت دەکەن؟ ئێمە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی پشتیوانی داماوەکانی ئەو شارە بووین! لەناو کۆلانە

تاریکەکانی قەیسەری، کەم شەکر و قوماشمان بەقەرز داوەتەوە خەڵکی گوندەکانی دەشتی هەولێر و شەمامک! بۆ (گۆڕستانەکانتان کردە خانوو)!؟ ئێوە چۆن قبوولتان کرد!؟

ژنە ترساوەکە، کە لە خەو هەڵدەستێت، هاوار دەکات:

من لەو خانووەدا ناژیم، دەگوێزمەوە، دەچمە ناو سێتاقان. لەوێ پارچە زەوییەک دەکڕم. لەوێ بە سەد خشتێک، بە دوو کاریتە، چاوەخانووێک قیت دەکەمەوە. من لێرە نابم، لەناو جوولەکە مردووەکان خەوم لێ ناکەوێت، (شیووم تاڵ و مەنجەڵم قۆپاوە)، ئاوم گڕاوە، نوێژم قبووڵ نییە، دەستنوێژم بەتاڵە، لێرە لەسەر سەرە گەورەکان، لەسەر تەرمی عەقلە زۆرەکان، لەسەر دەستە بەهرەمەندەکان خەوم لێ ناکەوێت، دەچمە سێتاقان... ئەو ژنە و ئەوانەی تر، بە پارە و بە هەرزان، بە قسەی خۆش، بە پیاوەتی لەناو ئەرزە نوێیەکەی سێتاقان، پارچە زەوییان کڕی، خانوویان بۆ خۆیان دروستکرد و شەوانە ئارام نووستن.

لەو گەڕەکە نوێیانە، ئەو جووتیارانەی لە بزاڤەکەی جووتیارانەی دەشتی هەولێر دەربەدەر بوون، نەگەڕانەوە گوندەکانیان. ئەوانەی دەنگیان بەرزکردەوە و سوێندیان خوارد، دوایيش ئاغاکان بە سەلامەتی دەرچوون. ئەوانە هاتنە شار، لەو گەڕەکە بە دوو سێ ماڵ و خێزان، (دوو سێ جووتیاری سوێندخواردوو)، دوو سێ جووتیاری بەهەڵوێست، لەو گەڕەکە خانوویان دروستکرد.

لەو گەڕەکە گامێشەوانە عەرەبەکان، کە نازانم! چۆن ئەو هەموو گامێشە قەڵەوە رەشە گەورانەیان، لە گوندەکانی دەڤەری موسڵەوە، گەیاندبووە سەر بەستەکەی سەیداوە و سێتاقان!؟ لەوێ بۆ خۆیان، یان زۆرتر بۆ گامێشەکانیان رووبەری زەوی زۆر گەورەیان، لەسەر نەخشەکان هەڵدەبژێرن، ئەو پارچە زەوییانەیان هەڵبژارد کە:

رووبەریان گەورە بوو!

ئەوانەی لەناو شارەکە نزیکبوون!

ئەوانەی لە ئاوەکە نزیکبوون!

لەوێ نیشتەجێ بوو، تا زوو و ئاسان ماست و سەرتووەکانیان بگەیێنە بازاڕ!

ئەو پارچە زەوییانەیان کڕی، لە شوێنی نزم و نشێو بوون، ئاویان زۆرتر تێدا کۆدەبووە!

ئەو پارچە زەوییانەیان بەناوی خۆیان کرد، کە لەیەک نزیکبوون! ئەوانەی ئاوەکەی لەبەر دەڕۆیشت و (لەسەر گۆمەکان دەڕژا).

لەو گەڕەکە، ئەوانە زەوییانەیان کڕی و خانوویان دروستکرد کە:

بە عەشیرەت و بە خزمایەتی لەگەڵ ژنی خاوەن موڵکەکان نزیک و هاوپشت بوون، ئۆمەربلەکان، مەمونددییەکان، سیانەکان، خۆشناوەکان، سەیدەکان و ئەوانەی لەپشت چیای هەندرێن و زۆزک هاتبوون!

ئەوانەی بە ناسینی ئاغا هەولێرییەکان دەبنە پۆلیس و لە عەسکەری دەبنە (عەسکەری مەتەوع)!

ئەوانەی رۆژانە لە بەستەکەی شەڵغە و مزووران و (شاربزر)، چەگڵ و قوومیان دەردەهێنا، بە قەڵابەکەی مام حەویز، لەگەڵ دوا کاروانییدا دەگەڕانەوە.

ئەو ژنەی مامان بوو، ئەوەی دەردی ژنانی دەزانی! ئەو ماڵەی جۆڵا و تەونکەر بوون، پاش رۆیشتنی جوولەکەکان تەونیان دانا، فێری ئەو پیشەیە بوون. ئەوانەی بەر لە خشتبڕین و دیوارکردن، بۆ خۆیان بیرێک لەباو ئەرزە گەورەکەیان لێ دەدەن، بە چەند بەژنێک بیرەکە دەگاتە ئاوێکی شیرین، خەڵکی گەڕەکەکە و گەڕەکەکانی تریش ناو لەو بنەماڵەیە دەنێن شیرین. هەر چەندیش چای تاڵ و شەوی تاڵیان لەبەر دانرا، ناویان هەر شیرین دەمینێتەوە. ماڵێک لەوێ دەژین، کوڕێکی مەند و سستیان هەبوو، لە کەندەڵانە سوورەکەی بن خانووەکەیان بە نینۆکە زەردە تیژەکەی خۆڵی بۆ جووین و خواردن دەڕنیەوە، بەیانییان زوو خۆڵی دەخوارد، دەیانووت، زڕدایکەکەی نان و ماستی ناداتێ، شلەساوەر و تەڕەسازی لەبەردەم دانانێت، بە کوڕەکە نا، بە ژنەکەیان دەووت، دەم بەخۆڵ.

مەلایەک، لە (زانکۆی ئەزهەر) خوێندنی زمانی عەرەبی تەواو کردبوو، هاتبووە، ببوو بە مامۆستا و لە قوتابخانە ناوەندییەکە زمانی عەرەبی دەوتەوە، ئەویش پارچە زەوییەکی سێ سەد و هەشتا مەتری لە سەرەکۆڵانێک دەکڕێت، کۆڵانێک بە کیژە چاورەشەکان، بە کوڕە بێجاما لەبەرکە، بە ژنە کەوا گوڵدارەکە ئاشنا دەکات، لەوێ کەرپووچ و بنمیچی بە کەرپووچ و گێچ پەیدا دەبێت.

پیاوێک لەگەڵ سێ براکەی لەگەڵ پیرەژنێکی رەشپۆش لەو گەڕەکە، بەو پارەی لە فرۆشتنی هەموو بزن و مەڕ و گاوگۆڵک و ئەسپ و وڵاخەکانیان دەستیان کەوتبوو، بەو پارەیە پارچە زەوییەکی گەورەی پێ دەکڕن. سێ برا لەبن سیبەر و باڵی دایکیان خەریکی خانوو دروستکرن بوون، کە خشتیان دەبڕی، کە (قووڕیان بۆ دیوارکردن دەگرتەوە)، برا گەورەکەیان، پیاوە باڵابەرزە، دەم و رەفتار شیرینەکەیان، لەلایەن ژنە خاتوونەکەی خاوەن موڵکەکە، ئارام و

شیرین دەردەکەوێت، بۆیە ئەو کوڕە هێشتا خانووەکەیان قووڕپەست و دارەڕێیەکەی تەواو ناکات، دەبێتە زاوایان.

گەڕەکەکە بەو خێزانە دۆمانەی، لەگەڵ سەرما و بەفرکەوتن و رەنوو دەهاتنەوە، کە دەهاتنەوە ئاواز و شایی و گۆرانی و رەنگ و ژنی جوان و (پیاوی رەشتاڵە) و کەرەستەی نایابیان دەهێنایەوە. لەو گەڕەکە شەوانە دۆمەکان، شار و کۆڵانی مەلەوان بە ئاویان، مەست و پەریشان دەکرد. ئەوان لەو گەڕەکە رەنگی خاکی و تاریک لەگەڵ ئاوازی گۆرانی تێکەڵبوون.

# پاژنە سوورەکە

لەو گەڕەکە نوێیە، باوی تەڵاقدانی (ژنە چەکمەسوورەکە) نەما، دەرکردنی ژنە بابوچ سوورەکە نەما، ئەو ژنەی بەیانییەکیان، لە سەردەمی عوسمانییەکان، جارێکیان لە دابونەریت و کولتووری عوسمانییەکان لە دەرگای قەڵات دێتەخوارەوە، لە پەنجەرەیەک، لەبا نێژەیەک، لە کوڵانکەیەکی تەسکی رووناکدا، ئاغایەک، لەوێیەوە سەیری ژنێکی عەبا بەسەر، پەچە درێژ دەکات، ژنەکە لە دەرگای قەڵات دێتە خوارێ، کە دادەبەزێت، کە پایەکانی بەرزایی قەڵاتەکە ئەو دێنێتە خوارەوە، کە بەرزاییەکە نەوی دەکات، لەودەمانە لەبن عەباکە، لەبن چادرە رەشەکە، ژنەکە بابوجێکی سووری ناو پێیەکانی، دەردەکەوێت، ئەو لەناو قەڵاتەوە، ئاغاکە لەو بەرزاییەوە، رەنگە سوورەکە دەبینێت، هەست دەکات، شەرمەزارییە بۆ هەموو قەڵات، شەرمەرزاری و ژانە بۆ هەر سێ گەڕەکەکە، بۆ بنەماڵەی دۆغرمەچییەکان، چەلەبییەکان، بنەماڵەمی موفتی، مەلازادەکان، ئەسعەدییەکان، سەفارەکان، کارگەچییەکان، بەڵام! جوولەکەکان نا! هەموو ئەوانە شەرم دەکەن، بابوجی سووری ژنێکیان لەسەر پایەکانی قەڵات دەرکەوتووە، ئاغاکە پیاوێک بەدوای ژنەکە رەوان دەکات، سێبەرێک، پەلە هەورێک، باڵی کێشکەیەک، پەڵکە ریحانێک لەدوای ژنەکە دەنێرێت، کە بایەکە دەگەڕێتەوە، کە شەماڵەکە دێتەوە، کە پەڕی باڵی کێشکەکە دێتەوە، کە سێبەرەکە بە خۆرەتاو دەرەوێتەوە، کە ریحانەکە بۆنەکەی دێتەوە، هەموویان بەو ئاغایەی لەسەر لبادە سوور و سپییەکە دانیشتبوو دەڵێن:

ژنەکەمان دۆزیوە، ئەو ژنەی کە لە قەڵات هاتووتە خوارەوە، بابوجە سوورەکەی لەبن عەباکە دیاربووە، دەزانین لەکام ماڵ دەرچووو!

ئاغا لەسەر دەرچوونی ژنەکە و دیارکەوتنی چەکمە سوورەکەی، داوا لە مێردەکەی دەکات، ژنەکەی تەڵاق بدات. قسەش هەیە، گێڕانەوەیەکی تریش هەیە، کەوا ژنەکە چەکمەی سووری دیار نەبوو، ژنەکە پاژنی رووتی پێیەکانی لەبن عەبا رەشەکە دیاربووە، ئاغاکە لە دوورەوە پاژنی رووتی پێی ژنەکەی دیوە، بۆیە باڵی کێشکە و چاوی ریحان و (لاتە سێبەری سواندە) و هەیوانێکی ناردبوو، بزانن ئەو ژنە پاژن رووتە لەکام ماڵ دەرچووە، لەکوێیەوە بەرەو

(گۆڕستانی چراخ) چووە، کێ بووە بەپاژنی سپی رووتەوە دەرچووە تا لەسەر گۆڕی جوانەمەرگەکەی ریحانەکە ئاو بدات، بۆنی خۆڵەکەی بکات.! بەوەیان هەموو شەوە جوانەکانی ئەو دوو کۆترە، ئەو دوو سێبەرە جیادەبنەوە.

کە سێتاقان دروست دەبێت، کە قەڵاتییەکان دێنەخوارەوە، ژنان، کیژەکان، لەگەڵ ئاو و جۆخین و باخچە و نەمام و ئارەقە تێکەڵ دەبن، هەندێکیان داس هەڵدەگرن، دەستی جووتیارەکان دەگرن و کەردوو پاڵدەدەن، بەیەکەوە کەپر هەڵدەبەستن و سێبەر دروست دەکەن. لەو گەڕەکە نوێیەدا، (کڵاوی رەنگین بۆ سەری بەرز) دەچنن و نەخشێنی دەکەن. هەر لەو گەڕەکە کرێکارە ماندووەکان، سەپان و رەنجبەرە شەقاو گەورەکان، بیردەکەنەوە لەگەڵ رەزاقە سوور حزبایەتیش بکەن.

لەو گەڕەکە نوێیەدا کە دۆمەکان، شەوانە بەزمەکانیان گەرم دەکەن، ئەوانیش دڵیان دەکەنەوە و باس لە عیشقی پیرۆز دەکەن. کە باران دەبارێت، (دڵۆپەکان دەژمێرن). کە رەنگە گەشەکان لە روو و چاو و ئاسۆکەش دەتۆرێت، ئەوان رەشەبا و تووڕەیی رادەسپێرن. باران بەرەو هەورەکان ببنەوە، بەوەش ئاسمان و کۆڵکەزێڕینە بۆ جوانییەکان لە باوەش دەگرن.

لەو گەڕەکە نوێیەدا:

لە قووڕ و لە کا، لەو ماڵە نوێیانە، لە پووش و لە حەسیری زەردا، سێبەری فێنک ساز دەکەن. مانگ بە مانگ، لەگەڵ باشبوونی بژێوی ژیانیان جوانتر و توندتر و رەنگینتر دەست لە دیوار و بنمیچ و دەرگا و پەنجەرەی خانووەکانیان وەردەدەن. ئەوانە دەرگا و چوارچێوەکان رەنگ دەکەن، هەیوانەکانیان بەرین دەکەن، ستارەی بە کەرپووچیان لە پێشەوە بۆ قیت دەکەنەوە، دەرگا لە ئاودەستەکانیان دەخەن، بوارێکی باریک لەناو حەوشەکەیان، سەرشۆرەکەیان، بەرئاوەکەیان، بەرژوورەکانیان، بن جەڕە و کووپەکانیان چیمەنتۆ دەکەن. هەندێکیان پێش بەلوعەکە کارەبا رادەکێشن. هەندێکی تر کارەباکە زووتر دەهێنن. چەند ماڵێک گلۆپ لەبەر دەرگای دەرەوە دادەنێنن و ...

لەوێ کە جووتیارێک مشارەیەک بۆ ئاوەدان و تۆکردنی باخچەکە سازدەکات، مشارەیەک بۆ کونجی، مشارەیەکی لاکێشە بۆ لۆکە، مشارەیەک بۆ سەوزەکان، کە وەک تووکی کەروێشک نەرمن. لەو مشارانە، لەو چاندن و ئاودانەدا، چاوی ژن، دەستی نەرمی ژنە، کە ئاو و جۆگەلەکە نەرم نەرم دەهێنێت، بەشداربووە، (ئەو گەڕەکە ژنی هێناوەتە سەر کار)، عەشقی ئازادکردووە و حەیرانی زۆر حەیران و سەرسام دەکات، گەڕەکەکە ئەوانە پەیدا و دروست دەکات.

(عوسمان حەیران)، رۆژانە بە پۆشاکی جوانەوە، ماڵ بە ماڵ، کەپر لەدوای کەپر، حەیرانی دەکردە مەلۆتکە و بەژنە جوانەکانی نیشاندەدا. شەوانەش حەیرانەکانی، دەبردە ناو کۆڵانەکانی شارەکە، بە تیرۆگ و عارەبانەیەک قیر، شەقامەکانیان قیرتاوی دەکرد. ئەو حەیرانی بەو بازاڕە و بەو شەقامانە، بەو دەست و هەناوە ماندووەکان ئاشنا و بە خزم دەکات.

ئەوانە گەڕەکی سێتاقانیان گەورە و ئاوەدانکرد، خەڵکە ئازا و دەست بەکارەکە، دڵە گەورەکەی خاوەن زەوییەکان، ژنە خاتوونەکان، ئەوانەی زمان و خوان و جنێو و تووڕەیی و گوڵێنگی جەمەدانی و سیمی کەوای ژنەکانیان بە گوڵزارەوە دەگۆڕی.

## نهێنییە گەورەکە

تەقەکان، زۆر نەبوون، دەستریژ و (هاوەن و مین)یش نەبوون. تەقەکان ئەو شەوە، سێتاقان رادەچڵەکێنێت، بەژنی منارەیەکی ئەو شارە، بەو شەڕە لەناکاوە، کە رەزاق خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو، دەلەرێتەوە.

تفەنگەکان، پیاوەکان، برینی جەستەی ئەو، بەدیار ئەستێرەکانی ئەو شەوە ماتە، کە زۆر دوورن جێدەهێڵن. بۆنی خوێنەکە، لەپەنا و لەنێوان دەرزی دەرگای شڕی ماڵە هەژارەکانی ئەو گەڕەکە، دەگاتە بەرئاگردانی ژنێک. بەو شەوە، ژنەکە لەبەر (چرای فانووسێکی شووشەی پینەکراو بەپارچە شەریتێکی کەسکی پان)، خەریکی نەخشی بەسیمی کلاوێک بوو، ئاوریشمی دەهونیەوە، بەو شەوە ساردە ئەو گوڵە گەرمەکانی دەکردەوە. لەگەڵ تەقەکان، ژنەکە نووکی تیژی دەرزییەکە لە پەنجەی رادەچێت، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، پەنجەی زامداری ژنەکە، کە بەو شەوە خەریکی تەواوکردنی وردە تۆپەڵەکانی گۆشەیەکی کلاوەکە بوو، خوێنێکی زۆری لێ دێت:

ژنەکە نەخشەکە، کلاوەکە، ئاوریشم و سیم و داو و سانتینەکە، لەسەر کۆشی لادەبات، دووبارە کراسەکەی بەری، لچکێکی کەوایە رەشەکەی دەردەکەوێتەوە، کە بە سیم و داوەکانی سەرکۆشی، هەموو رەنگەکان لەبەر کراس و لچێکی کەواکەی دەبینرا، ئەو خوێنی پەنجەکەی بە زمانی دەسڕێتەوە.

کات ئێوارەیەکی درەنگ بوو، هەموو خەڵک دەرگایان لەدوای گەڕانەوەیان، لەسەر خۆیان، لەسەر کار و مەکینە و عارەبانە و داس و خاکەناسەکانیان داخستبوو. شەوەکانی ئەو کۆڵانە و ناو ئەو (خانووە نەوییە بێ هەیوان)انەی، لەو چەند ساڵەی دوایی دروستکرابوون، کورت بوون، چونکە خەڵکەکە، بە جەستە و دەست و چاو و مەراقەوە ماندووبوون.

ئەو هەڵدەستێتەوە، بەڵام هەست دەکات تینی تێدا نییە، هزر دەکات گوللەکان بە جەرگی ئەو کەوتوون، دەزانێت، پەنجەی بە خوێن داهاتووە، ئەو خوێنەی لەبەر دەرگای ئەو رژا، خوێنی پەنجەیەکی ئەوە، دڵی ئەوە، چاوی شارەکەیە، ستوونی (پاڵەوانی گەڕەک)ەکەیە.

لەگەڵ تەواوبوون و کپبوونی تەقەکان، ژنەکە فتیلی چراکە نزم دەکات، بەوەش رووناکییە خامۆش دەکات، مناڵەکان بە لێفە بەرگ زەردەکە، کە هەندێ خاڵی بۆری دڵۆپەی بارانیان پێوە بوو دادەپۆشێتەوە، رەنگی لێفەکەی ئەو شەوەی ژنەکەی کڵاوی دەدووری بەسەر مناڵەکان دادەتەوە، لە بەرگی کتێبەکانی چاپی ئەو سەردەمانە دەچوو، لەو تابلۆیە هونەریانە دەچوو، کە لەو سالانە، لە هۆلە گەورەکان لەسەر (سێ پێک)ی داری سپی و لەبەر رووناکی دادەنرێن.

ئەو بە نەرمی دەرگاکە دەکاتەوە، سەیری چاوی کزی ئەستێرەکان دەکات. ئەو ناترسێت، ژنێک، زۆر زوو، هێشتا دووکەڵی بارووەدکە لەناو تەم و دیوارە تەڕەکە مابوو، لەپاش چەند تەقەیەکی قوورس، لەگەڵ بەربوونەوەی شانی پیاوێک و هەژانی هەر چوار دیواری ژوورە نەوییەکان، ژنەکە پاڵێک بە دەرگای دەرەوەیان وەدەنێت، کە لە چەند پارچە (تەنکی تەنک) بە چوار (شەبکەی باریک) بە (وردەبزمار)ی ژەنگاوی راگیرابوو.

ئەو شانێکی گەورە، دەستێکی درێژ و چەند پەنجەیەک، سەرێکی لار، جەمەدانییەکی کراوە لەبەر پێیان، دوو لینگی درێژ و قاچێکی چەماوە، یەکێکی درێژ، زۆر درێژ، لەگەڵ (رێچکە)ی خوێنەکە درێژ، ژنەکە ئەو دیمەنە دەبینێت. بەو شەوە برینێک قسە بۆ ژنەکە دەکات. منارەیەک لاربوویتەوە، خوێن دەڕوات و نایەوێ خەست ببێت، خوێنەکە بوو کە لە دەرگای ژنەکە دەدات، پیاوێک برینی گەورەیە، برینێک زامدارە کە بەو شەوە، کەوتووتە ناو جەستەی ئەو، دەیزانی ئەو (شارەکەی پڕ خوێن کردووە)، گەڕەکەکانی خوێناوی کردووە، ژنەکە و پیاوەکەش دەیانزانی پاش سەعاتێکی تر، شارەکە، بە حکومەت و چەک و بارووەدوە، تەرمەکەی ئەو هەڵدەگرنەوە، بە جنێو و تفکردنەوە باری دەکەن، دوایی بەیانی زوو:

تەرمی پیاوە سێتاقانییەکە، ئەو کوڕەی لەگەڵ دانانی خشتی دیواری هەموو ماڵە هەژارەکان، دەست و خێت و سەرگۆشە بووە. ئەو پیاوێک بوو، بەقەد تەمەنی ساڵ و مانگی پیرەکان رێزی پیرەکانی دەگرت. ئەو پیاوێک بوو، دەیویست ماڵی هەموو هەژارەکانی ئەو گەڕەکە بکات (ماڵی حزب و پێشمەرگایەتی).

بەو چەند دەقەیەی ئەو پشتی بریندارى، دڵی کراوەی بەو دیوارە دابوو، تۆزێکی زۆری لەسەر نیشتبوو، واتدەزانی چەند مانگە، ئەو بەژنە لەو پەنا دیوارە وشک بویتەوە، گوللەکان زۆر ئاگرین لە هەناوی ئەو چەقیبوون، رقەکە گەورە و ئەستوور بوو، گوللەکان رقی دوژمنی کۆن بوو،

رقێک بوو (دەیویست هەولێر لەو پیاوە دووربخاتەوە)، زۆر دوور، بەیانی زوو تەرمەکەی لەبەر قشڵە و سەرا، بەرەو ناوشار لەپشتی پیکبێکی کەسکی پۆلیسانی راکێشن. تەرمی ئەو بەبەردەم (مەیدانی کرێکاران)، بەردەم سەوزەفرۆشەکان، بەردەم کۆڵانی زێڕینگرەکان، ئەوەی لە دەرگای گەورەی قەڵات بێتە خوارەوە، ئەوەی لە مزگەوتی حاجی قادری دەباغ بێتە دەرەوە، ئەوانەی لە حەمامی حاجی قادر خۆیان بسمیلکردووە و دەچن سەروپێ بخۆن، ئەوانەی دەستی کیژە پارچەڵەکانیان گرتووە و بە تەنوورەی رەش و قەمیسی سپی و قردێڵەی سوورەوە بۆ مەکتەبی سەرقەڵاتیان دەبەن. هەموو شارەکە، هەموو دووکانە قەپەنگ ژەنگاوییەکان، تەرمی ئەو ببین و (چاوی شارێکی پێ بشکێنن)، شارێکی پێ بروخێنن، کرمانجەکانی پێ بترسێنن، ئاغاکانی پێ زەلیل بکەن.

پیاوە بریندارەکە، بەبیری دێتەوە، بۆ ئەو شەوە لەگەڵ پۆلیسەکان نەڕۆیشت، لەگەڵ ئەوان بوایە لە شەڕەکەی تەقتەق و سەرکەوتنەکانیان هاوشان دەبوو، ئەگەر ئەو لەوێ بوایە، تفەنگ دەرەقەتی پشتی ئەو نەدەهات، ئەگەر ئەو لەوێ بوایە، خوێنی لەو کۆڵانە بەچڵپاوە نەدەڕژا، بەیانییش تەرمەکەیان، لەبن قەڵات و لەبەر قشڵەی سواری و لەبەردەم (قاوەخانەی عەبۆ)، لەدوای ئۆتومبێلی سەربازی رانەدەکێشا، جاشەکانیش سەرە تفەنگەکانیان لەدەمودانیان وەرنەدا. ئەگەر ئەو شەوە، بڕوای بەو چەکدارانە نەکردبوایە، پێش ئەوان تەقەی کردبوایە، لە پەنا ئەو دیوارە، حکومەت تەرمەکەی نەدەدۆزییەوە، لەدوای خۆیان رایاننەدەکێشا!

## تینووم و ئاوم دەوێ

ژنەکە، کە کڵاو و دەرزی و سیمەکە لە دەستی فڕێ دەدات، کە هەڵدەستێتەوە، هاوار دەباتە ماڵە گەورەکەیان، دەگاتە بەردەرگا و حەسار و دیوەخانەکەیان، ئەوانیش بە تەقەکان، بە نەگەڕانەوەی ئەو، هەستیان بەوە کردبوو، تفەنگەکەی ئەو شکاوە، دەمانچەکەی ئەو جووتی کردووە، هەستیان بەوە کردبوو، شانی کوڕەکەیان بە خشتی دیوارێکی دڕ دراوە، خوێن لە برینەکانی دەچۆڕێت، حکومەت خۆی سازدەدات، بەپەلە بگاتە سەر هەلۆیە بریندارەکە، حکومەت پەرۆشە (دەستی بگاتە گیرفانی ئەو و نامەکان بدۆزێتەوە)، ناوەکان بناسێتەوە، چاوەکان ببەستێتەوە.

ئەو بەر لەوەی ئاوەکە بخواتەوە، بەر لەوەی هەست بکات تاقەتی نامینێت، بەر لەوەی سەیری ئاسمان بکات و چاوەڕوانی فڕینی ڕۆحەکەی بکات، بەپەلە و بەهوشیارییەوە گیرفانەکانی بەتاڵ دەکات. کە گوللەکە بە هەناوی دەکەوێت، کە ریخۆڵەکانی لەپەنا دیوارەکە بڵاودەبنەوە، ئەو تاقەتی مابوو، نامەکانی ناوگیرفانی، ناوەکانی ناو نامەکان، وێنەکانی یادگاری هەموویان، وەک خێرایی گوللەکان، وەک خێرایی بۆ هێنانی زۆرتر چەکداری تر، وەک خەنیبوون بۆ گەیاندنی تەرمەکە، بە حامیە و ئۆردی و مەعاونیەتی ئەمن و ماڵی سەرۆک جاشەکان، نامەکان ئاگر دەدات، (وێنەکان دەکاتەوە عەکس) و خۆڵەمێش و سوتوو، ئاگری هەناوی بەو ئاگرە گەرمتر دەکات، دووکەڵی سووتانی نامە چوکلێتییەکان، لەگەڵ بۆنی خوێنی هەناوی دەگاتە ژوورەکە، دەبێتە دەرزییەکی نووک تیژ و پەنجەی ژنەکە زامدار دەکات.

ژنەکە کە (کڵاو و سیم) و دەرزییەکە فڕێ دەدات، بەبێ ئەوەی چرایەکی رووناکی لە دەستدا بێت، بەبێ ئەوەی لەو ڕووداوە خوێناوییە بترسێت، بەتەنیا و مەردانە دەچێتە سەر شێرێکی بریندار، دەگاتە سەر جۆگەلەیەک خوێنی زۆر سوور، سوورتر لە رەنگی سوور، لەبەردەم هەناوێکی رژاو دەوەستێت، زوو لەسەری دەچەمێتەوە، باڵاگێڕی دەبێت، ورەی بەرزدەکاتەوە، پێی دەڵێت:

من هەموو خەڵکی شارت بۆ کۆدەکەمەوە، منارەی مزگەوتەکان، هەیوان و سێبەری ماڵەکان هوشیار دەکەمەوە، باش بزانە برینەکەت لە هەناوی تۆدا نییە، گوللە و فیشەکەکان، بەر جەستەی تۆ نەکەوتووە، ژانە تاڵ و سوێر و بەمیخەکان لەناخی تۆدا نییە، لەناو هەناوی هەموومانە، لە سەفین و قەلاّت و سێتاقانە.

ژنەکە دوو سێ کۆڵان و قەراخی چەند گۆمێک و پەنا دیوارەکان و بەرسواندەکان و سەربان و حەسار و بیر و جۆگەلە و لەودە و کۆڵێتی مریشک و قازەکان بەئەسپایی دەبڕێت، بەبێ ئاگایی و بەشپرزەییەوە دەگاتە ماڵی پیاوە بریندارەکە. ماڵە چاوەڕوانەکە، ژنەکە هەواڵەکە بە چرای هەموو ژوورەکان، بەر هەیوانەکە، بەر قەمتەرەکە، بە ماڵەکە دەڵێت. ژنەکە خەمەکە بە دووگردەکان، بە ئامۆزا چوارشانەکەی، بە خزمە جەمەدانییە گەورەکەی، بە باوکە کەوا و سەڵتە لەبەرەکەی، بە دایکە پوومەت ناسکەنانەکەی، بە ژنە چاوەڕوانەکەی سەر سەرینە بۆندارەکە، بە منالە دوو ساڵییەکەی، بە مەلا بەژن بەرز و سمێڵ تەنکەکە رادەگەێنێت. ژنەکە هەواڵەکە بە هەموو ماڵەکانی ناو حەسارەکە دەگەێنێت، بە خەڵکی سەربیر و نەعوور و جۆگەلەکان دەڵێت و هاوار دەکات، هاوار دەکات بەلاّم لەسەرخۆ، بەلاّم (بە دەست و بە چاو و بە پێیەکانی)، بە چارۆگە رەشە کونەکەی ملی، بە پەنجە بە خوێنە زامدارەکەی، پێیان دەڵێت:

رەزاق لەبن دیواری ئێمە، لەپەنا حەوشەکەی ئێمە، وا خوێن و تووڕەیی لە هەناوی دێتە خوارەوە، بەلاّم من قسەم لەگەڵ کرد، کە من ئەوم جێهێشت خەریک بوو ئاگرێکی دەکردەوە، خەریک بوو قسەی لەگەڵ جۆگەلە خوێنە رژاوەکەی بەر پێیەکانی دەکرد، بە خوێنی دەوت، دەبوایە لێرە شەرمەزارم نەکەیت، دەبوایە ئەو دیوارە نەکەیتە شاهیدی کوشتن و مردنی من، نەدەبوایە من لێرە بمرم، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە من خوێنم لەگەڵ چڵپاو تێکەڵ بێت، من ئەو خوێنم دانابوو، لەگەڵ بەفر و سێبەر و (داستانێکی مەزن) دەستلەملان بێت.

هەر پێنج خوشکە سوور و سپییەکەی، چوار پیاوی چوارشانە، دوو پیری نەرمی لەسەرخۆ، دوو چاوی گەش، سەد دەستی پان، چەند شانی گەورە، دووگردی نوێژی دووبەری کەسک و سوور و بە گوڵینگ، فانووسی گەشی هەزار چاو و رەنگ، ئەوانە هەموویان بەیەکەوە، بەلاّم بە کاروانێکی نوستوو، بە کاروانێکی کپ و ترساو، حەپەساو دەچینە کن بریندارەکە، (دەچینە کن دیوارە رماوەکە)، دەگەنە کن پردە پشت شکاوەکە، دەگەنە نزیک برینە گەرمەکە، قوورگە وشکەکە، هەناوە هەڵزڕاوەکە.

## تەرمەکە دەهێنەوە

خوشکی یەکەم، خوشکی دووەم، خوشکی سێیەم و... دەگەنە کن تەرمەکە، هەموو کە دەگەنە هاواری ژنە کڵاودوورەکە، دەگەنە بن دیواری ماڵی (ژنە چاو روونەکە).

هەموویان، رەنجبەرە رەنگ ئەسمەرەکان، سەپانەکان، باخچەچییەکە، مەلاکەیان، لەوێ دەبینن، باش دەزانن، کەوا ئەو دوا قسە و وەسیەتی کورتی بە (خشتێکی کالی دیوارە نەوییە لارەکە) وتووە. ئەو دوا پەیامی بە هەیوانە نەوییە سەر بە کەرپووچەکە راگەیاندووە. هەموویان لەسەر سەری دەوەستن، دەزانن کەوا دوا هەناسەی بە تیشکی ئەستێرە زۆر دوورەکان گەیاندووە.

هەموویان، دەزانن کەوا ئەو لەوێ، لەو کۆڵانە تاریکە، بەتەنیا و چاوەڕوان بووە و برینەکەی هەراسانی کردووە. ئەو خوێنی زۆر لێ رژاوە، ژانی ئەستوور بووە، تا بەزیندوویی نەکەوێتە بەر دەستی نەیارەکان، گیانی سپاردووە، بوویتە بەشێک لە دیوارە ساردەکە، لە کۆڵانە ماتەکە، ئەو مردووە و بوویتە کەسەرێکی مەزن بۆ شارەکە، بۆ گەڕەکی سێتاقان، بۆ هەر سێ تاقە رووخاوەکە، بۆ سەربردەکانی وەستا بۆیا، بۆ ئەو شەوەی جبەخانەکەی قشڵەی هەولێریان شکاند، ئەو شەوەی هەموو پۆلیسەکانی ئەو شارەیان چەک کرد و رۆیشتن، ئەو مردووە و دۆزێکی زیندوو و خوێنێکی گەرمی بۆ هەموویان جێهێشتووە.

لەو شەوەدا، پیاوێک، کە هەموو شارەکە خۆشیان دەویست، وا بەتەنیا و لە پەنا دیوارێک، (برین و ژان و خوێن) کوشتیان!

هەر بەو شەوە خوشکەکانی، برایەکەی، ئامۆزاکانی، دوو ماڵە ئاکرییەکەی نزیک حەسارەکە، ئەوانەی دەرگایەکی ئاسنی بە قوفڵیان دانابوو، دوو سێ ماڵە دۆمە خوێن شیرینەکە، کە تازە لە کوێستان هاتبوونەوە و چەندین ئاوازی نوێ و سۆزی گەرمیان لەناو قووڕگ و هەناسەیان هێنابووە، بۆ ئەو شارەی رەنگی سوور و پەمبە و زەردی کەم تێدا دەبینرا.

ئەو پیاوە رەشتاڵە باڵابەرزەی شەوانە، بە رانکوچۆغەی مەرگییەوە، تا بەرەبەیانی لەگەڵ (جۆکەری کاغەز) و قومار دەستبازی دەکرد.

لەگەڵ ئەو دوو کوڕەی، تازە سمێڵیان هاتبوو، داپیرەکەیان ببووە بنەوانیان، لە گوندە دوورەکە هاتبوون لە ئامادەیی شارەکە بخوێنن.

ژنەکەی مێردەکەی، نیوەشەوان لە گەرماوەکەی بن قەڵات دەگەڕایەوە. دوو ژنە پورزاکەیان، کە مێردەکانیان لەناو عەرەبەستان نەفی کرابوون. ئامە چاوڕەش، حەمەدۆک، سەبریەی سەرکار، حاجی حوسینی بەقاڵ و ... هەموو بەیەکەوە، ماڵە خۆشناوەکە، ژنە زۆر قەڵەوەکە، ئەو کوڕەی سەری کەچەڵ ببوو، زڕدایکەکەی لە ژوورێکی بەردەرگای دەرەوەی دەیخەواند، ئەویش لەناو هەموو دیمەنە دڵگران و نامۆ و هەڵبزرکاوەکانەوە شەیدای وێنەگرتن و چاوی دیمەنەکان دەبێت، لەناو هەموو خەم و رەشاییەکاندا، وێنەی جوانی بۆ یادگارییەکان دەگرت. ئەوان هەموویان بە هانای برینە سەختەکە هاتبوون، کە دەگەنە پەنا دیوارەکە، کە دەگەنە کن برینەکە، برینەکە سارد و کۆن ببوو، برینەکە ببووە بەسەرهات و باسی تۆڵەی دەکرد.

ئەوەی بەرۆژ، لەناو نەعوورەکە بوو، شەوانەش، بە حەسرەتی تیشکی خۆر و ئاسمانی شین، لە گەرما و لە تیشکی گەرم و زێڕینی خۆری دەپرسی، ئەویش لەوێ بوو.

ئەو پیاوەی لەبن دیوارەکە و لەپەنا بیرە ئیرتوازییەکە سیپەلاک و جەرگ و (فاتەرەشە)ی، بۆ برسییەکان، بۆ حەمباڵەکان، بۆ مناڵەکان لە شیش دەدا، لەسەر وردە رەژووێکی گڕدار جوان بۆی دەبرژاندن، لەگەڵ قسەی خۆش و سووتانی مەقامات و سەحەر و بەیاتەکان خەڵکی کۆدەکردەوە، کەسیش نەیدەزانی ئەو شەوانە لەکوێ دەخەوێت، کێ جلوبەرگەکانی بۆ دەشوات، لە کێ هاتووە، کێ راوی ناوە و بۆ ناگەڕێتەوە. ئەو پیاوە بۆ (چەند زمانێک دەزانێت) و سەربردەکانی بۆ ئەوەندە تاڵن، ئەو پیاوەش بەو شەوە لەگەڵ رووداوەکە، بۆ هەواڵەکە بریندار بوو.

## پرسەیەکی نهێنی

ژنێک ماڵەکەی لەپشتی حەسارەکە بوو، بۆ پێگەیاندنی مناڵەکانی عەبای دەدووری. بەختی ئەو وابوو، رۆژانە دوو سێ ژنی کەوا بەگوڵی رەش دەکرد، دەستی ئەو ژنە وابوو، زۆر لە شاردنەوەی جوانییەکانی ژنان بەر ئەو کەوتبوو، ئەو کوفرە، ئەو پێشێلکارییە بەر ئەو کەوتبوو، ئەو ژنانەی لەو گوندانە، بە کراس و (بە کەوای گوڵدار دەهاتنە شار)، ئەو عەبایەکی رەشی بۆ ناوشار، بۆ سەر قەبران بۆ دەدوورین، ئەو رەنگەکانی دەشاردەوە، رەشکە و پێشکەی بە چاوەکان دەکرد و عەبای دەدووری.

هەموو گەڕەکەکە، ئەوانە و ئەوانەی تریش، بۆنی خوێنی ئەویان کردبوو، تەرمە گەورەکە هەڵدەگرنەوە و دەیشارنەوە، بەیانییش کەسیان ئاگاداری پۆلیس و جاش و ئەمەنەکان ناکاتەوە، کەسیان قبووڵ ناکات، تەرمەکەی ئەو لەبەر قشڵە و لەبن قەڵات لەدوای پیکەبێک رابکێشێن، هەموو شارەکەی پێ چاوترسێن بکەن، هەموویان بە دزی تەرمەکە دەشارنەوە، تا شار نەزانێت، ئەو کوژرا، چاوی زیندووی ئەو نەما!

خوشکێکی لەپشتێی دەکات، دوو کەسیان قاچەکانی بەرز دەکەنەوە، دەستێک جەمەدانییەکەی لە هەناوی دەبەستێت، بە دەستی ترساو و لەرزۆکیان خوێن نامەیت، بە گریان تەرمەکە لەپشتێ دەکەن.

خوشکێکی تری، وەک ئەوەی مناڵێکی بەنازی خەوتووی ناو باوەشی، براگەورەکەی، لەباوەش بێت و بیباتە سەربان و لەسەر جێگەکەی بیخەوێنێت، وەک ئەوەی هێلکەیەک لەبن مریشکێکی قوندەی سوور هەڵبگرن، وەک ئەوەی مەلایەک  لەناو حوجرە سواخدراوە لووسەکەی قورئانێکی پیرۆز، لەناو پەڕۆیەکی کەسکی دووراوی خاوێن دەربهێنێت. دوو خوشکی ئەو قاچیان بەرزکردبووە، (تا مردووەکەیان، زۆر خەست و قووڵ زامدار نەبێت). هەموویان بەیەکەوە بەزیندوویی ناگەنە سەری، بەیەکەوە تەرمەکە دەبنەوە، گەڕەکەکە بەو شەوە، ماڵەکە بەترسەوە، جەنازەکە دەشۆن، کفنی دەکەن، هەموویان بەیەکەوە، لەناو ماڵەکەیان لەناو حوجرەیەک بۆ نوێژی میوانەکان دانرابوو، حوجرەیەکی لاچەپ، لەوێ بە هەموو کەرەستە تیژە

بەدەسکەکانی ماڵەکەیان، گۆڕێک هەڵدەکۆڵن، مەزارێک دادەمەزرێنن، گۆڕستانێک شوورە دەکەن، لەوێ ئەو دەنێژن و بەیانیش گەڕەکەکە، چاوەکان، لۆبیافرۆشەکە، جووجکە و مریشکەکان، سەپانەکان، کرێکارەکانی وێستگەی شەمەندەفەری شارەکە، منداڵەکان، ئەوانەی دەچنە قوتابخانەی خەلەکان و ئەربیل ئولا، ژنەکان، ئەوانەی دەچنە بژار و سەر تەونەکانیان، وەک هەموو رۆژەکان، بە کورە باخچەچییەکە زوو لەگەڵ کازیوە، دوو بارە سەوزە رەوانەی ناو قەیسەرییش دەکەن.

بەیانی حکومەت، پۆلیس و جاشەکان، ئەمن و پیاوەکانیان، لەدوای پیاوە کوژراوەکە، لەدوای حزبێکی بریندار، لەدوای چاوی شارەکە دەگەڕێن، هیچ شوێنەوارێک لە چاوەکان، لە (کەوا و سوخمەی ژنان)، لە جەمەدانی و سمێڵ و شانی پیاوەکان نادۆزنەوە. هیچ نادۆزنەوە.

لەبەر دەرگای مزگەوتەکە، لەبەر حەوزەکە، لەپەنا قامیشی بیرە ئیرتوازییەکە، لەناو (کاروانی منالآنی مەکتەب)، لەگەڵ دەنگی نۆکفرۆشەکە، گەزۆفرۆشەکە، ژنە ماستفرۆشەکان، پیاوە کافرۆشەکان، هیچ شوێنەواری تەرمەکە، کوژراوەکە نادۆزنەوە.

زۆر سەودا و پەریشان دەبن، بەڵام خوێنەکە نادۆزنەوە، جەمەدانی بەجێماو نادۆزنەوە، پشدێنی کراوە هەڵناگرنەوە، تاکە پێڵاوێک ناناسنەوە، پارچە کاغەزێکی نهێنی و ترسناکی (کۆبونەوەیەک نادۆزنەوە).

پیاوێک دەکوژرێت، جەستەیەک دەچێتە ناو زەوی، بن زەوی، ناو هەور، لەوێ ون دەبێت. ژنەکان، گەڕەکەکە هەموو بەیەکەوە پیاوەکە ون دەکەن، تفەنگەکەی دەشارنەوە، دەمانچەکەی لەناو دیوار سواخ دەدەن، جلەکانی بۆ یادگار بە ریحان و (پوونگ) هەڵدەگرن، نەینۆکەکەی گیرفانی، قەڵەمە پاندانەکەی، پشدێنەکەی بە خوێنەوە هەڵدەگرن، جەمەدانییەکەی بە خوێنەوە هەڵدەگرن، هەموو ئەوانە هەڵدەگرن تا تۆڵەی ئەویان لەبیرنەچێت.

ئەوانە بەیەکەوە، کەسیان نەترسان، کەسیان بەیانییەکەی بەسەر خۆیان نەهێنا، کە دوێنێ شەو، چاوی گەڕەکەکەیان کوژاندوتەوە، سینگی سێتاقان، بەژنی تاقەکەیان، بەنهێنی شاردوتەوە، مردوویان بەترسەوە ناشتووە، پەلەیان دەکرد، بۆ شاردنەوەی پیاوێک، هەموو بە براگەورە و کەسی خۆیان دەزانی، (هەموو دەیانشاردەوە و نەدەگریان!)، هەموویان کەیفخۆش بوون، کەسیان لە ناشتنی ئەو دوانەکەوتبوون.

## ناوی نەبوو!

توێژەرە باریکە لاوازەکە، لەناو بەغدا بەردەوام کە خەریکی دۆزینەوەی بەڵگەنامە و راپۆرتەکان بوو، کامیرایەکی باش و ریکۆردەرێکی قەڵەمی، کە (سەدان سەعات) قسەی تۆمار دەکرد، هەر بۆ سکان و کۆپیکردنی وێنە و دیکۆمێنتی بەپەلە، سکانایەکی باریکی رەشی لەناو بەرگێکی نایلۆنی رەشی تەنکی پێبوو. بە کامیراکە و سکانەکەی سەدان وێنەی بەڵگەنامەکانی گرت، هەندێکی دەخوێندەوە، ئینجا وێنەی دەگرتن، یان بە دیتنی ناوی کەسێک، گوندێک، شەرێک، رووداوێک وێنەی هەندێکی تری دەگرت.

ئەو دڵنیا دەبوو، وێنەی بەڵگەنامەکە، لە بەغداوە دەگاتەوە هەولێر، لەوێش دەنووسرێتەوە، ناوەکان دەدۆزرێتەوە، مردووەکان دەنێژرێنەوە، زیندووەکان گەنج دەبنەوە.

ئەوە پێنجەم جارە ئەو بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی بابەتی نوێ لەسەر تێزەکەی، دەچێتە بەغدا، شوفێرە خزم و ناسیارەکەیان، کە لەو هێڵە ئیشی دەکرد، ئەوی هەتا بەر دەرگای ناوچەی سەوزی دەبرد، لەوێش دەچێتە ناو ماڵە خاوێن و گەورەی بەرپرسە ئامۆزاکەی، بەردەستەکان و پاسەوانەکان، ئەویان دەناسی، دەرگای ژوورەکانیان بۆ دەکردەوە و جانتایە گچکەکەیان لێ وەردەگرت، دەیانزانی لەناو بەغداش زۆر ماندوو و تووڕەش بووە، زۆر باش بەردەستیان دەکرد. شەوانە ئەو دووبارە سەیری هەندێک لە بەڵگەنامەکانی دەکردوە، کە ئارامیان بەو دەبەخشی، زۆریش بەپەلە بوو، زوو پرسێک بە مامۆستاکەی بکات، بۆیە خۆی پێ نەدەگیرا و تەلەفۆن لەسەر تەلەفۆنی بۆ دەکرد.

(مامۆستا، دکتۆر شتی زۆرم دۆزیوەتەوە، زۆرتر لەو شارە وێرانە ناحەوێمەوە، ئەگەرنا یەک مانگ، زۆرتریش دەمامەوە. بەغدا بەڕاستی کەلاوەیە، پیسە، بەڵام بەڵگەنامەکان، ئەرشیفەکە منی لێرە راگرتووە!)

ئەو، وەک کەرەستە و ناو و رووداو، هەندێ لە دیکۆمێنتەکانی لەبەردەم من دانابوو، دەیوت:

مامۆستا، پیاوە سپییە جوانەکە، من ئامادەم، فەرمووو سەیریان بکە، بیانخوێنەوە، بزانە کامیان بۆ نووسینەکەت باشە بیخوێنەوە، دەزانم مەبەست و بەرنامەی من و تۆ جیاوازە، تۆ مێژوو و رووداوەکان بە خەیاڵ دەنووسێتەوە، ناوەکان درێژ، یان کورت دەکەیتەوە، گەڕەکەکان دەگۆڕیت، شەڕەکە ئەگەر بە نوێژی نیوەڕۆ بێت، زۆر پێت گرینگ نییە، رەنگی سووری برینەکە، دەنگی گەورەی تەقەکان، سووتانی رەزێک، گریانی ژنێک، ئەوانە لەناو دێرەکان دەدۆزیتەوە، یەک ناو، یەک دێر، یەک بەڵگەنامە دەکەیتە بەشێکی رۆمانەکەت، من بۆ مێژوو عەودالْم، تۆش بۆ خەیاڵ...

بەیەکەوە، چەند شەو، لە چەند دانیشتنی ناو دێر و لاپەڕەکان، دێر بەدێر بەیەکەوە سەیری بەڵگەنامەکان دەکەن، دەخوێنەوە، هیچ بەڵگەنامەیەک لەسەر رۆژ و شوێن و کاتی شەهیدبوونی رەزاق حاجی برایم نادۆزنەوە، زۆر بابەتی تر دەدۆزنەوە، بەڵام ناوی ئەو نادۆزنەوە، چونکە هەموو سێتاقان ئەویان خۆشدەویست، هەموو نەیاندەویست بڵێن ئەو مرد و لەناو ژوورەکەی خۆیان نێژرا، کەس لەو شەوە هەواڵەکەی نەکردبووە راپۆرت، کەس دڵی نەدەهات تەرمی ئەو لەو گەڕەکە، لەناو حەسارەکە، دووربخاتەوە، کوشتنی ئەو باس بکات. لەناو بەڵگەنامەکانی توێژەرەکە، ئەوانەی لە بەغدا وێنەی گرتبوون، کە ژمارە و بەروارەکان لە شەوی کوشتنەکە نزیک بوون، لە برینە بەژانەکەی ئەو نزیک بوون، بەڵام ناوی ئەویان نەدۆزیەوە، چونکە سێتاقان گەڕەکێک نەبوو، شارێک نەبوو، حەسارێکی گەورەی دیوار بڵند و چەند ژوور و هەیوان نەبوو، سێتاقان سێ تاقی بە بەردی پتەو نەبوو، ئاوێکی خاوێن و باخچەیەکی چوارگۆشەی تەڕ نەبوو، سێتاقان یەک ماڵ و یەک خێزان بوو.

## کۆتایی